# چەند باسێکی مێژووی



ئاوارە کەریم

# مێژووی کورد

نوسینی:  ئاوارە کەریم

سلێمانی ٢٠١٧

Razasha700@gmail.com

- **پێشەکی**
-

. نوسینەوەی مێژوو ئەرکێکی قورسو وەرزکەرە بەلام لەگەڵ ئەوەشدا پیرۆزە بەتایبەت بۆ کورد کە زمان و کلتوری و مێژووەکەی لەلایەن دوژمانیەوە شێوێنراوە . مێژوو بە ویستی ئەوان نوسراوەتەوە و دەرخواردی جیهان بەگشتی و کوردبەتایبەتی دراوەتەوە کە مێژویەکی ئاوەژۆیەو سەرلەبەری دژی کوردە بۆ ئەوەی گەلی کورد وەکو ئەوەی چۆن خاکەکەیان داگیر کردوە ئاواش مێژووەکەی داگیربکەن ،بۆئەوەی نەوەی ئەم گەلە نەوەیەکی بێ شوناس و بێ ناسنامەبێت و هیچ زانیاریەکی لەمەڕ باوباپیرانی خۆی نەبێت و شوێنگەو هەواری خۆی لێ بزربێت . کە ئەمەش وادەکات رەوای بدرێت بەدەوڵەتە داگیرکەرەکان کە ئەو بەشانەی کوردوستانیان داگیر کردوە . چونکە کورد شارەزای رابردووی خۆی نیە و مێژووکەی نەنوسراوەتەوە ئەو وڵاتانەش مێژوویەک دەنوسنەوە کە لەگەڵ داگیرکاریەکانی خۆیاندا بگونجێت لەنمونەی ئەوە دەوڵەتی تورکیای فاشیست بەکوردی باکوری کوردوستان ئەڵێن دانیشتوانی ئەم ناوچانە هەر تورکن بەڵام !!.. لاچیادان و دابراون لەشارستانیەتی تورکی و بە تورکی چیایی بەناوبانگن

سەدەها نمونەی وا لەمێژووی گەلی کوردا زەقکراوەتەوە و ئەسڵو فەسڵی کوردیان ونکردوەو بەگەلێکی وابەستەی خۆیان دەزانن نەوەکو ئەوەی گەلێکی جیاواز بن لە تورک و فارس و عەرەب و خوداش ئەم گەلەی بەجیاوازی زمان وکلتور خەلق کردوە هەر وەکو ئەوان ، بەلام وتەیەکی کوردی هەیە ئەڵێت بەری خۆر بە بێژنگ ناگیرێت و رۆژێک دێت راستی و دروستی ئەو میلەتە زوڵم لێکراوە بۆ جیهان ئاشکرابیێت و بە . شوناسو کلتوری خۆی جیابکرێتەوە لە ریزی نەتەوە جیاجیاکانی جیهاندا

بۆ ئەم مەبەستە هەر کورد زمنێک بەرپرسیارە بەرام بەر بەم پرسەو پێویستە نەوەی . کورد وشیار و خوێندەوار بێت و ئاگاداری مێژووی خۆی و گەلەکەی بێت

## مێژوو ●:

بریتییە لەگێرانەوەو نووسینەوەی ئەوەی لەرابردووا ڕوویاوە، لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکاری ڕووداوەکە، لێکدانەوەو شرۆڤەکردنو بەستنەوەی بەکاتو سەردەمی خۆیەوە، بەراوردکردنی لەگەڵ ئێستاو پێشبینیکردن بۆ داهاتوو، هەر لێکۆڵینەوەو قسەکردنێک لەسەر مێژوو بەهزرو بیرکردنەوە بنووسرێتەوە، بایەخی زانستیی نابێت.

لەڕوانگەی پێناسەی مێژووەوە کە شرۆڤەو لێکدانەوەی سەردەمی خۆیەتیو بەستنەوەی بەئێستاوەو پێشبینیکردن بۆ داهاتووش، بۆیە بەگرنگی ئەزانم هەندێ ڕووداوی مێژوویيو بەڵێنو پەیماننامەی وابەستە بەکوردەوە بەبیری خوێنەر بەگشتيو بڕیاربەدەستان بەتایبەتی بهێنمەوە چونکە ڕەوشی هەنووکەی هەرێم ڕووبەڕووی چەندین ئاڵەنگاری بۆتەوە کە ئەکرێ بەگەڕانەوە بۆ مێژوو سود وەربگیرێ بەر بەشکست بگیرێ.

ئەم بەڵێن و پەیماننامە جیاواز و شەڕەی نا وخۆییانە ڕاستە لەیەک کاتا ڕوویان نەیاوە بەڵام گرێدراوی یەکترین، ئەگەر کورد زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ یەکێک لەم ڕووداوانەیا بکردایە و لەبەرژەوەندی خۆی کۆتای پێبهێنایە، دوورنیە ببوایە بەهۆکاری سەرکەوتنی کورد و شکستی لایەنی بەرامبەر لە ڕووداوەکانی دواتر.

کێشەی کورد ئەوەیە کە مێژوو وەک چیرۆک ئەگێرێتەوە، نەک وەک بابەتێکی زانستی بۆ سود وەرگرتن و لێکۆڵینەوە و شیکارکردن. جێگای شەرمەزاری و نەنگییە کە کوردستان ئەو هەموو زانکۆیەی تیایە بەڵام تا ئێستا هیچ یەکێکیان کارێکی وایان نەکردووە کە ببێتە هەوێنێکی زانستی بۆ سود وەرگرتن لە ڕووداوە مێژووییەکان، تا ئێستا هیچ بەشێک نیە کە تایبەتمەندبێت بە کۆکردنەوە و بەدواداچوون و لێکدانەوەو بەستنەوە و لێکچواندنی ڕووداوە مێژووییەکان، کە ئەمە وەک ئاو هەوا بۆ میلەتێکی پەڕاگەندەو پەرش و بڵاو دابەشکراوی وەک کورد پێویستە.

ئەوەی گرنگە لەم ڕێکەوتننامانە ئەوەیە بەشێکینا تا ئێستاش ئەگەرچی ناوی ناهێنرێ بەڵام بەکردار بەکارن و کورد ڕۆژانە باجەکەی ئەیا و تا ئێستاش ئەو سنورە دەستکردەی بۆی کێشراوە وەک فاکت، بەجۆرێک چەسپیوەو بەسەر کوردا سەلمێنراوە کە زۆربەی خودی سەرکردە سیاسی و دەسەڵاتدارانی حیزبی و بەشێک لە ڕۆشنبرانیش

زیاتر له داگیرکەرەکان جەختی لەسەرئەکەنەوەو پانەبدن پێوەی، نمونەی ئەو سنورە توندوتۆڵەی کە لەنێوان باشور و ڕۆژئاوای کوردستانا هەیە، تا کار گەشتە ئەوەی کە لەباشور چاڵ "خندق" هەڵکەنرێ و ڕێگەنیرێ پێداویستی بگاتە ڕۆژئاوا لەسەردەمی شەڕی مان و نەمانی ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ داعش "تورکیا". لەوەش ئازاربەخشتر ئەوەیە کە لە باشوری کوردستان بە کوردانی پارچەکانی تر ئەوترێت "ئاوارە" کە ئەمەیان شەرمەزارییەکی زۆرە بۆ هەر کوردێک ئەو دەستەواژەیە بەرامبەر کورد لە هەر پارچەیەکیتری کوردستان بەکاربهێنێ و وەک خاون ماڵ نەیناسێنێ.

سی ساڵە سوپای تورکی موسڵمانی دراوسێمان خەڵکەکەمان ڕەشە کوژو خاکمان داگیرئەکات و بە بەرنامە لەڕێگەی ڕاگەیاندن و مێدیای کوردی باشورەوە کلتورمان بن کۆڵ ئەکات، ئاسایشی خاک وخۆراک و خێزانیمانی خستۆتە مەترسیەوە، خەڵکی دڵسۆز هاوار ئەکات کەچی لەپای دڵسۆزی تۆمەتباریش ئەکرێن، وەک ئەوەی سی ساڵە تورک سەرخان و ژێرخانی ئەم وڵاتەی بوژاندبێتەوە،کەچی تازە باس لەبڕینەوەی دار ئەکرێت.

ئێستا ئێمە لەدۆخێکاین کاتێک ئێران ئاوت لێئەگرێتەوە و هاوکاری هێزە میلیشیاکانی عێراق ئەکات ٥١%ی خاکەکەت داگیربکەنەوە دوای ئازادکردنیان لەدەستی داعش و تورکە مەنگۆلییەکانیش کە لەسەر خاکی یۆنان و کوردستان وڵاتێکیان بەناوی تورکیاوە بۆخۆیان بەداگیرکاری دروست کردووە، هەم ئاو لێئەگرێتەوە و هەم دارەکانت ئەبڕێتەوە و هەم ڕاستەوخۆ بەهێز بەشێکی خاکی باشوری کوردستان داگیرئەکات و بە داگیرکردنی باوکور تێرناخوات.

سوریا لەگەڵ ئەوەی لەلێواری فەوتان و لەناوچوون گەڕایەوە بە هاوکاری ڕوسیا و ئێران بەڵام هەرگیز دانی بە کوردستانی بوونی ڕۆئاوای کوردستانا نەنا و بگرە لەوەش خراپتر کوردانی ڕۆژئاوا لەسەر خاک و وڵات ماڵی خۆیان بە ئاوارە ئەژمارەئەکات و بەردەوام لەپلانگێڕیایە بۆ پەلامردانی ڕۆژئاوا ئەگەر قەمتەری ئەمریکای لەدەما نەبێت، ئەمە جگە لە بەناو ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی سوری کە لە کۆمەڵێک لایەنی ڕادیکاڵی ئیسلامی تیرۆریست پێکهاتوون خۆیان هەڵاوەتە باوەشی سوڵتانی تیرۆر "ڕەجەب تەیب ئەردۆگان" سەرۆکی بەناو وڵاتی تورکیای مەنگۆلی کە تا ئەو شوێنەی بۆیان کرابێ

دەستیان نەپاراستووە لە داگیکردنی ڕۆژئاوای کوردستان و گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە بمونەی ئەفرین و سەرێکانی و گردەسپی و مەنجب.

عێراقیش بەو پەرِاگەندەی و بێ سەروبەرییەی خۆیەوە لەڕێی هێزە میلیشیاکانیەوە بەجۆرێک دەستی کردووە بە تەعریب کردنی باشوری کوردستان کە هەرگیز پێشتر لەسەردەمەی بەعس و حکومەتەکانی تریشا شتی وا ڕوونەیاوە، بەجۆرێک ئێستا ٪٢٠ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان عەرەبن، ساڵانێک لەمەوبەر کورد ٪٧٠ی دانیشتوانی کەرکوکی پێکئەهێنا، بەڵام ئێستا دابەزیووە بۆ کەمتر لە ٪٤٠ی ڕێژەی دانیشتوانی ئەو شارە.

ئێراق بابلی بوو ئێستا عەرەبیە.

میسرو سۆدانیەکان لەناو عەرەبا توێنرانەوە.

مەغریب وڵاتی ئەمازیغی بوو ئێستا ئەمازیغی کەمینەیەکی کەمن و عەرەب خاوەن ماڵە.

ئاسیای بچوک ئەو شوێنەی پێیئەوترێ تورکیا خاکی کورد و یۆنانییەکان بوو بەڵام ئێستا یۆنانییەکان کەمینەن و تورک نەک زۆرینەن بەڵکو چاویان لە یۆنانستانیشە داگیرییکەن.

عەرەب منالْیان زۆرتر ئەبێت بەراورد بە کورد، لەکاتێکا لە ئێستایا ڕێژەی ٪٢٠ی دانیشتوانی هەرێم پێکبهێنن ئەوا بۆ ساڵی ٢٠٥٠ ئەبن بە ٪٥٠ و بەرەوژوور.

بەپێی یاسا بۆیان هەیە موڵک بکڕن، هەرواشیان کردووە خانوبەرە و زەویەکی زۆریان کڕیوە بەتایبەتی لە هەولێر.

بیرمان نەچێ ئەوەی تاپۆی بەدەستەوەبێ خاوەن ماڵە بۆیە چەند ساڵێکیتر پێویست ناکا هیچ کەسێک بەرد بگرێتە عەرەبەکان لە کوردستان وەک ئەوەی لە فەلەستین ڕووئەیا چونکە ئەوان بەپارە ئیکڕن و ئەوە کورد خۆیەتی وەک فەلەستینیەکان ماڵ و زەوی خۆی ئەفرۆشێ.

تورک بەهاروهاجی و داگیرکاری لەلایەکیترەوە وەک مخۆرکە ڕۆژانە خاکی زیاتری کوردستان داگیرئەکەن.

ئەگەر دەسەڵاتی کوردی سیاسەتێکی گونجاو نەگرێتەبەر وەک ئەوەی لە ڕۆژئاوا هەیە بەلانسی ڕێژەی نەتەوە و خانەخوێ ڕانەگرێ ئەوا پاش چەن ساڵێکیتر عەرەب لەڕێی

وەچەخستنەوەی زۆر و ماڵ زەوی کڕین و تورکیش لەڕێی داگیرکارییەوە شتێکی وانامێنێ لە خاکی کوردستان بەگشتی و باشور بەتایبەتی.

لەوانەیە بابەتەکە کەمێک دوورو درێژبێت کە خوێنەری کورد زیاتر ئارەزووی بابەتی کورتن بەڵام لە مێژووا شتێک نیە بانوی کورتبڕی، مێژوو ئەگەر وەک خۆی نەینوسیتەوە ئەوا ئەشێوێنرێ. "هەتا هەزار پەڕە نەخوێنیتەوە، بۆت نیە بای تەنها پەڕەیەک لەسەر مێژوو ئاخاوتن هەبێ".

گرنگی کۆکردنەوەی ئەم پەیماننامانە و شەڕی براکوژییە لە دوو توێی چەند پەڕەیەکا و وەک وتارێک لەوەیایە کە تاکی کوردی خوێنەر بەئەسانی بتوانێ بەڕیزبەندی یەک لە دوای یەک ڕێکەوتن و شەڕە ناوخۆییەکان بخوێنێتەوە و توشی سەرلێشێوان و تێکەڵکردنی بابەتەکان نەبێ.

لێرەبەدواوە کەمتر ڕاوبۆچوونی بەندەی تیایە و زۆرتر بەڵگەننامە و ڕووداوە مێژوویەکانم داناوەتەوە.

پەیماننامەی ڕێکخستنی سنور:

قەسری شیرین یان زەهاو) کە لە ڕێکەوتی (17_5/ئایار_1639) لە نێوان دەوڵەتی) دەوڵەتی عوسمانییەکان و دەوڵەتی سەفەوییەکانی ئێران واژۆ کراوە، لە سەردەمی سوڵتان مورادی چوارەم (1623_1640ز) سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانییەکان و شا سەفی (1629_1642ز) شای دەوڵەتی سەفەوییەکانی ئێران.

کوردستان هەمیشە شوێنی ململانێی عوسمانی و سەفەویەکان بووە، بە درێژایی سەدەی شانزەی زاینی. تا ئەو کاتەی سولتان سولەیمانی قانونی (1566 مردووە) توانی هەرێمە کوردیەکان ببچڕێت بۆ خۆی و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیەوە. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو خزمەتانەی کە کورد بە دەوڵەتی عوسمانییان کردووە لە کاتی شەڕیان لەگەڵ سەفەویەکان، عوسمانیەکان جۆرێك لە خۆبەڕێوەبەریان یاوە بەکوردەکان، شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبی "شەرەفنامە"یا باس لەوە ئەکات میرنشینە کوردیەکان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیا خۆیان بەڕێوەبردووە، بەشی خۆرئاوای ڕوباری فورات و بەشی ڕۆژهەڵاتی موورادسۆ *لقێکی سەرەکی ڕوباری فوراتە لەناو باکووری کوردستان* میرنشینە کوردیەکان فەرمانڕەوایەتییان کردووە، میرە کوردەکان

لەبەرامبەر ئەوەیا گوێرایەڵی خۆیان بۆ سوڵتانەکان دەربڕی و دیاریی تایبەتیان بۆ ئەبردن و وەك سوپایەکی یەدەگیش لە خزمەتی سوپای عوسمانیا بوون.

دوای ململانێیەکی زۆری نێوان هەردوو سوپای سەفەوی و عوسمانی، سوڵتان مورادی چوارەم و شا عەباسی سەفەوی لە ساڵی 1409 کۆچی و 1639 زاینی توانییان سنورەکانیان لەیەکتری جیابکەنەوەو هەردووکیان پێکەوە ڕێکەوتنامەی "ڕێکخستنەکانی سنوور" واژۆ بکەن و کوردستانیان لەنێوانیانا کرد بە دوو بەشەوە، بە پێی ئەو ڕێکەوتنەی نێوانیان بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەر ئێرانی سەفەوی کەوت و بەشەکانی تری باکورو باشوور و ڕۆژئاوا بەر دەوڵەتی عوسمانی کەوت.

ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ:

ساڵێک لە دوای بەرپابوونی شەڕی یەکەمی جیهانی بەدیاریکراوی لە نۆڤێمبەری ساڵی 1915 نوێنەری بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیای قەیسەری گفتوگۆیان کرد لەسەر دابەشکردنی خاکی ژێردەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەتایبەتی ئەوخاکەی ئەکەوێتە نیوان دەریای سپی ناوەڕاست و وڵاتی ئێران . ئەوەبوو لە مانگی ئایاری ساڵی 1916 ڕێکەوتنێکی نهێنی واژۆکرا ، لەنێوان فرانسوا جۆرج بیکۆ نوێنەری فەرەنسا و مارک سایکس نوێنەری بەریتانیا، بەئاگاداری و ڕەزامەندی حکومەتی رووسیای قەیسەری، هەر بۆیەش ئەو ڕێککەوتننامەیەش بەناوی کورتکراوەی هەردوو نوێنەرەکەی فەرەنسا و بەریتانیا ناونرا سایکس- بیکۆ ناونرا.

ئەو ڕێککەوتننامەیە زۆری نەبرد نهێنییەکەی لەدەستدا ئەویش بەئاشکراکردنی لەلایەن شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیا ساڵی 1917 بەوەی زۆربەی ئەرشیفە نهێنییەکانی دەوڵەتی رووسیا کەوتە بەردەست حکومەتی بەلشەفی رووسیا.

ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ لە چەند خاڵێک پێکهاتووە:

1. فەرەنسا باشووری تورکیای لێوار دەریای سپی ناوەڕاستی کەوتە بەردەست ، کەبەناوچەی شین "بلۆ" ناسرا.

"Blue Zone"

2. باکوری سوریاو لوبنان و لیوای موسڵ واتە باشووری کوردستان لەژێر قەڵەمڕەوی فەرەنسا بێت پاش ئەوەی حکومەتێکی عەرەبی لێپێک ئەهێنێ،

که ناسێنرا بەناوچەی A

بەریتانیاش خوارووی شام و ئوردن بیابانی رۆژئاوای عێراقی ئێستای لەبەردەست .3

بێ ، پاش دانانی حکومەتێکی عەرەبی کە ناسێنرا بە بەناوچە .B

ویلایەتی بەغدا و بەسرا و بەکویتیشەوە راستەوخۆ لەلایەن بەریتانیاوە حوکم بکرێ .4

کە بە ناسێنرا بەناوچەی

Red Zone.

5.ئەرمەنستانی (تورکیا!) و کوردستانی باکور لەژێر قەڵەمڕەوی رووسیا بێت.

6.فەڵەستین وەک ناوچەیەکی نێو دەوڵەتی بێت.

7.بەندەری حەیفا و عەکا لەژێردەستی بەریتانیابێ بۆ فەرەنسیەکانیش ئازاد بێ.

8.بەندەری ئەسکەندەروونە لەژێردەستی فەرەنسییەکان بێ و بۆ رووس و بەریتانییەکان ئازاد بێ.

ئەو ڕێککەوتننامەیە هەرای زۆری نایەوە، بۆیە ساڵی 1920 رێیکەوتننامەیەکی تری بەخۆوەدی بەناوی" ڕێیکەوتننامەی سان ڕیمۆ"، کە لەناوەڕۆکدا هەمان ڕێککەوتننامەی پێشوو بوو، ئەوەش تورکیای نوێی ئەتاتورکی هێنایە سەر هێڵی نارەزایی، بۆیە کۆمەڵەی گەلان لەسالی 1922 هەوڵییا رێککەوتننامەیەکی نێو دەوڵەتی نوێ بێنتە کایەوە بۆ دابەشکردنی ناوچەکە، ئەویش لەساڵی 1923 رێککەوتننامەی لۆزان هاتە کایەوە و واژۆکرا کە زۆرێک لە گۆڕانکاری لە بەرژەوەندی تورکیا کرا.

لیوای ئەسکەندەروونە بۆ تورکیا و موسڵ بۆ بە بەریتانیا و رووسیاش لەڕێککەوتننامەکە کشایەوە، بەهۆی ئەوەی جۆری حکومەتەکە گۆڕرا.

بەگوێرە ئەوڕێککەوتننامەیە باشووری کوردستان و رۆژئاوای کوردستان ئەکەوتنە بەردەست فەرەنسا، زۆربەی خاکی باکوری کوردستانیش ئەکەوتە بەردەست رووسیا، رۆژهەڵاتیش لەدەرەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە بوو.

ئەم رێککەوتنەی کە لەنێوان مارک سایکس نوێنەری بەریتانیا و جۆرج بیکۆ نوێنەری فەرەنسادا بەسترا بەچاودێری ڕوسیای قەیسەری،کە تیایا خاک و نەتەوەی کوردی بەسەر چوارپارچەیا دابەشکرا، کە بووە هۆی ئەوەی تا ئێستا کورد لە کیانی سەربەخۆ و یەکپارچەیی خۆی بێبەش بێت.

**پەیماننامە) سان ڕیمۆ)**:

کە لە ئیتاليا لە 1920 بەسترا و سەرۆک وەزيرانی بريتانيا، فرەنسا، ئیتاليا و نوێنەرانی یۆنان، ژاپۆن و بەلجیکا ئامادەی بوون و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمێریکاش وەک چاودێر ئامادە بوو، سەرۆک وەزيرانی بريتانيا لوید جۆرج توانی سەرۆک وەزيرانی فرەنسا جۆرج کلیمەنسۆ قایل بکات دەست لە مووسڵ هەڵبگرێت، کە بە پێی سایکس پیکۆ بۆی دانرا بوو. لە بەرامبەر ئەم پیاوەتییەی کلیمەنسۆ فرەنسا هەندێ شتی دەستکەوت، بەڵام لە گەڵ گرنگی مووسڵا بەراورد نەئەکران.

لەسان ڕیمۆ ئەبوایە دەولەتانی هاوپەیمانی سەرکەوتوو لە شەڕی یەکەمی جیهانیا بڕیار لە سەر چارەنووسی میراتەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئاسیا بەن. لێرەیا ئامادەبووان دوا پێداچوونەوەیان بە ڕەشنووسی پەیماننامەی ئاشتیا کرد، کە دواتر لە ١٠ ئابی هەمان ساڵ لە پاریس مۆر کرا و بە پەیماننامەی سێڤر ناوی دەرکرد. هەر لە سان ڕیمۆش ڕژێمی "مەندەیت"یان داهێنا و فەلەستین و میزۆپۆتامیا خرانە ژێر مەندەیتی بريتانيا و لە بەرامبەر وازهێنانی فرەنسا لە مووسڵ. بەریتانیا دانی نا بە مەندەیتی فرەنسایا لە سەر سوریا و لوبنان. ئەوەی مایەی سەرنج و تێرامانە هەر لە سان ڕیمۆ لە ٢٤ و ٢٥ نیسانا دانوسان لە سەر نەوتی ویلایەتی مووسڵ لە نێوان بريتانيا و فرەنسا بەڕێوەچوون و لە ئەنجاما ڕێکەوتننامەیەک لەو بارەیەوە ئیمزا کرا، کە مافی ٢٥ % نەوتی مووسڵی ئەیا بە فرەنسا لە بەرامبەر دەستهەڵگرتنی لە ویلایەتی مووسڵ. ئەم کەین و بەینانە ئەو ڕاستییە دەرئەخەن کە بەریتانیا ئامادە نەبوو بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری مووسڵ بێت.

هەر لەو کاتەیا کە هاوپەیمانان لە سان ڕیمۆ و پاریس خەریکی بەخشینەوەی میراتەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوون، لە سەر خاکی ئاسیای بچووک (تورکیای ئێستا).

پەیمانی سیڤەر:

ئەم پەیماننامەیە لە ( 10/اب/1920 ) لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی سەرکەوتووی جەنگ و بە نوێنەرایەتی هەندێ دەوڵەتی تر مۆرکرا، وە لە کاتی بەستنی ئەم پەیمانە کوردستان بەدوو پارچەیی مابووە، کوردستانی دەوڵەتی عوسمانی و کوردستانی ئێران .

ئەم پەیمانە لە ( 13 ) بەش و ( 433 ) بەند پێك هاتبوو، لەبەشی ( 3) و بەندی ( 62–63 –64 )ڕاستەوخۆ باسی کورد و ئایندەی کوردەکانی کوردستانی کردبوو، بەیەکەم پەیماننامەی نێودەوڵەتی دائەنرێ کەبەم شێوەیە باسی کورد بکات، هەرچەندە لە بەندەکانی تریش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی کورد ئەکات بەڵام بێ ئەوەی ناوی کورد بهێنێ.

دەقی ئەو بەندانەی پەیمانی سیڤەر کەتایبەت بوون بەکورد:

62– ئەبێت کۆمسیۆنی ئەستەمبۆل بەفەرمی دەست نیشانی سێ نوێنەر بکات، ئەوانیش نوێنەری بریتانی و فەرەنسی و ئیتالی بن، هەتا شەش مانگ دوای مۆرکردنی ئەو پەیماننامەیە ئەو کۆمسیۆنە ئەبێت نەخشەیەك بۆ خودمختاری هەرێمی ئەو مەڵبەندانە پێشکەش بکات کە زۆربەی دانیشتووانەکانی کوردن، لە ڕۆژهەڵاتی چەمی فورات و خوارووی ئەرمەنستان سنوریان بۆ دەست نیشان بکرێت.

ئەگەر کۆمسیۆن نەیتووانی بڕیاری یەکلاکەرەوە بات ئەوا نوێنەرەکان ئەتووانن لەگەڵ حکومەتەکانیان تاوتوێی ئەم بابەتە بکەن، باسیش لەپاراستنی مافی ئاشوریەکان و کەمەنەتەوەکانی تر کراوە.

63– حکومەتی تورکیا مل کەچ ئەبێت بۆهەر بڕیارێك کەوا کۆمسیۆن دەری بکات کە لەبەندی ( 62 ) باس کراوە، ئەبێت لەماوەی سێ مانگا لەدوای دەرکردنی بڕیارەکە جێ بەجێیان بکات.

64– تا ساڵێك لە پاش ئیمزاکردنی ئەو پەیماننامە ئەگەر کوردەکانی دانیشتووی چەمی فورات و خوارووی ئەرمەنستان جیانەبنەوە لە تورکیا ئەبێ ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان ڕابگەیەنن وە ئەنجومەنیش دانی بەوەیانا کەئەوان ئەتوانن سەربەخۆ بژین، ئەوا حکومەتی تورکیا ئەبێ ڕازی بێت و دەست بەرداری ئەو ناوچانە بێت، ئەبێت تورکیا دەست لەمافی ئەو ناوچانە هەڵبگرێت، مافەکانیش بەگوێرەی ڕێکەوتنی هاوپەیمانان و تورکیا ئەبێت،کوردەکانی ویلایەتی موسڵیش ئەگەر خوازیاری جیابوونەوەن بەویستی خۆیان، ئەوا هاوپەیمانان هیچ ڕێگریەك ناکەن بچنە پاڵ حکومەتە کوردیەکەوە.

تێبینی/ لەبەندەکانی ئەو پەیماننامەیە سەرەتا ئاماژەکردنێکە بەحوکمیزاتی تەنها بۆ کوردەکانی باکوور، نەوەك بۆ هەموو کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران، ئەوەش بەئاشکرا شەرعیەتدانە بە دابەشکردنی کوردستان وە لەدوای جەنگیش بەئاشکرا دەرکەوت کەوا چۆن مافەڕەواکانی گەلی کورد پێشێل کراوە، زیاتر بەشی باشووری کوردستان کەوتۆتە بەر هەڕەشەی داگیرکەران، هەر بۆیەش ئەم پەیماننامەیە بەم شێوەیە بەستراوە چونکە بەرژەوەندیەکانی بریتانیا لە بوونی نەوت لە ویلایەتی موسڵ وایئەخواست.

پەیمانی لۆزان: بکوژەکەی سیڤەر

پەیمانی لۆزان ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣ لە نێوان دەوڵەتانی بەریتانیا، فەرەنسا، ژاپۆن، یۆنان، ڕۆمانیا، سربیا، کرواتیا، سلواڤینیا و تورکیا دوای کۆنگرەیەک لە شاری لۆزان لە سویس بەسترا بوو واژۆکرا.کۆنگرەکە لە مانگی تشرینی دوومی ١٩٢٢دا دەستی پێکرد و لە ٣٠ی کانوونی دوەمی ١٩٢٣دا لەبەر نەگەشتنە ئەنجام بڵاوەی لێکرا، دواتر دیسان دەستی پیکردەوە و لە ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣دا واژۆکرا. لە لۆزان سنووری دەوڵەتی تورکیای نوێ دیارییکرا و پێداچوونەوە بە پەیمانی سیڤەرا کرا، کە مافی چارەی خۆنووسینی بۆ کورد دەستبەرکردبوو.

ڕێوڕەسمی واژۆکردنەکەکردنەکە لە شاتۆ دوڕومینی شاری لۆزان ئیمزاکرا، سەرکردە بەشداربووەکان لە ئو ڕاقی "شاتۆ دو ئوشی مابوونەوە و تابلۆیەکی ڕێکەوتننامەکە لە لۆبی ئوتێلەکەیا تا ئێستاش هەڵواسراوە.

مەبەست لە کۆنگرەکە باسکردنی کێشەکانی نێوان تورکیا و یۆنان و بەستنی ڕێکەوتنێکی نوێی ئاشتی بوو لەگەڵ تورکیای کەمالی، بۆ ئەوەی پەیمانی لۆزان شوێنی پەیمانی سێڤر بگرێتەوە، ئەو پەیمانەی کە نە تورکیای کەمالی و نە هاوپەیمانان ناوەڕۆکیان جێبەجێ کردبوو، لەم کۆنگرەیەیا گەلێک بابەتی تایبەت بە کێشە ناوچەیی و سیاسییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ و سیستمی تەنکە دەریاییەکان و کێشەی سیستمی ئیمتیازی بێگانە و کێشە ئابووری و داراییەکانی وەک قەرزی گشتی عوسمانی و پاراستنی بەرژەوەندی ئابووریی بێگانە خرانە بەر باس و گفتوگۆ. کۆنگرەی لۆزان کە

پەیمانی لۆزانی لێ کەوتەوە، زەبرێکی کاریگەری لە مەسەلەی کورد و کێشە ڕەواکەییاو نەیهێشت ئاوات و داخوازییەکانی کورد بەپێی پەیمانی سێڤر بێتە دی.

سەرکردە بەشداربوەکان:

* عیسمەت ئینۆنۆ- تورکیا

* لۆرد کورزون- بەریتانیا

* ئەلیفتهیرۆس ڤینیزێلۆس – یۆنان

چاودێرەکان: جۆزەف گروو، نوێنەری ئەمریکا لە سویسرا.

بەهۆی ئەوەی کورد نەیتوانی ببێتە خاوەنی هێز و بە یەکگرتوویی مامەڵە بکات و سوود لە پەیمانی سیڤەر وەربگرێت، فشارەکانی تورکە کەمالییەکان سەریگرت و لە پەیماننامەی لۆزانا خەونەکانی کورد لەگۆڕنران.

لۆزان، ئەو پەیمانەی خەونی سەربەخۆیی کوردی تیایا لەباربرا و کوردی بێبەشکرد لە ماف و ئازادییەکانی، ئەمڕۆ ٩٨ ساڵ بەسەر تەمەنی ئەو پەیمانەیا تێپەڕئەبێت، کە تورکیا ئەیەوێت پێش گەیشتنی بە ١٠٠ ساڵ ئەو ڕێککەوتنە بکاتە سەرەتای گەڕانەوەی بۆ ئەو شوێنانەی کە بە بەشێک لە خاکی عوسمانیی کۆنی ئەزانێت، ساڵی ٢٠١٥ لە ساڵیادی واژۆکردنی پەیمانی لۆزانا، هێرشەکانی بۆ سەر باشوری کوردستان دەستپێکردەوە.

میساقی میللی:

لەدوای کۆنگرەکانی ئەرزڕوم و سیواس لە ئابی ١٩٢٠، بزووتنەوەی کەمالییەکان بڕوانامەی میساقی میلییان دەرکرد، وەک پەیرەوپڕۆگرامی بزووتنەوەکە، "میپاق"ەکە لە ٦ مادده پێکهاتووە و ئەوەی تایبەتە بەکێشەی ولایەتی موسڵی سەردەمی عوسمانی ماددەی یەکەمە، کە ئەڵێت:

ئەو ناوچانەی دانیشتوانەکەیان زۆرینە عەرەبن پێویستە بە ڕاپرسی چارەنووسیان دیاری) بکەن، ئەو ناوچانەش دانیشتوانەکەیان زۆرینە تورکن بگەڕێنرێتەوە بۆ سەر دەوڵەتی تورکیای گەورە(.

ئەردۆگان چەندینجار لەگوتارەکانیا ئەڵێت: ئێمە نەوەی عوسمانیەکانین. هەروەک لە ساڵی ٢٠١١دا کە پارتی دادو گەشەپێدان لە هەڵبژاردندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەردۆگان لە گوتاری سەرکەوتندا گووتی "بەو ئەندازەی ئیستانبول سەرکەوتووە سەرایڤۆش

سەرکەوتووە، بەو ئەندازەیەی ئیزمیر سەرکەوتووە بەیروتیش سەرکەوتووە، بەو ئەندازەیەی ئەنقەرە سەرکەوتووە دیمەشقیش سەرکەوتووە، بەو ئەندازەیەی دیاربەکر سەرکەوتووە رامەڵاو نابلوس وقودس و غەزە سەرکەوتوون، سەرکەوتنی تورکیا مانای "سەرکەوتنی رۆژهەڵاتی ناوەراست و قەوقازو بەڵقان و ئەوروپایە

لەپشتی ئەم لێکچواندنانەوە خواست و ویستی فراوانخوازی ئەردۆگان بۆ گێرانەوەی دەسەڵاتی تورک بەسەر هەموو ئەو شوێنانەیا دەرئەکەوێت کە پێشتر لە سنووری دەسەڵات و قەڵەمڕەوی عوسمانیا بوون.

لەدوای جەنگی جیهان و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی، لە مادەی یەکەمی میساقی نیشتیمانی تورکیایا باسی ئەوە کراوە ئەگەر پێویستی کرد ئەوا بریاری چارەنووسی ئەو بەشانەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی ئەدرێت کە زۆرینەی دانیشتوانەکانیان تورك نین. ئەوەش بەپێی دەنگدانی ئازادانەی خەڵکی ئەو ناوچانە خۆیان ئەبێت. بەڵام دیارە بەبیانووی پێکهێنانی نیشتیمانێك کە ناوی تورکیا بوو ئەوە روویندەیا. لەم رووەوە ئەو بەندەی میساقی نیشتیمانی تورکیا دانی نەنا بە جیاوازبوونی کوردا وەکو نەتەوەیەك، هەروەك دوای ئەوەش کۆمەڵەی نەتەوەکان مافی کوردو کەمە نەتەوەییەکانی تری نەسەپاند بەسەر تورکیایا.

ئاشکرایە کە ئەردۆگان خەون بە زیندوکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە ئەبینێت، بۆ ئەو مەبەستەش هەنگاوی یەکەمی هەڵهێنا کە گۆڕینی دەستووری تورکیا بوو بۆ سەرۆکایەتی، ئەویش بە خەیاڵی خۆی هەنگاوی یەکەمە بۆ دەسەڵاتی سوڵتانی. پەلکێشانی بۆ نیمچە دورگەی عەرەبی و بۆ لیبیا و بۆ سوریاو چەندبارەکردنەوەی خواست و ویستی گێرانەوەی ولایەتی موسڵ بۆ ژێر سایەی دەوڵەتی تورک بەشێکن لەو خەونە فراونخوازییەی ئەردۆگان کە زیندوکردنەوەی خەلافەتی عوسمانی و بە سوڵتان بوونی خۆی نیشان ئەیات.

ڕێکەوتننامەی جەزائیر:

لە ساڵی ١٩٧٤ حکومەتی عێراقی هەڵمەتێکی شەڕەنگێزی نوێی دژی کورد دەستپێکردو بەرەو ناوچە سنوورییەکانی ئێران دایماڵین. عێراق بە ئێرانی راگەیاند کە خواستەکانی ئێران بەدیئەهێنێت بەمەرجێک یارمەتی بۆ کورد راگرێت.

بەمیانگیریی سەرۆکی جەزائیر، هۆری بۆمدین، ئێران و عێراق گەیشتنە رێکەوتنێکی گشتگیر لە ئازاری ١٩٧٥دا کە بە رێکەوتننامەی جەزائیر بەناوبانگە. ئەم رێکەوتننامەیە وایکرد کورد بەبێ یارمەتی بمێننەوە و تاران یارمەتییەکانی بزووتنەوەی کوردی نەیات. بەشێک لە سەرکردەکانی شۆڕش و ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرەکانیشی ئاوارەی ئێران بوون. ژمارەیەکی زۆریش خۆیان بەدەستەوەیاو شۆڕشەکە دوای چەند رۆژێک کۆتایی هات. لە ئەنجامی ئەمەیا حکومەتی عێراقی بووە خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوانتر بەسەر ناوچەکانی باشوری کوردستان لەچاو پانزە ساڵی پێشووترا، وە بۆ ئەوەی ئەو کاریگەرییە بپارێزێت، دەستی بە پلانی بە عەرەبکردن کرد ئەویش بە هێنانی خەڵکی عەرەب بۆ ناوچە نەوتییەکانی کوردستان، بەتایبەتی بۆ ناوچەکانی کەرکووک و دەوروبەری. دوای رێکەوتننامەکەی جەزائیر، رێوشوێنی سەرکوتکەرانە لەلایەن حکومەتەوە گیرانە بەر دژی کوردو سەرەنجام بووە هۆی سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان سوپای عێراق و چەکدارانی کورد. لە ساڵانی ١٩٧٧ تا ١٩٧٩، ٦٠٠ دێی کوردی خاپوور کران و نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ کورد لە ناوچەکانی خۆیان راگوێزران.

ڕووداني شەڕە ناوخۆييەكاني باشوری کوردستان لەنێوان ١٩٦٤بۆ ٢٠٠٠ز:

لەسەدەی بیستەمیشا مێژووی کورد سەرڕێژە لە شەڕی براکوژی وەک مێژووی باوی کورد، لەو سەدەیەیا لە کاتێکا چەندین گەل و نەتەوەی بچوک کە لەمێژووا ناویان نەبوو دەوڵەتی خۆیان دروستکرد، بەڵام کورد لەبەر شەڕی ناوخۆیی فریای هیچ نەکەوت، وە هیچ هێزێکی چەکداری کورد نییە لە سەدەی بیستەما شەڕی هێزێکی دیکەی کوردی نەکردبێت.

مشتێک لەخەرواری شەڕی ئابڕوتکێنی ناوخۆی:

*لە شەستەکانا پارتی و حزبی شیوعی شەڕی یەکتریان کرد، لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ ١٩٧٠ باڵی مەکتەب سیاسی پارتی و باڵی مەلایی شەڕی خوێناویان لە دژی یەکتر کرد.

*لە کۆتایی شەستەکانا پارتی بە دەیان ئەندام و سەرکردەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان کوشت، یان بە دیلکراوی رادەستی ئێرانیان کردنەوە.

* له حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ەوە تا کۆتاییەکانی ١٩٧٨ لە ناوچەکانی بادینان و هەکاری باکوری کوردستان چەندین شەڕ و پێکدادانی قورس لەنێوان یەکێتی و سەرکردایەتی کاتی پارتیدا ( قیادە مؤقتە ) روویداو زیانی گیانی زۆری لێکەوتەوە.

*لە هەشتاکانا لە رۆژهەڵاتی کوردستان هێزەکانی سەرکردایەتی کاتی پارتی بە یارمەتی سوپای پاسدارانی ئێران شەڕێکی قورسیان لە دژی حزبی دیموکرات کرد و بەسەدان کەس لە هەردوولایان کوژران.

*لەناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عێراقا یەکێتی و پارتی تا ساڵی ١٩٨٦ لە شەڕێکی قورسا بوون لەگەڵ یەکترا.

*شەڕی نێوان یەکێتی و حزبی سۆسیالیستیش لە ئابی ١٩٨١ دەستی پێکرد و تا مانگی نیسانی ١٩٨٦ بەردەوام بوو.

* شەڕی یەکێتی و حزبی شیوعیش لە ١٩٨١دەستی پێکرد و تا ١٩٨٦ بەردەوام بوو.

* شەڕی نێوان یەکێتی و پاسۆکیش هەر لە ساڵی ١٩٨١وە دەستی پێکرد و تا ١٩٨٦ بەردەوام بوو.

*لە ساڵی ١٩٩٣ یەکێتی و پارتی شەڕی پەکەکەیان کرد و زیانی گیانی زۆری لێکەوتەوە.

* هەر بە درێژایی نەوەدەکان جارێک پارتی و جارێکیش یەکێتی بە جیا شەڕی پەکەکەیان ئەکرد.

*لە کۆتاییەکانی ١٩٩٣ و سەرەتای ١٩٩٤ شەڕی یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی دەستی پێکرد و تا ساڵی ١٩٩٧ بەردەوام بوو.

*لە مانگی ئایاری ١٩٩٤ خوێناویترین شەڕی ناوخۆیی لە مێژووی کوردا لەنێوان پارتی و یەکێتی دەستپێکرد، لەم شەڕەیا حزبی سۆسیالیست و حزبی زەحمەتکێشان لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەکا یارمەتی یەکێتیانا، حزبولای کوردستانیش یارمەتی پارتی ئەیا، لە شەڕەکەیا ئێران یارمەتی یەکێتی ئەیا و تورکیا و عێراقیش یارمەتی پارتیان ئەیا، ئەو شەڕە دوای چوار ساڵ و کوژرانی هەزاران کەس لە هەردوولا رۆژی ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨ بە ناوبژیوانی ئەمەریکا کۆتایی هات.

*سەدەی ۲۱یش بە شەڕی براکوژی دەست پێکرد، یەکێتی و پەکەکە لە ساڵی ۲۰۰۰دا شەڕێکی خوێناویان لە دژی یەکتر ئەنجاما و زیانی گیانی زۆری لێکەوتەوە.
* بەداخەوە لە ئێستایاو لە ۲۰۲۰زدا دیسانەوە بە فیتی داگیرکەرانی کوردستان شەڕی نێوخۆی ئەگەرێکی نزیک و چاوەڕوانکراوە. ئومێدەکەم وانە لە مێژوو وەرگیرابێ و هەڵەی ئابرو تکێنی لەوجۆرە نەکەن.

دوای چوارساڵ لەشەڕی براکوژی مێزی گفتوکرا بەچارەسەر:

کاتی خۆی لە شەڕی ناوخۆی ساڵانی ١٩٩٤ – ١٩٩٨ز مەسعود بەرزانی ووتی ، "دەستەکانی خۆم ئەبڕمەوە جاریکی تر تەوقە لەگەڵ مام جەلالا بکەم و کۆببمەوە لەگەڵییا.

کەچی دوای چوار ساڵ لەبرا کوژی و شەهید بوونی زیاتر لە ۱۰هەزار و سەرنگوم بوونی سەدان کەس و ئاوارەبوونی هەزاران کەسیتر، ناچار بوون دەست بخەنە ناودەستی یەک و شەڕی براکوژی ڕاگرن ، وە بێبەری بوونی خۆشیان ڕاگەیاند لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیا.

ڕێکەوتننامەی واشنتۆن:

ئەو ڕێکەوتننامەیە بوو لە ١٧- ٩- ١٩٩٨ز دا، لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی مسعود بارزانی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی مام جەلال و بەنێوەندگیری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەڕێگەی ( خانم مادلین ئۆلبرایت ) لەواشنتۆن مۆرکرا ، دواتر ئەم ڕێکەوتنە نەشەڕ نە ئاشتی لێکەتەوە تا چەند ساڵێک.

بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام:

لەجەنگی چاڵدێراندا١٥١٤ز، لەپاش گەڕانەوەی سوڵتان سەلیم یەکەم(١٥١٢-١٥٢٠ز) و تێک شکانــدنی سەفەویەکان، دایکی لەسوڵتان ئەپرسێت کــوڕم چیت کرد؟

سوڵتان: دیــوارێکم لەنێوان ئێمەو سەفەویدا لەگۆشت وخوێن دروست کردووە.

دایکی: کوڕم چــۆن؟

کوردەکانم کردۆتە پەرشینی سنوری قەڵەم ڕەویەکەم، لــەهەر لایەکیان بکوژرێت دووژمنێک کەمتر.

ساڵی (سەفەربەر) ناوچەی موکریان لەلایەن سوپای ڕووسەوە داگیرکرا بوو، منیش چونکو ڕوسی و فارسی و تورکیم ئەزانی، لای فەرماندەی ڕووس کرام بەوەرگێڕ "دیلماج" "مترجم" ڕۆژێک ئەفسەرێکی عوسمانی گیرابوو لێی دەکۆڵرایەوە و من قسەکانیم وەرئەگێڕا.

فەرماندە لێپرسی: هێزی سەرەکی ئێوە چەندە و لە کوێیە؟

ئەفسەرە تورکەکە وتی: ئێمە لێرە هێزمان نییە، تەنیا چەند ئەفسەر و جەندرمەین و هەندێ مەلای پیاوی خۆمانمان لەگەڵایە، هاتووین بەناوی ئیسلامەتی و غەزای کافران کوردەکانی ئەم ناوچەیە بورووژێنین و بە گژ ئێوەیانا بکەین، تا بتوانین پێشی پێشکەوتنتان بگرین، ئەم وروژاندنەش بۆ ئێمە لەقسە بەولاوە هیچی تێناچێت.

فەرماندە ڕووسەکە وتی: ئەی بیر لەوەناکەوە کە ئەم خەڵکە بەبێ چەک ناتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ ئێمە ڕابگرن، دواتر خۆیان تیائەچن؟

ئەفسەری تورک ڕاستەو ڕاست وتی: ئەمە بۆ ئێمە بایەخی نییە، "ئێوە دووژمنن و کوردەکانیش نەیارن"، لە هەر لایەک بکوژرێ سوودی ئێمەی تیایە!

ئەوکاتەی شێخ مەحمودی حەفید لەژێر کاریگەری عاتیفەی عوسمانیا خەڵکی ڕەش وڕوتی کوردوستانی گرئەیاو ئەیبردن لەشوعەبیە ناوەڕاست وباشوری عێراق بەناوی جیهادەوە بە کوشتی ئەیان، لەکوردوستانیش عوسمانیەکان کەوتبووە ڕاو ڕووت وتو تاڵانی ماڵ وناموسی کورد.

لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی ئەوە "ئوزدەمیر" بوو بەرپشێکی پان و تەزبیحێکەوە، مستەفاکەمال ئەتاتورک ناردبویە باکورو باشوری کوردوستان بەناوی گەڕانەوەی خەلافەت و دینەوە شێخ و ناودارانی کوردی فریو ئەیا.

دەمێک بوو (حسن کوڕی شەریفی مەککە وهێندری مەکماهۆن) بەریتانیا نامەگۆڕینەوەیان هەبوو، ڕێکەوتبوون لەسەر ڕادەست کردنی هەردوو قبیلەی موسڵمان و دەرپەڕاندنی سوپای خەلافەتی ئیسلامی لەخاکی نیشتمانی عەرەبا.

لەسلێمانی کەڵە شاعیری هەڵکەوتوو "پیرەمێرد" ئامۆژگاری شێخ محمود ئەکات، کەوا تورکەکان دووژمنێکی ئەزمون کراوی ماوەبەسەرچوون، ئەوە ڕاستییەکەیە باشترە لەگەڵ ئینگلیزەکانا ڕێکبکەویت، لەپاداشتی ئەم ڕاوێژ و ئامۆژگارییە بەفیتی دەربارو

دابەستەکانی دەووری شێخ، پیرەمێرد بەناپاک وەسف ئەکرێت و فەرمانی گرتنی بۆدەرئەچێت، پیرەمێرد هەڵەیەت بۆ قەرەداخ، لەدواییا کاتێک شێخ لەواقیعەکە تێدەگات کار لەکار ترازاوە!

## پاشانشینی ئەڕاپخا (کەرکوک) لە نێوان ساڵانی ١٥٠٠-١٣٤٠ ب.ز

سەرچاوە سەرەکیەکانی نووسینەوەی مێژووی ئەڕاپخا (کەرکوک) لە نێوان ساڵانی ١٥٠٠- ١٣٤. ب.ز بریتین لەو دەقە مێخیانەی بە زمانی ئەکەدی (بابلی ناوەڕاست) نووسراون .زمانی ئەم دەقانە کاریگەریەکی ڕاستوخۆی شێوەزاری ناوچەکەیان پێوە دیارە و کاریگەری زمانی ئاخێوەرانی ناوچەکەیان لەسەرە، کە بە زمانی خوری دواون. ئەم دەقانە بەشێوەیەکی سەرەکی لە هەریەکە لە نوزی (یۆرگان تەپە) و کەرکوک و تەل فەخار دۆزراونەتەوە. لە توێژینەوەیەکی پێشوماندا کە بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە، هەوڵمانداوە ئەم سەرچاوانە بخەینە بەر دیدەی توێژەران. لێرەدا هەوڵدەدەین چەند نموونەیەک وەک مشتێک لە خەرواڵێکی ئەم سامانە دەوڵەمەندە، کە پڕە لە وانەی گرنگی مێژوویی بخەینەڕوو.

لە ڕاستیدا ئەم دەقانە بەبێ ڕکخستنەوە و پۆلێنکردنیان وەک چێشتی مجێور وان و خوێنەر ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سودیان لێوەربگرێت. ئینجا هەم بۆ ئەوەی توێژەران و هەم خوێنەرانیش بتوانن سود لەم دەقانە وەربگرن، پێویستە ئەم دەقانە بەسەر ئەرشیف و جۆر و شوێنی نووسینیان و نووسەرەکانیان و ناوەڕۆکەکانیاندا پۆلێنبکرێن.

ئەرشیفی شیلوا-تێشوپی کوڕی تێخیپ-تیلا و ئەرشیفی وولو لە نموونە زەق و بەرچاوەکانی پۆلێنکردنی ئەم دەقانەن. بێجگە لەم ئەرشیفانەش، ئەرشیفی تایبەت بە شارەکانیش هەن، کە دەکرێت لە چوارچێوەی دۆسیەدا ڕێکبخرێنەوە. نموونەی ئەم دۆسیانەش بریتین لە دۆسیەی شارەکانی وەک: ئەپێناش، ئەڕشالیپێ، ئەرتیخێ و هتد... دەقەکانی هەریەکە لە نوزی و گردی فەخار و کەرکوک بە شێوەیەکی گشتی بەسەر ئەم جۆرانەی خوارەوەدا دابەش دەبن:

١) بەیاننامە ٢) خشتەی باناندنەوە ٣) دۆزی دادگا ٤) نووسراو لە بارەی کۆیلە و بەنی ٥) کۆنووس (پرۆتۆکۆل) ٦) بارمتە ٧) ڕیزبەندی ناوی کەسی ٨) دابەشکردنی دەغڵ و

دان و خواردەمەنی ٩) ڕادەستکردن و وەرگرتن ١٠) ڕاسپاردە ١١) جۆری کۆنووسی فڵانکەس "وەهای گوت" ١٢) نامە ١٣) خشتەی برایەتی ١٤) ئاڵوگۆڕی و گۆڕینەوە ١٥) بەخشین ١٦) مارەیی و مارەبڕین ١٧) یاداشتنامە ١٨) ڕێکەوتنامە و پێکهاتن ١٩)

ناونیشانە: مارەیی و جیازی ڕەختی

شوێنی دۆزینەوەی دەق و خشتەکان

یەکەم: نوزی

نوزی بریتیە لە ناوی شارێکی کۆن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و بە 16 کم دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای کەرکوکی ئێستا (ئەڕاپخا)وە. ئەم شوێنە لەسەر گاسوری سەردەمی ئەکەدی کۆن و یۆرغان تەپەی ئێستا هەڵکەوتوە. شاری نوزی لە نێوان 1500 -1340 بەر لەزاین برەوی هەبوە نزیکەی 5000 خشتەی بە مێخی نووسراوی لێدۆزراوەتەوە.

دووەم: گردی فەخار

یەکێکی دیکە لە سەرچاوەکانی نووسینەوەی مێژووی وڵاتی ئەڕاپخا (کەرکوک) لە نێوان ساڵانی ١٥٠٠-١٣٥٠ بەر لە زاین بریتیە لە ناوەڕۆکی دەقە مێخییەکانی گردی فەخار ، کە لە گردی فەخاری باشوری کەرکوکدا دۆزراونەتەوە. ناوی کۆنی گردەکە بریتیە لە کوڕوخانی. چەندەها دەق لەم شوێنە دۆزراونەتەوە،کە بوارمان پێدەدەن تە ونی مێژووی ڕامیاری، ئابوری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وڵاتی ئەڕاپخا (کەرکوک) بتەنین. هەروەک دەقەکان دەری دەخەن زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتوانی شاری کوڕوخانی (تەل فەخار) چوارچێوەی دەستەڵاتی پاشانشینی ئەڕاپخا (کەرکوک) خوری بوونە و نووسەرەکانیشیان بە زمانی ئەکەدی ئەم دەقانەیان نووسیووە و زاراوەی زمانی خوریشیان خستۆتە ناو نووسینەکانەوە[1].

سێهەم: کەرکوک

بەداخەوە تا ئێستا هیچ کنەوپشکنینێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو لە شاری کەرکوکدا ئەنجام نەدراوە. کەوابوو ئەو دەقە مێخیانەی لە کەرکوک دۆزراونەتەوە بە ڕێکەوت بووە. بە هۆی دارمانی لایەکی قەڵای کەرکوکەوە خشتەی نووسراو بە نووسینی مێخی دەرکەوتن، کە مێژووەکەیان دەگەڕایەوە نێوان سەدەی چواردە و پازدە. ئینجا دوای ئەوە

دان و خواردەمەنی ٩) ڕادەستکردن و وەرگرتن ١٠) ڕاسپاردە ١١) جۆری کۆنووسی فڵانکەس "وەهای گوت" ١٢) نامە ١٣) خشتەی برایەتی ١٤) ئاڵوگۆڕی و گۆڕینەوە ١٥) بەخشین ١٦) مارەیی و مارەبڕین ١٧) یاداشتنامە ١٨) ڕێکەوتنامە و پێکهاتن ١٩) ناوتێڵانە: مارەیی و جیازی ڕەختی

شوێنی دۆزینەوەی دەق و خشتەکان

یەکەم: نوزی

نوزی بریتیە لە ناوی شارێکی کۆن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و بە 16 کم دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای کەرکوکی ئێستا (ئەڕاپخا)وە. ئەم شوێنە لەسەر گاسوری سەردەمی ئەکەدی کۆن و یۆرغان تەپەی ئێستا هەڵکەوتوە. شاری نوزی لە نێوان 1500 -1340 .بەر لەزاین برەوی هەبوە نزیکەی 5000 خشتەی بە مێخی نووسراوی لێدۆزراوەتەوە

دووەم: گردی فەخار

یەکێکی دیکە لە سەرچاوەکانی نووسینەوەی مێژووی وڵاتی ئەڕاپخا (کەرکوک) لە نێوان ساڵانی ١٥٠٠-١٣٥٠ بەر لە زاین بریتیە لە ناوەڕۆکی دەقە مێخییەکانی گردی فەخار ، کە لە گردی فەخاری باشوری کەرکوکدا دۆزراونەتەوە. ناوی کۆنی گردەکە بریتیە لە کوڕوخانی. چەندەها دەق لەم شوێنە دۆزراونەتەوە،کە بوارمان پێدەدەن تە ونی مێژووی ڕامیاری، ئابوری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وڵاتی ئەڕاپخا (کەرکوک) بتەنین. هەروەک دەقەکان دەری دەخەن زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتوانی شاری کوڕوخانی (تەل فەخار) چوارچێوەی دەستەڵاتی پاشانشینی ئەڕاپخا (کەرکوک) خوری بوونە و نووسەرەکانیشیان بە زمانی ئەکەدی ئەم دەقانەیان نووسیووە و زاراوەی زمانی خوریشیان خستۆتە ناو نووسینەکانەوە[1].

سێهەم: کەرکوک

بەداخەوە تا ئێستا هیچ کنەوپشکنینێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو لە شاری کەرکوکدا ئەنجام نەدراوە. کەوابوو ئەو دەقە مێخیانەی لە کەرکوک دۆزراونەتەوە بە ڕێکەوت بووە. بە هۆی دارمانی لایەکی قەڵای کەرکوکەوە خشتەی نووسراو بە نووسینی مێخی دەرکەوتن، کە مێژووەکەیان دەگەڕایەوە نێوان سەدەی چواردە و پازدە. ئینجا دوای ئەوە

لەسەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە ڕێگەی بازرگانی کەل و پەلی شوینەواری و کۆنینەدا بە مۆزەخانە جیاوازەجیهانیەکانی وەک لەندەن، پاریس بەرلین و سانت پوترس بۆرگدا پەرش و بڵاوبوونەوە. ئەم دەقانە بریتین لە پاشماوەی ئەرشیفی وولو. کاتارینا بڵاوکردۆتەوە. بەڵام بە (CNI 5, (1988) (K. Grosz, گرۆش ئەم دەقانەی لە داخەوە هەم خوێندنەوە و هەم وەرگێرانی دەقەکانیش هەڵە و پەڵە و کەم و کوڕی تێدایە. گەواهی ئەم هەڵانەش بریتیە لە دووبارە خوێندنەوە و بەراوردکاری ئەم دەقانە لە مۆزەخانەی لوڤەر لە پاریس لەلایەن گێڕنۆت ڤلهلمەوە

( G. Wilhelm, SCCNH 7 (1995) 129-133).

هەربۆیەش ئەم دەقانە پێویستیان بە خوێندنەوە و لێکدانەوەی نوێ هەیە

(Asoss M. Qader, Arrapha (Kirkuk) 2013, 12).

شوێنی نووسینی دەقەکان

هەرچەندە ئەم دەقانە لە هەریەکە لە نوزی (یۆرگان تەپە) و کوڕوخانی (تەل فەخار) و ئەڕاپخا (کەرکوک) دۆزراونەتەوە، بەڵام بە چاو پۆشین لەم سێ شوێنەی ئاماژەمان پێدان، ئەوا هەروەک لە خشتە مێخیەکاندا ئاماژەی پێدراوە، شوێنی بنچینەیی نووسینی ئەم دەقانە شارە جیاوازەکانی سنوری پاشانشینی ئەڕاپخا (کەرکوک) بووە.

(A. Fadhil, BaF 6, 1983; J. Fincke, RGTC 7/10 (1993); Asoss M. Qader, Personennamen der Keilschrifttexte aus Tall al-Fakhar, 2012).

نووسەری خشتە و دەقەکان

بەشێوەیەکی گشتی نووسەرەکان ناوی خۆیان لەسەر دەقەکان دەنووسن. وا دیارە کۆنترین نووسەری ئەو ناوچەیە کەسێک بووبێت بە ناوی ئاپیل-سین. ئەم ئاپیل-سینە کە ناوەکەی ئەکەدیە و دواتر خەڵکی دیکە لەوەوە پیشەی نووسەری فێربوونە، لەوانەیە لە بنەچەکەوە خەڵکی وڵاتی بابل بووبێت و دواتر نووسەرانی دیکەی خوری خەڵکی ناوچەکەی فێری ئەکەدی کردبێت. لەم ئاپیل-سینە بە دواوە، بە چاوپۆشین لە هەندێک لە نووسەرەکان، ئەوا ناوی نووسەرانی وەچەکانی دواتر خورین.

(D. Stein, Das Archiv des Silwa-tessup, 9, G. Wilhelm (Hrsg.) 1993, Fig. XL; W. Mayer, AOAT 205 I, 1978; Asoss M. Qader, Personennamen der Keilschrifttexte aus Tall al-Fakhar, 2012; I. G. Gelb / P. M. Purves / A. A. MacRae, Nuzi Personal Names (OIP 57) 1943)

ناوەڕۆکی چەند نموونەیەکی ئەم دەقانە

بەداخەوە لەبەرئەوەی ناتوانین لە چوارچێوەی ئەم بەرکۆڵەدا بەشێوەیەکی چڕوپڕ بپرژێنە سەر پۆلێنکردن و شەن و کەوکردنی ئەم دەقانە، ئەوا لێرەدا تەنها وەک مشتێک لە خەرواڵێک چەند دەقێک وەک نموونە دەخەینەڕوو.

یەکەم: بەیاننامە

ئەم بەیاننامانە بۆ چەند مەبەستێکی جیاواز بە کاردەهێندران. لێرەدا هەولدەدەین چەند نموونەیەک لەم بەیاننامانە بەینەڕوو.

یەکێک لەم نموونانە شێوازی بە شودان و ژن هێنان لە وڵاتی ئەڕاپخا (کەرکوک) دا لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕوندەکاتەوە. بە گوێرەی ئەم بەیاننامەیە، کەسێک ئافرەتێک دەکاتە خوشکی خۆیی و ئافرەتەکەش دواتر کچەکەی خۆی لە بەناو براکەی دەبانێنێتەوە و ئینجا ئەویش لە دوا جاردا کچەکە لە بەرامبەر مارەییەکی دیاریکراودا بە مێرد دەدات. بە گوێرەی بەیاننامەی ناوبراو Asoss M. Qader, Arrapha Kirkuk, 2013, HSS 19, 7 ئافرەتێک بە ناوی پوکولی کچی ئێنشاکو لەبەردەمی شایەتحاڵەکاندا دان بەوەدا دەنێت، کە کابرایەک بەناوی خانیوی کوڕی ئاریپ-شالی هاتۆتە بازاڕ و لەوێدا بە ویستی دڵی خۆی کابرا ئەم ئافرەتەی کردۆتە خۆشکی خۆی. دواتر کابرا کچی ئافرەتەکە لە خۆی دەبانێنێتەوە و دەیکات بە کچی خۆی. ئینجا دواتر کابرای گۆرین ئەم کچە، کە ناوی بالتیم نینوە لەبەرامبەر یەک بارەکەر جۆدا بە ژن دەداتە کابرایەکی تر.

دووەم: باناندنەوە

یەکەم: باناندنەوە بەمەبەستی بەخێوکردن و خزمەکردن لە کاتی پیری و پەکەوتەییدا بە گوێرەی ئەو سەرچاوە مێخیيانەی لە کەرکوک و نوزی (یۆرگان تەپە) و گردی فەخار دۆزراونەتەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە خەڵکی ئەو ناوچەیە پێش وەختە خەمیان لەوە

خواردووە، کە کەسانێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی کاتێک پیربوون و بەساڵاچوون و تووشی پەککەوتەیی بوون، بەخێویان بکەن. سەرباری ئەوە مەرجێکیشیان ئەوەبووە، کە دوای مردن پرسە و سەرەخۆشیان بۆ دابنێن و دواتریش ئاگایان لە ژن و منداڵەکانیان بێت. لەم پێناوەشدا کەسی خاوەن پێداویستی یان کەسی وەجاخ کوێر کەسێکی دەبانەندنەوە بۆ ئەوەی ببێتە کوڕی. وەک نموونەیەکی ئەم جۆرە گرێبەستانەی باناندنەوە لێرەدا ئاماژە بە خشتەی Asoss M. Qader, 2013, 140= HSS 19, 39= AdŠ 607 ) دەدەم، کە تیاییدا پایی-تێشوپی کوڕی خانایا کینینی کوڕی ئالکیا دەبانێنێتەوە و پشکە میراتەکەی خۆی دەداتێ. تا ئەو کاتەی بانێنەر لە ژیاندا مابێت، ئەوا پێویستە کینینی بە خێوی بکات و ڕێزی بگرێت. هەر کاتێکیش بانێنەر مرد و گیانی دەرچوو ، ئەوا پێویستە کەسی بانێندراو شین و زار و لاوانەوەی بۆ ئەنجامبات و پرسە و سەرخۆشی بۆ دابنێت. دوای بە جێهێنانی ئەم مەرجانە، ئەوا کەسی بانێندراو سەربستە لەوەی ژن و منداڵی بانێنەر بۆ هەر کوێیەک ببات، کە خوی حەزی لێیەتی. بەڵام ئەگەر بێت و ئەم ئەرکانەی جێبەجێ نەکات، ئەوا بە گوێرەی یاسا و ڕێساکانی ئەو کاتی وڵاتی ئەڕاپخا (کەرکوک) هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن. واتە: کەلەپچە و کۆت دەخەنە قاچی و هێمای کۆیلایەتی لەسەر سەری دادەنێن و دەیخەنە کونجی بەندیخانەوە. سزای پەیمان شکاندنیش .[بۆ هەریەکێکیان بریتیبووە لە چەند مەنەیەک زێڕ و زیو[2

لەم سۆنگەیەشەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە "سزای مرۆڤە بەڵێن شکێنەکان بە گوێرەی ."یاسا و ڕێسایی پاشانشینی ئەڕاپخا (کەرکوک) بە کۆیلەکردنیانبووە

دووەم: باناندنەوە بە مەبەستی کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕی

یەکێک لە دیاردە ئابووری و کۆمەڵایتیە باوەکانی شانشینی ئەڕاپخا (کەرکوک) لە نێوان ساڵانی ١٥٠٠-١٣٤٠ پێش زایندا، بریتیبوو لە باناندنەوەی دەوڵەمەندێک لەلایەن خاوەن زەوی و زارێکەوە، کە پێویستی بە پارە هەبوو و ناچاربوو زەوییەکانی بداتە کەسە دەوڵەمەندەکە. دەوڵەمەندەکەش بە گوێرەی گرێبەستێک خۆی لە جێگەی کوڕی فرۆشیارەکە دادەنا و دەبووە میراتگری و ئینجا دەوڵەمەندەکە بە نرخێکی کەم دەبووە میراتگری فرۆشیارەکە. بەم پێوودانگەش میراتگری دەوڵەمەند، موڵک و سامانی زۆری کەڵەکەکە دەکرد. نموونەیەکی زەق و بەرچاوی ئەم جۆرە دەوڵەمەندانەی ئەڕاپخا

(کەرکوک) بنەماڵەی وولوبووە, کە لێرەدا ناوەڕۆکی یەکێک لەو گرێبەست و کە تیاییدا وولوی ناوبراو ,(YBC 5141) بەڵگەنامانەی باناندنەوە دەخەمەڕوو بانێندراوەتەوە. وولوی کوڕی پوخی-شێنی دەبێتە کوڕی موشتێیایی کوڕی کێنێنا. موشتێیا بە ویستی دڵی خۆی دەستبەرداری هەموو کێڵگە و زەوی و زارەکانی دەشت و خانووەکانی ناو شاری ئەڕاپخا (کەرکوک) دەبێت و دەیاندا بە وولو. لە بەرامبەریشدا وولو ٤٧ مینە مس و چەند بارە جۆیەک و دوو سەر مەڕ دەدا بە موشتێیا. نە لایەن کڕیار بۆی هەیە لە گرێبەستەکە پاش گەز بێتەوە و نە لایەنی فرۆشیار. ئینجا ئەگەر هاتوو هەر لایەنێکیش پەشیمان بوویەوە، ئەوا دەبێت بڕی یەک مینە زیو و یەک مینە زێڕ بدات بە لایەنەکەی تر. دوای ڕادستکردنی برە نرخی خانووبەرە و زەوی و زارەکان و پێوان و دیاریکردنی ڕووبەری زەوی و کێڵگەکان، ئینجا کۆمەڵێک شایەت ناویان تۆمار دەکرێت و وتە و کردارەکان پشت ڕاست د ەکەنەوە. ئەمەش یەکێکە لە وانە .گرنگەکانی مێژوو

نموونەیەیەکی دیکەی باناندنەوە )تَبَنَّی) دەریدەخات، کە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە سەر پێدانی کێڵگەیەک, کە جێگەی چوار بارە کەر بنە تۆوە بە باوکی ئەو دوو کوڕەی بانێندراونەوە، ڕێک دەکەون. هەر کەسێکیش سەرپێچی ڕێکەوتننامەکە بکات، ئەوا [دەبێت یەک مەن زیو و یەک مەن زێڕ (تەڵا) وەک سزا بدات[4

سێهەم: باناندنەوە بە مەبەستی بەشودانی ژنێک و بەبووکدانی

نموونەیەکی سەرنجڕاکێشی باناندنەوەی ئافرەت بە مەبەستی بە شودان و بەبووکدانی دا دەردەکەوێت. بە گوێرەی ئەم (HSS 19, 87) لەلایەن کەسی بانێنەرەوە لە خشتەی خشتەیە کابرایەک بەناوی ئومپیایی کوڕیماننو لەگەڵ کابرایەکی دیکەدا ڕێک دەکەوێت، کە ناوی پائیکوی کوڕی ئاریخ-خەرپێیە. بە گوێرەی ئەم ڕێککەوتنە ئومپیا خوشکەکەی بەناوی تێشمانی وەک کچ و بووک لە پائیکوی ناوبراو دەبانێنێتەوە. لەبەرامبەردا پائیکو ڕاستەوخۆ بڕی ٣٠ شێقل زیو دەداتە ئومپیا و بڕی ١٠ شێقل زیویش لە پائیکو دەمێننەوە هەتاوەکو ئەو کاتەی پائیکو، کە لێرەدا وەک خەزور خۆی دەنوێنێت، مێردێک بۆ تێشمانی دەدۆزێتەوە. بەڵام دۆزینەوەی مێردێک و مارەکردنی لە کەسێک مەرجی ڕادەستکردنی ١٠ شێقل زیوەکە بە جێناهێنن، بەڵکو مەرجی سەرەکی

ڕادەستکردنی ١٠ شێقلەکە بریتیە لەوەی پێویستە کچەکە واتا تێشمانی پێویستە شەوی بووکێنی لەگەڵ مێردەکەیدا بەسەرببات، ئینجا ئەو کات پائیکو ١٠ شێقلەکە دەداتە ئومپیا. تێشمانی کچە هاوڵاتیەکی وڵاتی ئەڕاپخا (کەرکوک) بووە و هەربۆیەش پائیکو بە شو (نایدات بە کۆیلەیەک بەڵکو دەیداتە هاوڵاتیەکی ئەڕاپخا (کەرکوک Asoss M.Qader, Arrapha / Kirkuk, 2013, 135-136). لایەنێکی دیکەی کۆمەڵایەتی هەروەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت، بەرپرسیارییەتی ئەستۆپاکی لە ئەستۆی لێخوازراو (برا) دا بووە و هەر نەنگی و گازندەیەک بهاتبایە سەر کچەکە دەبوایە لێخوازراو یەکلاییانبکاتەوە و هیچ گلەیی و گازندە و سکاڵایەک لەسەر کچەکە نەهێڵێت. هەردوو لایەن پێویستە پابەندی گرێبەستەکە بن و هەرلایەنێک گرێبەستەکە پێشێلبکات، ئەوا پێویستە مەنە زێر و زەک مەنە زیو بدات.

(سێهەم: ڕاسپاردە (وەسێتنامە

لێرەدا ئاماژە بە ڕاسپاردەی باوکێک بۆ کوڕەکەی دەدەم، کە پێش نزیکەی ٣٥٠٠-٣٣٤٠ ساڵ بەر لە ئێستا لە وڵاتی ئەڕاپخا (کەرکوک) نووسراوە. ئەم دەقە و چەندین دەقی دیکەی هاوشێوەی ئە م دە قە لایەنی کۆمەڵایەتی و یاسایی وڵاتی ئەڕاپخا (کەرکوک) دەخەنە ڕوو. بە گوێرەی ڕاسپاردەکە باوکەکە هەموو ئەو سامانەی لە دوای بەجێ دەمێنێت دەدا بە کوڕە گەورەکەی بەو مەرجەی خزمەتی بکات. کوڕە بچووکەکەشی بارنج دەکات و لە هەموو شتێک بێ بەری دەکات. ئەگەربێت و کوڕە گەورەکە ئاگای لە باوکی نەبێت، ئەوا ئەویش بارنج دەکات و کەسێکی دیکە لە بری کوڕەکانی دەبانێنێتەوە[3].

چوارەم: دۆزی دادگا و دادگاییکردن

لێرەدا ئاماژە بە دۆزێکی گرنگی دادگاییکردن دەدەم، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین لە ماف و پەیوەستییەکانی هاوڵاتیانی خانیگالبات بە بەراورد لەگەڵ هاوڵاتیانی ئەڕاپخا بگەین. (لە بارەی مافی هاوڵاتیانی ئەڕاپخاوە بڕوانە (Asoss M. Qader, Arrapha (Kirkuk) 2013)

مێژووی ئەم دەقە دەگەڕێتەوە نێوان ٣٥٠٠-٣٣٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا. دەقەکە بریتیە لە دۆزێکی دادگا و تیاییدا مافی هاوڵاتیانی خانیگالبات لە پاشانشینی ئەڕاپخا (کەرکوک) دیاری دەکرێت[5].

کۆنووسێکی دیکەی دادگا دۆخێکی سەرنجراکێشی ڕێکەوتنی نێوان ژن و مێردێک لەبارەی مارەییەوە دەردەخات. مێژووی ئەم دۆزەی دادگا دەگەڕێتەوە نێوان ساڵانی ١٥٠٠ – ١٣٥٠ ی پێش زاین. وا دیارە زاوا (مێرد) کەرێک، گاجوتێک و ١٠ شێقل زیوی وەک مارەیی دابێت بە خێزانەکەی (هاوسەرەکەی) . ئەمەش لایەنێکی سەرنجراکێشی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی تەل فەخاری باشوری کەرکوک واڵا دەکات]

## مێژووی زمانی کوردی

کاتێ باس لە زمانی کوردی دەکرێ، مەبەست ئەو زمانەیە کە کوردەکان هەنووکە قسەی پێ دەکەن. هەندێ لە زمانناسان و ڕۆژهەڵات ناسان کە هۆگری زمانی کوردی بوون، زانیاری زۆریان چ بە شێوەی گشتی یان تایبەتی نوسیوە و وتویانە : کوردی لە زومرەی زمانە هێند و ئۆوروپاییەکانە و خزمە لەگەڵ زمانە هێند و ئێرانیەکان ونزیکایەتیەکی زۆری لەگەڵ فارسی هەیە.

ئێستە ئەم پرسیارە دێتە پێش کە سەرهەڵدانی زمانی کوردی چۆن بووە. ڕوونە کە زمانی هەر ناوچە و مەملەکەتێ دەبێتە زمانی دانیشتوانی ئەو ناوچە. ئەگەر ڕووداوە مێژوویەکان نەبووبێتنە هۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕەکان، ئەو زمانە وەك زمانی دانیشتوانی کۆنی ئەو ناوچە دەمێنێتەوە. پێچەوانەی ئەم بابەتەش ڕاستە. ئێستە با سەیر بکەین کە ئەم کێشە لە سەر زمانی کوردی بە چ شێوەیەك دەردەچێ؟

ئەو مەملەکەتەی کە ئێستە پێی دەڵێن کوردستان و کوردەکان لێی نیشتەجێن، شوێنی دۆزینەوەی جەستەی مرۆڤە ئاسەوارییەکانە. ئێسکی ئەم مرۆڤانە کە لە "شانەدەرێ" دۆزراوەتەوە، گرینگیەکی یەکجار زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی کە پاشماوەی مرۆڤی سەردەمی بەردینە – کە ٦٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر ئێراقیان کردبووە شوێنی حەوانەوەی خۆیان.(ت. باقر غ ١٩٧٣) [١] شەست هەزار ساڵ لەمە پێش ئەو ناوچەی کە ئێستە پێی دەڵێن کوردستان، ئاوەدان و شوێنی حەسانەوە و داڵگەی مرۆڤگەلێك بووە کە زمانێکیشیان بۆ ئاخاوتن بووە. بۆیە لەگەڵ ڕوناهی تیشکی خۆری ٥٧٢٠٠ ساڵان، لە سەر شاباڵی کات و بڕینی تەمەن خۆمان دەگەیەنینە کاتێ کە نەژادی ماد خۆیان گەیاندۆتە ئێرانی هەنووکە و ڕۆژئاوای ئاسیا و – ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ نەژادەکانی خورژیایی، لۆلۆ، گوتی، کاسی، (خۆری یان هۆری) کە لە نزیك شاخەکانی ئەلبۆرز دەژیان و تا ڕادەیەکی گونجاو ژیانی خۆیان ڕێکخست بوو و کۆمار و شارستانیەتێکی تا ڕادەیەك پێشکەوتویان بنیات نابوو.

مادەکان لە ماوەی ٢٠٠ ساڵ دا هەموو ئەم حکومەتانەیان هەڵپێچاو سڕینانەوە و لە ساڵی ٦١٢ی بەر لە دایك بوونی مەسیح ئمپراتۆری گەورەی مادیان بنیات نا و بەم جۆرە بوو

که زمانی دایك بوو به زمانی ڕەسمی. لەو کاتەوە تا بڵاوبونەوەی ئیسلام لە کوردستان، سێزدە سەدە تێپەڕی. لەم ماوە دوور و درێژەدا مەملەکەتی ماد گەورە و بچوك بووە و مەملەکەتەکانی تر پێی پەیوەست بوون. لە بابەت سیاسی و سەربازییەوە ئاڵووێری زۆر کراوە لەو هەرێمانەدا و دەسەڵاتی سیاسی کەوتۆتە دەستی کەسانی جۆراوجۆر کە – زمانەکەیان جیاواز بووە لەگەڵ زمانی مادەکان – هەر دەسەڵاتدارییەك کە هاتۆتە سەرکار زمانی خۆی وەك زمانی ڕەسمی داسەپاندووە بەسەر ئەم ناوچەدا. لە بارودۆخی ئەوسەرودەمەدا کە گشت بوونە کۆمەڵایەتیەکان کز ببون و ڕوو لە نێو چوون بوون، ئەم ئاڵوگۆڕە سیاسیانە نەیاندەتوانی لەسەر بوونە کۆمەڵایەتیەکان کارتێکەرییان نەبێ. مێژوو هەندێ لە ڕووداوەکانی تۆمار کردووە کە لەودا دەسەڵاتی سیاسی بەسەر هەرێمێکدا، بۆتە هۆی گۆڕانی بنچینەیی نەژادی و چەق بەستنی زمانەوانی. ئەمڕۆکە شوێن پێی کاریگەری ئاڵووێری دەسەڵاتی سیاسی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆری ماد دا بە ڕوونی دەبیندرێ. بەپێچەوانە لە بەشی لە ڕۆژئاوای هەرێمی ماد دا بنیاتەکان هەروا وەك خۆی ماونەتەوە. حوکمڕانی مادەکان هاوسەنگی ڕەچەڵەکی و زمانەوانی هەندێ لەو هەرێمانەی کە پەیوەست بوون بە ئیمپراتۆری مادەکانەوە، گۆڕیوە و پەلکێشی گەشەی بابەتی ی مادەکانی کردوون و هاوشان لەگەڵ بەشی ڕۆژئاوای دەسەڵاتدارێتی خۆیان، بۆتە هۆی گەشە کردنی ئەوانیش.

زۆربەی مێژووناسانی بەناوبانگ لەسەر ئەوبڕوایەن کە کوردەکانی ئەمڕۆ نەوەی مادەکانی دوێکەن. "ئەگەر کوردەکان نەوەی مادەکان نەبن، کەواتە نەتەوەیەکی وەها کۆن و بەهێز چی لێ بەسەر هاتووە و ئەم هەمووو خێڵ و تیرە جیاوازەی کورد کە بە زمانێکی ئێرانی و جیا لە زمانی ئێرانیەکانی تر قسە دەکەن، لەکوێوە هاتوون؟" (مینورسکی ١٩٧٣)

بەر لەمە وتمان کە زمانی هەر هەرێمێك – ئەگەر ڕووداوە مێژووییەکان نەیان گۆڕیبێ – زمانی دانیشتوانی کۆنی هەمان مەملەکەتە. هەروەك ئاماژەی پێکرا ڕووداوە مێژووییەکان و جێگۆڕکێ ی حکومەتەکان لە ماوەی سێزدە ساڵ دا نەیانتوانیوە شتێك لە بەشی ڕۆژئاوای هەرێمی مادەکان بگۆڕێ.

ئەمڕۆ دانیشتوانی ئەم ناوچە واتە مادستانی کۆن، کوردەکانن کە بە نەوەی میدیەکان دەژمێردرێن. دەتوانین بڵێین زمانی کوردی زمانێکە کە لە کۆتایی گەشەو پەرەسەندنی زمانی مادەکانەوە دەستی پێکردووە و جگە لەمە ڕاستیەکی تر نیە، چونکە هەموو بەڵگە مێژوویەکان کە زانایان بە مەبەستی خزمەتی زانستی داویانەتە بەر توێژینەوە و باس، ئەم حەقیقەتەیان ئاشکرا کردووە کە زمانی کوردی ئەمڕۆکە ئاسەوار و هێماکانی پەرەسەندووی زمانی ماد ی دوێکەی تێدایە.

هەروەك دەزانین، زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە کە بە پێی ڕێسا دیاری کراوەکانی خۆی دەگۆڕدرێ، پەرەدەستێنێ و لە ڕەوتی پەرەستاندنی خۆیدا کارتێکەری لەسەر زمانەکانی تر دەبێ و زمانەکانی تریش کاریگەرییان لەسەر ئەو دەبێ و جاری وایە لەم بێنەو بگرە دا، زمان دەمرێ. زمانی دایکیش لەم ڕێسایە بەدەر نیە و کارتێکەی لە گشت ئەو زمانانەی کە بە هۆی پشتگیرییەك لە لایەن دەسەڵاتێکی سیاسیەوە لە مەملەکەتی ماد دا ڕەسمی بوون، کارتێکەری وەرگرتووە و کاریگەری لەسەریان بووە و تا ئەمڕۆ زیندوو ماوە.

بەتایبەت زمانی پارت (فارسی.. پەهلەوی ئەشکانی) کە بە بڕوای زمانناسان لەگەڵ زمانی دایك بەشێکە لە زمانەکانی باکوری ڕۆژهەڵات و خێزانی زمانە ئێرانیەکانە، زیاتر لە هەر زمانێکی تر کاریگەری لە زسەر زمانی ماد ی بووە و ئەمڕۆکەش ئاسەواری ئەم کاریگەرییە لە زاراوەی ئایینی زمانی کوردی دا دەبیندرێ.

هاوکات لەگەڵ دارمان و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و برەوی ئیسلام لە کوردستان، وەستانێکی نوێ بۆ زمانی کوردی دەستی پێکرد- کە بە شێوەیەکی سەربەخۆی باسی لێدەکرێ – تەنها گرفتێك کە هەیە ئەوەیە کە ئێمە بەڵگەیەکی نوسراومان لە زمانی ماد ی کۆتاییەکانی سەردەمی ساسانی نیە تاکو بەوردی لەسەری بدوێین. بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانین بڵێین : ئەم زمانە لەو سەردەمەدا زمانی ماد ی بووە، کە بە نیسبەت زمانی باوی سەردەمی بەتوانایی ئیمپراتۆرییەتەکە، توشی گۆڕانێکی ١٣٠٠ ساڵە بووە. بەهەمان ڕێژە کە زمانی فارسی پارسی کۆن گەشەی کردووە و بۆتە زمانێکی دەری/ پارسیك و ئامادەیی و توانای ئەوەی بەخۆوە بینیوە کە زمانی پارسی ئەمڕۆکەی لێ بکەوێتەوە، دەرەنجامێکی کاتی خۆی فەرز دەکات کە زمانی

مادی یش پێشرەفتی کردووە و توشی چەشنێك لە گۆڕان و جیاوازی بووە کە وەدی هاتنی زمانی کوردی لێ ی گونجاو بێت.

زمانی کوردی پاش ئیسلام

هێشتا نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زاینی کۆتایی نەهاتبوو کە ئایینی ئیسلام و سوپای موسوڵمان کەلەبەری کردە ناو ئیمپراتۆریەتی ساسانی و پاش چەند ساڵ بووە هۆی ڕووخاندنی.

برەوپێدانی ئیسلام لە بەشێك لەم ئیمپراتۆرییەتەدا لەهەر ڕوانگە و هەر شێوازێکەوە کە سەیر بکرێ، سەردەمێکی نوێ ی ژیانی مادی و دەرونی لەگەڵ خۆی بۆ خەڵك دێنێ. دەسەڵاتی سیاسی ڕابوردوو کە لەسەر چوارچێوەیەوەیەکی پشت ئەستور بە جیای و جیاوازی بنیات نرابوو، جێ ی خۆی دا بە دەسەڵاتێکی گەورە کە لەسەر بنەمای (وامرهم و شوری بینهم) دامەزرابوو. جێگەی خۆی دابوو بە دینێکی نوێ و سەرنج ڕاکێش کە عارەبی ناشارستانی و پاشایەتی قسیسیانی بە یەکسان دەزانی. لە ڕوانگەی زمانەوانیشەوە، ئەڤێستا، ئەو ئەڤێستایەی بۆ ماوەی سێزدە سەدە کاریگەرییەکی مەزنی لە سەر خەڵك و زمانی ئەوان دانابوو، توشی نوشست بوو و ئەم پانتایی و ئەرکەی بۆ قورعان و زمانی قورعان ی چۆڵ کرد.

ئایینی ئیسلام هەندێ ئەرك و فەرزی هەبوو کە موسوڵمانەکان دەبوو وەك ئەمرێکی پێویست و ناچار ی بەجێی بهێنن. ئەم ئەرکانە لە ئایینی پێشودا نەبوو و بۆیە دەبوو خەڵك دەبوو ناوی ئەم ئەمرە پێویستانە لە زمان ی ئایین ی نوێوە وەربگرن، هەر وەك ئەوەی کە خودی ئەرکەکانیان لە ئایینە نوێکەوە وەرگرتبوو.

زمانی ئایینی نوێ هەڵگری هەندێ دەنگ بوو کە لە زمانە ئێرانیەکاندا نەدەبیندرا. گومان لەوەدا نیە کە کوردی یان فارسییەك کە هاوچەرخی سەرەتای سەردەمی ئیسلامی بوو، تا ماوەیەکی زۆر نەیاندەتوانی کە دەنگەکان وەك عارەبەکان بڵێن(بیهێننە سەر زمان) فارسەکان و زۆرێك لە موسوڵمانەکان، ئێستەش بە تەواوی ناتوانن ئەم دەنگانە بڵێن. بەڵام لە هەندێ لە زاراوە کوردییەکان دا کوردەکان جگە لە دەنگی / چ / سەرجەم دەنگەکان بەباشی دەڵێنەوە، بە جۆرێك کە ئەم دەنگانە وەك دەنگی ڕەسەنی هەمان زاراوەیان لێهاتووە. گۆڕانکارییەکان لێرەدا کۆتاییان پێ نایەت، هەندێ لە دەنگە

پێوەندیدارەکان بە پیتی لە هەندێ وشەکانی وەك ( ك) یان (گ) ، جێگۆرکێیان کردووە .لەگەڵ پیتی / ق / عەرەبی، دەنگێك کە ئایینی نوێ هێناویەتە ناو کوردستانەوە
بە کورتی: پەرەی ئیسلام لە هەندێ شوێنی حوکمڕانی ساسانی دا بووە هۆی ڕاپێچ کردنی سەردەمی مام ناوەندی بەرەوپێشچوونی زمانە ئێرانیەکان و تا یەك دوو سەدە پاش سەرهەڵدانی ئیسلامیش، زمانی عەرەبی کەببوە زمانی بەکارهاتووی نەریتە نوێ یەکە ، بە جێ ی زمانی پەهلەوی، بووە زمانی ڕەسمی، ئایین ی و زارەکی دەسەڵاتدارانی .سیاسی. بەڵام پاش ئەوە سەردەمێکی نوێ ی گەشانەوە لەم زمانانەدا دەستی پێکرد
گومان لەوەدا نیە کە زمانە هەرێمیەکانی ئەم مەملەکەتە تازە موسوڵمان بووە لە برەو نەکەوتن، چونکە زمانی زارەکی و ئاخاوتنی خەڵك بوون و گەشە و پەرەی خۆیان لە هەلومەرجێکی نوێدا دەست پێکردەوە. بەریەککەوتنی زمانە ئێرانیەکانی سەردەمی کۆتایی چەرخی ساسانی و سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام بووە هۆی دەرکەوتنی (فارسی نوێ) و لە ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە بووە هۆی سەرهەڵدانی " کوردی ".  هەرتك لەم زمانانە واتە فارسی نوێ و کوردی خاوەنی زاراوە و بن زاراوەی زۆرن. پاش پەرەپێدانی ئیسلام، فارسی نوێ زاراوەیەك بوو کە بە پێی بناخە هەرە کۆنەکانی خۆی ئاوێتەی زاراوەکانی تر ببوو  و ئەم تێکەڵبوونە تەنانەت بەر لە سەردەمی ساسانیەکان دەستی پێکردبوو. (٢)
فارسەکان بەر لە کوردەکان کەوتنە هەوڵ بۆ زیندوو کردنەوەی زمانەکەی خۆیان و دەستیان کرد بە نوسین. دیارە کە پەرتوکی شانامەی ئەبو مەنسوری – کە خودی کتێبەکە لەنێو چووە و تەنها پێشەکیەکی لێ بەجێ ماوە –  ئەگەر تاقە کتێب نەبێ، دەتوانین بڵێین کۆنترین کتێبە کە بە فارسی نوسراوە(ساڵی ٣٤٦ هێجری و ٩٢٧ی زایینی) و تا ئێستە .ماوەتەوە و لە فەوتان ڕزگاری بووە
کۆنترین بەڵگەنامەیەکی نوسراوی کوردی لە سەردەمی نوێدا کە هەیە، چوارینەکانی "باباگاهرعریان"ە (٣) کە لە سەرەتای سەدەی یازدەی زایینی لە هەمەدان ی ئێستە – هێگمەتانەی پایتەختی مادەکان –  بە زاراوەی کوردی ی باشوری هۆنراوەتەوە. ئەم چوارینانە –  بەبێ مەبەستی نزیك کردنەوەی زمانەکەیان بە زمانی فارسی –  تاڕادەیەك گۆڕدراون. سەرەڕای گشت ئەمانە، هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە باباگاهر چوارینەکانی

خۆی به شێوەی فۆلكلۆوری – كه لەو سەردەمەدا به فەهلەوەی (پەهلەوی، فەهلەویات یان پەهلەویات) دەناسرا – هۆنیوەتەوه.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر فەهلەوی دەتوانین ئاماژه به قسەكانی دۆكتۆر مۆعین بكەین كه دەڵێ: پەهلەوی، " فەهلویه مر" : بریتیه لەوەی كه ٣٠٠٠ دانه له گۆرانیه وتراوەكان به یەكێك له زمانەكانی وڵاتی ئێران (جگه له زمانه زارەكی و ڕەسمیەكان ) لەسەر كێشێك له كێشه عەرووزییەكان یان كێشی هێجایی هۆنراونەتەوه و بەشێكیان لەسەر شێوازی چوارینه یان دوو بەیتی ن (٤) پەهلەوی یان پەهلەویات لەسەر كێشێكی تایبەت و وەكو گۆران ی (٥) خوێندراوەتەوه و جاری وایه پێیان وتوه پەهلوەی یان ئورامه، ئورامەن و ئورومنایان. ئورامن (اورومنان) كێشێكی كۆنه له مۆسیقادا و لەسەر شێوەی بەحر هزج مسدس ه كه پێیان دەوت فەهلەویات. (٦) ڕەنگه بۆ تێگەشتن لەم بابەته، كه ئورامنان هەمان جۆری فارسی (هۆرامه نان) ی كوردیه و هەمان وشەی كوردی هەورامانه، پێویست به ماندووبوونی زۆر ناكات. هەورامەنان – هەورامان = هور + امان(امدند) + ئەو كاتەی كه خۆر هەڵدێت. یان وەك دەڵێن بەیانیان (بامدادان) ئێواران (كاتی ئێواریَ(عصر).

هەروەك دەزانین كات ی بەیانی تا نیوەڕۆ، یەكێك لەو پێنج كاتانه بووه كه زەردەشت بۆ نەزر و پاڕانەوه دیاری كردووه و ڕێوڕەسمی خۆی هەبووه، كۆپلەیەك لەو پاڕانەوه له خوارەوه هاتووه _ كه چەند جار دووپات دەبێتەوه –

نمو هوره خشه ایته اسپایی(٧) واته : نوێژ بۆ هور(خۆر) كه تیشكی تیژی بەتینی هەیه.

بێ گومان ئەم پاڕانەوەیه وەك هەموو پاڕانەوەكانی ئایینی زەردەشت لەگەڵ مۆسیقای تایبەت لەبەر خۆوه یان بەدەنگی بەرز وتراوه و گۆیا خەڵك پێیان وتووه (نوێژی هر) یان (پاڕانەوەی هەورامانان). دیاره كه پاش پەرسەندنی ئیسلام نەزر و پاڕانەوه له برەو دەكەویَ. بەڵام نەوا(هەوا) مۆسیقاكەی له ناو خەڵك دا ماوەتەوه – بەرەبەره بۆته نەوا (گۆران ی) و پێیان وتووه فەهلەویاتی ئەمانان(فهلویات امانان). به بڕاوی من (هوره) كه ئێسته یەكێك له مێلۆدی و ئاوازه كوردییەكانه، هەمان (هورامانان _ هەورامانان)ه كه بەشێك له ناوەكەی خۆی پاراستوه و ناوەكەی وەك (الله ویسی) به تەواوی نەگۆڕاوه.

له زاراوەکانی تری کوردی نوێ دا تا سەدەی ١٧ و ١٨ هیچ بەرهەمێکی نوسراو نەماوەتەوە و ئەوەی هەیە شتی فۆلکلۆرییە کە جگە لەو گۆرانگارییانەی کە بە هۆی پشتاوپشت گێرانەوەیان بەسەریان هاتووە، ڕەنگ و شێوازی خۆیان لەدەست داوە و تایبەتمەندی زمانێکی تایبەتیان بەخۆوە بینیوە. لە پێکهاتەی سەرەتایی فۆلکلۆر دا، ئەوەی ناگۆڕدرێ جەوهەر و ناخەکەیەتی و تا ئەو کاتەی کە دێتە سەر کاغەز و دەنوسرێ شێوازەکەی بەردەوام دەگۆڕدرێ و ڕێك بەهەم هۆیەوەیە کە زمانی کوردی هەڵگری .شتێکی ئەوتۆی لە زاراوەکانی تری خۆی لە سەدەکانی سەرەتای ئیسلامی دا نیە

باری ئێستەی زمانی کوردی، دەرەنجامی هۆکارگەلێکی سیاسی – کۆمەڵایەتی و ئایینیە کە لە ڕوانگەی منەوە ئەمەی دواییان واتە ئایینی لە هەموو کارتێکەرتر بووە، چونکە پاش پەرەسەندنی ئیسلام لە کوردستان کوردەکان بەڕادەیەك ئۆگری ئایینە نوێیەکە بوون کە زانایانی کورد هەموو توانای خۆیان خستە گەڕ بۆ تێگەشتن و ڕاهێنان و پشکوتنی ئایینی ئیسلام و وازیان لە هەموو شتێك هێنا بوو. دیارە کە ئەم کارە پێویستی بە پاڵنەری .زۆر بەهێز هەیە کە توێژینەوە و ڕاڤەکردنی ئەرکی مامۆستایانی بواری مێژووە

وتمان کە چوارینەکانی بابا گاهر، کۆنترین بەڵگەی نوسراوە کە کەوتۆتە دەستمان. بەڵام بەڕاستی ئەم بەرهەمانە بۆ لە نێو چوون؟ لەپەیوەند بەم کێشە ئاماژەیەك دەکەین بە .گوتەیەکی دۆکتۆر عەبدولحەکیم ی مۆنتەسر

دۆکتۆر عەبدولحەکیم ی مۆنتەسر لە ژومارە ٢٠٠ی گۆڤاری ئەلعەرەبیە لەمانگی تەمووزی ١٩٧٥، لە وتارێك دا بە ناونیشانی (ابن وحشیه و کتابه في الفلاحة و هو اقدم الكتب في العربية) ئیبنی وەحشی و کتێبەکەی لەسەر زانستی کشتوکاڵ کە کۆنترین کتێبی : عەرەبی بڵاوکردۆتەوە و دەنوسێ

و انه نقل اكثر كتبه من اللغة النبطة، ولم ينشر من تأليفه في اللغة العربية سوى "شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام" و قد ذكر في آخر كتابه هذا انه ترجم من اللغة الكردية، كتاباً في علل المياه و كيفية استخراجهام و استنباطها من الأراضي المجهولة ."الاصل

زانیارییەکانی لە کتێبێکەوە بە زمانی نێبتی وەرگرتووە و شتێکی لە زانیاری خۆی ... " بە زمانی عەرەبی جگە لە (شوق المستهام فی معرفة رموز الاقلام ) باس نەکردووە و لە

کۆتایی کتێبەکەی دا باسی کتێبێك بە زمانی کوردی دەکا کە بابەتێکی لە سەر گرفتی ئاو و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی تێدایە. "

مامۆستا "گیوی موکریانی" لە فەرهەنگی مهاباد لاپەڕە ٧٧١ و ٧٧٢ تێروتەسەل تر باسی ئەم لێکدانەوەیەی کردووە و بە پێی نوسراوەکەی ئەو " ئێبن ی وەحشی" کتێبی (شوق المستهام)ی لە ساڵی ٢٤١ی هێجری نوسیوە و دیارە کە لە سەرچاوەکانی ئەم کتێبەدا ئاماژە بە وەرگێردراوی کتێبێکی کوردی دەکات کە دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە نوسینی کتێبی (شوق المستهام). ئەم کتێبە لە ساڵانی سەرەتایی سەدەی سێهەم بەدەست خەڵکەوە بووە و دەبێ لانیکەم چەند ساڵێك بەسەر نوسینی دا تێپەڕیبێت. هەر بۆیە ئەم کتێبە – دەتوانین پێی بڵێین "ئاونامە". "ابن وەحشی" وەریگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی و دەبێ لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی دووهەم ی هێجری دا نوسرابێ.

## دەورانی باڵادەستیی کورد لە میسر

بنەماڵەی عەلەوی (مەحمەدعەلی پاشا) بنەماڵەیەکی بەناوبانگ و دەسەڵاتداری وڵاتی میسر بوون کە لە نێوان ساڵانی (1805-1953ز)دا بووە ، ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەسایەتیەکی کوردی ئامەد (دیاربەکر) لە باکووری کوردستان بە ناوی ئیبراهیم ئاغا

ئەبو حەسەن کوڕی سەیفەدین عەلی کوڕی سالار لە خانەوادەیەکی بە ڕەچەڵەک کوردی خۆرهەڵاتی کوردستان بووە کە توانی سەرجەم مزگەوتەکانی قاهیرە ئاوەدان و نۆژەن بکاتەوە و قوتابخانەیەکی شافیعی لە شاری ئەسکەندەرییە دروستکردووە

ڕۆڵی کورد لە ناو کۆمەڵگەی میسری

پەیوەندی نێوان کورد و میسر، پەیوەندییەکی دێرینەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی میتانی و میسرییە دێرینەکانی دەورانی دەسەڵاتداری فیرعەونەکانی میسر، کە ئەوەش بە ژن و ژنخوازی لە نێوان خانەوادەی پادشایەتی میتانییەکان و فیرعەونەکانی میسر هاتووەتە کایەوە.

چەند شازادە خاتوونێکی خانەدانی شاهانەی میتانی هاوسەرییان لەگەڵ چەند فیرعەونێکی میسری ئەنجام دواە کە یەکێک لەوانە شاژنە نفرتیتی بووە . شاژنە نفرتیتی لەگەڵ ئەخناتۆن (ئاموون حوتپی چوارەم) (1353-1336پ.ز)ی فیرعەون میسری دێرینی هاوسەریدا هە ستا بە بەرپا کردنی شۆڕشێکی دینی لە میسری دێریندا کە تا ئەو کاتە میسری دێرین پەیرەویان لە بتپەرستی واتا فرە خواوەندی دەکرد.

شاژنە نیفرتیتی بە هاوکاری و یارمەتی ئەخناتۆن (ئاموون حوتپی چوارەم) (1353-1336پ.ز)ی هاوسەری، توانیی دینی میسرە دێرینەکان لە بتپەرستییەوە بگۆڕێ بۆ یەکتاپەرستی دینی زەردەشتی.

لە دوای بڵاوبوونەوەی دینی ئیسلام لە کوردستان و میسر کە ئەوەش بووە هۆی کۆچی ژمارەیەکی زۆر لە کوردان بۆ وڵاتی میسر، ئەوە بوو کوردە هاتووەکان بۆ میسر چەندان کەسایەتی ناوداریان تێدا هەڵکەوتووە وەکو (میر ئەحمەد کوڕی زووحاک) سەرۆک وەزیرانی میسر بووە لە سەردەمی خەلیفەی فاتیمی قاهربیللا (مەعد مەعزبیللا) (953-975ز) توانی هێرشی سوپای دەوڵەتی بێزنتییەکان بۆ سەر قەڵای ئافامیا لە نزیک رووباری عاسی لە شارۆچکەی سوقایلبییە لە پارێزگای حەمای سوریای ئێستا تێکبشکێنێت.

هەرووەها کەسایەتیەکی تری کورد بە ناوی (ئەبو حەسەن کوڕی سەیفەدین عەلی کوڕی سالار) سەرۆک وەزیرانی میسر بووە لە نێوان ساڵانی (1148-1152ز) لە سەردەمی هەردوو خەلیفە کە ئەوانیش خەلیفە حافزلەدین الله (1130-1149ز) و خەلیفە زافیزەدین الله (1149-1154ز) کە دوو خەلیفەی دەوڵەتی خەلافەتی فاتیمی بوون لە میسر. ئەبو حەسەن کوڕی سەیفەدین عەلی کوڕی سالار لە خانەوادەیەکی بە ڕەچەڵەک کوردی خۆرهەڵاتی کوردستان بووە کە توانی سەرجەم مزگەوتەکانی قاهیرە ئاوەدان و نۆژەن بکاتەوە و قوتابخانەیەکی شافیعی لە شاری ئەسکەندەرییە دروستکردووە، هەروەها دورەی ئەسەدین شێرکۆ کوڕی شازی ئەیوبی و برازاکەی بە ناوی سەلاحەدین ئەیوبی لە دەوڵەتی خەلافەتی فاتیمی میسر، ئەسەدین شێرکۆ کوڕی شازی ئەیوبی سەرۆک وەزیرانی میسربووە لەنێوان (25-2-1169 تا 23-3-1169)، دواتر سەلاحەدین ئەیوبی (1169-1171ز) وەکو سەرۆک وەزیرانی میسر شوێنی گرتەوە لە سەردەمی خەلافەتی خەلیفە عازیدەدین الله (1171_1160ز)و دواتر ئەوە بوو لە ساڵی (1171ز) کۆتایی هێنا بە دەسەڵاتی خەلافەتی فاتیمی و دەوڵەتی ئەیوبی لە هەمان ساڵدا دامەزراند.

سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبی (1171-1193ز) یەکەم سوڵتانی دەوڵەتی ئەیوبی بوو، دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر تا ساڵی (1252ز) فەرمانڕەوایی کردووە کە لەو ماوەیەدا نزیکەیی (9) سوڵتانی ئەیوبی فەرمانڕەواییان کردووە.

لە دوای نەمانی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر لە ساڵی (1252ز) ئەوە بوو دەوڵەتی مەمالیکەکان دامەزرا کە لەنێوان ساڵانی (1252-1517ز) فەرمانڕەواییان لە میسرکردووە و چەندان کەسایەتی کوردی لەو دەوڵەتەدا دەوریان هەبوو، وەکو حوسێن ئەلکوردی یەکێک بووە لە ژەنەڕاڵە سەربازییەکانی دەوڵەتی مەمالیکەکانی میسر لە سەردەمی سوڵتان ئەشرەف قانسوە غوری چەرکەسی (1501-1516ز) بیست و سێیەمین سوڵتانی دەوڵەتی مەمالیکەکانی میسربووە ، میر حوسێن ئەلکوردی حاکمی ناوچەی جەددە بووە لە سەرەتاکانی سەدەی شانزدەهەم، لە هەرێمی حیجازی ئێستای وڵاتی عەرەبستانی سعودیە کە ئەو سەردەمە ناوچەکە سەر بە دەوڵەتی مەمالیکەکانی میسر بوو ، حوسێن ئەلکوردی لە جەنگی دەریایی چاوڵ لە ساڵی (1508ز) توانی هێزە دەریاییەکانی ئیمپراتۆریای پرتوگاڵ بشکێنێت و دواتر لە جەنگی دەریایی دیو (1509ز) بە دیل گیرا.

لە سەردمی نوێدا چەندەها کەسایەتی کوردی لە میسر لە زۆربەی بوارەکاندا دەرکەوتن وەکو (شێخ مەحمەد عەبدە زانای ئیسلامی، شاعیر و نووسەر قاسم ئەمین ، ڕەخنەگری ئەدەبی مەحمود عەباس عیقاد ، میری شاعیران ئەحمە دشوقی، قورئانخوێنی ناودار عەبدولباست عەبدولسەمەد ، عەلی بەدرخان گەورە دەرهێنەری میسری و سوعاد حوسنی و خۆشکەکەی و فەرید ئەترش و چەندانی کەسایەتی تری کوردانی میسر)، هەروەها لە ئێستادا ژمارەی کورد لە میسرنزیکەی (6.000.000) کەسە بەپێی گوتەی کۆنسڵی میسر لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.

بنەماڵەی عەلەوی (محەمەد عەلی پاشا) لە میسر

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە باسی بکەین، بنەماڵەی عەلەوی (مەحمەد عەلی پاشا) (1805-1953ز)یە، کە ئەوەش سەرچاوەکەی لە خودی زمانی شازادەیەکی بنەماڵەی عەلەوی (مەحمەد عەلی پاشا) کە ناوی شازادە مەحمەد عەلییە وەرگیراوە. یەکێک بووە لە نەوەکانی مەحمەد عەلی پاشا بووە ، لە ساڵی (1949ز)دا لە ئاهەنگێکدا بەبۆنەی (144) ساڵەی بە دەسەڵات گەیشتنی بنەماڵەی عەلەوی(مەحمەدعەلی پاشا) بۆ تەختی پادشایەتی میسر سازکرابوو، باسی کردووەو هەرووەها لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤارێکی میسری بەناوی گۆڤاری (مەنسوور) لە وەڵامی پرسیارێکدا ئەڵێت: "نەژادی ئەوان لە کوردانی شاری دیاربەکر (ئامەد)ی ناوەندی پارێزگای دیاربەکر (ئامەد) ی باکووری کوردستانن".

بنەماڵەی عەلەوی (مەحمەدعەلی پاشا) بنەماڵەیەکی بەناوبانگ و دەسەڵاتداری وڵاتی میسر بوون کە لە نێوان ساڵانی (1805-1953ز)دا بووە ، ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەسایەتیەکی کوردی ئامەد (دیاربەکر) لە باکووری کوردستان بە ناوی ئیبراهیم ئاغا، بەڵام هەندێک سەرچاوە دەڵێن کە بنەماڵەی عەلەوی (مەحمەد عەلی پاشا) بە ڕەسەن خەڵکی وڵاتی ئەلبانیای ئەوروپان، بەڵام لە ڕەسەندا کوردن و کاتێک شۆڕشێک لە وڵاتی ئەڵبانیا هەڵگیرسا ئەوە بوو دەوڵەتی عوسمانی هێزێکی گەورەی بۆسەرکوتی شۆڕشەکە نارد کە یەکێک لە ئەفسەرانی هێزەکە ناوی ئیبراهیم ئاغا بوو کە دەکاتە باوکی مەحمەد عەلی پاشا.

ئیبراهیم ئاغا لە شاری کاڤالا (قوڵە) لە هەرێمی مەکدۆنیای خۆرهەڵات و تراکیا لە وڵاتی گریک (یۆنان)ی ئێستە نیشتەجێ بووە و هەر لەوێش ژن دەهێنێت و مەحمەد عەلی پاشا لەدایک دەبێت لە ساڵی (1769ز)دا. لە ساڵی (1883ز) کە تەنها تەمەنی چواردە ساڵ بوو، باوکی کۆچی دوایی کردو ئیتر پەیوەندی بە سوپای دەوڵەتی عوسمانییەکانەوە کردووە و بووەتە سەرباز و لە ساڵی (1799ز) بەشداری لە جەنگی ئەبوقیر کرد، کە لە نێوان سوپای دەوڵەتی عوسمانی و سوپای ئیمپراتۆریای فەرەنسا بە سەرکردایەتی ناپلیۆن پۆناپارت و لە ئەنجامدا سوپای دەوڵەتی عوسمانی شکستی هێنا، دواتر لە ناو

سوپای دەوڵەتی عوسمانی پلەی بەرز کرایەوەو لە ساڵی (1801ز) بە سەرکردایەتی هێزێکی دەوڵەتی عوسمانی چووە ناو میسر بەمەبەستی بە دەرنانی هێزە فەرەنسییەکان لەو وڵاتە و دوای ئەوەی خەڵکی میسر لە دەسەڵاتی والی میسر کە خۆرشید پاشا بوو بێزاربوون و ئەوە بوو مەحمەد عەلی پاشا (1805-1848ز) خۆرشید پاشای لە والییەتی میسر لادا و خۆی بووە والی میسر.

لە ساڵی (1807ز) سوپای بەریتانیا بە سەرکردایەتی ژەنەراڵ ئەلیسکەندەر ماککینزیی فرایسر هێرشی کردە سەر میسر، بەڵام سوپای میسر بە سەرکردایەتی مەحمەد عەلی پاشا (1805-1848ز) بەرەنگاری ئەو هێزە بوونەوەو توانیان شکستیان پێبهێنن، بەوەش ڕێزی مەحمەد عەلی پاشا (1805-1848ز) لە لای سوڵتان مستەفای چوارەم (1807-1808ز) سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی بەرزبووە.

ئیتر دەستی کرد بە چاکسازی لە هەموو بوارەکاندا وەکو کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوە و پەروەردە و فێرکردن، بەوەش میسر پێشکەوت و هەروەها گرنگێکی تایبەتی دا بە بواری سەربازی، ئەوە بوو چەندان پسپۆری بیانی سەربازی هێنا بۆ مەشقکردنی سوپای میسر.

ئیبراهیم پاشای کوڕی کردە سوپاسالاری سوپای میسر و لە ساڵانی (1811ز) و (1816ز) و (1818ز) هێرشی کردە سەر شانشینی یەکەمی سعودیە و کۆتایی بەو شانشینە هێنا و لە نێوان ساڵانی (1820-1824ز) سوپای میسر بە سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ ئیبراهیم پاشا (1847ز) هێرشی کردە سەر وڵاتی سودان و داگیری کردو کردیە بەشێک لە دەسەڵاتەکەی.

کاتێک شۆڕشی سەربەخۆیی یۆنانییەکان بە دژی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانییەکان بەرپابوو، ئەوە بوو بە هانای سوڵتانی عوسمانییەکان چوو و هێرشی کردە سەر شۆڕشگیرانی یۆنانی، لە سەرەتادا توانی سەرکوتی شۆڕشگێرانی یۆنانی بکات، بەڵام

بەهۆی یارمەتی هێزەکانی ئیمپراتۆریای بەریتانیا و ئیمپراتۆریای فەرەنسا و ئیمپراتۆریای ڕووسیای قەیسەری بۆ شۆڕشگێرانی یۆنانی، ئەوە بوو هێزەکانی سوپای دەوڵەتی عوسمانی شکستی هێنا و هەروەها سوپای میسرلە شەڕی یۆنان کشایەوە و یۆنان لە ساڵی (1832ز) سەربەخۆیی ڕاگەیاند.

ئەوەش بووە سەرەتای تێکچوونی پەیوەندی نێوان هەردوولاو شەڕی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریای ڕووسیای قەیسەری لە نێوان ساڵانی (1828-1829ز) بەرپا بوو و مەحمەدعەلی پاشا یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی نەدا بەمەش بە تەواوی پەیوەندی نێوان میسر و دەوڵەتی عوسمانی تێکچوو، ئەوە بوو شەڕی یەکەمی عوسمانی و میسری بەرپابوو لە وڵاتی شام و ئەنادۆڵ لە نێوان ساڵانی (1831-1833ز)و سەرئەنجام سوپای میسر لە شەڕەکە سەرکەوت و میسر سەربەخۆیی بەدەستهێناو ناوچەی شام بووە بەشێک لە دەوڵەتی میسر و پەیماننامەی کۆتاهیە لە نێوانیاندا واژۆ کرا لە ساڵی (1833ز)، کە ئەوەش لەو کاتەدا بوو میر مەحمەد پاشا (1826-1837ز) میری میرنشینی سۆران لە هەرێمی باشووری کوردستان  شۆڕشی سەربەخۆیی لە دژی دەوڵەتی عوسمانی بەرپا کرد بوو و هەرووەها پەیوەندی بە ئیبراهیم پاشا سوپاسالاری سوپای میسرکرد و میر مەحمەد پاشا (1826-1837ز) میری میرنشینی سۆران چەندان کاروانی مەڕ و ماڵاتی ڕەوانەی میسرکرد و لە بەرامبەردا میسرییەکان چەک و جبەخانەی سەربازییان بۆ میرنشینی سۆران ڕەوانەکرد.

لە ساڵی(1839ز) لە شەڕی نەسبین لە باکووری کوردستان سوپای دەوڵەتی عوسمانی لە بەرامبەر بە سوپای میسری بە سەرکردایەتی ئیبراهیم پاشا شکستی هێنا و چەندان گەشتیگەلی عوسمانی کەوتە دەست میسرییەکان، بەڵام بەهۆی دژایەتیکردنی بەریتانییەکان و ڕووسییەکان و فەرەنسییەکان بۆ دەسەڵاتی مەحمەد عەلی پاشای میسرئەوە بوو دەسەڵاتی لاواز بوو.

ئەوەش وایکرد لە ساڵی(1840ز) پەیماننامەی لەندەن لە نێوان دەوڵەتی میسر لە لایەک و دەوڵەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریای بەریتانیا و ئیمپراتۆریای ڕووسیای قەیسەری و ئیمپراتۆریای نەمسا_مەجەر لەلایەکی تر واژۆکرا بەوەش دەسەڵاتی مەحمەد عەلی پاشا تەنها لە سنووری میسر سنووردارکرا و وڵاتی شام و ئەو ناوچانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانی داگیری کرد بووە گەڕێنرایەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانی.

مەحمەد عەلی پاشا لە ساڵی (1848ز) کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی ئیبراهیم پاشا (1848ز) بوو شوێنی گرتەوە و ئەوەش لە هەمان ساڵدا کۆچی دوایی کرد.

لە سەردەمی خەدیۆی مەحمەد تۆفیق پاشا (1879-1892ز) سوپای بەریتانیا بە سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ گارنیتت ویللیسلیی لە ساڵی(1882ز) هێرشی کردە سەر وڵاتی میسربەڵام سوپای میسر بە سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ ئەحمەد عورابی بەرەنگاریان بووە بەڵام شکستی هێنا لە چەند شەڕێکدا وەکو جەنگی تۆپبارانی کردنی شاری ئەسکەندەرونە و جەنگی کفردەوار و قەسساسین و تەل کبیر، بەوەش میسر داگیرکرا و دواترخرایە ژێر پارێزگاری بەریتانیا تا ساڵی (1952ز) و هەرووەها کەناڵی سوێس بەشێکی گەورەی کرایە موڵکی بەریتانیا و هەرووەها بنەماڵەی عەلەوی (مەحمەد عەلی پاشا) لە دەسەڵات مانەوە و لە ساڵی (1936ز) بە تەواوی کەناڵی سوێس کرایە موڵکی بەریتانیا بە پێی پەیماننامەی میسری_بەریتانی لە ساڵی (1936ز).

لە ڕێکەوتی (26_2_1952) شاری قاهیرەی پایتەختی میسر ئاگریەکی گەورە هەڵگیرسا لە سەرەتادا چەندان کارگە سوتان و دواتر نزیکەیی (700) دوکان و سینەما و کۆگای بازرگانی لە چەند کاتژمێرێک سوتان و هەرووەها ژمارەیەکی زۆری خەڵک بە هۆیەوە سوتان و هێزەکانی بەریتانیاش بە هۆی ئاگرەوە زیانی گەورەیان بەرکەوت.

لە ڕێکەوتی (23_7_1952) بزووتنەوەی ئەفسەرە ئازادیخوازانی میسر بە سەرکردایەتی هەر یەکە لە مەحمود نەجیب (1953-1954ز) و عەبدوڵناسر

(1954-1970ز) و مەحمەد ئەنوەر سادات (1970-1981ز) هەر سێ سەرۆکی یەک بە دوای یەکی کۆماری میسر کودەتایەکی سەربازیان کرد و دەسەڵاتی بەریتانیا لە میسر نەما و هەرووەها لە ڕێکەوتی (18_6_1953) بە یەکجاری بنەماڵەی عەلەوی (مەحمەدعەلی پاشا) لە دەسەڵات دوور خرانەوە ، و وڵاتی میسر لە شانشینیەوە گۆڕا بە کۆماری و مەحمود نەجیب (1953-1954ز) بووە یەکەم سەرۆک کۆماری میسر.

دەسەڵاتدارانی بنەماڵەی عەلەوی (مەحمەدعەلی پاشا) (1805_1953ز): 148 ساڵ

یەک/ سەردەمی والییەتی (1805_1867ز) 62 ساڵ:

1_ مەحمەد عەلی پاشا (1805_1848ز) 42 ساڵ و 2 مانگ.
2_ ئیبراهیم پاشا (1848ز) 7 مانگ و 6 ڕۆژ.
3_ عەباس حەلیمی پاشای یەکەم (1848_1854ز) 5 ساڵ و 1 مانگ و 22 ڕۆژ.
4_ مەحمەد سەعید پاشا (1854_1863ز) 9 ساڵ.
5_ ئیسماعیل پاشا (1863_1867ز) 4 ساڵ وەکو والی.

دوو/ سەردەمی خدیۆی(1867_1914ز) 47 ساڵ:

(5_) ئیسماعیل پاشا (1867_1879ز) 12 ساڵ.
6_ مەحمەد توفیق پاشا (1879_1892ز) 13 ساڵ.
7_ عەباس حەلیمی پاشای دووەم (1892_1914ز) 22 ساڵ.

سێ/ سەردەمی سوڵتانیەتی (1914_1922ز) 8 ساڵ:

8_ حوسێن کامیل (1914_1917ز) 3 ساڵ.
9_ فوئادی یەکەم (1917_1922ز) 5 ساڵ.

.چوار/ سەردەمی پادشایەتی (1922_1953ز) 31 ساڵ

.فوئادی یەکەم (1922_1936ز) 14 ساڵ(9_)

.فاروقی یەکەم(1936_1952ز) 16 ساڵ_10

.فوئادی دووەم/ کۆرپەڵە (1952_1953ز) 1 ساڵ_11

## ئاڵای کوردستان چۆن دروستبوو؟

ئاڵا چییە و چۆن سەریهەڵداوە؟

ئاڵا نیشانە و ناسنامەی نەتەوە و هەبوونی گەلانە، ئەمڕۆ هەموو گەل نەتەوەیەکی خاوەن وڵاتی سەربەخۆ و بێ وڵات خاوەن ئاڵای تایبەت بەخۆیانن، ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان و پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی جیهان و دام و دەزگا فەرهەنگی و ئابوورییەکان و شارەوانیەکان و زانستگاکان و کۆمپانیا بازرگانییەکان و کۆمپانیا تەکنەلۆژیاکان و یانە وەرزشییەکان و ڤیستیڤاڵ و بۆنە و یادەکانیش خاوەن ئاڵا و نیشانەیەکی تایبەتی خۆیانن. ئاڵای هەر نەتەوە و وڵاتێک لەگەڵ ئاڵای هەر نەتەوە و وڵاتێکیتر جیاوازە، بەهەمان شێوە ئاڵای ڕێکخراوە و دام و دەزگانیش لەگەڵ یەکتری جیاوازن، هەریەکەیان خاوەن ڕەنگ و شێوە و واتای جیاواز و تایبەت بەخۆیەتی.

واتا و هێمای هەندێک لە ڕەنگە سەرەکییەکانی ئاڵاکان لە لایەن پسپۆڕانی ئاڵاناسی Vexillology بەمجۆرە لێکدراونەتەوە:

ڕەنگی سوور: شۆڕش، خوێن ڕژان لە جەنگ، ئازایی، هێز، یەکسانی.

ڕەنگی زەرد: ڕووناکی، درەوشانەوە، وریایی، ئاگر.

ڕەنگی سپی: ئاشتی، ئارامی، ئاگربەست.

ڕەنگی سەوز: سەوزایی، وڵات، پاراستن، لاوێتی.

ڕەنگی شین: ئاو، ئاوەدانی، دەریا، ئاسمان، ئازادی.

ڕەنگی نارنجی: ئازایی، خۆبەختکردن، قوربانیدان

ڕەنگی ڕەش: پرسە، مەرگ، نەمری.

تەمەنی دروستبوون و هاتنە کایەی ئاڵا دە گەڕێتەوە بۆ 4000 (چوار هەزار) ساڵ لە مەوبەر، بۆ یەکەمجار ئاڵا لەلایەن ئمپراتۆریەتەکانی سەر خاکی ئێران و میزۆپۆتامیا (کوردستانی ئەمڕۆ) هەڵدراوە، سەرەتا سومەرییەکان و ئاسوورییەکان و میدیاکان، هەروەها هاخەمەنیشیەکان و ساسانییەکان و میسرییەکۆنەکان. دواتریش شارنشینە یۆنانییەکان و قەیسەرەکانی ژاپۆن و چین ئاڵایان هەڵداوە.

بەگوێرەی زانستی ئاڵاناسی یەکەم ئامانجی دروستکردنی ئاڵا بۆ بانگەوازی و ڕێنماییکردن بووە. یاخود ئاڵاکان تەنیا وەک هێمایەک بوونە، زۆربەشیان پەیامێک بوونە بۆ تاکە کەس یاخود بۆ دەستە و کۆمەڵە کەسێک. کاتێک ئیمپراتۆریەتە کۆنەکانی جیهان لە کاتی شەڕ و سەرکەوتنەکانیاندا، بەر لە هەموو شتێک ئاڵای دوژمنەکانیان داگرتووە و ئاڵاکانی خۆیانیان لە جێگەیدا بەرزکردۆتەوە، بەو واتایە یەکێکیتر لە هێما سەرەتاکانی ئاڵا بۆ نیشاندانی سەرکەوتن هەڵدراوە. جگە لەوەش ئاڵای هەر ئیمپراتۆریەت و هۆزێک جیابووە، ئاڵای هەر یەکەیان نیشانە و واتایەکی تایبەت بەخۆی تێدابووە و ڕەنگێکی جیاوازبووە. هەر لە کۆنەوە و تا ئەمڕۆش ئاڵاکانی جیهان زۆرترینیان لە نیشانەکانی ناو سروشت و دەوروبەر پێکهاتوونە وەک هەبوونی: (ئەستێرە، مانگ، خۆر، ئاو، دار، چیا، گوڵ، باڵندە، گیانەوەر....). جۆر و پێوانەی ئاڵاکانی کۆن وەک ئێستا نەبوونە، بەڵکو لە شێوەی نارێک، نیمچە بازنەیی، سێ گۆشەیی.... کە لە تەختە دارێکی درێژ یاخود لە مادەی کانزایی یانیش لە پێستی ئاژەل دروستکردەکران، ڕەنگەکانی ئاڵاش لە گەلا و لە خوێنی ئاژەل و لە ڕەژووی ئاگر دروستدەکران. هەندێک ئاڵاش تەنیا لە پەڕی باڵندە دروستدەکران، یاخود تەنیا باڵندە و ئاژەلی وشککراو... لە جیاتی ئاڵا دەکران بە نیشانە و هێماکانیان و بە تەختە دارێکی درێژ و بەرز هەڵدەواسران، یاخود بە هەمان شێوە پەیکەر یانیش تەختەدارێکی هەڵکەندراو لە نەخش وەک ئاڵا بەرزدەکرانەوە. لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی هەنگاوەکانی ژیان شێوەکانی ئاڵاش گۆڕدران، کە ئەمڕۆ ئاڵا لەسەر پارچە قووماش و لەسەر کاغەز و کارتۆن چاپ دەکرێن.

کۆنترین ئاڵای نیشتمانی ئاڵای دانیمارکە کە لە ساڵی 1219 دروستکراوە. ئاڵای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1776 دروستکراوە و بەردەوام گۆڕانکاری تێداکراوە و ساڵ بە دوای ساڵ ژمارەی ئەستێرەکانی ناو ئاڵاکە زیادیکردووە تا لە ساڵی 1959 لە گۆڕان وەستاوە و لەوساوە تا ئێستا لە 50 ئەستێرە و 13 هێلی سوور و سپی پێکهاتووە. چیرۆکی هاتنە کایەی ئاڵای هەر نەتەوە و وڵاتێکیش خاوەن مێژوویەکی درێژ و دوورە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە لەسەر هەڵوەستە بکەین ئاڵای ئەمڕۆی کوردستان و مێژووی ئاڵاکانی ناو گەلی کوردە.

ئاڵا لەسەردەمی مادەکاندا

به گوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان زۆربەی ئاڵای هۆز و نەتەوە ئارییەکان لە ڕەنگەکانی (سوور، سپی، زەرد، سەوز، شین) پێکهاتبوون. پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کە لە ساڵی 1995 دامەزارو و لە ساڵی 1999 کۆتایی بە ژیانی سیاسی هات، ئاڵایەکیان لە بۆنە و یادەکانیان بەرزدەکردەوە و بەگوێرەی ئەوان ئەو ئاڵایە هەمان ئاڵای سەردەمی مادەکان بووە کە لە سەرەوە هێڵێکی سوور و لە ناوەڕاستدا هێڵێکی زەرد و لە خوارەوەش هێڵێکی سەوز هەبووە. کە تەواوی ڕەنگەکانی هاوشێوەی ئاڵای ئێستای وڵاتی بۆلیڤیای ئەمریکای لاتینە. دوای چەندین هەوڵ و لێکۆڵینەوەم تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی مێژووییم دەستنەکەوتووە کە ئاماژە بە ڕەنگەکانی ئاڵای دەوڵەتی ماد بکات کە لە ساڵی 700ی پێش زایین دامەزرابوو. تەنیا ئەوەندە هەیە کە مادەکانیش لە کاتی سەرکەوتنیان بەسەر ئاسوورییەکاندا خاوەن نیشانە یاخود ئاڵایەکی تایبەت بەخۆیان هەڵداوە.

ئاڵای دەوڵەوتی ئەیوبی

ئەیوبییەکانی دیاربەکر و میافارقین و نسێبین و شام و یەمەن هەر یەکەیان خاوەن ئاڵایەکی تایبەت بە خۆیان بوونە، بەڵام لە سەردەمی (سەڵاحەدینی ئەیوبی) ئەویبوییەکان بوون بە خاوەنی یەک ئاڵا کە لە شێوەیەکی بازنەیی و درێژ لە ڕەنگێکی سەوز پێکهاتبوو، لەسەر سەوزەکە بە ڕەنگی ڕەش و لە سەر دوو هێلی زەرد بە زمانی عەرەبی نووسرابوو (لا الە الا اللە) لەسەرەوەی ئاڵاکەش خۆرێکی زەرد لە ناو مانگێکی هیلالیدا هەبووە.

ئاڵای دەوڵەتی زەند

کەریم خانی زەند (1705-1779)ی دامەزرێنەری دەوڵەتی زەند کە خۆی و بنەماڵەکایەن لە ماوەی (1750-1794) فەرمانڕەوایی ئێرانیان کرد، خاوەن ئاڵایەکی تایبەت بە خۆیان بوون کە لە شێوەیەکی سێگۆشەیی پێکهاتبوو لە سەر زەمینێکی سپی هەتاو لە پشت شێرێکەوە دەبینرا و لەسەر هەرسێ لای ئاڵاکەشدا هێڵێکی باریکی سەوز هەبووە.

## ئاڵای میرنشینەکانی کوردستان

میرنشینەکانی کوردستان هەریەکەیان لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی سەربەخۆ یاخود نیمچە سەربەخۆبوون. کورد لە ماوەی سەدەی دەیەمی زایینی تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم خاوەنی ژمارەیەکی زۆر میرنشین بووە وەک میرنشنی (شەدادی، مەروانی، بابان، ئەردەلان، بێدلیس، سۆران، هەکاری، بادینان، لورِی گەورە، لورِی بچووک، حەسەنکێف، بۆتان....هتد، کە هەندێک لە میرنشینەکان تەمەنیان کەمتر لە سەدەیەک بووە و ئەوانیتریش تەمەنیان لە نێوان یەک سەدە تاکو حەوت سەدە بووە. بەشێک لە میرنشینە کوردییەکان لە سەدەی هەژدە و نۆزدە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی سەربەخۆ بوون وەک بەرزکردنەوەی ئاڵا، لێدانی سکەی پارە، دروستکردنی خوێندنگا و مزگەوت، دروستکردنی کەلوپەلی سەربازری وەک تۆپ و چەک، هەوڵدان بۆ فراوانکردنی سنووری میرنشینەکەیان. میرنشینی بۆتان و میرنشینی سۆران دووان لە میرنشینە بەهێز و ناسراوەکانی مێژووی کوردستانن کە شوێنەگەی دیرۆکی و جوگرافیان کەوتۆتە ناو ئینسکلۆپیدیا و ئەتلەسە کۆنەکانی جیهانەوە. میرنشینی سۆران بوو کە پایتەختەکەی رەواندوز بوو، لەسەردەمی پاشای گەورە خاوەن ئاڵایەکی تایبەت بە خۆی بووە کە لە دوو رەنگی رەش و سپی پێکهاتبوو، رەنگی رەش لە بەشی سەرەوەی و رەنگی سپی لە خوارەوەی ئاڵاکەی هەڵکەوتبوو.

ئاڵای راپەرینی قۆچگیری 1921

دوای ئەوەی کوردەکانی قۆچگیری لە هەرێمی دێرسیمی باکووری کوردستان ئامادەنەبوون بچنە ژێر رکێفی تورکەکان و داخوازییەکانی مستەفا کەمالەوە، رووبەرووی هێزەکانی تورک بوونەوەو و ئاڵای سەربەخۆیی خۆیان هەڵدا. ئەو ئاڵایەش لە ژێر کاریگەری ئاڵاکەی ساڵی 1919ی (کۆمەڵەیا رێکخستنا جڤاکی) دروستکرابوو.

ئاڵای حکومەتی کوردستانی خواروو 1922

لەپاش ئەوەی کە ئینگلیزەکان ناچابوون سەر بۆ ویستی گەلی کورد دانەوێنن، شێخ مەحمودی حەفید (1882-1956)یان لە هیندستان گەڕاندەوە بۆ کوردستان. شێخ مەحمود لە رۆژی 30-09-1922 گەیشتەوە شاری سلێمانی و هەر زوو تەنگی بە هێزەکانی ئینگلیز هەڵچنی و ناچاریکردن، کە شاری سلێمانی بەجێبهێلن. ئەوەبوو لە

ئۆکتۆبەری ساڵی 1922 شێخ مەحمود ئاڵای کوردستانی هەڵکرد و (حکومەتی خوارووی کوردستان)ی راگەیاند و هەردوو رۆژنامەی (بانگی کوردستان) و (رۆژی کوردستان)یش لەلایەن حکومەتی خوراووی کوردستان بڵاوکرانەوە. ئەو ئاڵایەی کە لەلایەن حکومەتی خوارووی کوردستان بە رێبەرایەتی شێخ مەحموود هەڵدرا پێکهاتبوو لە زەمینێکی سەوز و مانگێکی سپی لەسەر رەنگی سوور لە ناوەڕاستی ئاڵاکەدا. (بڕوانە وێنەی ژمارە 6).

ئاڵای راپەڕینەکەی ئاگری 1929-1930

لە سەردەمی راپەڕینەکەی چیای ئاگری بەرێبەرایەتی ئیحسان نووری پاشا، رۆشنبیرە کوردەکانیش ئاڵایەکی تایبەت بە خۆیان دارِشت. کە رەنگی سەوز لەسەرەوە و و رەنگی سوور لە خوارەوە و رەنگی سپی لە ناوەڕاستدا و لەسەر رەنگە سپیەکەش وێنەی چیای ئاگری لەسەر خۆرێکی زەرد کێشرابوو. ئەم ئاڵایەش تایبەتبووە بە راپەڕینەکە، جگە لە ئاڵای نەتەوەیی کوردستان کە هەر لەوسەردەمەدا هەڵدرابوو.

ئاڵای کۆماری کوردستان لە مەهاباد 1946

لە سەردەمی دووەم شەڕی جیهانی و لەگەڵ بەرەوپێشچوونی بزوتنەوەی کوردی لە ئێران و پاشانیش راگەیاندن و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە رۆژی 2 02-01-1946 کە شاری مەهاباد پایتەختەکەی بوو، ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان هەڵدرا، کە هەمان ئەو ئاڵایە بوو لە ساڵی 1919 لەلایەن رێکخراوی (کۆمەڵەیا رێکخستنا جڤاکی کوردستان) دروستکرابوو بە کەمێک دەستکارییەوە. هەرچەندە هەندێک کەس پێیان وایە ئەو ئاڵایەی ئێستا کوردستان هەمان ئاڵای کۆماری کوردستانی 1946ە. بەڵام کۆمیتەی پەیوەندییەکنی دەرەوەی وڵاتی حزبی دیموکراتی کوردستانە ئاڵایەکیتریان بۆ ناردووم کە بە ئاڵای کۆماری کوردستانی ساڵی 1946 دەناسرێت. هەرچەندە تا ئێستاش سەبارەت بە ئاڵاکەی ساڵی 1946 گفتوگۆ هەیە، بەڵام من دوو وێنەم لە بەر دەستە کە لێکۆڵەرەوان و خوێنەران دەتوانن بڕیاری زیاتر لەسەر بدەن.

ئاڵای ئەمڕۆی کوردستان

سەرەتای دروستبوونی ئەو ئاڵایەی کە ئەمڕۆ وەک ئاڵای کوردستان و نەتەوەی کورد دەناسرێت دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. کاتێک کۆمەڵ و رێکخراوە

کوردییەکان لە ئەستەنبوڵ خەریکی دامەزراندنی کۆمەڵ و دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی بوونە، لە هەمان کاتیشدا لە هەوڵی دروستکردنی ئاڵایەکی نەتەوەیی بوونە بۆ کوردستان. ساڵی 1919 (کۆمەڵەیا ڕێکخستنا جڤاکی کوردستان) کە لە ئەستەنبوڵ لەلایەن ژمارەیەک ڕووناکبیر و سیاسەتمەدار و کەسایەتی ناسراوی ئەو سەردەمەی کورد دامەزرا، لەگەڵ دامەزراندنی خۆی ئاڵای نەتەوەیی کوردستانی دروستکرد و داوای سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد. ئەو کەسانەی بەشداریان لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکە و ئاڵای نەتەوەیی کوردستان کرد بریتیبوون لە: ئەمین عالی بەدرخان (جزیرە بۆتان)، دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت (عەرەبگیر)، ئەکرەم جەمیل پاشا (ئامەد)، مەولانا زادە ڕەفعەت بەگ (سلێمانی)، نەجمەدین حوسێن (کەرکوک)، کەمال فەوزی (بێدلیس)، شوکری بابان (سلێمانی)، مەمدوح سەلیم (وان)، حیکمەت بابان (سلێمانی)، فوئاد بابان (سلێمانی)، دکتۆر شوکری محەمەد و فەرید بەگ.

ئەو ئاڵایەی کە ئەمڕۆ بۆمان ماوەتەوە هەمان ئەو ئاڵایەیە کە ئەو ڕێکخراوە نزیکەی 90 ساڵ لەمەوبەر بڕیاری لەسەر دابوو، بە گوێرەی ئەو ئاڵایە ڕەنگی سوور لەسەرەوە و ڕەنگی سەوز لە خوارەوە و ڕەنگی سپی لە ناوەڕاستدا و لەسەر زەمینە سپییەکەش خۆرێکی زەرد دەدرەوشایەوە. بەگوێرەی نووسراوێکی نوورەدین زازا، ئەو بەچاوی خۆی بینویەتی کە هەمان ئەو ئاڵایە لەسەردەمی ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1925ی باکووری کوردستان لە جێگای ئاڵای تورکیادا بەرزکراوەتەوە. لە یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی ڕێکخراوی (خۆیبوون)یش هەمان ئاڵا لە ساڵی 1927 دووبارە وەک ئاڵای کوردستان بڕیاری لەسەردراوەتەوە. بۆ یەکەمجاریش ئەم ئاڵایە لە ساڵی 1928 لە شاری فیلادەلفیا لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر بەرگی کتێبێکی میر سوورەیا بەدرخان بەناوی (The Case of Kurdistan Against Turkey، By authority of Hoyboon، Philadelphila، 1928) بەزمانی ئینگلیزی چاپکراوە کە لە ژێر (Flag of Kurdistan). ئاڵاکەشدا نووسراوە ئەم ئاڵایە لەسەردەمی ڕاپەڕینەکەی چیای ئاگریش هەڵدراوە، جگە لە هەبوونی ئاڵایەکی تایبەتی بە ڕاپەڕینەکە. (کۆمەڵەی ژێکاف)یش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی 1942 بەدوا هەمان ئاڵای لە بۆنە و یادەکاندا لە شاری مەهاباد بەرزکردۆتەوە. ئەگەرچی ئەو ئاڵایە لەسەردەمی کۆماری

کوردستان لە مەهاباد بوونی هەبووە، بەڵام کۆمارە یەکساڵیەکە خاوەن ئاڵایەکی تایبەت بە خۆی بووە کە زۆر نزیک بووە لە هەمان ئەو ئاڵایە. دکتۆر کامەران بەدرخانیش هەمان ئاڵای ساڵی 1919ی وەک ئاڵای کوردستان نیشانی وڵاتانی ئەوروپای داوە. لە ساڵەکانی 1960یشدا (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) لە چەند بۆنە و یادێکدا هەمان ئاڵای کوردستانیان بەرزکردۆتەوە. رەوەندی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستانیش لە ساڵانی 1970 بەدوا ناو بەناو لە بۆنە و یادەکاندا هەمان ئەو ئاڵایەیان وەک ئاڵای کوردستان بەرزکردۆتەوە. لە دوای راپەڕینەکەی ساڵی 1991ی باشووری کوردستانیش ئەو ئاڵایە لەسەر تەلاری هەندێک لە رێکخراوە سیاسیەکان و دام و دەزگاکانی راگەیاندن لە باشووری کوردستان دەبینرا، بەڵام لە ساڵی 1998 بەدوا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەرەسمی وەک ئاڵای کوردستان بڕیاری لەسەر درا، کە تیشکی خۆرەکەی 21دانە تیشکە و لە چوار رەنگی سوور، سپی، زەرد، سەوز پێکهاتووە، کە لە هەندێک سەردەم و شوێندا ژمارەی تیشکەکانی ئاڵای کوردستان یان ئەوەتا زۆرتر بووە لە تیشکەکانی ئێستا یانیش کەمتر بووە و یاخود جۆری تیشکەکانی کورت و درێژ بوونە. لە ساڵی 2000 بەدوا سەجەم گەلی کورد و نزیک بە سەرجەم رێکخراوە سیاسیەکانی هەر چوار بەشەکەی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش هەمان ئاڵایان وەک ئاڵای کوردستان و ئاڵای نەتەوەی کورد پەسند کردووە.

ئەم بابەتە کورتەیەکە لە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانتر سەبارەت بە سەرهەڵدانی ئاڵا و مێژووی ئاڵاکانی کوردستان

جووڵانەوەی ڕووناکبیری کـورد لە عێـراق، تورکیا، ئێران، سوریا، یەکێتی سۆڤیەت
لەفارسییەوە: مۆفەق میراودەلی

جوڵانەوەی ڕووناکبیری کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ناساندن و نیشاندانی سەرەتاو ناوەڕۆکەکەی جێگەی گرنگی و بایەخدانە، بەتایبەت قسەو باسی لەوبارە لەلایەن کەسانی بیانی، شیاوی هەڵوێستە لەسەرکردنە، چونکە کورد تا ئێستا نەیتوانیوە توێژینەوەی لەوبارە ئەنجام بدات، بەڵام دەبینین کەسانی دیکە لەپێناوی بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا کاری لەو چەشنە ئەنجام دەدەن، بۆ ئێمەی کورد بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەوبارە گرنگە، لەپێناوی زیاتر ناسین و قوڵبونەوە لە بواری فەرهەنگی (میللەتی کورد(و.ك.

جووڵانەوەی ڕووناکبیری لەکوردستانی عێراق

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم و لەماوەی ساڵانی (1920-1919)بزووتنەوەی ڕووناکبیری لە کوردستانی عێراق خێرایی زۆر بەخۆوەگرت، ڕۆشنبیرانی کورد لە عێراق زۆربەیان لە ئەستەمبووڵ بەهۆی فشاری زۆری حکومەت گەڕانەوە عێراق، لەشارە گرنگەکانی سلێمانی و بەغدا نیشتەجێبوون، لە سلێمانی ڕۆژنامەی پێشکەوتن لە ساڵی (1919)تاوەکو (1922) بڵاودەبۆوە، لەدوای ئەو بڵاوکراوەیە بانگی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستقلال و ژیان بە دوو مەفهومی زانستی کۆمەڵایەتی بڵاودەبوونەوە، لە بەغداش گۆڤاری دیاری کوردستان لەلایەن ڕۆشنبیرانی کورد چاپ دەکرا، لە ساڵی (1939)گەلاوێژو دەنگی گێتی تازە لەگەڵ کۆی بڵاوکراوەکان کەوت، خەبات ئۆرگانی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق تا ساڵی (1961)بڵاودبۆوە، عبدالکریم قاسم سەرۆك کۆماری کاتی عێراق خەباتی داخست، باقی بڵاوکراوەکانی دیکەی ئەو کاتە بریتیی بوون لە: (ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، ڕزگاری، هەفتەنامەی روناهی، ئازادی ئۆرگانی حیزبی شیوعی، زاری کرمانجی لەهەولێر ساڵی 1936، ڕاستی لە موسڵ)، هەموو ئەو بڵاوکراوانە بە زمانی سۆرانی دەردەچوون، هاتن و چوونی کوردەکان لەنێو وڵاتانی

بێگانەو وڵاتانی عەرەبی، هۆکاربوو تا جووڵانەوەی فەرهەنگی کورد خێرایی زۆر بەخۆوەبگرێت، نووسەران و شاعیرو دڵسۆزانی کورد، نووسینی بەنرخی ڕۆئاوایی و عەرەبیان بۆ کوردی وەرگێڕا، چیرۆکی جوان لە زمانە جیاوازەکان کرانە کوردی و پاشان چاپ و بڵاوکرانەوە، بەشێوەیەکی گشتی لە ساڵی (1958)بەدواوە بەڵگەی پێشکەوتنی گرنگی بەشی ڕووناکبیری و ئەدەبی کوردییە، ئەو ساڵە وردە وردە هزری سەربەخۆیی لەنێو ڕۆشنبیرانی کورد پەرەیسەند، هەستی نەتەوەیی گەشایەوەو شاعیرو نووسەرانی کورد کەوتنە ستایشی کۆماری عێراق، بۆچی ئەو کۆمارە، ناونراوە کۆماری کوردو عەرەب، مافی کورد لە یاساکاندا بەتەواوی بەرچاودەکەوێت، نووسەرانی کورد لەوباوەڕدان، هەوڵەکان باڵایان کردووەو گرنگی بەبڵاوکردنەوەی ڕووناکبیری کوردی دراوە، سەربەخۆیی فەرهەنگی و خۆشی و شادی یە تا ساڵی (1961)درێژەی کێشا، لە ساڵی (1947-1961)کوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی یان لە دۆخی جەنگدابوون یا سەرقاڵی ڕێککەوتن لەپێناوی سەربەخۆیی، بەهەر حاڵ لەدوای نشووستی ساڵی (1975)و ساڵی (1988)ی کوردەکان لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراق، چالاکی ڕووناکبیری کوردەکان بەنزمترین ئاست گەیشت، بەڵام نشووستی عێراق لە جەنگی کوێت هەلومەرجی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەخساند، تا باشترین کەش بەدرێژایی مێژووی کوردەکان لەپێناوی چالاکی ڕووناکبیری دەستەبەربکەن، لەو سەردەمەدا کوردەکانی عێراق بە ئاشکرا لە حکومەتی دوفاکتۆ بەهرەمەندبوون، لەڕەهەندە فراوانەکانی بە چالاکی ڕووناکبیری گەیشتن، هەروەها لەبارەی تراژیدیای ئەنفال، بەتایبەتی بۆمبارانی کیمایی هەڵەبجە بەشێوەی نووسین، لەهەندێ تۆڕەکانی تایبەت بە کوردستانی عێراق، سەدان کتێبی کوردی بە ئەلیکترۆنی بەردەست دەکەون، ئێستا کوردستانی عێراق لەلایەنی سیاسی ناوەندێکی سیستماکی هەیە، لەلایەنی ڕووناکبیریش ناوەندی سیستماکی کوردستانی هەیەو بەرهەمی ڕووناکبیری هەیە لەو ناوچەیەی بەشێوەی زۆرو فراوان بۆ ناوچە کوردییەکان دەنرێردرێت، بۆ نموونە دەتوانین بوونی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی عێراق بەتایبەت دەزگای ئاراس لە پێشانگای نێودەوڵەتی تاران ساڵی (2003)ئاماژە پێ بدەین، کە کتێبە کوردییەکان لە کەمتر لە سێ ڕۆژ بەشێوەی گشتی فرۆشران.

جووڵانەوەی ڕووناکبیری کورد لە تورکیا

ڕوونکردنەوەی هەلومەرجی ڕووناکبیری کوردستانی تورکیا لە ڕاستیدا باسکردنی مەرگەساتە، سیاسەتی شیکردنەوەی میللەتی کورد لەلایەن سەرانی تورکیاو ئەوانەی کورد بە تورکی کێوی ناودەبەن، بەڕواڵەت و چالاکی جیاوازو لەناو منداڵدانی دایکیانەوە سەرکوت دەکرێن، بوونی ئەو هەموو سەرکوتکردن و هەنگاوە هەمەلایەنەی ئەنجامدراوە، هێشتا کتێب و بڵاوکراوەی کوردی لەنێو خەڵك بڵاوبۆتەوە، بەشێوەیەك ڕۆژنامەی (یەنی ئەستەمبووڵ)لە ژمارە شەشی خۆی ساڵی (1960)دەنووسێت: کتێب و بڵاوکراوەی کوردی دوای چاپکردن بەنهێنی لە عێراقەوە دێتە تورکیا، پاشان لەبەردەم دەرگای مزگەوتەکان بەنهێنی دەفرۆشرێت، لە ساڵی (1959)ژمارەیەك لە نوێنەرانی کورد لەپەرلەمان بەهەماهەنگی ژمارەیەك لە ڕۆشنبیران داوای بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکیان بەزمانی کوردی کرد، حکومەت لەئاست داخوازی ئەوان وەڵامی نەبوو، سەرەڕای قبوڵنەکردنی داخوازیەکەیان، بڵاوکراوەیەك لە دیاربەکر بەزاراوەی گۆرانی لە دیاربەکر بڵاوبۆوە، حکومەت ئەوانەی دادگایی کرد کە ڕۆژنامەکەیان دەردەکرد، لە ڕۆژی دادگایی (12)کەسی لەو کوردانەی ئیسکۆرت کردن، ئەو کارە حکومەتی ناچارکرد تا دەست لەو دادگایکردنە هەڵگرێت، لێکۆڵینەوەی گۆڕانکارییە ڕووناکبیری و سیاسییەکانی تورکیا ئەگەر بۆ دەیەی چلەکان بگەڕێینەوە، لەڕاستیدا زیندووبوونەوەی هەستی نەتەوەیی کورد لەتورکیا لەو شارانە دەستی پێکرد کە کوردەکانیان بۆ ئەوی ڕاگواستبوون، یەکەمین کەسانێ کە پرسی «کوردایەتی»هەڵبژارد ئەوانەبوون، بۆ نموونە موسا عەنتەر بۆ خوێندنگای شەوانەڕۆژی بۆ ئەدەنا نێردرابوو، ئەو لەوێ تاکە کوردێك بوو لە پۆلدا لەڕێگەی گاڵتەپێکردن بە ناسنامەی خۆی ئاشنابوو، ئاڵتون کار ئەندامی پارتی ڕێگای ڕاستەقینە ئەزموونی هاوشێوەی هەیە: تا گەورەنەبووم نەمزانی کوردم، پێشوو لە دیاربەکر کەسانێك کە بەکوردی بانگی منیان دەکرد بەردم تێدەگرتن، لەکۆتایدا هاتم و بەکوردی بانگیان دەکردم و ئازاریان دەدام و دەیانووت: لەدوای کامتان؟ ڕۆیشتن بۆ خوێندنگا ئازارێکی دژواربوو، دواتر تێگەیشتم گوندنشینەکان ڕاستیان دەکرد کورد بووم، موسا عەنتەری لە ساڵی (1941)بۆ تەواوکردنی خوێندن بۆ ئەستەمبووڵ نێردرابوو، ئەو یەکێك لەو خوێندکارە بژاردانەبوو کە پشکنینی هەموو ناوچەکانی

کوردستانی دەستەبژێرکردبوو، تا لەگەڵ هاوشارییە تورکەکان ئاڵوگۆڕبکات، ئەو لەبەشی ناوخۆیی کە تایبەت بە خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگەی هەبوو، ناوبراو لەوێ لەگەڵ پەنجا کەس لە خوێندکارانی هەموو ناوچەکانی کوردستان ئامادەو ئاشنابوو، لەو هەموانە دەتوانین: تارق زیا ئاکینجی کە دواتر سکرتێری گشتی حیزبی کرێکارانی تورکیابوو، یوسف عەزیز ئۆغلو نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیا ئاماژە پێ بدەین، بەوشێوەیە لە ئەنقەرەو ئەستەمبووڵ لەجێگەی کرێکارانی راگوێزراو، گرووپی بچووك وانەیان دەخوێندو زۆر ئامادەی سەرەتاتکەبوون کە پشتیوانی ناسنامەی کوردی بوون، لە کۆتایی دەیەی پەنجاکان هێزێك کە هەستی کوردی لە تورکیا ڕاتەکاند ڕاپەڕینی حوزەیرانی عێراق و گەڕانەوەی مەلامستەفای بارزانی لە هەندەران، زۆر لە کوردەکانی تورکیا دەیانزانی ئەوان کوردن، بە لەهجەی کرمانجی زمانی کوردی قسەیان دەکرد، لە سەرەتای هەمان ساڵ موسا عەنتەرو ئەوانی دیکە لە دیاربەکر دەستیان بە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەك کرد بەناوی «ئیللرم یورت» واتا (وڵاتێکی پێشکەوتوو)، ئەو بڵاوکراوەیە خاڵی دەستپێکردنی یەك دەیەی بڵاوکراوەی کوردی و یەکەمین بڵاوکراوەی لە شۆڕشی دەرسیمەوە (1937)بەو شێوەیە لە تورکیا گفتوگۆ لەپرسی کوردی دەکات، سەرەرای گوشارەکانی دەیەی (1960)هاتنەئارا، لەو ماوەیە زیاتر ڕێکخراوەکان و چاپکراوەکان و تووشی هەڵوەشانەوەو داخران بوون، کوردەکان بەزمانی کوردی یان تورکیا بە بڵاوکردنەوەی بابەت و خواستی پەیوەندیدار بە فەرهەنگی کوردی درێژەی کێشا، کوردەکانی خوێندنیان تەواوکرد وەکو حکومەت ئاگاداربوون کە بوونی ئەدەبیاتی کوردی لەپێناوی پێکهاتەی نەتەوەیی فەرمانێکی بنچینەیی یە، پەرچەکرداری دەوڵەت لەبەرانبەر گۆڤارو بڵاوکراوەکانی دەهاتن لە ساڵی (1967)بریاریدا: هێنانی بابەت و ویستێك بەزمانی کوردی لەناوەوە بۆ دەرەوەی وڵات یان بڵاوکردنەوەی لەناو وڵات بەهەر شێوەیەك، نوسراو یان تۆمارکراو لەسەر شریت یان تەواوی شێوەکانی قەدەغەیە، ماوەیەك بەردەوامی بە بڵاوکردنەوەی ئەو داواکاریە درا، موسی عەنتەر فەرهەنگی تورکی – کوردی لە کۆتایی هەمان ساڵدا بڵاوکردەوە، لە ساڵی (1969)محەمەدئەمین بۆزئەسڵان بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی کتێبی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی و وەرگێرانی داستانی گەورەی خانی بەناوی «مەم و زین»کە ئامادەیی چاپکردن بوو زیندانیکرا،

دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گوشارەکانی یەکێتی ئەوروپا لەسەر تورکیا لەپێناوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، هۆکاربووو تورکیا دەست بە زنجیرەیەك چاکسازی و هەنگاوی گۆڕانگاری بکات، هەندێ لەو هەنگاوانە بەو شێوەیەی خوارەوەبوو:

1- کۆتایهێنان بە قۆناغێکی دوورودرێژی حکومەتی سەربازی لەناوچە کوردنشینەکان.

2- مۆڵەتدان بە خوێندن بەزمانی کوردی لە خوێندنگا تایبەتییەکان.

3- هاوکاری بە پێداتی قەرەبوو بە گوندنشینانی ئاوارەو زەرەرمەند لەکاتی پرۆسەکانی سوپا تورکیا.

4- دەستپێکردنی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی کوردی لە باشووری ڕۆژاواو ڕۆژهەڵاتی تورکیاو بەکارهێنانی زمانی کوردی.

بەهەمان شێوە لە کانوونی یەکەمی (1991)، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لەتورکیا بەناوی «ڕۆژنامە»مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی وەرگرت، چاپکراوی دیکە هاتنەگۆڕێ، بۆ نموونە گۆڤاری «یەتنی ئولکە»و خاوەنی ئیمتیازی سەرحەد بوجاك، بۆ ماوەی نۆ مانگ لە مێژووی دەرچوونی بە (44)مادده تۆمەتبارکراو و ڕاوەدونرا، پێشتر ژمارەکانی ئەو بڵاوکراوەیە گلدرایەوەو دەستی بەسەرداگیرا، لە ساڵی (2009)تۆڕی تەلەفزیۆنی توریکا دەستی بەکارەکانی کرد، پارتی کرێکارانی کوردستان(TRT6) کوردی لەسەرەتاوە دەستیکردووە بەچالاکییەکانی لەمیانی بایەخدان بە چالاکی(PKK) ڕووناکبیری لەپێناوی بەدەستهێنانی ئامانجەکان، بەچێوەیەك کە ئەو حیزبە کتێب و بڵاوکراوەی زۆری بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی و ئەڵمانی بەشێوەی نهێنی ئامادەو دابەشکردووە، سوود لە تۆڕی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی وەردەگرێت.

جووڵانەوەی ڕووناکبیری کورد لە ئێران

حکومەتی پێشووی ئێران بەردەوام سیاسەتی دابەشکردن و شیکردنەوەی کوردەکانی پەیڕەودەکرد، لەناو باقی نەتەوەکانی ئێران زیاتر دژی کوردەکان کاریگەری هەبوو، لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم لەگەڵ دامەزرانی کۆماری مهاباد، لەهەندێ ناوچە کوردنشینییەکانی ئێران شوێنی گونجاوی بۆ چالاکی ڕووناکبیری دابینکرد، لە دەورانی ئەو کۆمارە یانزە مانگی یە، (7)گۆڤار چاپکران کە بریتی بوون لە(گۆڤاری کوردستان،

ڕۆژنامەی کوردستان، هاواری کورد، گۆڤاری هەڵاڵە، هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵانی کورد)، کۆماری مهاباد بە چاپخانەیەك کە لە سۆڤیەت دەستی کەوتبوو، سەرەرای ئەو بڵاوکراوانە کتێبی پەروەردەی زۆری بەچاپ گەیاند، دوای کەوتنی کۆماری مهاباد چالاکی ڕووناکبیری کوردی لە ئێران بۆ نزمترین ئاستی خۆی گەیشت، ئەو دابەزینە تا (1959)بەردەوامی هەبوو، لەو ساڵەدا ڕژێمی پادشایەتی کاتی ئێران لە ئەنجامی گوشاری ڕاگەیاندنی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، لە تاران دەستی بە بڵاوکردنەوەی هەفتەنامەیەك کرد، بەناونیشانی کوردستان ی لێنا بۆ ماوەی شەش ساڵ لە ڕۆژانی چوارشەممە بڵاودەبۆوە، ئەو هەفتەنامەیە لەیەکەمین ژمارەی خۆیدا ڕێنووسی خۆی بۆ زمانی فارسی گۆری، هەفتەنامەکە زیاتر بە بیانوی فرۆشی کەم و کێشەو گرفتەکانی لە بڵاوکردنەوەی ڕاوەستا، بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە ساڵی (1978)کەشێك هاتەئاراکە توانای چالاکی ڕووناکبیری زیاتری بە ئێران دەدا، لەو قۆناغەدا گرنگترین و ناسراوترین گۆڤاری کوردی گۆڤاری سروە بوو، بە هیمەتی (هێمن)یەکێك لە شاعیرە ناسراوەکانی کورد لە رەزاییە بەچاپ دەگەیشت، تا ماوەیەك تەنها هەردوو گۆڤاری سروەو ئاوێنە لە ئێران دەردەچوون، گۆڕانکاری بنچینەیی لە چاپەمەنی کوردی ڕوویدا، لەو ساڵەی(1997) ئاغای خاتەمی بووە سەرۆك کۆماری ئێران، لەو قۆناغەدا کەشی سیاسی – ڕووناکبیری ئێران لەچاو ڕابردوو بەهێزتربوو، لە ئەنجامدا کاری چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسی و لەنێو نووسەران و خاوەن بیرو بیرمەندانی کورد برەوی سەند، چالاکی چاپەمەنی کوردەکان لەو قۆناغەدا، دەتوانین لەدوو دەستە پۆلێن بکەین.

دەستەی یەکەم بڵاوکراوەکانی لەلایەن وەزارەتی ئیرشاد مۆڵەت درابوون، بەشێوەی هەفتانەو مانگانە بڵاودەکرانەوە، هەندێ لەوانە وابەستەی ڕێکخراوە حکومییەکان و هەندێکیش سەربەخۆبوون، دەستەی دووەم بڵاوکراوەی خوێندکارین کە بەشێوەی مانگانەو وەرزانەو ڕۆژمێر بڵاوکرانەوە، پەیڕەوی یاسای ناوخۆیی وەزارەتی زانست و لێکۆڵینەوەی تەکنەلۆژین، سەرەرای ئەو هەنگاوە یاساییانە لە مەیدانی چالاکی ڕووناکبیری کوردی لەئێران، دەتوانین ئاماژە بە چالاکی دەرەوەی وڵاتی کوردەکان

بکەین، هەروەها پارتە کوردیە نەیارەکانی ئێران، زیاتر چالاکی خۆیان لە ڕێگەی کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی ئەنجام دەدەن.

جووڵانەوەی ڕووناکبیری کورد لە سوریا

ئەو پرسە لەسەرەتادا لەنێو پێکهاتەکان گرنگیەکی زۆر نەبوو، بەڵام لە ساڵی (1930)کوردەکان لەوبارە هەستیان بە بەرپرسیاریەتی کرد، تێگەیشتن دەوڵەمەندی ڕووناکبیری یەکێکە لە ڕێگانی خەبات، ئەوان هەستیان کرد بەرپرسیاریەتیەکی گەورەیان لەئەستۆیە، ئەویش بزواندنی هەستی نیشتمانی دۆستانەبوو، کە ئەوەی گرنگە تەنها بە پارێزەری زمان و ڕووناکبیری زانست و ئەدەبیات دەست دەکەوت، کەسانێك کە پێش هەموان لەوباردەدا تیکۆشان بنەماڵەی بەدرخان بوون، میرجەلادەت بەدرخان لە ساڵی (1932)لە دیمەشق بە هەماهەنگی لەگەڵ براکەی کامەران بەدرخان «گۆڤاری هاوار»بە دوو زمانی کوردی و فەڕەنسی بڵاودەبۆوە، یەکەمین ژمارەی لە (1932)بڵاوبۆوەو تا ساڵی (1935)بەردەوامی هەبوو، لە ساڵی (1941)دووبارە دەستی بە بڵاوبونەوە کرد، تا ساڵی (1943)بەگشتی نزیکەی (57)ژمارەی لێ بڵاوبۆوە، لەگەڵ گۆڤاری هاوار پاشکۆیەك بەناونیشانی «ڕوناهی»بڵاودەبۆوە، یەکێك لە دیارترین کارەکانی نووسەرانی ئەو گۆڤارە ئەنجامیان دا، نووسینی ئەلف بای لاتینی بوو بە سوود وەرگرتن لە حروفی ئەبجەدی، یەکێك دیکە لەهەنگاوەکانیان جیاکردنەوەی لەهجەی کرمانجی و نووسینی چەندان کتێب لەوبارەیەوە، لەماوەی ساڵانی (1947-1949)کامەران بەدرخان قورئانی کوردی لەگەڵ (700)فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ)و پەندی پێشنیان بەزمانی کوردی وەرگێڕا، ئەو هەروەها ئینجیلی لۆقا، ئینجیلی یوحەنا، پەندی پێشینان و فەرمانڕەوایی فەڕەنساو ئەڵمانیای کردە کوردی، لە ساڵی (1953)کتێبی (کوشا کوردستان)هەڵۆی کوردستان، دەستووری زمانی کوردی دانا، کتێبی کۆتایی لە خوێندنگەی پیشەی کوردەکانی دانیشتووی پاریس دەخوێنرا، لە قۆناغی مانەوەی کاربەدەستانی حکومەتی فەڕەنسا، چالاکی ڕۆشنبیرانی کورد لە سوریاو لوبنان پشتیوانی دەکرا، لە گۆڤاری «هاوار»زۆر لە نووسەرو ئەدیبانی کورد بەهەماهەنگی لەگەڵ هونەرمەندانی وەکو مستەفا ئەحمەدبۆتی، قەدری خان، عوسمان صەبری، مەلائەحمەدی حەیدەرانی چالاکیان دەکرد کە لەهەموان بەناوبانگتربوون، شاعیری

نیشتمان پەروەری کورد مامۆستا شێخ موسا حسین ناسراو بە «جگەرخوێن»داخوازی (مگالبی)لەو گۆڤارەدا چاپ و بڵاوکردەوە، پاش سەربەخۆیی سوریا ساڵی (1946)زمانی کوردی قەدەغەو ناسنامەی کوردی نکۆڵی لێکرا، بەشێوەیەك زمانی کوردی تائێستاش کوردەکانی سوریا بەهۆی چالاکی فەرهەنگی یان سیاسی دەردەکرێن، چالاکیی و نووسین و بڵاوکردنەوەی داواکاری بەزمانی کوردی، تەنانەت خوێندنەوەی گشتی لەبارەی فەرهەنگ و مێژووی کورد، تاوانەو بە دەرکردن کۆتایی دێت.

جووڵانەوەی ڕووناکبیری کورد لە یەکێتی کۆماری سۆڤیەتی جاران

یەکیەتی کۆماری سۆڤیەت یەکەمین حکومەتە کە دانی بەبوونی میللەتی کورد دانا، کوردەکان لەوێ خاوەنی زمانێکی ئەدەبی سەربەخۆبوون، لە خوێندنگا بەزمانی دایك وانە دەخوێنن، بەزمانی کوردی خاوەنی ڕۆژنامەو ڕادیۆبوون، هەر لەبەرئەوە هەلومەرجی یارمەتیدەر لەپێناو پێشکەوتنی ڕووناکبیری هاتۆتەئارا، لە ئەرمەنستان و گورجستان خوێندنگای سەرەتایی و ناوەندی بەزمانی کوردی هەیە، لە زانکۆیی ئەرمەنستایش یەك کۆرسی تایبەت بەزمانی کوردی هەیە، کتێبێکی زۆر بەزمانی کوردی لە ئەیرەوان چاپکراوە، لەسەر بنچینەیی ئاماری خوێندکارانی کوردی نیشتەجێی ئەوروپا، لە ساڵی (1958)کتێبی چاپکراو پەیوەندیدار بڵاوبۆتەوە لە یەکێتی کۆماری سۆڤیەتی جاران، لە ماوەی (30)ساڵ نزیکەی (1500)کتێب بەزمانی کوردی چاپکراوە، ئێستاش کوردەکانی ئەرمەنستان ژیان و بارودۆخی ڕووناکبیریان گونجاوترە لەهەموو کوردەکانی تر زیاتر بەهرەمەندبوون(جگە لە بەشی عێراق)، کۆنترین تۆڕی ڕادیۆی کوردی، ڕادیۆی ئەیرەوانە لە ئەرمەنستان.

## کوردو ئەرمەن دۆست بوون نەك دوژمن

مەسەلەی جینۆسایدی ئەرمەن، بابەتێکی گرنگ و هەستیار و زیندووە، لە رابردوو و ئەمڕۆدا، لێرەو لەوێ زۆری لەسەر نووسراوە و زۆری لەسەر وتراوە. دەربارەی کۆمەڵکوژی ئەرمەن و بەشداری کردنی کورد و ناوهێنانی لەو کارە قێزەونەدا، زۆر نووسەر و مێژوونووس بێ ئاگایانە لە رابردوو و لە مێژوو، بێشەرمانە کوردیان خستووەتە بۆتەی ئەو تاوانە رەشە دژە مرۆڤایەتیە، بێ ئەوەی ئاگاداری پەیوەندیی و هاوکاریی و دۆستایەتی ئەم دوو نەتەوەیە بن، چونکە ئەوانە بەچاویلکەی نەتەوەپەرستی تورك و سەیری ئەو رووداوە دەکەن. لەکاتێکدا رۆژئاوا خۆی ئاگاداری کێشەکە بووە کەچی لەئاستیدا بێدەنگی نیشانداوە، ئەمەش بەهۆی بەرژوەندی و سیاسەتی خۆیان بووە، یان هەندێك کەس لەژێر سێبەری لایەنێکی توندڕەو و دژە کورد و بەکرێگیراو ئەو کارانە دەکەن و دەنووسن و هەڵی دەواسن، چونکە قسە بێدەسەڵاتە و هەموو کەس پێی دەوێرێت و دەتوانێت باق و بریقی پێ بدات و بیرازێنێتەوە.

ئەوانە هەرگیز فێر نەبوون بەچاوی واقیعی و مێژوویی ئاوڕ لە ئاریشە و کێشەکان بدەنەوە و راستییەکان وەك خۆی بگەیەنن و بینووسن، کە کورد هەر لەسەرەتاوە دۆست و هاوکاری ئەرمەن بووە و رۆڵی بەرچاوی هەبووە لەپاراستن و رزگارکردنی ئەرمەنەکان و پاراستنیان لەدەست دووژمنە سەرسەختەکەی هەردوولا کە تورکی دەمارگیر بووە. ئەوانە هەرگیز زمانیان راست ناڵێ و قەڵەمیان واقعی نانووسێت و چاویان بەرایی نادات کورد ببینێت و دوژمنی سەرسەختی کوردن و کەسایەتیە ناودارەکانی کورد بە کەم سەیردەکەن، لەکاتێکدا ئەگەر چاوێك بەنێو لاپەڕەکانی مێژوودا بگێڕین بۆمان دەردەکەوێت کە کورد چەند بەپەرۆش بوون بۆ هاوکاری ئەرمەن و پاراستنیان لەو مەترسییانەی رووبەڕوویان بووەتەوە.

هەندێك لەوانە وەك (بەدرخان پاشا) کە هانی کوردەکانی دەدا بۆ ژن و ژنخوازی لەگەڵ ئەرمەنەکان، هەروەها رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (جوهانس لیبسیۆن) لەساڵی 1848 باس

له کورد و ئەرمەن دەکات و دەڵێت: دۆستایەتی و پەیوەندیان هێندە خۆش بوو، گەیشتبووە ئاستی ژن و ژنخوازی، جگە لەوەش ئەرمەنەکان لای میر بەدر خان رێز و پایەی تایبەتیان هەبوو تەنانەت بەچاوی کورد سەیری دەکردن، بۆیە هەندێك لەمێژوونوسان دەڵێن: بەدرخان پێی وابوە کورد و ئەرمەن یەك رەچەڵەکن، بەهۆی ئەو رێزەوە وایکرد هەمو ئەرمەنەکان بچنە پاڵیەوە ئەویش پشتیان پێ ببەستێ و ببنە جێی متمانەی لەهەموو کاروبارەکاندا، وەك راوێژکار و فەرماندەی سوپا. ئەمە لەکاتێکدا بو تورکەکان لەهەموو ئەو مافانە بێبەشیان کردبوون، کاتێك عوسمانییەکان هێرش دەکەنە سەر شۆڕشەکەی بەدرخان، ئەرمەنەکان شانبەشانی بەدرخان رووبەڕووی عوسمانییەکان وەستان. هەروەها لە راپەڕینەکەی یەزدان شێریش هەمان هەڵوێستیان هەبوو. یان کەسایەتیەکی وەك (شێخ عوبەیدوڵا) کە لە کۆنگرەی ساڵی 1880 دژی لێدانی ئەرمەنەکان بوو و نەیارەکانی ئەو فیکرەی دەمکوت کرد کە بەکرێگیراوی عوسمانییەکان بوون، ئەمەیە راستی مەسەلەکان، ئەرمەنەکان لەشۆڕشەکەی شێخ-یش دا بەشداربوون و هێندەی تر پەیوەندییەکانیان بەهێز و پتەو بوو، شێخ ئەوەی راگەیاند کە ئێمە و ئەرمەن براین و بۆیە ئەوانیش پشتیوانیان بۆ دەربڕی، هەروەها مێژوونووسی رووسی (مینۆڕسکی) کە لەو سەردەمە ژیاوە و دەڵێت: هیچ کەس لە ئەرمەنەکان لە بزووتنەوەکەی شێخ، زیان و ئازاریان پێنەگەشتووە) ئەمەش راستیەکی بەڵگەنەویستە و وەڵامێکی باشە بۆ ناحەزانی کورد و ئەرمەن.

ئەو هاوکاریانە بەردەوامە تا سەردەمی (سوڵتان عەبدولحەمید) و سوارەی حەمیدیە کە لەساڵی 1891 بە فەرمانی سوڵتان، پێکهێنرا لە (ئەلبان و چەرکەس و کورد) نەك بەتەنیا کورد، و لە باسکردنی ژمارەی سوارەی حەمیدیدا زۆر نووسەر کەوتونەتە هەڵەوە دەڵێن: سوارەی حەمیدی هەمووی کورد بوون، ئەمەش بەپشتبەستن بە سەرچاوە تورکیەکان بووە، بەڵام ئەمە دوورە لەڕاستیەوە، راستیەکەی ئەوەیە کە رۆبەرت ئۆڵسن باسی کردوە و دەڵێت: ژمارەی سەربازی سوارەی حەمیدی بریتی بوو لە (53) هەزار، هەروەها محەمەد رەسوڵ هاوار لەکتێبەکەیدا (کورد و باکووری کوردستان بەرگی یەکەم) ناوی نووسەرێك بەناوی (مروان المدور) دێنێت و دەڵێت: نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کۆی ژمارەی کورد لەسوارەی حەمیدی تەنها (10)هەزار کەس بووە، نەك هەموویان کورد

بووبن. ئەمەش کەسانی بەکرێگیراوی وەك (ئاغا و دەرەبەگی دژە کورد و ئەرمەن) ئەمانە چەند زیانیان بە ئەرمەن گەیاند، زۆر لەوە زیاتر زیانیان بەخودی کوردەکان گەیاندووە. ئەوانەی تێیدا بەشدار بوون لەپێناو دەستکەوتنی بەرژەوەندی خۆیان کاریان دەکرد، سەرەڕای ئەوەش دروشمی خودی سوڵتان ئەوە بوو کە (تا ئەمە هۆکارێك بێت بۆ کۆتایی بە کێشەی ئەرمەن و جینۆسایدکردنیان)، هەر ئەو دروشمەش بوو دەسەڵاتەکانی دواتر درێژەیان پێدا و لەسەری ڕۆشتن و کردیان بەشارێگە لەکوشتار و لەناوبردنی ئەرمەنەکان.

لەگەڵ ئەوەی سوارەی حەمیدی بەرهەمی عەقڵ و هزری سوڵتان بوو، بۆ لەناوبردن و لێدانی ئەرمەن و کوردەکان، بەڵام کورد بە گشتی دژی ئەرمەن نەبوون و ئەو کارانەی سوارەی حەمیدی کردیان لە ڕەشەکوژی ئەرمەن هەموویان کورد نەبوون و نابێت ئەوەش لەسەر کوردی تۆمار بکرێت، وەك ئەوەی هەندێك کۆلکە نووسەر کردوویانە، چونکە لەڕاستیدا ئەوە سوپایەکی سەربە حکومەت بووە و فەرمانی حکومەتی جێبەجێکردوە و نەیتوانیوە لەبڕیاری حکومەت دەرچێت،

سەرەڕای ئەوەش کوردستان لەو سەردەمەدا لەنێوان دوو بەرداشدا بووە، بەشی ڕۆژهەڵات و بەشی ڕۆژئاوا، لەبەشی ڕۆژئاواشدا کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوو هەموویان بەشدار نەبوون بەشی باشووری هەر ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نەبوون، تەنانەت ئامادەش نەبوون یەك سەربازی خۆیان بنێرن بۆ ئەو کوشتارە، ئەوەی ئاگاداری ئەو کێشەیە بوو تەنیا کوردەکانی باکوور بوون، ئەوانیش وەك دانیشتووان بەشدار نەبوون، بەڵکو هەندێك ئاغا و دەرەبەگ و کەسانی بەکرێگیراو هەبوون کە بەشدار بوون، بۆیە ناکرێت ئەمە نەتەوەیەکی پێ تاوانبار بکرێت و تاوانی ئەو کوشتارە بخرێتە ئەستۆی، چونکە کورد لەو ڕۆژگارەشدا خاوەن دەوڵەت و بڕیار نەبووە.

تەنانەت ناوهێنانی وشەی (کورد)یش لەڕوی زمانەوانییەوە ڕاست نییە، چونکە کەدەڵێن کورد واتە هەمو کورد بەشدار بووە، بەڵام لەمێژوودا هەرگیز نەتەوەی کورد بەژن و منداڵەوە، بەگەورە و بچووکەوە دژی هیچ نەتەوەیەك نەبووە، نەخوازە ئەرمەنیش کە پێکەوە گیرۆدەی دەستی دەوڵەتی عوسمانی بوون و هاوئازار و هاوخەم بوون، بەڵام دەکرێت بەناوی هەندێك ئاغا و دەرەبەگەوە ناوبنرێت نەك نەتەوەی کورد، لەسەرەوە

ئاماژەم بەوەدا کەهەموو سوارەی حەمیدی لەو کوشتارە بەشدار نەبوون و هەندێك ئاغای کورد دژی ئەو کێشەیە بوون، بۆیە لێرەدا دەمەوێت بە بەڵگە ناوی هەموو ئەو کەسانە بەرم کە کورد بوون لەناو سوارەی حەمیدی و لە دەرەوەی ئەو سوپایە بوون دژی ئەو کێشەیە بوون، تەنانەت ئەرمەنەکانیشیان پاراستووە و روبەڕووی دەوڵەت وەستاون بۆ پاراستنیان.

ئەو کەسانەی لەناو سوارەی حەمیدی بوون و ئەرمەنەکانیان لەکوشتن و لەناوبردن پاراست و دژی ئەرمەن نەبوون وەك ( مەتیعولا) کە لەناوچەی مۆکس و (بەدرخان بەگ) لە مەرگەوەڕ و قایمقام (حاجی خان)لە نوردز، ئەمە و جگە لەوەش کەسایەتیەکی وەك (زوهێر ئاغا) یەکێك بووە لەو ئاغایانەی کە دژی سوپای عوسمانی وەستاوە بۆ پاراستنی ئەرمەنەکان، کوردەکانی ناوچەی دەرسیمیش زیاتر لە 50 هەزار ئەرمەنی ئاوارەیان لەکوشتن پاراست و رزگاریان کردن، هەروەها کەسایەتییەکی کوردی وەك (ئیبراهیم پاشای میلی) کە پلەی میری میرانی هەبوو زیاتر لە 10 هەزار ئەرمەنی لەکوشتن پاراست، سەرەڕای ئەوەش هەڵویستی رۆژنامەی (کوردستان)یش کە بۆ ئەو کات زمانحاڵی نەتەوەی کورد بوو، دڵسۆزانە هانی کوردانی دەدا کەدژی سوڵتان بن و دور بن لەکوشتاری ئەرمەنەکان، ئەمەیە هەڵوێست و رۆڵی جوامێرانەی کورد و رۆژنامەکەی.

لەراستیدا ئەوەی لەمێشکی تورکەکاندا بوو و پلانی بۆ دانرابوو، بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی نەتەوەی ئەرمەن بوو، لەمێژوودا کورد نەخشەی بۆ لەناوبردنی هیچ نەتەوەیەکی غەیرەدین و غەیرە خۆی دانەناوە و هەرچی رویدابێت دەستی دەرەکی بووە و توانیویانە بەچەند بەکرێگیراوێك ئەو کارانە بکەن وەك جاشەکانی لای خۆمان کەدەستیان لەئەنفالی کوردان دا هەبوو، دواتر وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچون. تورکیش ئێستا دەیەوێ دەستی تاوانی رەشی خۆی بەسەر کوردی بێتاواندا بسرێ.

هەروەها لەساڵی 1903شدا تورکەکان ویستیان ئەرمەنەکانی ناوچەی ساسۆن دەرکەن و ئەوانیش راپەڕین، کوردەکانیش وەك وەفایەك بۆ ئەرمەنەکانی دراوسێیان لەو راپەڕینەدا بەنهێنی و بەئاشکرا یارمەتی ئەرمەنە راپەریوەکانیان دا، هەر ئەمەش بوو وای لە کونسوڵی بەریتانیا کرد لە ئەرزەرۆم کە لە نامەیەکی رۆژی 16ی تشرینی یەکەمی

1903بنوسێت: «لەم چەند مانگەی دواییدا دیاردەیەك سەرنج رادەكێشێت ئەویش مەسەلەی پەیوەندی كورد و ئەرمەنە و كوردەكان یارمەتی ئەرمەنەكان دەدەن) تەنانەت بەریتانییەكانیش چاویان بەم دۆستایەتیەدا هەڵنەدەهات، بەهەمان شێوەش لەسەردەمی هاتنە سەركاری توركە لاوەكان لەساڵی 1908دا كورد و ئەرمەن دۆست و هاوكاری یەك بوون و هەر لەو سەردەمەشدا ریكخراوی (كورد تعاون ترقی جمعیتی) بە سەرۆكایەتی شێخ عەبدولقادری نەهری دامەزرا كە یەكێك لەئامانجەكانی بەهێزكردنی پەیوەندی كورد و ئەرمەن بوو، ئەمە هەڵوێستی كوردە نەك كوشتاری ئەرمەن، و خەباتی سیاسی و چەكداری كورد و ئەرمەن دژی چەوساندنەوەی سوڵتانە عوسمانییەكان لەسەرەتای سەدەی بیستەم رۆڵێكی باش و گرنگی گێرا لە پەیوەندییەكانی ئەم دوو گەلە شۆرشگێرە بەهۆی هاوبەشی و لەیەك چوونیان لەرووی چەوساندنەوە و بێبەش بوون لەمافی نەتەوایەتی یان زۆر جار هەماهەنگ بوون لە رووبەرووبوونەوەی زوڵم و زۆری، لەو قوناغەدا كۆمەڵانی كورد و ئەرمەنی بانگەوازی یەكریزییان بۆ یەك دەكرد.

تەنانەت كە توركە لاوەكان پێشتر بەڵێنیان بەهەردوو نەتەوە دابوو لەو بەڵێنەی خۆیان پاشگەزبوونەوە ئەمەش سیاسەتێكە لای زۆر دەوڵەتی داگیركەری كورد و ئەرمەنەكان درێژەی هەبووە، بۆیە دژی هەردوو نەتەوە بوونەوە و، لێرەدا توركەكان ئەرمەنەكانیان بە لەمپەر دەزانی بۆ جێبەجێكردنی فكرە و هزری پانتورانیزمیان كە گەیشتن بوو بەناوچەكانی (ئازەربایجان و توركمانستان)و دروستكردنی دەوڵەتی تورانی تورك، بۆیە ساڵی 1909 جارێكی تر ماڵوێرانیان هێنایەوە بەسەر ئەرمەنی زوڵملێكراودا.

هەر لەو قۆناغە بەدواوە چەند كەسایەتیەكی تری كورد وەك (حەسەن بەدرخان و عەبدولرەزاق بەدرخان) رۆڵێكی بەرچاویان بینی لەپتەوكردنی پەیوەندی كورد و ئەرمەن، لەراستیدا ئەمە هەڵوێستی ناودارانی كوردە كەچی ناحەزانی كورد، كورد بەو مەسەلەیە تاوانبار دەكەن بێ بەڵگە، لەساڵی 1913، (مەلا سەلیم) داوای هاوكاری و كۆمەكی لە ئەرمەنەكان كرد و پاشتر كە راپەرینێكی بەرپاكرد كورد و ئەرمەن جارێكی تر دۆست و هاوكاری یەك بوون و بۆ پاراستنی یەكتر هەوڵیان دەدا، هەرلەبارەیەوە

رۆژنامەی ئەرمەنی بەناوی (هوریزۆن) دەنوسێت: (کوردەکان بەوپەڕی رێز و دۆستایەتی لەگەڵ ئەرمەنەکان هەڵسوکەوت دەکەن)، ئەمە شایەتی دانی خودی ئەرمەنەکانە بە بەڵگەوە، ئیتر ئەوانەی باسی کورد دەکەن لەکوشتاری ئەرمەن تەنیا فیشەك بەتاریکیەوە دەنێن.

بەڵام ناحەزانی هەردوولا حەزیان بەئاژاوە و قسەی بێ بەڵگەیە و دەیانەوێت بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان کورد لەو مەسەلەیەدا تاوانبار بکەن، تەنانەت تورکەکان پڕوپاگەندەیان لەسەر کورد و ئەرمەن بڵاو دەکردەوە دەیان وت کوردەکان لەجیاتی ئەوەی داوای مافی خۆیان بکەن هێرش دەکەنە سەر ئەرمەنەکان بەڵام ئەم هەوڵانە بەفیڕۆ چوون.،

کەچی خۆشبەختانە ئەمڕۆ لای ئەرمەنیش ئەوە ساغ بووەتەوە کە کورد دەستی لەو کوشتار و کێشەیەدا نەبووە تەنانەت مێژوونووسی ئەرمەنی (ئارشاك سافرستیان) لەکتێبی کورد و کوردستانەکەی ئەوەی ئاشکرا کردوە کە: (خودی تورکەکان هەموو تاوانێکی لێککەوتنی هەردوو گەلی برای کورد و ئەرمەنیان لەئەستۆدایە نەك کوردەکان)، ئەمەش بەڵگەیەکی تری خودی مێژونوسی ئەرمەنەکانە و دیرۆك نووسەکانیان شایەتی لەسەر دەدەن، لەڕاستیدا پێم وایە هێندەی نووسەران و مێژوونوسان باسی ئەوەیان کردوە کە کورد بەشدارە لەکوشتاری ئەرمەن و کۆمەڵکوژی ئەرمەن و تاوانبارکردنیان بەکوشتاری ئەرمەن، هەرگیز باسی ئەوەیان نەکردوە کە کورد چەندێك ئەرمەنی پاراستووە و لەمردن رزگاری کردوون، خۆشبەختانە دەتوانین بڵێین نیوەی ئەرمەنەکانی ئەمڕۆ نەوەی ئەو ئەرمەنانەن کوردەکان لەمردن رزگاریان کردوون.

جینۆسایدی ئەرمەن

بنەماڵەکەمان زۆر گەورە بوو نزیکەی 70 کەس دەبووین، بەڵام تەنیا 7 یان 8 کەسمان» زیندوو ماینەوە، دایکم بەتەنیا دەگریاو بەهۆی ئەو گریانەشەوە دەگریا ئەو ئاگاداری مەرگی خوشکەکەم بوو براکەم لەبەر برسێتی گیانی لەدەستدا جگە لەوە دەیتوانی چی بکات دایکم ناچار بوو خوشك و براکانی ترم لەسەر رێگا بەجێ بهێڵێ». ئەمەبەشێکە لەقسەکانی پترۆس غەزەلیان، پیرەمێردی نەوەدساڵەی ئەرمەن کە یەکێکە لەپاشماوەکانی قەتڵوعامی ئەرمەنەکان لە تورکیا.

ئەرمەنەکان پێیانوایە کە دەوڵەتی عوسمانی بەپێی بەرنامەیەکی تایبەتی و بەئامانجی پاکتاوی نەژادی، ئەوانی لە شوێنی باوباپیرانی خۆیان دەرکردووە و رەوانەی سەحرای سوریای کردوون. ئەوان تەئکید دەکەنەوە لەوەی کە لە میانەی ئەو رووداوانەدا یەك ملیۆن و نیو ئەرمەنی لە خراپترین هەلومەرجەکاندا گیانیان لەدەست داوە.

بەشێکی زۆر لە مێژوونوسانی غەیرە تورك بەرواری ئەو رووداوانە بەساڵی 1915 لە قەڵەمدەدەن و ئەوەش پشتڕاست دەکەنەوە کە بەرنامەیەکی تایبەتی بۆکوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنەکان لە ئارادا بووە.

بەپێی ئیدیعای دەستەیەك لەمێژوونووسان بەرنامەی کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنەکان لەلایەن محەمەد تەلعەت پاشا وەزیری ناوخۆ و ئیسماعیل ئەنوەرپاشا وەزیری جەنگ وئەحمەد جەمال پاشا وەزیری دەریاوانی تورکیاوە ئامادەکراوە، کە هەموویان ئەندامانی کۆمەڵەی ئیتیحادوتەرەقی بوون.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەربارەی بەرنامەی پاکتاوی رەگەزی ئەرمەنەکان بڵاو کراونەتەوە، لەقۆناغی یەکەمدا پیاوانی ئەرمەن لەتەمەنی 15 تا50 ساڵی بەبیانووی بردنیان بۆ بەرەی جەنگ کۆکراونەتەوەو دواتر بێگارییان پێکراوەو کوژراون.

هەروەها لە رۆژی24/4/1915دا نزیکەی300 کەس لە سەرکردەو بیرمەند و رووناکبیرانی ئەرمەن لەشاری ئەستەنبوڵ دەسگیرکراون ودواتر بەشێوەیەکی زۆرخراپ کوژراون. بە پێی ژمارەیەك لە سەرچاوە مێژووییەکان هەرلەو رۆژەدا نزیکەی 5000 هاولاتی دیکەی ئەرمەن کوژراون.

جەمال وەلی، نوسەری ئەرمەنی، لە بابەتێکدا دەربارەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە تورکیا دەڵێت:

لە قۆناغی یەکەمەدا تورکەکان دەنگۆی ئەوەیان بلاوکردەوە کە رووسەکان یارمەتی» ئەرمەنەکان دەدەن و خیانەت بەدەوڵەتی عوسمانی دەکەن و بە دووژمنانی ناوخۆیی وەسفیان دەکردن و ئەمەش شتێك نەبوو جگە لەئامادەکردنی زەمینەی قەتڵوعام.«

لە قۆناغی دووەمدا نزیکەی 300 هەزار لاوی ئەرمەنی بەبیانووی سەربازییەوە کۆکرانەوەو دواجاریش هەموویان لەناوبران. لە قۆناغی سێیەمیشدا کوشتاری بەکۆمەڵی

ژن و منال و پیرانی ئەرمەنی دەستپێکرد و هەرکەسێك کە ئاوونانی بدایەتە ئەرمەنێك لەسێدارەدەدرا.

حکومەتی عوسمانی لە رێی رێکخراوێکی تایبەتەوە بەناوی تەشکیلاتی مەخسوسە قۆناغی «سێیەمی جینۆسایدی ئەرمەنەکانی جێبەجێ کرد

هێشتا بە تەواوەتی ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نییە سەبارەت بە ژمارەی ئەو ئەرمەنانەی کە لە تورکیا کوژراون، خودی ئەرمەنەکان و چەندین سەرچاوەی مێژوویی باسی ئەوە دەکەن کەنزیکەی یەك ملیۆن و نیو ئەرمەنی لە تورکیا کوژراوەو یەك ملیۆنی دیکەش ئاوارەی وڵاتی ئێران و لوبنان و وڵاتانی ئەوروپا بوون.

حکومەتی تورکیا لەگەڵ ئەم ئامارەدا نییە و تەئکید دەکاتەوە لەوەی کە بەهیچ شێوەیەك جینۆسایدی ئەرمەنەکان رووینەداوە، بەڵکو لەرووداوەکانی ساڵی 1915دا کەبەهۆی هاوکاری ئەرمەنەکان لەگەڵ رووسیا روویانداوە نزیکەی سێ سەد هەزارکەس کوژراون.

ئەرمەنەکان سوارەکانی حەمیدی و ژمارەیەك لە کوردەکانیش بەوە تۆمەتباردەکەن کە لەگەڵ تورکەکاندا دەستیان هەبووە لەپاکتاوی نەژادی ئەرمەندا.هێشتا بە روونی دیارنییە کەبەشداری سوارەکانی حەمیدیە کە کورد بوون بە چ شێوەیەك بووە لە قەتڵوعامی ئەرمەنەکاندا، بەڵام ئەوە روونە کە دەسەڵاتی سیاسی لەو سەردەمەدا بە دەستی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی وە بو کە رێکخراوێکی نەژادپەرستی تورك بووە.

بەگوێرەی نووسینەکانی جەمال وەلی، کوردەکانی دێرسیم نزیکەی سی هەزار ئەرمەنیان لەدەستی سەربازانی عوسمانی رزگار کردوە و هەندێك لە سەرچاوە مێژووییەکانیش باسی رزگارکردنی هەندێك لە ئەرمەنەکان دەکەن لەلایەن کوردەکانەوە.

تا ئێستا زیاتر لە 15 وڵاتی جیهانی کە فەرەنسا و ئیتالیاو ئەڵمانیاشیان لەنێودایە لەگەڵ ڤاتیکان و چەند ویلایەتێکی ئەمریکا، جینۆسایدی ئەرمەنیان لە تورکیا بەرەسمی ناسیوەو داوایان لەو وڵاتە کردوە کە بەرپرسیارییە مێژوویەکانی خۆی دەرهەق بەو رووداوەوە جێبەجێ بکات.

پترۆس غەزەلیان، پیرەمێردێکی 90 ساڵەی پاشماوەی قەتڵ و عامی ئەرمەنەکانە لە تورکیا ئەو بە زمانی تورکی قسەدەکات ئەمەش زمانی وڵاتێکە کە لەکاتی منالێدا

غەزەلیانی لە زێدی خۆی دەرکردووە غەزەلیان دەڵێت: بنەماڵەکەمان زۆر گەورە بوو، نزیکەی 70 کەس دەبووین بەڵام تەنیا 7 یان 8 کەسمان زیندوو ماینەوە دایکم بەتەنیا دەگریاو بەهۆی ئەو گریانەشەوە گیانی لەدەستدا ئەو ئاگاداری مەرگی خوشکەکەم بوو براکەم لەبەر برسێتی گیانی لەدەستدا جگە لەوە دەیتوانی چی بکات دایکم ناچار بوو لەسەر رێگا براکانی ترم جێ بهێڵێت چاوەروانی ئەو رۆژە دەکەم کە حکومەتەکانی تر یارمەتیمان بدەن واتە دەمرم بە ئاواتی ئەو رۆژە دەمێنمەوە کە بڵێن بەڵێ ئێمە ئەم کارەمان کرد

ئەوەی گوێبستی بون بەشێکە لە فیلمی بەڵگەیی جەیمز میلرە، لەسەر قەتڵوعامی ئەرمەنەکان کە تێیدا پەترۆس باسی ئاواتێکی خۆی دەکات بۆئەوەی جینۆسایدی ئەرمەن .بە رەسیی بناسرێت

لەوانەیە پترۆس نەگاتە ئاواتەکەی، چونکەحکومەتی تورکیا تا ئێستا ئەوە قبوڵ ناکات کە .کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنەکان لەوڵاتەکەیدا رویدابێت

حکومەتی دادوگەشە پێدان لە تورکیا رایگەیاندوە کە ئامادەیە ئەرشیڤە مێژوویەکانی خۆی .بکاتەوە بەرووی لێکۆڵیاراندا،بەڵام ئەمە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە

وەجدی گونول، وەزیری بەرگری تورکیا لەلێدوانێکدا رایگەیاند: کە ئەگەر ئەرمەنەکان لەخۆرهەڵاتی تورکیا بمایەنەوە هیچ کات دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا دروست نەدەبوو. ئەمەش وەکو ئەوە وابوو کە ئەو بۆچونانە پشتراست بکاتەوە کە جینۆسایدکردنی .ئەرمەنەکان بەشێك بووە لەپلانی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا

گونول، رۆژێك دوای ئەو لێدوانە لە قسەکانی پەشیمان بۆوەو وتی: بە هەڵە لێم تێگەیشتون، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرانی تورکیا هەڵمەتێکیان دەستپێکردوە بۆداوای لێبوردن کردن لە ئەرمەنەکان لەبەر ئەو کوشتارەی کە لێیان کراوە. عەبدوڵا گویل رایگەیاندوە: کەپێویستە ئەم کارەی رۆشنبیرانی تورکیا لەچوارچێوەی ئازادی دەربڕین لە قەڵەمبدرێت، بەلام رەجەب تەیب ئەردۆغان بە تەواوەتی رەتیکردۆتەوەو سوپای تورکیاش ئەو کارەی بە مەترسیدار وەسفکردوە. ئەمەشە وادەکات کە هیوای ئەرمەنەکان بەوەی کە رۆژێك لە رۆژان تورکیا داوای لێبوردنیان لێبکات جارێ وەك .خەیاڵێك بێتە بەرچاو

غەزەلیانی لە زێدی خۆی دەرکردووە غەزەلیان دەڵێت: بنەماڵەکەمان زۆر گەورە بوو، نزیکەی 70 کەس دەبووین بەڵام تەنیا 7 یان 8 کەسمان زیندووماینەوە دایکم بەتەنیا دەگریاو بەهۆی ئەو گریانەشەوە گیانی لەدەستدا ئەو ئاگاداری مەرگی خوشکەکەم بوو براکەم لەبەر برسێتی گیانی لەدەستدا جگە لەوە دەیتوانی چی بکات دایکم ناچار بوو لەسەر رێگا براکانی ترم جێ بهێڵێت چاوەروانی ئەو رۆژە دەکەم کە حکومەتەکانی تر یارمەتیمان بدەن واتە دەمرم بە ئاواتی ئەو رۆژە دەمێنمەوە کە بڵێن بەڵێ ئێمە ئەم کارەمان کرد

ئەوەی گوێبستی بون بەشێکە لە فیلمی بەڵگەیی جەیمز میلرە، لەسەر قەتڵوعامی ئەرمەنەکان کە تێیدا پەترۆس باسی ئاواتێکی خۆی دەکات بۆئەوەی جینۆسایدی ئەرمەن .بە رەسیی بناسرێت

لەوانەیە پترۆس نەگاتە ئاواتەکەی، چونکەحکومەتی تورکیا تا ئێستا ئەوە قبوڵ ناکات کە .کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنەکان لەوڵاتەکەیدا رویدابێت

حکومەتی دادوگەشە پێدان لە تورکیا رایگەیاندوە کە ئامادەیە ئەرشیڤە مێژوویەکانی خۆی .بکاتەوە بەرووی لێکۆڵیاراندا،بەڵام ئەمە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە

وەجدی گونول، وەزیری بەرگری تورکیا لەلێدوانێکدا رایگەیاند: کە ئەگەر ئەرمەنەکان لەخۆرهەڵاتی تورکیا بمایەنەوە هیچ کات دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا دروست نەدەبوو. ئەمەش وەکو ئەوە وابوو کە ئەو بۆچونانە پشتراست بکاتەوە کە جینۆسایدکردنی .ئەرمەنەکان بەشێك بووە لەپلانی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا

گونول، رۆژێك دوای ئەو لێدوانە لە قسەکانی پەشیمان بۆوەو وتی: بە هەڵە لێم تێگەیشتون، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرانی تورکیا هەڵمەتێکیان دەستپێکردوە بۆداوای لێبوردن کردن لە ئەرمەنەکان لەبەر ئەو کوشتارەی کە لێیان کراوە. عەبدوڵا گویل رایگەیاندوە: کەپێویستە ئەم کارەی رۆشنبیرانی تورکیا لەچوارچێوەی ئازادی دەربڕین لە قەڵەمبدرێت، بەلام رەجەب تەیب ئەردۆغان بە تەواوەتی رەتیکردۆتەوەو سوپای تورکیاش ئەو کارەی بە مەترسیدار وەسفکردوە. ئەمەشە وادەکات کە هیوای ئەرمەنەکان بەوەی کە رۆژێك لە رۆژان تورکیا داوای لێبوردنیان لێبکات جارێ وەك .خەیاڵێك بێتە بەرچاو

غەزەلیانی لە زێدی خۆی دەرکردووە غەزەلیان دەڵێت: بنەماڵەکەمان زۆر گەورە بوو، نزیکەی 70 کەس دەبووین بەڵام تەنیا 7 یان 8 کەسمان زیندووماینەوە دایکم بەتەنیا دەگریاو بەهۆی ئەو گریانەشەوە گیانی لەدەستدا ئەو ئاگاداری مەرگی خوشکەکەم بوو براکەم لەبەر برسێتی گیانی لەدەستدا جگە لەوە دەیتوانی چی بکات دایکم ناچار بوو لەسەر رێگا براکانی ترم جێ بهێڵێت چاوەروانی ئەو رۆژە دەکەم کە حکومەتەکانی تر یارمەتیمان بدەن واتە دەمرم بە ئاواتی ئەو رۆژە دەمێنمەوە کە بڵێن بەڵێ ئێمە ئەم کارەمان کرد

ئەوەی گوێبستی بون بەشێکە لە فیلمی بەڵگەیی جەیمز میلرە، لەسەر قەتڵوعامی ئەرمەنەکان کە تێیدا پەترۆس باسی ئاواتێکی خۆی دەکات بۆئەوەی جینۆسایدی ئەرمەن بە رەسیی بناسرێت.

لەوانەیە پترۆس نەگاتە ئاواتەکەی، چونکەحکومەتی تورکیا تا ئێستا ئەوە قبوڵ ناکات کە کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنەکان لەوڵاتەکەیدا رویدابێت.

حکومەتی دادوگەشە پێدان لە تورکیا رایگەیاندوە کە ئامادەیە ئەرشیڤە مێژوویەکانی خۆی بکاتەوە بەرووی لێکۆڵیاراندا،بەڵام ئەمە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە.

وەجدی گونول، وەزیری بەرگری تورکیا لەلێدوانێکدا رایگەیاند: کە ئەگەر ئەرمەنەکان لەخۆرهەڵاتی تورکیا بمایەنەوە هیچ کات دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا دروست نەدەبوو. ئەمەش وەکو ئەوە وابوو کە ئەو بۆچونانە پشتراست بکاتەوە کە جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان بەشێك بووە لەپلانی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا.

گونول، رۆژێك دوای ئەو لێدوانە لە قسەکانی پەشیمان بۆوەو وتی: بە هەڵە لێم تێگەیشتون، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرانی تورکیا هەڵمەتێکیان دەستپێکردوە بۆداوای لێبوردن کردن لە ئەرمەنەکان لەبەر ئەو کوشتارەی کە لێیان کراوە. عەبدوڵا گویل رایگەیاندوە: کەپێویستە ئەم کارەی رۆشنبیرانی تورکیا لەچوارچێوەی ئازادی دەربرین لە قەڵەمبدرێت، بەلام رەجەب تەیب ئەردۆغان بە تەواوەتی رەتیکردۆتەوەو سوپای تورکیاش ئەو کارەی بە مەترسیدار وەسفکردوە. ئەمەشە وادەکات کە هیوای ئەرمەنەکان بەوەی کە رۆژێك لە رۆژان تورکیا داوای لێبوردنیان لێبکات جارێ وەك خەیاڵێك بێتە بەرچاو.

## کارەساتی قەڵای دمدم

ئێمە دەزانین بەر لە داهێنانی نووسین مرۆڤەکان چیرۆک و ڕووداوەکانیان زارەو زار بۆ یەکدی دەگێڕایەوە، نەوەی هاوچەرخی ڕووداوەکە بۆ نەوەکانیان و ئەوانیش بۆ نەوەی دواتر، ئیدی دەماو دەم بۆ ماوەیەکی درێژ بیرەوەری ڕووداوە گرنگەکانیان لە فەوتان دەپاراست، بۆ ئەم مەبەستەش ڕووداوەکانیان تێکەڵ بە بەیت و گۆرانی و ئاوازە فۆلکلۆریە ناوچەییەکانیان کردووە. گەلی کوردیش وەک نەتەوەیەک کە خوێندن و نووسین تێیدا لە ئاستێکی نزمدا بووە، یان گەر هەشبووبێ هەردەم لە چوارچێوەی پرس و بابەتە ئاینیەکاندا ماوەتەوەو کەمجار هەبووە کەڵکی لێ وەربگیرێ بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکان و نووسینەوەی مێژووی ناوچەکە. هەر بۆیەش لاوک و حەیران و هونەرە میلی و فۆلکلۆریەکان ئەو جێگا خاڵیەیان پڕکردووەتەوە و بەشێکی باش لە ڕووداوە گرنگ و پڕ بایەخەکانی مێژووی ئێمەیان پاراستووە. یەکێک لەو ڕووداوە بە پێزو گرنگانەی کە لە فۆلکلۆری کوردیدا جێگایەکی باشی گرتووە داستانی قەڵای (دمدم)ە، ئەم ڕووداوە مێژووییە کە لە ساڵانی (١٦٠٦-١٦٠٨) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نزیک شاری ورمێ ڕوویداوە، توانیویەتی کاریگەریەکی قوڵ لەسەر بیرو هەستی مرۆڤی کورد بەجێبهێڵێ، بە جۆرێک لە زۆرینەی شێوەزارەکانی کوردستاندا بەیت و گۆرانی تایبەتی لەسەر سازکراوە. سەردەمی ڕووداوەکە هاوچەرخە لەگەڵ فەرمانڕەوایی یەکێک لە بەهێزترین شاکانی سەفەوی، کە ئەویش شا عەباسی سەفەویە کە لە ساڵانی (١٥٨٧-١٦٢٩) فەرمانڕەوایەتی ئێرانی کردووە. ئەمیرخانی لەپ زێڕین، کە کەسی یەکەم و پاڵەوانی ڕووداوەکەیە، بڕیار ئەدات قەڵایەکی تۆکمە بۆ پاراستنی خۆی و دەسەڵاتەکەی دروست بکات، کە دواتر بە قەڵای (دمدم) دەناسرێت، ئەم کارەش ناڕەزایەتی شاعەباسی لێ دەکەوێتەوەو کۆتاییەکەی بە جەنگێکی خوێناوی تەواو دەبێ. سەرەتا با ئەمیرخان بناسین، ئەمیرخان کە وا ناسراوە سەرۆک هۆزی برادۆست بووبێ بەڵام بە ڕای دکتۆر سەروەر عەبدولڕەحمان، ئەمیرخان سەرۆکی هۆزی گەورەی

جەلالی(گەڵاڵی) بووە، بەڵام ئەو ناوچەیەی تێیدا ژیاوە بە ناوچەی برادۆست بەناوبانگ بووە، بۆیە بە ئەمیرخانی برادۆستیش ناوی هاتووە. ئەمیرخان میرێکی ژیرو تێگەیشتوو بوو، کەسێکی بەتواناو جەنگاوەرێکی نەبەرد بوو، لە نێو سەرچاوەکاندا بە چەندین ناوی جیاوازی وەک (ئەمیرخان، عەمەرخان، خانی برادۆست، خانێ، خانۆ، ئەمیرخانی یەک دەست، خانی لەپ زێڕین...هتد) ناوی هاتووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بە ئەمیرخانی لەپ زێڕین ناوبانگی هەیە، سەبارەت بەم نازناوەش چەند چیرۆکێکی جیاواز دەگێڕنەوە کە هەموویان زۆر تا کەم لە یەک دەچن و وای باسدەکەن کە خان لە نەبەردیەکدا دەستێکی پەڕیوە یان سوتاوەو دواتر ئەو دەستەی لە زێڕ بۆ دروست کراوەتەوە، جا لێرەدا بە چەند شێوەی جیاواز دەگێردرێتەوە، جارێک دەگوترێ گوایە لە پێناو شا عەباسدا وای لێهاتووەو شاعەباسیش لەبەرامبەردا وەک ڕێزێک دەستێکی لە زێڕ بۆ دروستکردووەتەوە، یان دەڵێن لە شەڕێک هاوکاری سوڵتانی عوسمانی بووە دژی ڕووس و دەستێکی پەڕیوە و سوڵتان دەستێکی لە زێڕ بۆ دروستکردوەتەوە، یان دەگوترێ بۆ یارمەتی میری سۆران لە شەڕ دژی عوسمانیەکاندا توشی ئەو ڕووداوە بووە، یان گوایە لە کاتی دروستکردنی قەڵای دمدمدا زۆر بەخشندە بووەو زێڕی زۆری بە وەستاو کرێکارەکان داوە بۆیە پێی وتراوە خانی لەپ زێڕین، ئەمانەو چەندان گێڕانەوەی دیکەش کە ڕوون نیە کامەیان ڕاستترە. ئەمیرخان وەک باسدەکرێ سەرەتا لە ژێر هەژموونی دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی بووە، بەڵام لە کارێک بێ فەرمانی سوڵتان دەکات و بۆیەش ناچاردەبێ بۆ خۆ پاراستن لە هێرشی سوڵتان پەنابەرێتە بەر شا عەباسی سەفەوی و ئەویش بە ڕێزو پێزانینەوە قبوڵی دەکات. ئەمیرخان لەسەرەتادا پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ شاعەباس هەبووە، هەر بۆیەش داوای لێدەکات کە ڕێگەی بدات قەڵایەک بۆ خۆ پاراستن بنیاد بنێ، وەک دەڵێن سەرەتا شا عەباس ڕازی بووە، بەڵام دواتر قزڵباشەکان دەچنە بن کلێشەیی و پەشیمانی دەکەنەوە، بەس ئەمیرخان گوێی پێ نەداو قەڵاکە بنیاد دەنێت، ئەمەش شاعەباس زۆر تورە دەکات و دەیهێنێتەوە سەر ئەو باوەڕەی ئەمیرخان مەترسیە لەسەر دەسەڵاتەکەی بۆیە بڕیاری لەناوبردنی ئەو مەترسیە دەدا گەر باجەکەی چەنێک گەورەو پڕ زیانیش بێت. بەڵام ئەمیرخان پێشتر بیری لەم پێشهاتانە کردبویەوە، هەر بۆیەش قەڵای دمدمی لەسەر کێوێکی زۆر سەخت و بڵند بنیادنابوو، کە

دەکەوێتە ناوچەی تەرگەوەڕ لە نێوان مەهاباد و ورمێدا. زنجیرە چیایەکی بەرفراوان لەوێدا هەیە کە هەردوو لوتکەی دمدم و (جمجم) لەو زنجیرەیەن، لەتەنیشت ئەم دوو کێوەدا ڕووباری (باراندێز) یان (باراندۆز) کە ڕووبارێکی جوان و قەشەنگە تێدەپەڕێت. قەڵاکە لەسەر کێوی دمدم دروستکراوە، ناوچەیەکی شاخاوی گەورە دەگرێتەوە کە تەنها لەلای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەوە، ڕێگە هەیە بچیتە ناویەوە و بۆی سەربکەویت.

لای باکور و باشوری بە تاشە بەردی ساف و هەزار بە هەزار گیراوە کە ناتوانرێت بەسەریدا تێپەڕیت. ئەسکەندەر بەگی مونشی تورکمان کە مێژوونوسی دەرباری سەفەوی بووەو شاهیدی شەڕەکانی دمدمە، بەم جۆرە وەسفی قەڵای دمدم دەکات: (قەڵای دمدم لەسەر کێوێکی تاشە بەردی درێژکار دامەزراوە، سەر پشتی ئەو چیایە وەکوو پشتی گاوایە، لای باکور و باشوری دووشیوی قوڵی هەزار بەهەزار بوو، ئەوەندە بەرزبوو مەگەر بەپێ پلیکانەی خەیاڵ بیهێنینە بەرچاومان چۆن پێیدا سەربکەوین). قەڵاکە بە چەندین شورەو بورجی بەهێز پارێزرابوو، کانیاوێک دەکەوتە ناو قەڵاکەوە کە ئەمیرخان بە یارمەتی کەسانی شارەزا توانیبووی ڕێکخستنێکی تایبەت بۆ گواستنەوەی ئاوەکەی بکات و ئاو بە هەموو بەشەکانی قەڵا بگەیەنێ و هاوکات سەرچاوەی سەرەکی کانیاوەکەشی شاردبۆیەوە بە جۆرێک کەس هەستی نەدەکرد لە کوێدایە، جگە لە چەند کەسێکی دیاریکراو نەبێ کە یەکێک لەوانە کەسێکە بە ناوی (مەحمود ئالیکانی) کە دەگوترێ دواتر لەکاتی گەمارۆدانی قەڵادا خیانەت لە ئەمیرخان و دانیشتوانی قەڵا دەکات و سەرچاوەی ئاوەکە نیشانی لەشکری شا عەباس ئەدات، هەرچەند ئەمەش بە تەواوی ڕوونیەو پێ دەچێ هێزەکەی شا کە ئەزمونیان لە داگیرکاری و جەنگدا هەبووە بە پشت بەستن بە کەسانی شارەزای خۆیان سەرچاوەی ئاوەکەیان دۆزیبێتەوە. هەروەها قەڵاکە بازاڕێکی گرنگیشی تێدابووە کە لەو کاتەدا شوێنێکی سەرەکی بووە بۆ کارو چالاکیە بازرگانیەکان لەو ناوچەیەدا. هەرچەند دەگوترێ مێژووی قەڵاکە کۆنترەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانیەکان، بەڵام ئەمیرخان سەرلەنوێ نۆژەنی دەکاتەوەو زۆر بەشی نوێی بۆ زیاد دەکات. بەم شێوەیە ئەمیرخان قەڵایەکی تۆکمە بە تەواوی چەک و چۆڵی پێشکەوتووی ئەو دەمەوە بۆ پارێزگاری لە خۆی و دەسەڵاتەکەی ئەمادە دەکات. شاعەباس لەشکرێکی گەورە و پڕچەک بە سەرکردایەتی (اعتماد الدولە)ی سەرۆک

وەزیران دەنێرێتە سەرقەڵای دمدم. تەواوی سەرچاوەکان لەوەدا کۆکن کە لەشکری شا چەند بەرامبەری هێزی کوردان بووە، تەواوی هێزەکانی دمدم بە نزیکی هەزار کەس مەزندە دەکرێن لە کاتێکدا لەشکری دوژمن زیاد (٢٥) هەزار سوارو پیادە بووە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم، کە ئەویش گوایە بەشێکی ئەم لەشکرەی ئێران لە کوردەکانی هۆزی جەلالی پێکهاتوون کە لەوکاتەدا هۆزێکی گەورەی ناوچەکە بوون، بۆ ئەمەش پشت بە نووسینەکانی مێژوونوسی دەرباری سەفەوی "ئەسکەندەر بەگی منوشی تورکمان" دەبەستن کە ناوی کۆمەڵێک چەکدار دەهێنێ کە بە جەلالی ناسراون. بەڵام د.سەروەر عەبدولڕەحمان بە پشت بەستن بە چەندین بەسەرچاوە ئەم قسەیە ڕەت دەکاتەوەو دەیسەلمێنێ ئەو جەلالیانە کەسانێکی جیاوازبوون لە هۆزی جەلالی کوردی. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەوانەی لەو سەردەمەدا لە عوسمانیەکان یاخی ببونایەو پەنایان بۆ دەوڵەتی سەفەوی بهێنایە بە جەلالی ناودەبران، ئەو گروپەش کە لە شەڕی قەڵای دمدم هاریکاری لەشکری ئێرانیان کردووە هەر لەم کەسانەن و پەیوەندیان بەو هۆزە کوردەوە نیە، هەرچەند بێگومان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە لەشکری ئێران هیچ .هۆزو گروپێکی کوردیان لەگەڵ نەبوبێت

ئەم هێزە گەورەیەی شاعەباس ئابڵۆقەیەکی سەختی قەڵای دمدم ئەدەن کە ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت، کە باوەڕوایە نزیکەی دووساڵ و هەندێکیش پێیانوایە کە زیاتر لەو ماوەیەشی خایاندووە. لەم ماوەیە شەڕێکی سەخت و خوێناوی لە ئارادا بوو، لەشکری ئێران بە جۆرەها تۆپ و چەکی قورسی ئەو سەردەمە شوراکانی دمدمیان بۆردومان دەکرد، پیاوانی قەڵاش زوو زوو لە هێزەکانی ئێران دەهاتنە دەست و کوشتاری زۆریان لێ دەکردن. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا پێکدادانەکان تا دەهات قورسترو سەختتر دەبوون، دانیشتوانی قەڵاش ئازایانەو بە ورەو تاقەتێکی بێ وێنەوە بەرگریان دەکرد، هەموو سەرچاوەیەکی ژیانیان لە قەڵاکەدا فەراهەم کردبوو، ئەمە بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی سەرچاوەی ئاوی قەڵا بۆ هێزەکانی دووژمن ئاشکرابوو، بەم شێوەیەش ئاو لە دانیشتوانی قەڵا بڕا. هەرچەند لەم ماوەیەدا چەند جارێک بارانی بەخوڕ باری و کاتی زیاتری بە دانیشتوانی قەڵادا تا بتوانن خۆ ڕابگرن، بەڵام لە کۆتایدا بڕانی ئاو برستی لەبەر بڕین و تەواو ماندووی کردن. لەشکری سەفەویش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژدا زیاتر دەچونە پێشەوەو

ڕووەو قەڵای سەرەکی (قەڵای نارین) کە ئەمیرخانی تێدابوو، لە پێشڕەویدا بوون. لە کۆتایدا و دوای چەندین پێکدادان دانیشتوانی تا دەهات سەنگەری بەرگریان بەرتەسکتر و ناخۆشتر دەبوو، ئەمیرخان دوای ڕاوێژ بە ڕیشسپی و کاربەدەستانی قەڵا هەواڵی بۆ سەرلەشکری شا نارد کە ئامادەن خۆیان بە دەستەوە بدەن بەو مەرجەی ژیانیان پارێزراوبێ و چەکەکانیشیان لێ نەستێنن، ئەوانیش ڕازیبوون، بەڵام دواتر گرژی کەوتەوە نێوانیان و لە کۆتاییدا دوای پێکدادانێکی قورس ئەمیرخان و هاوەڵانی شەهید بوون. هەرچی ئافرەتانی قەڵاکەشە بۆ ئەوەی نەکەونە دەست دووژمن یان تا مردن بەرگریان کرد یان لەسەر تاشە بەردە بەرزەکانی قەڵاوە خۆیان فڕێدایە خوارێ و گیانی پاکیان لە پێناو بەرگری لە زێد و نیشتیمانی خۆیاندا بەخشی. بەم جۆرەش شەڕی قەڵای دمدم بوو بە داستانێک کە بۆ چەندین ساڵی دواترو هەتا ئەمڕۆش بۆتە وێردی سەر زاری کوردان و بە شانازی و گەرموگوڕیەوە یادی دەکرێتەوە.

## مێژووی جینۆسایدی باکووری کوردستان

جینۆساید بەپێی یاسا

بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1933 بۆ یەکەم جار لە لایەن دادوەری پۆلۆندی ( لیمکن ڕا فایل ) هاتە کایەوە، ئەم دادوەرە ئەو زاراوی لە کاتێکدا بەکارهێنا تەواوی ئەندامانی خێزانیەکەی بە دەست نازیەکان قەڵاچۆ کران، دواترلەساڵی 1944 بەنووسین تۆمارکرا لە «9»ی دیسمبەری ساڵی 1948 لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتووە، وەکو بڕیارێکی تایبەت بەژمارە (260) بڵاوکراوەتەوە، بەپێی بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بڕیاری ژمارە (96) بوو لە 11/12/1948 دەرکرا

دادگای نێودەوڵەتی «ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان» لە 28-5-1951 دا کە هۆکاری دانانی ئەو پەیماننامەیە ئامانجی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە کەجینۆساید مەحکوم بکات و سزای بخاتەسەر، وەك تاوانێك لە یاسای نێودەوڵەتیدا.

ڕێکەوتننامەی رۆمای 17ی تەمووزی 1998 هەیە، دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە ساڵی 2002 هەزار دامەزراوەو دەستی بەکارەکانی کردوەو تا ئێستا زیاتر لە 120 دەوڵەت ڕێککەوتنامەی رۆمای 1998 ی واژۆکردوە.

ئەوەتانێ لە مادەی «5»ی ڕێککەوتنامەکەدا، بەم شێوەیە ئەرك و تایبەتمەندییەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی چڕدەکاتەوەو دەست نیشانی دەکات:

جینۆساید ئەمانە لەخۆی دەگرێت:

یەکەم: تاوانی کۆمەڵکوژی «جینۆساید دووەم: تاوانی دژی مرۆڤایەتی سێیەم: تاوانی جەنگ

چوارەم: تاوانی دووژمنکارانە.

بەدرێژایی مێژووی حکومڕانی تورك بەشێوەیەکی زۆر دڕندانەو دوور لەهەموو بەها مرۆییەکان، بێ ڕەچاوکردنی یاساو ڕیساو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، ڕوو بەڕووی کوردستان و گەلی کورد لەوبەشەی داگیری کردوە. بە هەڵدانەوەیەکی خێرای لاپەڕەکانی مێژوو، بەڕەوانی ئەوەمان پێدەڵێن گەلی کورد، لەم بەشەی نیشتمانەکەی «باکوور» بەچی شێوازێك ڕوو بەڕووی سیاسەتی جینۆسایدکردن بوەتەوە.

عوسمانیەکان کێن

عوسمانیەکان هۆزێکی تورك بوون لە سەرەتادا لە ئاسیای ناوەڕاستدا نیشتەجێ بوون، کاتێك مەغولەکان بە سەرکردایەتی هۆلاکۆ خان خورسانی گرت، سولیمان باپیری عوسمان لە ساڵی 1220 کۆچی کرد بۆ وەڵاتی ئەنادۆڵ.

لە دوای مردنی سلیمان، ئۆرتغرۆڵی کوری جێگای گرتوە لەگەڵ هۆزەکەیدا ڕۆیشت بۆ شاری ئەرزینجان کە مەیدانی شەڕی سەلجووقییەکان و خوارەزمیەکان بوو ئۆرتغرۆڵ لە پێناو بەرژوەندی سوڵتان عەلائەدین سەلجوقی و سوڵتان قۆنیە کاری ئەکرد لەبەرانبەرەدا

سوڵتان لە سنوری خۆر ئاوای ئەندۆڵ بە تەنیشت ڕۆمەوە زەویەکانی فروان کرد عوسمانی یەکەم لە ساڵی (1265) مەغول بەغدای داگیر کرد و خەلافەتی عوسمانی ڕووخان دواتر لە ساڵی (1357) لە سەردەمی ئۆرخان عوسمانیەکان یەکەم جێگر بونیان لە ئەورپادا بینی لە دەوڵەتی عوسمانی لە دیوارەکانی ئەنقەرە لە ئاسیای بچووك تا تراقین لە بەلقان درێژ بووە

فەتحاتی ئاینی بۆ مەرامی سیاسی و جینۆساید

هەر لەسەردەمی عوسمانی یەکەم و دواتر ئۆرخانی کوڕی عوسمانی و مواردی یەکەم کوڕی ئۆرخان، بایەزیدی کوڕی موڕادی یەکەم، محمدی کوڕی یەکەمی بایەزیدی یەکەم، مواڕادی دووەم کوڕی محمدی یەکەم، موڕادی دووەم، سوڵتان محمد فاتیح، سوڵتان سولەیمان قانونی ... هتد . هەموو ئەوانە لە ژێر ناوی ئاینی و فەتوحات بە

هەزاران هاوڵاتی و بە دیان وەڵات و فەرمانڕوایی مەزنیان ڕووخاندن وەك هۆزە
کوردیەکان و ڕوخاندنی دەوڵەتی ئیسلامی ئەمەوی و جینۆساید کردنیان
سەیرەکە لەو دایە لە دەوڵەتی عوسمانیەکان هەر هەموویان دەستەڵاتیان لە بۆ باوەکەوە بۆ کوڕ و نەوە لە دوای نەوە درێژ دەکردوە هەتا ڕووخاندنی خەڵافەتی ئەفسانی عوسمانی لە دوای (600) ساڵ لەدوای 14 سەدەی خەڵافەتی ئیسلامی لە سەردەمی 1922 عەبدول مەجیدی دووەم عەرشی دەوڵتی عوسمانی گرتە دەست بە ڕووخاندنی خەلافەت کۆتای هات، دوای ئەوەی مستەفا کەمال ئەتاتورەك ڕێکەوتنامەی لۆزانی بەست لەگەڵ هاوپەیمانان و دەستی لە زۆربەی زەویە نا تورەکەکان هەڵگرت و خەڵافەتی هەڵوەشاندوە.

کەمال ئەتاتورك

مستەفا کەمال ئەتاتورك لەساڵی (1924) وەك سەرکردیەکی نەتەوە پەرستی دەرکەوت لەسەردەمی ئەتا تورك درێژ پێدری سیاستی جینۆسایدی دژ بە نەتەوەکانی غیر تورك دەدا جیاوازی نێوان سەرکردەکانی پێشووی تورك لەگەڵ کەمال ئەتا تورەك ئەوەیە ئەوانی پێشوو سەرکردی سیاسی بەناو ئیسلامی بوون بەڵام کەمال ئەتاتورك تەواو نەتەوە پەرست بوو لەساڵی (1924 ) توانی دەوڵەتی نوێ دامەزرێنێ.
،کەمال ئەتا تورك درێژی بە جینۆسایدی گەلی کورد لە باکوری کوردستان دا بەم شێوەیە لە تورکیاشدا «باکوری کوردستان» تەنها لە ساڵی 1925 بۆ 1928 لە «12» ناوچەی کورد نشین «8243» هەشت هەزارو دووسەدوچل و سێ گووند خاپوورو وێران کراون و «13788» سیانزە هەزارو حەوسەدو هەشتاو هەشت کەسیش جینۆسایدکراون. لە ساڵی 1937 «10» هەزار هاوڵاتی و لە ساڵی 1938 «6» شەش هەزارو «868» کەس جینۆسایکراون، کە ئەمە بەجینۆسایدی «دەرسیم» ناوبانگی دەرکردوە. ئەمەجگە لە جینۆسایدی «خاك و کلتوورو زمان» کە لە ( 1914) بۆ ئێستا بە شێوەیەکی سیستماتیك و بەرنامە بۆداڕێژراو بەردەوامی هەیە.

ڕای نوسەران لەسەر دەوڵەتی عوسمانی

له ساڵی ( 1919 ) مێجەر نوئێل کاتێك هاتوەتە باکوری کوردستان و گەشتی کردوەو پشکنینی کردوە، بەدرێکی شایستەو پرمانا دەنوسێ» کورد خاوەنی چێژو شارستانیەتێکی دێرینی رەسەنە». رەنگە ئەم بۆچونە بۆ تورکێکی رەگەزپەرست یان عەرەب و فارسێکی رەگەزپەرست بوبێتە مایەی هەڵچون و رەدکردنەوەی رەها، بەڵام ئەمە هیچ لە راستێنەی بۆچوونەکەی مێجەر ناگۆڕێت، بەڵکو دەبێتە ئارگیۆمێنتێکی گرنگ و رووی راستەقینەی .سیاسەتی پاکتاوی ئەوان لەبەرامبەر کوردو کوردستان دەسەلمێنێ

ئیسماعیل بێشکچی»یە بێنینەوە، کاتێك دەڵێ» هەوڵی تەواوو توند بۆ خنکاندنی پێناسەی نەتەوەیی کورد بەبەردەوامی دەدرێت». لەدرێژەی بۆچوونەکەیدا دەشڵێ» هەروەها بۆ کردنیان بە کۆیلەو پاشان سڕینەوەی نازناوو کولتوورو شارستانێتی و زمانیان لەسەر .«لاپەڕەکانی مێژوو و سەرزەمین

وەزیری دادی تورکیا

نموونەی تری بەرجەستەکراویشمان لەبەردەستە، بۆ نموونە وەزیری دادی تورکیا لە ساڵی 1930 بە روونی و بێ پێچ و پەنا دەڵێ:» کورد تەنیا مافی ئەوەی هەیە ببێ بە .«خزمەتکارو ببێ بە کۆیلە

«بڕیاری ژمارە «88

سیاسەتی جینۆسایدکردن لەیاساکانی رژێمی تورکیادا دەستەبەرو جێگیرکراوە، لە 31-5- 1926 ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی تورکیا، یاسای ژمارە «88»ی دەرکرد، بەگوێرەی ئەویاسایە هێرش و پەلاماردانی سەرناوچە کوردییەکان کاری رەوان، واتە .رێگەپێدراون

بەڵگەنامەمان پێمان دەڵێن، دوای دامرکاندنەوەی شوڕشی لە 1927 – 1931خایاند، لەلایەن رژێمی تورکیاوە بەشێوەیەکی پلان بۆداڕێژراو، هاوکات زۆر دڕندانە، کوردستان کەوتە بەردەم شاڵاوی جینۆسایدکردن و تاوانکاری، بۆنموونە، « تەواوی دانیشتوانی «220» گوند لەناوبران، کەهەموو مەزەندەکان وای بۆدەچن «10000» هەزار کەس بووبن، لەشاڵاوێکی ترداو لەهەمان ئەوساڵانەدا نزیکەی «100» نووسەرو

رووناکبیری کوردیان بەشێوەیەکی زۆر دڕندانەو بەدەست و پێبەستراوی لەدەریاچەی واندا خنکان و کۆمەڵکوژکرد، ئەمە ڕێك ئەو نموونەیی کوشتن و لەناوبردنی زیاتر لە «60» هونەرمەندو نووسەری جولەکەمان بیردەخاتەوە لەشاری «ئاوشوێتس» کەتەنیا لەبەر بریندار بوونی سەربازێکی نازی ئەو کۆمەڵکوژییە ئەنجام دەدەن. لەشاڵاوێکی تر داو لەناوچەی «تاندریك»، «400» گوندیان وێران کردو لەگەڵ خاك یەکسانیان کرد، لەپارێزگای وان «82» گوندیان سووتان و وێرانکردو لەکۆی دانیشتوانی ئەو «82» گوندە «590» کەسیان کۆمەڵکوژکرد.

سیاسەتی جینۆسایدی گەلی کوردی جێبەجێکردوە، تەنها لە «12» ناوچەی کورد نشین «8243» هەشت هەزارو دووسەدو چل و سێ ماڵی گووندنشینی کورد سوتێنراون و خاپور کراون، لەکۆی ئەو ماڵە سووتاو وێرانکراوانە، «13788» سیانزە هەزارو حەوسەدو هەشتاو هەشت کەس جینۆسایدکراون،

کۆمەڵکوژی دۆڵی زیلان

دۆڵی زیلان یەکێکە لەو وێستگانەی تر، کە دەرخەری ڕاستێنەی تاوانەکانێتی. بۆ خستنە ڕووی ئەم لایەنە زۆربەی لێکۆڵەرو توێژەران دەگەڕێنەوە بۆ بڕیارێکی دەوڵەتی تورکیا لە 1-1-1930، کە بڕیاری ڕاگواستنی ناوچەو گوندەکانی سەربە دەرسێمی دەکرد.

بە پشت بەستن بە هەمان بڕیاری ئاماژەپێکراو، تەواوی موڵك و ماڵ و کەل و پەل و پێداویستیەکانی دانیشتوانە کوردەکان، دەستیان بەسەردا گیراوەو دەوڵەت و بەرپرسەکانی بۆ خۆیان بردوە

لەم هێرش و پەلامارەدا زیاتر لە «3000» سێ هەزار هاوڵاتی کورد کوژراون، تەنها لەدۆڵی زیلاندا «1550» کەس کۆمەڵکوژکراون، لەناوچەی ئەرجیش «200» گوند وێران و خاپور کراون.

جینۆسایدی دەرسیم

دەرسیم یەکێکە لەشارە گەورەکانی باکوری کوردستان، لەبەشەی کەوتوەتە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیا. لەساڵی 1936 هێزە سەربازییەکانی تورکیا، بەسەرپەرشتی جەنارال «ئالب دۆغان» پاش بۆردوومانکردن بەفڕۆکە، دواتر بەتانك و زرێپۆش و سووپایەکی

گەورە پەلاماری شاری دەرسیمیاندا، سەرەڕای ئەوەی کوردەکان دەستی پەیامی ئاشتیخوازانەیان بۆ سوپای تورکیا درێژکرد، بەڵام سوپای کۆماری تورکیا ئەمەی قبوڵ نەکردو لەساڵی (1937) یەکەمین کۆمەڵکوژی لەدژی کوردەکان ئەنجامدا.

دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر کورد لە باکووری کوردستان لە «جینۆسایدکردن، سڕینەوەی کلتوورو شوناس، سووتاندنی خاك، بەتاڵانبردنی سەروەت و سامان» لە ساڵەکانی 1937، 1938، 1939و پێش ئەو ساڵانەش بەدیاریکراوی و وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد

لەم کۆمەڵکوژییەدا، لەساڵی 1937 «10» هەزارو «737» و لەساڵی 1938 «6» هەزارو «868» کەس بەهۆی کۆمەڵکوژی هێزەکانی تورکیا لەدژی کوردان گیانیان لەدەستداوەو کۆمەڵکوژ کراون. ئەم خشتانەی خوارەوە کۆمەڵێك زانیاری درووست و روون، لەبارەی جینۆسایدی دەرسیم لەباکوری کوردستان دەخاتەڕوو.

هاوارنامە

لە 2ی تەشرینی دووەمی 1937، بەناوی خێڵەکانی دەرسیم نامەیەك ئاراستەی نوسینگەی گشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە پێشدا بۆمان روونکردنەوە، ئێستاکەش بەناچاری پێتان رادەگەیەنین، چونکە لە بارەی مرۆڤایەتی و شارستانیەتەوە کۆمەڵەی ئێوە بەرزترین دادگایە، کورد لە ڕووی»: زمان، ئاین، رەگەز، مێژوو، زانست و شارستانیەتەوە»، جیاوازی زۆری لەگەڵ تورکاندا هەیەو چەند چەرخ پێش لە پێش تورکان لە نیشتمانی خۆیدا «کوردستان» ژیاوە، ئێستا تورکەکان دەیانەوێ لەناویان ببەن، یان لە کوردستان دەریان بکەن.

لەبەشێکی تری نامەکەدا هاتوە:» رژێمی تورکیا، ئەو تاوانانەی کەتا ئێستا لەمێژووی نەتەوەکانی جیهاندا تۆمار نەکراوە، بە پێش چاوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە، بەناوی شارستانیەتەوە ئەنجامیداوە. نەتەوەی کورد لەسەرخاکی وڵاتی خۆی ژیاوەو زمان و ژیان و پیشەی خۆی پاراستوە، لەبەدیهێنانی ئەرکی مێژوویی سەرشانی خۆی نەبێ، هیچ نیازێکی دیکەی نەبوە، لەگەڵ ئەوەشدا «ژن و پیاو، گەنج و پیر، کوڕو کچی» بوەتە قوربانی سیاسەتی تورکان.

کۆمەڵکوژی رۆبۆسکی

جینۆسایدی رۆبۆسکی لە ناوچەی شەرناخی باکوری کوردستان، یەکێکە لە تاوانە رەش و کۆمەڵکوژییەکانی تورکیا بەرامبەر کۆمەڵێك خەڵکی سڤیل و کاسبکاری ئەو ناوچەیە، کە لە 28-12-2011 کاتژمێری 9 و سی و حەوت خولەك لە نزیك سنووری «تورکیا-عێراق» ئەنجامدرا.

تاوانەکە لە لایەن دوو فڕۆکەی «ئێف 16» وە ئەنجام درا، ئامانجەکانیش کۆمەڵێك لە دانیشتوانی گوند نشین بوون.

مەلا ئیدریسی بەتلیسی

یەکەمین رێکەوتنی عوسمانی و میرە کوردەکان لە دەستی مەلا ئیدریسی بەتلیسی بەسەرۆکایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم سوڵتانی عوسمانی ساڵی 25 ی نیسانی 1512 دەستی گرت دەست و پەیماننامەی نێوان ئەنجامدا پەیمانەکەیان لە پێنج خاڵ پێکهاتبوو.

دواتر لەساڵی 1514 مەلا ئیدرسی بەخۆی 20 هەزار چەکداری کرد بوونە هاوپەیمانی عوسمانیەکان دژ بە سەفەویەکان جەنگیان هەڵگیرسان بە ناوی شەڕی « چەڵدیران» تێدان عوسمانیەکان سەرکەوتن بەسەر سەفەویەکاندا لە ئەنجامدا.

لەئەنجامی ئەو شەڕە عوسمانیەکان پەشیمان بوونەوە لە پەیمانەکەیان لەگەڵ مەلا ئیدریسی بەتلیسی ئەنجامی دابوو نەك هەر پەشیمان بوونەوە بەڵکو بەو بەهۆکاری دابەش بوونی کوردستان لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوەی کوردکان ڕووبەرووی داگیرکاری و جینۆساید بوونەوە

شێخ سەعیدی پیران

شێخ سەعیدی پیران کەسایەتیکی ئاینی شۆڕشی گێری باکوری کوردستان بوو لەلایەن حکومەتی ئاتاتورەك لە ساڵی (1925) لە سێدرا دران.

## سەید رەزا

لە رۆژی 18ی تەشرینی 1937 سەید رەزاو کۆمەڵێك لە هاوەڵەکانی و کوڕێکی بەبڕیاری دادگا، لە لەلایەن دەوڵەتی تورەك لە سێدارەدران .

عبداللە ئۆجلان

سەرکردیەکی سیاسی باکوری کوردستان بە دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)لە ساڵی 1987 لەگەڵ چوار هاورێی لە باکوری کوردستان دادەنرێت، پەکەکە سەرەتا بە کاری سیاسی دەستێ پێکرد دواتر لە ساڵی (1984) پەکەکە بە ناچاری خەباتی چەکداری هەڵبژارد

بەپلانێکی هەواڵگری لە باڵیۆزخانەی یۆنان لە شاری نایرۆبیی پایتەختی کینا لە 15 ی 2 / 1999 دەستگیر کراوە لە زیندانی دوورگەی ئیمرالی تورکیا دەستگیر کرا .

چەند نموونەیەك

لێرەدا چەند نموونەیەك لە بەردەوامبوونی سیاسەتی جینۆسایدکردنی کورد لەباکوری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە دەخەینە ڕوو، چونکە ئەم نموونانە بەخودی دەوڵەت و دەسڵاتدارانی تورکیاشەوە ناتوانن رەدی بکەنەوە، بەڵکو لە بەهێزترین حاڵەتدا پاساوی نابەجێی بۆ دێننەوە.

1- لەساڵی 1935 زۆربەی شاروشارۆچکە کوردی و کوردستانیەکان، سیمای مەدەنیان لێبڕێنراو وەك ئامانجێك کرانە سەربازگەی سوپای تورکیا.

2 – لەساڵی 1953 جەلال بایاری سەرۆك کۆماری تورکیا، لە نەتەوە یەکگرتوەکان بە رەوانی ئەمەی بە ڕۆژنامەنووسان وت»: هیچ کەمینەیەکی نەتەوەیی لە تورکیان بوونی نیە«.

3 – لە ساڵی 1959 حکومەتەکەی «عەدنان مندریس» بەشێوەیەکی زۆر توندوتیژ وڵامی کاروچالاکیە رۆشنبیریە کوردییەکانی دایەوەو 49 نووسەرو رووناکبیری دەستگیرکرد.

4- لەساڵی 1961 کاتێك حکومەتی «عەدنان مەندریس» بە کۆدێتاو لەسەر دەستی جەنراڵ «جمال غورسێل»، کۆتایی پێهات سیاسەتی جینۆسایدکردن درێژەی کێشا.

5- لە ساڵی 1937 بۆ 1965 دەسڵاتدارانی تورکیا، رێگایان بەگەشتیاران نەدەدا بچنە ناوچە کوردستانیەکان، بەپاساوی ئەوەی ئەو ناوچانە سەربازی داخراون، ئەمەش بۆ ئەوەی سیاسەتی جینۆسایدکردن و خاك سوتاندنی باکوری کوردستان لە لێکۆڵەرو توێژەرو رۆژنامەنووسان بشارنەوە.

6- لە14ی شوباتی 1967 حکومەتی تورکیا یاسای چاودێری رۆشنبیری دەرکرد، بە ژمارە «6، 7635»، ئەمەش وەك رێگرییەك لە هەموو کاروچالاکییەکی رۆشنبیری و کولتووری کوردی.

7- لە نێوان ساڵی 1925 بۆ 1950، 1960 بۆ 1963، 1970 بۆ 1974، لە ساڵی 1980و سەرەتای دووهەزار، دەوڵەتی تورکیا، باکووری کوردستانی بۆ «13» هەرێم لە ژێر حوکمی عورفی و یاسای ناکاو، راگرتبوو.

8- لەساڵی 1994 لە باکوری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە، بەپاساوی بوونی چالاکی چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان «4000» چوارهەزار قوتابخانە داخراون.

9- لە ساڵی 1993 بۆ 1994 دەوڵەتی تورکیا، «3200» سێ هەزارو دووسەد هاوڵاتی کوردی بە شێوەیەکی گوماناوی تیرۆرکردوە، کە زۆربەیان چالاکوانی مەدەنی و رووناکبیرو نووسەرو سیاسی مەدەنی بوون.

9- تەنها لەنێوان ساڵی 1984 بۆ 1996 تێچووی جەنگی دەوڵەتی تورکیا دژی باکوری کوردستان و هێزو لایەنە سیاسیەکان بە تایبەت پارتی کرێکارانی کوردستان «40» چل ملیاردۆلار بوە.

10- دەوڵەتی تورکیا لە چوارچێوەی پرۆسەی بەجاشکردندا، تا ئەم ساتەوەختە ساڵانە چەندین ملیار دۆلار، خەرج دەکات، ئەمەش وەك سیاسەتێك بۆ دروستکردنی کێشەو گرفت دروستکردن .

9 ی شوباتی فیرایەری ساڵی 2018 سوپاس تورکیا بەشداری (30) هەزار کەسە لە هێزەکانی هێرشی بۆ کانتونی عەفرین لە رۆژ ئاوای کوردستان ئەم ئۆپراسیۆنە بە

ئۆپراسیۆنی چڵە زەیتون ناو لێنرا کە سورتێکی قورئانی پیرۆزە سوپای داگیر کەری تورکیا بەکارهێنا و شاری عەفرینی داگیر کرد .

لە مانگی 10ساڵی 2019 ئۆپراسیونی تۆکیا بەناوی ( کانی ئاشتی ) بەمەبەستی پاراستنی سنوری وەڵات بۆ سەر کوردانی ڕۆژئاوا بەکارهێنانی چەکی فسفۆر و قەدغکراوە لەلایەن سوپاسی تورکیان دژ بە کوردانی ڕۆژئاوا، لەگەڵ بوونی دیان ڕێکەوتنی نەهێنی و ئاشکرا لەگەڵ وەڵاتانی زەلهێزەی گەوەری وەك ئەمریکا و ڕوسیا هتد .... .

## ئایا کورد ئاریە؟

هەتاوەکو چەند مانگێک لە پاش لەدایکبوونم ناوم نرابوو "ئاری"، دوایی ناوەکەم لەلایەن خێزانەکەمانەوە گۆڕا و کرایە "سۆران". ئەمڕۆ دڵنیا نیم لەوەی کە بۆ ناوەکەم لە ئاری-ەوە کرایە سۆران، بەڵام بە تەواوی دڵنیام کە ناوم نرابوو ئاری، لەبەر ئەوە بوو کە کەسوکارم وەک هەموو کوردێک بڕوای تەوایان وابوو کە کورد لە بنەچەیەکی ئاریەوە هاتووە.

دیارە تیۆری ئاریەکان بۆ کورد گرنگە لەبەر ئەوەی کە بە نزیکی هەموو مێژوونوسێکی کورد لە کتێبەکانیاندا ئاماژە بە ئاری بوونی کورد دەکەن و ئاری کراوەتە بنەچەی کورد، بۆیە دەبێت بزانین ئایا ئەم تیرۆیە چۆن سەری هەڵداوە و ئاریەکان کێن، پێش ئەوەی کە بڕیار بدەین و دڵنیا بین کە ئایا کورد ئاریە یان نا.

پێش ئەوەی کە باس لە ئاری بکەین، دەبێت ئەوە بزانرێت کە ئەمڕۆ زمانەکانی جیهان پۆلێن کراون و چەندین گروپی جیاواز و لقە گروپیان لێ دروستکراوە. بۆ نموونە زمانی عەرەبی و عیبری دەکەوێتە ناو گروپە زمانی سامیەوە. زمانی کوردیش دەکەوێتە ناو گروپە زمانی هیندۆئەوروپیەوە. دانانی زمانی کوردی لەو گروپەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیەوە دەرکەوتووە کە هاوبەشی و پەیوەندی زمانەوانی لە نێوان ئەو زمانانەدا هەیە. واتە بەڵگەی ڕوونی زمانەوانی پشتگیری لەو بۆچوونە دەکات. لە ناو گروپی زمانە هیندۆئەوروپیەکاندا چەندین لقە گروپ هەیە. بۆ نموونە ئەڵمانی و ئینگلیزی و هۆڵەندی... سەر بە لقە گروپی جێرمانیکن. بوونی پەیوەندی زمانەوانی لە نێوان ئەم گروپەدا مەرج نیە کە ئەوە بگەیەنێت پەیوەندی ڕەگەزیش لە نێوان ئەو گروپەدا هەبێت. واتە کە کوردی وئەڵمانی پەیوەندی زمانەوانی لە نێوانیاندا هەیە، مەرج نیە ئەمە ئەوە بگەیەنێت کە پەیوەندی ڕەگەزیی لە نێوانیاندا

## ئایا کورد ئاریە؟

هەتاوەکو چەند مانگێک لە پاش لەدایکبوونم ناوم نرابوو "ئاری"، دوایی ناوەکەم لەلایەن خێزانەکەمانەوە گۆڕا و کرایە "سۆران". ئەمڕۆ دڵنیا نیم لەوەی کە بۆ ناوەکەم لە ئاری-ەوە کرایە سۆران، بەڵام بە تەواوی دڵنیام کە ناوم نرابوو ئاری، لەبەر ئەوە بوو کە کەسوکارم وەک هەموو کوردێک بڕوای تەوایان وابوو کە کورد لە بنەچەیەکی ئاریەوە هاتووە.

دیارە تیۆری ئاریەکان بۆ کورد گرنگە لەبەر ئەوەی کە بە نزیکی هەموو مێژوونوسێکی کورد لە کتێبەکانیاندا ئاماژە بە ئاری بوونی کورد دەکەن و ئاری کراوەتە بنەچەی کورد، بۆیە دەبێت بزانین ئایا ئەم تیرۆیە چۆن سەری هەڵداوە و ئاریەکان کێن، پێش ئەوەی کە بڕیار بدەین و دڵنیا بین کە ئایا کورد ئاریە یان نا.

پێش ئەوەی کە باس لە ئاری بکەین، دەبێت ئەوە بزانرێت کە ئەمڕۆ زمانەکانی جیهان پۆلێن کراون و چەندین گروپی جیاواز و لقە گروپیان لێ دروستکراوە. بۆ نموونە زمانی عەرەبی و عیبری دەکەوێتە ناو گروپە زمانی سامیەوە. زمانی کوردیش دەکەوێتە ناو گروپە زمانی هیندۆئەوروپیەوە. دانانی زمانی کوردی لەو گروپەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیەوە دەرکەوتووە کە هاوبەشی و پەیوەندی زمانەوانی لە نێوان ئەو زمانانەدا هەیە. واتە بەڵگەی ڕوونی زمانەوانی پشتگیری لەو بۆچوونە دەکات. لە ناو گروپی زمانە هیندۆئەوروپیەکاندا چەندین لقە گروپ هەیە. بۆ نموونە ئەڵمانی و ئینگلیزی و هۆڵەندی... سەر بە لقە گروپی جێرمانیکن. بوونی پەیوەندی زمانەوانی لە نێوان ئەم گروپەدا مەرج نیە کە ئەوە بگەیەنێت پەیوەندی ڕەگەزیش لە نێوان ئەو گروپەدا هەبێت. واتە کە کوردی وئەڵمانی پەیوەندی زمانەوانی لە نێوانیاندا هەیە، مەرج نیە ئەمە ئەوە بگەیەنێت کە پەیوەندی ڕەگەزیی لە نێوانیاندا

هەیە، لەبەر ئەوەی کە زمان و ڕەگەز دوو بابەتی جیاوازن و پێویست بە لێکۆڵینەوەی ڕەگەزیی دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندی ڕەگەزیی.

دەبێت ئەوە بزانرێت کە مێژووی تیۆری زمانی هیندۆئەورووپی زۆر کۆن نیە و لە سەرەتادا کابرایەکی دادوەری ئینگلیز بەناوی سێر ولیەم جۆنس (Sir William Jones) لە ساڵی ١٧٨٦ دا لە هیندستان، سەرنجی پەیوەندی نێوان زمانی سانسکریت و یۆنانی کۆن و لاتینی دابوو. جا ئەگەرچی جۆنس ئاماژەی بەو پەیوەندیە کرد بەڵام هیچ ناوێکی تایبەتی بۆ ئەو گروپە زمانە دانەنا. دوا بەدوای ئەوە لە ساڵی ١٨١٣ دا بۆ یەکەمجار، (Thomas Young) لێکۆڵەرێکی ئینگلیز بە ناوی تۆماس یەنگ بۆ ئەو گروپە زمانە دانا. هەندێک (Indo-Eropean) دەستەواژەی هیندۆ ئەورووپی جاریش لە ژێر کاریگەری لێکۆڵەرە ئەڵمانەکاندا، دەستەواژەی هیندۆ- ئەڵمانی (Indo-Germanic) بە هەمان مەبەست بەکار هاتووە. چونکە هەر لە سەرەتاوە ناوەکە لەگەڵ بۆچوونی ئەو سەردەمەی ئەکادیمیە ئەڵمانەکاندا نەدەگونجا، بۆیە دەستەواژەی هیندۆ- ئەورووپی لای ئەوان زۆر قبوڵکراو نەبوو.

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە سەبارەت بە زمانە ئەورووپیەکان دەکرا، بەشێک بوون لە کۆمەڵێک کاری هاوشێوەی تر، لەسەر بنەمای ئاڕاستەیەکی فکری ئەو سەردەمەی ئەورووپیەکان ئەنجام دەدرا. لەبەر ئەوەی کە ئەوان، لە ژێر کاریگەری تەورات و تەنانەت لێکدانەوەی هەڵەی ئەو کتێبە، پێیان وابوو ئەم زمانانە نەک تەنها لە یەک بنەچەی زمان، بەڵکو لە یەک ڕەگەزیشەوە هاتوون. ئامانجی ئەورووپیەکان لەو گەڕانەدا، دۆزینەوەی مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەبوو، بەڵکو دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی زمان یان ڕەگەزی خۆیان بوو. بە کورتی ئەورووپیەکان لەو سەردەمەدا، لەو کۆشش و گەڕانەیاندا سەرگەرمی ئەوە بوون کە ڕابردوی ڕەچەڵەکی زمانەکانیان لە یەک گەلی بنەچەدا بدۆزنەوە. بەو جۆرە ئەم بابەتە بووە مایەی مشتومڕێکی زۆر لە ئەورووپا و چەندین لێکۆڵینەوەی، بە تایبەتی لە ئەڵمانیادا، لەسەر دەکرا.

ئەڵمانەکان لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا زۆر بە چڕو پڕی بۆ ڕەگەزێ دەگەڕان کە بیکەن بە بنەچەی ئەڵمان. هەوڵەکەشیان لەوەدا بوو کە شوێنێک بدۆزنەوە لە خۆرهەلاتدا بێت، لەبەر ئەوەی کە خۆرهەڵات بنەچەی ئاینە کۆنەکان بووە. هەڵبەت ئەوان لە ژێر

کاریگەری تەوراتدا بوون و ئەو سەردەمەش ئاینی کریستیان کاریگەری گەورەی لەسەر کۆمەڵگەی ئەوروپی و نووسینی مێژوو هەبوو. ئەڵمان و ئەوروپییەکان لەم کارەیاندا پەنایان نەدەبرد بۆ بەڵگە زانستیەکان بەڵکو ئەو کاتە کە هێشتا دۆزینەوە ئارکیۆلۆجیەکان نەکرابوو، ئەوان لە رۆژهەڵاتدا تەنها نەتەوەکانی وەک جو، فارس، مید و هندیان دەناسی. بۆیە هەوڵەکەیان لە چوارچێوەی ئەو نەتەوانەدا، دۆزینەوەی ڕابردوویەک بوو کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئاینی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەدا گونجاو بێت. لە ئەنجامدا گەلێکیان هەڵبژارد بۆ ڕۆڵی بنەچەی ڕەگەزی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان و گووتیان ئەو بووە. گوایە ئەو گەلە لە (noble) بووە و مانای ناوەکە، ڕەسەن ( Aryanگەلە (ئاری سەردەمێکدا لە باکوری هیندستاندا ژیاوە و دوایی بووەتە سێ بەشەوە: مید و فارسەکان و سانسکریت و پاشتر وردە وردە بەشەکانی تری زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان لەو بنەچەوە Christian Lassen دروست بوون. یەکەمین جار ئەم بڕیارە لەلایەن وە درا، کاتێک کە داوای کرد وشەی (ئاری) لەبری دەستەواژەی (1800-1876) (هیندوئەوروپی) بەکاربهێنرێت وەک ناوێکی گشتی بۆ خێزانی زمانە هیندۆئەوروپییەکان و ئەو گەلانەی کە قسەیان پێکردووە، لەبەر ئەوەی ناوی "ئاری" هەستێکی هاوبەشی .ڕەچەڵەکی و بڵاوبوونەوەی جوگرافی دەدا بەو گەلە نەک لەسەر بنەمای مێژوویی

ئاشنا بوون. ئەوان ئەو وشەیەیان Arier پێشتر ئەڵمانەکان لە ساڵی ١٧٧٠ دا بە وشەی Abraham Hyacinthe لە زمانەوانێکی پسپۆڕی هیندی و فارسی، بەناوی Anquetil-Duperron و وەرگرتبوو کە ئەویش وشەکەی لە ئاڤێستا و Rigvida (کە سەرچاوەی هیندی کۆنە) وەر گرتبوو. بەڵام هەڵبژاردنی ئەو ناوچەیە لەسەر بنەمایەکی چەوت دانرابوو، چونکە بە هۆی تێگەیشتنێکی هەڵەی ئەوان لە تەورات داڕێژرابوو. لەبەر ئەوەی کە لە تەوراتدا دەگووترێت هەموو مرۆڤایەتی لە سەرەتاوە لە باخی ئەدێن وە هاتووە. ئەوروپییەکان لە سەدەی هەژدەهەمدا Garden of Eden) (جنات عدن (باخی ئەدێن) یان بە شوێنێک مەزندە دەکرد کە دەکەوێتە لای کشمیر و ناوچەی تبتەوە .و هەتاوەکو سەدەی بیستەم لەسەر ئەو باوەڕە بوون

هەڵبەت ئەو کاتە بەپێی بۆچوونی کەسەکان و خواست و بەرژەوەندی وڵاتە ئەوروپییەکان جێگای ئەو باخە گۆڕانکاری پێ کراوە. بۆ نموونە لێکۆڵەرێکی ئەڵمانی بەناوی جولیۆس

١٧٨٣ز- ١٨٣٥ ز) که موچه خۆری حکومەتی) (Julius Klaproth) کلاپرۆس ڕوسیای قەیسەری ئەو سەردەمە بوو، لەسەر داوای ئەو حکومەتە، کە بە نیاز بوو سنوری دەسەڵاتی بەرەو ناوچەی قۆقاز بەرفروان بکات و دەیویست ڕەواییەکی مێژوویی بە پرۆژەکەی بدات، ئامارێکی بۆ زمانەکانی ئەو ناوچانە کرد. کلاپرۆس لە ئەنجامی کارەکەیدا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دوای لافاوەکە کۆمەڵێک لە نەتەوەکان لە ناو شاخەکاندا جێگیر بوون و بنەچەی گەلی ئاری گەراندەوە بۆ شاخەکانی هیمالایە و قۆقاز. بێگومان لە پاداشتی ئەو کارەدا حکومەتی ڕوسی کردیانە ئەندامی ئەکادیمیای ڕوسی زانست و دوایی نازناوی ئەکادیمی پاشایانەشی لەلایەن ئەو حکومەتەوە پێ بەخشرا.

واتە هەرچەندە لە سەرەتادا تیۆری هیندۆئەوروپی لەسەر بنەمایەکی زانستی داڕێژرابوو، بەڵام دوایی لە ژێر کاریگەریی ئادیۆلۆجی نەتەوە ئەوروپیەکان بە تایبەت ئەڵمانەکان، تیۆریەکە هەندێک لایەنی زانستی لە دەستدا و زمان و ڕەگەز بە تەواوی تێکەڵکران.

لە هەمان کاتدا ئاراستەیەکی ڕەگەزپەرستیانەی سیاسی ترسناک، بێ پاڵپشتکردن بە بەڵگەی زانستی، شانبەشانی ئەم تیۆریە لە گەشەکردندا بوو. بۆ نموونە August Wilhelm Shclegel (1767-1845) پێی وابووە کە هیندیەکان دوو ڕەگەز و دوو ڕەگی زمانەوانی جیاوازیان هەبووە. یەکەمیان هیندی وڵاتەکە، کە خەڵکێکی کێوی و ڕەش پێست بوون، چەکی سادەیان پێ بووە و لە دارستانە پان و بەرینەکاندا ژیانێکی سادەیان بەسەربردوە، دووهەمیان نەتەوە هیندۆ ئەوروپیەکان کە لە ناوچەی بنجابەوە بەرەو خوارەوە کۆچیان کردوە هەتاوەکو هیندستان. شلێگڵ پێی وابوو کە ئەوانەی بە زمانی سانسکریتی قسەیان دەکرد لە ڕەگەزێکی سپی پێست بوون و هەر ئەوان خەڵکەکەیان ئاشنای شارستانیەت کردوە. بەڵام نە بەڵگەیەکی زانستی ، ئارکیلۆژی یان مێژوویی نادات کە گوایا ئەوانە سپی پێست بوون و ئەوانەی تر ڕەش پێست. هەروەها لاسن (Lassen) کە یەکێک بوو لە داکۆکیکەران لە تیۆری ئاریەکان، دەڵێت "خەڵکی ئاری هەرگیز ڕێیان نەداوە کە خەڵکەکانی سەر بە خێڵە ڕەش پێستەکان حوکمیان بکەن. ئاریە کۆنەکان هەمیشە سەلماندوویانە کە ڕەگەزی حوکمڕانن و خەڵکە لاواز و ملهوڕەکانیان ڕاوناوە کە ئەوان ئەو هێز و توانایەی ئەمانیان نەبووە."

ئایا بۆچی ئەم نەتەوە ئەفسانەییە هێندە نایاب بووە کە نەیهێشتووە کەس حوکمی بکات، یان بۆچی خەڵکەکەی تر ملیان داوە بەمان و ئەم زانیاریانە لە کوێوە هاتوون؟ لە ڕوانگەیەکی ئەکادیمیەوە، ناتوانرێت ئەمە بە مێژوو نووسین دابنرێت، زیاتر بۆچوونێکی لایەنگرانەی کەسەکەیە و هیچ پەیوەندی بە مێژووەوە نیە و تەنها ڕەنگدانەوەی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی ئەو سەردەمە بووە کە لە ئەوروپادا بڵاو بووە.

لە ڕاستیدا ئەم تیۆریە لە هەموو سەردەمێکدا بۆ مەبەستی سیاسیش بەکار هاتووە. بەریتانیەکان سوودیان لەو تیۆریە بینیوە و بە یارمەتی ئەو ئەفسانە مێژووییە خۆیان لەگەڵ هندیەکان کردۆتە هاوڕەگەز و مانایەکی مێژوویی و ڕەوایان بە داگیرکردن و حوکمڕانیکردنی هندستان داوە و خۆیان بە تەواوکەری ئاریەکان داناوە. ئەم بیرۆکەیە هەتاوەکو ئەمڕۆش هندۆسەکان وەک چەکێکی ئاینی و سیاسی سوودی لێ وەردەگرن و دەڵێن کە هیندەکان لە بنەچەدا لە ڕەچەڵەکێکی پاکی ئاری بوون و ئاینی هیندوسی کە ئاینی بنەرەتی ئاریەکان بووە، موسوڵمان و ئاینەکانی تر تێکیانداوە. هەمان تیۆری هەتا ئەمڕۆ لە ئێراندا سوودی لێ وەردەگیرێت بە مەبەستی ماناداان بەم نەخشە سیاسیەی ئێران. فارسەکان خۆیان بە ئاری دەزانن و هەندێکیان بە کورد دەڵێن تۆش ئاری ڕەسەنیت وهەموومان لەیەك ڕەچەڵەکین و نەتەوەکانی عەرەب و تورک دەبنە هۆی تێکدانی وڵاتی ئاریەکان. بەو شێوەیە دەیانەوێت کورد حوکمڕانی ئێران بە بەشێک لە ڕاستیەکی مێژوویی بزانێت و لە ناو ئەو ناسنامە ئەفسانەییەدا قبوڵی دەسەڵاتیان بکات و لە هەمان کاتیشدا مانایەکی مێژوویی بدەن بە پان ئێرانیزم. زۆربەی جار بە کورد دەڵێن تۆ لە "خێڵە ئاریە سەرەتاییەکانی"وەکو ئەوەی کە مەدالیای شانازیان بە کورد بەخشیبێت. وەک پێشتر باسکرا، ناتوانرێت نکۆڵی لە پەیوەندی نێوانی زمانە هیندۆئەوروپیەکان بکرێت، چونکە لە پرۆسەی بەراوردکردنی زمانەوانیدا، ئەو پەیوەندیە بە ئاشکرا دەبینرێت، بەڵام دەستنیشانکردنی یەک ڕەگەز وەک بنەچەی ئەو زمانانە شتێکی زانستی نیە، لەبەر ئەوەی کە زمان و ڕەگەز دوو بابەتی زانستی جیاوازن.

لەگەڵ گۆڕانی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەڵمانەکاندا سەرەتای ئەم تیۆریە گۆڕانی بە خۆیەوە بینیوە. ئەیگن و لاریمۆر لە دوو توێی کتێبێکدا، لەژێر ناونیشانی "داهێنانی پرۆسەی (The German Invention of Race) "ڕەگەز لە لایەن ئەڵمانەکانەوە

دانانی زۆر لە تیۆریە سەرەتاییەکانی ڕەگەزی ئاریان، نوسیوە. ئەم دوو نوسەرە لە کتێبەکەیاندا پرۆسەکەیان بە دوور و درێژی خستۆتە ڕوو. لە سەرەتای ئەو کتێبەدا دەڵێن "ئەفسانەی ئاریەکان، بەشداریەکی زەرەرمەندانەی تری ئەڵمانەکان بوو بۆ بیرکردنەوەی ڕەگەزیی کە بە تەواوی لە دەرەوەی "زانستی" ڕەگەزەوە سەری هەڵداوە".

ئەم دوو لێکۆڵەرە پێیان وایە کە تیۆری ئاریەکان لە سەر بنەمای زانستی دانەڕێژراوە، بۆیە دەستەواژەی "ئەفسانەی ئاریەکان" ی بۆ بەکاردێنن و دووپاتی دەکەنەوە کە لێکۆڵینەوەکان لە دەرەوەی زانستی رەگەزدا ئەنجام دراوە و کتێبەکەیان بۆ ئەو بابەتە یش ئەو تیۆریە بە ئەفسانەی (Herrick) تەرخان کردووە. هەر لەوبارەیەوە هێریک ئاریەکان ناو دەبات و دەڵێت "بەرەو کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، لێکۆڵەرە ئەوروپییەکان تەنها ئاریەکانیان دانەهێنا، بەڵکو هەروەها ناوچەی بنەچەی جوگرافی و ڕێڕەوی ترانزێتیشیان بۆ ئەوروپا بۆ ڕەگەزێکی ڕەسەن داهێنا. "

هەندێک لە بۆچوونەکان کە تیۆری ئاریەکانی لەسەر دامەزراوە، دارشتنیان هێندە رەگەز پەرستیانەیە کە ئەگەر لەم سەردەمەدا بوایە لەوانەبوو لە ئەوروپا قەدەغە بکرانایە و خاوەنەکانیان ببرانایە بۆ دادگا. بەڵام هەر ئەو بۆچوونەیە کە لەو سەردەمەدا باو و قبوڵکراو بووە، دوایی بووەتە بناغەی ڕوانگەی نازیەکان بۆ ڕەگەز و دانانی ئەلمان بە رەگەزێکی تایبەت کە بنەچەکەی لە هیندستانەوە هاتبێت. بۆیە لە سەردەمی هیتلەردا لۆگۆی ئاڵای ئەڵمانەکان بریتی بوو لە سیمبۆڵی هیندیە کۆنەکان کە بە سواستیکا (Swastika) ناسراوە و بەو جۆرە ڕەگەزی ئاریەکان بوو بە ڕەگەزە نایابە پیرۆزەکە. دیارە لە مێژوودا خەڵکانێک بە (ئاری) ناو هێنراون و ناوچەیەکیش هەبووە بەو ناوەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە وشەکانی (ئاری، هوری) یان هەر وشەیەکی تر کە ئەو چەند پیتەی تێدا بێت، بە مانای لاوەکی لێکدراونەتەوە و بگرە نەتەوەیەک لەسەر بناغەی تەنها چەند وشەیەک دروستکراوە، چونکە لەو سەردەمەی ئەوروپادا ئامانجە سەرەکەیەکە دۆزینەوەی ڕابردوویەکی پڕ شکۆمەندی بووە بۆ خۆیان نەک دۆزینەوەی ڕاستیەکی مێژوویی.

لە ڕاستیدا زمانی کوردی زمانێکی هیندۆئەورووپیە و ئەو بابەتە بابەتێکی زانستیە و لەسەر بنەمای لێکدانەوە و بە پاڵپشتی بەڵگەی زمانەوانی ئەنجام دراوە، بەڵام

دەستنیشانکردنی ڕەگەزی ئاری بۆ کورد، تیۆریەکی بێ بنەما و نازانستیە و بە درێژایی مێژوو و لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو تیۆریەوە، زیاتر بۆ مەبەستی سیاسی بەکارهاتووە و لە حاڵەتی کورد دا فارسەکان سوودیان لێ وەرگرتووە بۆ سەپاندنی فەرهەنگی خۆیان و پێدانی ڕەوایی مێژوویی بە وڵاتێکی جوگرافی هاوفەرهەنگ کە فارس تێیدا باڵا دەست بێت. لە ئەنجامی ئەم تیۆریە بێ مانایەدا ئەمڕۆ کورد سڵ دەکاتەوە لەوەی کە بڵێت من ئاری نیم و زۆر کورد شانازی بە ئاری بوونی خۆیان دەکات و ئەم تیۆریە هەمیشە بۆ دەستەمۆکردنی کورد و توانەوەی لە ناو فەرهەنگی بە ناو ئێرانیدا بەکارهاتووە.

ئەنجام زمانی کوردی زمانێکی هیندۆئەوروپیە و بابەتی ڕەگەز پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ڕەگەزیی دەکات و دانانی کورد بە ئاری تیۆریەکی بێ بنەما و نازانستیە و ناکرێت بگووترێت کورد ئاریە لە کاتێکدا کە تیۆری ئاریەکان خۆی تیۆریەکی نازانستی و ئەفسانەییە.

## هەقیقەتی دوازدە سوارەی مەریوان...

مێژووی هەر نەتەوەیکدا، ڕووداوەکانی مێژوو خاڵێکی بەهێز و بەڵگەن بۆ سەلماندنی .هەبوونی هەمان نەتەوە لە ڕابردوودا

لە ناو ئێمەی گەلی کوردا، بە داخەوە جیا لەوەی قارەمانانی خۆمان ناناسین، زۆر جاریش لە مێژووی داگیرکەر و بێگانەدا، چەندین کەس ناویان بە قارەمان هاتووە کە ڕەنگە هی ئێمە بن،بەڵام چوونکە ئێمەی کورد خاوەنی هیچ بناغە و ئەساس و نووسراوەیەکی بەڵگەیی نین، ناتوانین هیچ تاڵێکی لێک بکەینەوە و تەنانەت ئەگەر مێژووشمان دزرابێ کە دزراوە، مەگەر بە کۆدی زمای کوردی یان وێژەی زارەکی یان .زارگۆتن، ئەو ڕوداوانە و ساڵەکانی بە سەر بکەینەوە و بیاندوورینەوە

چیرۆکی دوازدە سوارەی مەریوان، هەموومان بە تایبەت ڕۆژهەڵات و باشوور بیستوومانە و چوونکە لە نێوان سنووری ئەو دوو پارچەیە ڕووی داوە، وەک دەستەواژەکەی "دوازدە یان دوانزە سوارەی مەریوان" دێتە سەر زمان و لە ناو چاند و کلتوور و هونەریشدا ڕەنگی داوەتەوە و تەنانەت گەنجانی کورد، گرووپی هەڵپەرکێیان .بە ناوەوە داناوە

ڕاستییەکەی ئەم چیرۆکە وەک ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی 1720 هەتا 1730 ی زایینی و دەماودەمی ڕووخانی سەفەوی و دەسەڵاتدارییەتی مەحموودی ئەفغان لە ئێران، .کە نەیتوانیوە یەک بست خاکی کوردستان داگیر بکات، دەگەڕێتەوە

سەرچاوەکان بەو جۆرەی باسی ئەم ساڵانە دەکەن، کەمێک پاش و پێشیان هەیە، بەڵام حەقیقەتی ئەو داستانە، لە سەردەمی سەفەویدا ڕوویداوە و ئەحمەد خانی بابان، کە فەرمانڕەواییەکەی لە قەڵاچوالان بووە، فەرمانڕەوایی هەموو ئەو ناوچانەی بە شارەزووریشەوە کردووە.ئەحمەد خان فەرمانڕەوایی دواتر لە لایەن والی بەغدای دەوڵەتی عوسمانی لێ دەستێننەوە و بەو جۆرە کۆتایی بە حکوومەتەکەیان دێت کە دوو سەد ساڵی خایاند و دواتر جێگرەوەیان بۆ دادەنێن.

لە یەکێک لەو ساڵانەدا، بەراز زۆر دەبن و هێرش دەکەنە سەر مووچە و مەزرای خەڵک و هەر چی لەو ڕێیە وەبەر ڕمبەیان بێت،بە شفرە هەڵدەتەکێنن.

گلەیی و گازندە لە لای ئەحمەد شای "بەبە" زۆر ببوو و خەڵک لە تاوی بەراز وەزاڵە هاتبوون.

ناچارەن ئەحمەدشا دەستوور دەدا، کە هەتا لە ناو دەسەڵاتەکەیدا کەسانێکی سوارچاک و جوامێر و ئازا کۆ بکاتەوە، هەتا بە ڕاوکردنی بەراز و هەڵبڕینیان ئارامی بۆ ناو خەڵکی جووتیاری ناوچەکە بگەڕێتەوە.هەر بۆیە ئەم دوازدە کەسەی خوارەوە بە فەرمانی خانی قەڵاچوالان خۆیان لە زین دەبەستن.

1.جوامێر ئاغای ڕەنگێنە

2.ئاخاڵ ئاغای سیوەیلی

3.زەینەڵ بەگی مەسرەف

4.دارا ئاغای میرەدێ

5.فەرامەرزی زەنگەنە

6.سوار ئاغای بڵباسی

7.مەمەند ئاغای میراودەلی

8.شاپوور ئاغای بەختیاری

9.زوڵاڵ ئاغای مەرگەیی

10.میران بەگی وەلید بەگی هەمەوەند

11.سەلیم بەگ

12.مەحموود بەگی قەدیمی باشچاوەشی.

سواران خۆیان ئامادە کردووە و دەست دەکەن بە ڕەدوونان و کوشتنی بەرازان و هەتا شارەزوور ڕاناوەستن.

لە گەرمەی ڕاوە بەرازدا هەواڵ دێ کە لەشکەری ئێران، هاتوونەتە لای مەریوان و خەریکە نزیک دەبنەوە.[حکوومەتی قەڵاچوالان لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوو، کە دوای ڕووخانی سەفەوی هەمەدانیشیان گرتەوە و نەیانهێشت ئەفغانییەکان، داگیری بکەن.]

دوانزه سوارەکە، کە هەواڵەکە دەبیستن، بێ ئەوەی بە کەس بڵێن، دەست لە ڕاو هەڵدەگرن و بەرەو دیوی مەریوان شۆڕ دەبنەوە. ئەوان کە دەگەنە مەریوان نزیک .ئێوارەیە و لەشکەر تازە هاتووە و دەیهەوێ مۆڵ بدا

دوانزە سوارەی کورد کە دەبینن ئەوان زۆر و خۆشیان کەمن، ڕادەوەستن هەتا شەو دابێ .و دەستیان لێ بوەشێنن، چوونکە بە ڕۆژ دیار دەبوو کە چەند کەسن و تێدا دەچوون

شەو دادێ، سوارچاکانی کورد، لە سێ چوار دەستەدا و بە کوتانی دەهۆڵ و هات و هاوار(گۆشە نیگایەک بەرەو کاردۆخ و ئاناباسیز لە گێرانەوەی گەزنەفون)، گورەگوڕی سەرکەوتن هەڵدەدەن و تێیان دەکەون. دوای شەڕێکی چاک و هەڵاتنی لەشکەری سەفەوی و بەجێمانی خێوەت و پێخەو و پێخۆریان، دوانزە سوارەی مەریوان .سەردەکەون و لەشکەری ئێران ڕاودەنێن

لە بەری بەیانیدا، کە لەشکەر لە قەڵاچوالانەوە دێ بۆ شەڕی ئێرانییەکان، دەبینن کە شەڕ تەواو بووە و دوژمن هەڵاتووە. هەر لەوێ بە شایی و هەڵپەڕکێ ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێرن و بەداخەوە لەو شەڕەدا یەکێک لە سوارەکان بە ناوی سەلیم بەگ بە سەختی .بریندار دەبێ

کورد و بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکانی شیعە لە هەرێمی جەزیرە و شارەزووردا لە سەردەمی ئومەوییەکاندا(41-132ك ، 661 – 749ز)

کورد و بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکانی شیعە لە هەرێمی جەزیرە و شارەزووردا لە سەردەمی ئومەوییەکاندا(41-132ك ، 661 – 749ز

د.زریان حاجی

هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامەوە خاکی کوردان لەلایەن سوپای مسوڵمانانەوە فەتح کراوە، بەمەش پاش ئەوەی ئەم ئاینەیان قبوڵکرد، خۆیان و ناوچەکەیان چوونە ژێر سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی، بوونە بەشێك لەو دەوڵەتە، هەر لەوکاتەشەوە بە درێژایی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان لە سەرجەم بوارەکانی پەیوەندیداری دروستکردنی مێژووی ئیسلامیدا هەبووە، بەڵکو هەندێك جار لەمە تێپەڕی کردووە و ڕۆڵ و فاکتەری گەورە لە هەڵاوێری ڕووداوەکاندا بەرئەوان کەوتووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە و تێڕامانی ئەوێت ئەوەیە، کە وەك پێویست باس لەو مێژووە و لەو ڕۆڵە نەکراوە و بەپێچەوانەوە زۆرجار پەراوێزخراوە، بەهەرحاڵ ئەم بابەتەی ئێمە هەڵمان بژاردووە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان سەردەمی خەلافەتی دەوڵەتی ئومەوی (41 – 132 ك)، بابەتێکە لە ماوەیەکی زۆر ناسك و شاراوەی مێژووی کورد دەدوێت، کە تیایدا سەردەمی دەرکەوتنی چەندین بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری سیاسیی و فیکریی بوو لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، وەك: (خەوارج و شیعە و عەباسییەکان) و چەندانی تریش، کە هەریەك لەمانە بەشێوەیەکی دیار پەیوەندییان بە ناوچە کوردییەکان و بەتایبەتیش ناوچەی هەرێمی جەزیرە و شارەزوور دەکرد، سەرباری پەیوەندییان بە کوردەوە بیروباوەڕەکانیشیان لەناویاندا

بڵاودەکردنەوە و لێرەشەوە نەخشەکانیان بۆ بەرهەڵستکار کردنی دەوڵەتی خەلافەت دادەڕشت و زۆرجار کورد بەشێك دەبوون لە جێبەجی کردنی ئەو پلانانە.

لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر دوو تەوەری سەرەکی کار دەکات، کە لایەنێکیان بۆ دەرخستن و ناساندنی ئەو بزووتنەوە بەرهەڵستکارانەیە و هەروەها باسکردنە لە دیارترین ئەو بنەما فیکریی و پرەنسیپانەی لەسەری ببوونە بەرهەڵستکار، و هەروەها گرنگی دووەمیشی لەوەدایە کە دەرخستنی ڕۆڵی کورد و خاکەکەیانە لە هەرێمی جەزیرە و شارەزووردا لەو مێژووە شاراوە و لەو قۆناغەی مێژووی دەوڵەتی ئیسلامی، چ بە پشتگیری کردن و داڵدەدانی ئەو بزووتنەوە بەرهەڵستکارانە و بەشداریکردن بێت لە بزوتنەوەکانیاندا یان بەدژایەتی کردنی ئەو بزووتنەوانە بێت و یارمەتیدانی دەوڵەتی خەلافەت بێت، ئەمە سەرباری ئەوەی، کە پێمان وایە مێژوو وەك ئاوێنەیەك وایە ڕۆشناییەکانی ئەمڕۆی پێدەبینین و زۆرێك لە تاریکاییەکانی سبەی پێ دەرەوێنینەوە لەم سۆنگەیەشەوە گرنگیە ستراتیجییە فیکرییەکەیمان لەمڕۆدا بۆ دەردەکەوێت بەتایبەت کە ئێستا سەرلەونوێ مێژوو خۆی ئاوەژوو کردۆتەوە و خەریکە پەیوەندییەکانی کورد و شیعە و دەوڵەت بۆ ئەو کاتە لە زەمەن دەگەڕێتەوە، بۆیە ئاوڕدانەوەیەك لەو مێژووە بەبۆچوونی ئێمە ئەرك و پێویستییەکی ئەکادیمیی و هزرییە لەچوارچێوەی ئەرکدا...

باسی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەمان تایبەت کردووە بە ناساندنی شیعە وەك بزووتنەوەی بەرهەڵستکار چ لە ڕووی ناو و سەرەتای دەرکەوتنیان و گەشەکردنیانەوە و بنەما سەرەکییەکانی فیکرییان و سەرەتای پەیوەندییان بە ناوچە کوردیەکانەوە، هەروەها لە باسی دووەمدا باسمان لە دیارترینی بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکانی شیعە کردووە کە ڕوویان کردۆتە ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە و شارەزوور و ژمارەیان زیاتر لە سێ گرووپ دەبێت ئەوانیش: بزووتنەوەکانی (تەوابونەکان و موختار کوڕی ئەبی عبیدی سەقەفی و زیدی کوڕی عەلی)ن و پاشان هەریەك لەم بزووتنەوانەمان ناساندووە و ڕۆڵی کوردیشمان تیایاندا دەرخستووە.

:باسی یەکەم: بنەما و پرەسیپەکانی شیعە و سەرەتای پەیوەندییان بە کوردەوە

شیعەکان چەند کۆمەڵێکی فیکریی سیاسیی ئیسلامین و بە بەهێزترین و کۆنترین و گەورەترین گرووپی بەرهەڵستکاری دەوڵەتی خەلافەت دادەنرێن، لەبەر شوێنکەوتەییان بۆ ئیمامی عەلی و بنەماڵەکەی و ئال و بەیتی پێغەمبەر(د.خ) پێیان گوتراوە شیعە(١)، واتە شوێنکەوتە(٢)، بنەماکانی بیروباوەڕ و فیکری سیاسییان لەسەر ئەوە داڕشتووە کە پێشەوایەتیی و خەلافەت مافێکی ڕەسەنی ئیمامی عەلی و منداڵەکانیەتی و نابێت لەوان دەربچێت، هەروەها پێیانوایە پێشەوایەتی لە دوای پێغەمبەر(د.خ)، خوای گەورە داویەتی بە ئیمامی عەلی و پێغەمبەریش (د.خ) بۆخۆی ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە و وەسێتی کردووە کە بدرێت بە ئەو، بۆیە وائەبینن هەموو ئەوانەی لە پێش عەلی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست هەموو کەسانێك بوون کە ئەم مافەیان زەوت کردووە و دەسەڵاتەکەیان شەرعی نەبووە بۆیە دەسەڵاتەکەیان بەڕاست نازانن(٣)، هەر لێرەشەوەیە ئەمان ڕەخنە و تانە لە سەرجەم حوکمی خەلافەتی ئیسلامی دەگرن بەدرێژایی مێژوو هەر لە سەردەمی ڕاشدینەوە تا سەردەمی ئومەویی و عەباسیەکانیش(٤)، بابەتێکی وا کە ئەم گرووپە بەهۆیەوە تووشی چەندین ئیشکالیەتی فیکریی و کلتووریی و بەرهەڵستکاری و خۆپەنادان .تقیە(٥) بوون

لەبارەی سەرەتای سەرهەڵدانیانەوە چەندین بیروبۆچوونی جیاواز هەیە هەندێك لە سەرچاوەکان پێیانوایە کە سەرەتای دەرکەوتنی شیعە وەك فیکر و پرەنسیپ و کۆمەڵە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) و پێیانوایە پێغەمبەر (د.خ) خۆی داڕێژەری ئەم بیرە بووە(٦)، بەڵام ئەمە لە ڕاستییەوە دوورە ساناترین بەڵگەش بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) شتێك نەبووە بەناوی سوننە و شیعە و مەزهەبەکانەوە(٧)، هەروەها هەندێکی تر لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵی شیعە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی پێغەمبەر(د.خ) کۆچی دوایی کردووە و پاش ئەوەی مسوڵمانان لە (ثقیفة) کۆبوونەوە بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە ئەبوبەکری صدیق، لەمکاتەدا چەند هاوەڵێك (صحابە)یەك کە خۆشەویستییان بۆ عەلی هەبووە و هەستاون و باسیان لە بە مافبوونی عەلی کردووە تا ئەو پۆستە بگرێتەدەست لەوانەش (سەلمانی فارسیی و

أبوذری غفاری و مقداد کوڕی أسود) بوون(٨)، بەڵام ڕاستترین بۆچوون هەروەك سەرچاوەکان جەختی لەسەر ئەکەنەوە ئەوەیە ئەم کۆمەڵەیە وەك فیکر و پرەنسیپ و کارکردنیش لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە سەریهەڵدابێت، کاتێك کە لەم سەردەمەدا کۆمەڵە کەسانێك سەریان هەڵدابوو عەلی یان بە خوداوەند دائەنا لەناو ئەمانەشدا کەسایەتیەکی وەك (عبدالله کوڕی سبأ) دەرکەوتبوو، ئەم کەسایەتییە لە بنەڕەتدا کەسێکی (جولەکە) بووە و ببوو بە مسوڵمان و توانی لەناو مسوڵمانانددا چەندین ئەفسانە هەڵببەستێت و خەڵکیش لە دەوری بیر و فیکرەکەی کۆبکاتەوە، لەوانە پرەنسیپی وصایە واتە پێغەمبەر(د.خ) لە دوای خۆی وەسێتی بۆ عەلی کردووە ببێتە خەلیفە و هەروەها دانانی پرەنسیپی رجعیە کە گوایە پێغەمبەری ئیسلام جارێکی تر دێتەوە سەرزەوی، (چونکە ئەو بە ماف ترە لە عیسا(9.

بەهەرحاڵ ئیدی لێرەوە فیکرە و بیری شیعە وەك پرەنسیپ و بیر پەرەیسەند تا کاتی کوژرانی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب و هاتنە سەرکاری حەسەنی کوڕی عەلی لە پاش باوکی، بەڵام لە پاش ماوەیەك حەسەن وازی لە خەلافەت هێنا بۆ موعاویە ئەویش بە کۆمەڵە مەرجێك، لەوانە موعاویە لەسەر مینبەر جنێو بە عەلی نەدات لە پاش خۆشی حسەینی برای بکاتە خەلیفە بەم جۆرە تاڕادەیەك ئەم بزووتنەوەیە هێمن بوەوە(10)، بەڵام ئەوە بوو موعاویە بەڵێنەکانی نەبردە سەر و سیاسەتێکی نوێی لە حوکمدا هێنایەکایەوە ئەویش سیاسەتی پشتاوپشت بوو هەروەها لە قسەوتنیش بە عەلی هەر بەردەوام بوو، بۆیە شیعەکان ڕقێکی گەورە لە دڵیاندا لە بەرامبەر ئومەوییەکان درووست بوو ئەمە سەرباری ئەوەی لە سەردەمی یەزیدی کوڕی موعاویەدا حسەینی کوڕی عەلی پاش ئەوەی کە لە دژی یەزید دەرپەڕیی و باوەڕی بە خەلافەتەکەی نەکرد و خەڵکی کوفەش بەیعەتی خەلیفایەتیان پێدا لەلایەن والی یەزیدەوە لە کەربەلا شەهیدکرا، ئەمانە بوونەهۆی زیاتر چەکەرەبوونی ئەم بیرە و و لە فیکرەیەکی سادەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئاڵۆز دەبوو تا چەندین گرووپ و کۆمەڵەیان لێ بووەوە کە هەریەکەیان دروشمی حەق سەندنی عەلیی و حسەین یان هەڵگرتبوو، کە زۆربەی گرووپە شیعە بەرهەڵستکارەکانی سەردەمی (ئومەوی بە ئەم ناوەوە سەریانهەڵئەدا(11.

شیعەکان لەناو خۆیاندا لە ڕووی پرەنسیپی بیریی و فیکریانەوە دابەش دەبن بەسەر چەندین گرووپ و لقدا لە دیارترینیان (کەیسانیی و زەیدیی و ئیمامییە و غلات و ئیسماعیلیە)ن، بەڵام هەموویان لەسەر یەك بنەمای هاوبەش ڕێکن ئەویش خۆشەویستی (عەلیی و ئال و بەیت و ماف بوونی ئەوانە بە خەلافەت(12).

هەرچی پەیوەندی نێوانی شیعە و کوردە لە هەرێمی جەزیرە و شارەزووردا دەتوانین بڵێین پەیوەندیەکە پەیوەندییەکی تاڕادەیەك لاوازبووە و بەشێوازی ئەو پەیوەندییانە نەبووە کە لەگەڵ بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکانی تری دەوڵەتی ئومەویدا هەبووە، ئەمەش ڕەنگبێت لەبەرئەوە بووبێت کە بزووتنەوە شیعەکان خۆیان لە چەند بزووتنەوەیەکی نارێکخراودا بینیبێتەوە و پرۆگرامێکی شۆڕشگێڕانەی کردارەکی دیاریان نەبووبێت، هەروەها هەڵایسانی زۆرێك لە جەنگەکان لە دەرەوەی خاکەکەی ئەماندا بووە ئەمەش وایکردووە کە درووست بوونی پەیوەندی لە نێوان کورد و شیعەکاندا و گوێزانەوەی بیر و فیکرەیان بۆ ناو کورد شتێکی هەروا سانا نەبێت(13)، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ پەیوەندیەك لە نێوان کورد و بزووتنەوە شیعەکاندا نەبووە، بەڵکو چەند بزووتنەوەیەکی کەمی سەر بە شیعە هاتوونەتە ناوچە کوردییەکان و بەتایبەتی ناوچەکانی جەزیرە و شارەزوور کە پەنایان بردۆتە بەر هەرێمەکە و پەیوەندییان کردووە بە خەڵکەکەیی و چەند ناوچەیەکی ئەم هەرێمەش باوەڕیان بە فیکرە و بیر و بۆچوونەکانیان هێناوە و بوونەتە شیعە، هەروەها هەندێکیشیان شەڕەکانیان لە خاکی ئەم هەرێمەدا کردووە، بەڵام ئەم پەیوەندیانەش لەچوارچێوەیەکی تەسکدا بووە، سەرجەم ئەو ڕیوایەتانەی کە باسی ئەم پەیوەندییانە دەکەن لە سەرچاوە ڕەسەنەکاندا لە چەند ڕیوایەتێکی کەم تێپەڕناکەن(14)، هەروەك لێی دەدوێین...

باسی دووەم: بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکانی شیعە لە هەرێمی جەزیرە و شارەزووردا(15):

## یەکەم: کورد و بزووتنەوەی (التوابین) (65ك، 684ز):

تەوابینەکان بریتین لە کۆمەڵێك لە شیعەکانی کوفە لە پاش ئەوەی حسەینی کوڕی عەلی شەهید کرا هەستیان بە پەشیمانییەکی زۆر کرد و خۆیان بەتاوانبار دەزانی کە بەدەمیەوە نەچووبوون و یارمەتیان نەدابوو بەتایبەتیش کاتێك ئەمان هۆکاربوون بۆ کوشتنی، چونکە خۆیان نامەیان بۆ ناردبوو وە بەیعەتیان پێدابوو بچێت بۆ کوفە و لەوێ بە خەلیفەی خۆیانی هەڵبژێرن، بەڵام پشتیان تێکرد، بۆیە بۆ ئەمە پەشیمانی خۆیان دەربڕی و لێرەوە بە تەوابین ناسران(15)، ئەم کۆمەڵەیە پێنج کەس لە دیارترین کەسایەتییە گەورەکانی کوفە سەرکردایەتی ئەکردن یەکەمیان (سلیمان کوڕی صردی خزاعی) بوو کە بۆ خۆی یەکێك بوو لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (د.خ) (16) و هەروەها لە کەسە زۆر نزیکەکانی ئیمامی عەلیش بوو، بەجۆرێکی وا کە بە (شیخ الشیعە) بەناوبانگ بوو، ئەوانی تریش کە (مسیب کوڕی نجیەی فزاری و عبداللە کوڕی سعد ئەزدی و عبداللە کوڕی وال تەمیمی و رفاعە کوڕی شداد بەجلی) بوون ئەمانیش لە کەسە نزیکەکانی ئیمامی عەلی بوون و سەر بە چەند هۆزێکی زۆر بەناوبانگی ناوچەکە بوون(17)، لەماڵی (سلیمان کوڕی صردی خزاعی) کۆبوونەوە و بڕیاریاندا بۆ سڕینەوەی تاوانەکانیان لەوەی کە پشتیان لە حسەین کوڕی عەلی کرد تۆڵەی بستێننەوە و شەڕی هەموو ئەوانەش بکەن کە دژی بوون،

لێرەوە لە ساڵی 61ك، 683ز وە ئەم بزووتنەوەیە سەریهەڵدا و بەنهێنی کەوتنە ئەنجامدانی کارەکانیان تائەو کاتەی خەلیفە یەزید کوڕی عەبدولمەلیك مرد ئەوکات بڕیاریاندا بە ئاشکرا بکەونە بانگەوازکردنی خەڵك بۆ بزووتنەوەکەیان و خەڵکانێکی زۆریش بەدەمیانەوە هاتن، سلێمان نامەی نارد بۆ لایەنگرانی لە ناوچەکانی بەسڕە و مەدائین کە پەیوەندی بە بزووتنەوەکەیەوە بکەن تا تۆڵەی حسەین بستێنن و ئەوانیش پشتگیری خۆیان بۆ دەربڕی(18)، بەمجۆرە لایەنگرانی زۆر بوو، پاش ئەوەی لەگەڵ شوێنەکەوتوانیدا ڕێککەوت سلێمان بڕیاریدا لە کوفە بچێتە دەرەوە و لەوێ ناوچەیەك بدۆزێتەوە تا بیکاتە بنکەیەك بۆ هێزەکانی ئەوە بوو لە سەرەتای ساڵی 65ك ، 684ز تەوابینەکان لە (نخیلە) کە شوێنێکە ئەکەوێتە نزیکی کوفە کۆبوونەوە، نزیکەی چوار

هەزار کەس ئەبوون ئەمە سەرباری ئەوەی شوێنکەوتوانیان لە مەدائین و بەسرە ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە نەبیوون کە بێگومان بەوانیشەوە ژمارەکە زۆر زیاتری ئەکرد، پاش ئەمە بەرەو کەربەلا چوون و سەردانی گۆڕی حسەین یان کرد و لەوێ پەیمانیان بەست کە تۆڵەی حسەین بسێنن(19)، پاشان بەسەرکردایەتی سلێمان لە ڕووباری فوڕات پەڕینەوە و چوون بەرەو ناوچەکانی جەزیرە و لەوێ لە ناوچەی (قرقیسیا)(20)) کە ناوچەیەکی کوردییە لە هەرێمی جەزیرە لەمکاتەدا لێرە یەکێکی تر لە بەرهەڵستکارەکانی دەوڵەتی ئومەوی بەناوی (ظفر کوڕی حارسی کلابی) لێ ئەبێت کە ئەم کەسایەتییە پشتگیریان لێدەکات و هانیان ئەدات بۆ کارەکانیان و پێیان ڕادەگەیەنێت کە بڕۆن بەرەو (عین الورد)(21)) کە هەرێمێکی کوردییە لەوێ نیشتەجێ ببن(22)، لێرەدا کاتێك ئەمانە ڕوویان کردۆتە ئەم هەرێمە کوردیانە دوورنیە زۆرێك لە خەڵکانی ناوچەکە کە کوردبوون بەشدارییان لەگەڵدا نەکردبێت و لایەنگرییان لەم ناوچەیەدا نەبووبێت بەتایبەتیش کاتێك ئەوە بزانین کە ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی بانگەواز کار بووە، ئەگەرنا چۆن ئەم ناوچەیە هەڵدەبژێرن کە بیکەن بە بنکەی دەسەڵاتی خۆیان، بەهەرحاڵ کاتێك ئومەوییەکان بەمەیان زانی سوپایەکیان بەسەرکردایەتی (عبیداللە کوڕی زیاد) لە شامەوە ناردە سەریان کە لە سی هەزار کەس(23) پێکهاتبوو بەیارمەتی چەند سەرکردەیەکی تری ئومەوییەکان و لەساڵی 65ك، 684ز شەڕ لە نێوانیاندا هەڵگیرسا(24) هەرچەندە لە سەرەتاوە تەوابینەکان توانیان کە سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام دەرەنجام بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام ئومەوییەکان یارمەتیان بە سوپا و بە سەرکردەی بەهێز بۆ دەهات و ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی کە هێزەکانیان هاوتا نەبن، بۆیە تەوابینەکان بەتەواوەتی تێکشکان و سەرکردەکەشیان سلێمانی کوڕی صرد خزاعی کوژرا سەرەکەیان لەگەڵ سەری مسیب کە سەرکردەیەکی تری تەوابینەکان بوو ناردەوە بۆ خەلیفە و پاشماوەکەشیان هەڵاتن و چوونەوە لە کوفە نیشتەجێ بوون(25)، بەمجۆرە کۆتایی بە بزووتنەوە کەیان هات...

**دووەم: کورد و بزووتنەوەکەی موختار کوڕی ئەبی عبیدی سەقەفی (66ك ،685ز):**

موختار کوڕی ئەبی عوبەیدەی سەقەفی ئەم کەسایەتیە بەیەکێکە لە دیارترین ئەو کەسانە دائەنرێت کە سەرۆکایەتی بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری شیعی کردووە لە دژی دەوڵەتی ئومەوی، باوکی یەکێك بووە لە سەرکردە دیارەکانی فتوحاتی عێراق و خۆشی کەسایەتییەکی دیار و زیرەك و سیاسی و لێزانی گەورەی هەبووە، بەجۆرێکی وا سیاسەتی کردووە کە لەپێناوی بەدەستهێنانی پلەوپایەی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانیدا سڵ لە هیچ نەکاتەوە، بەڵکو لەسەر چەند پەتێکیش یاری بکات، بۆیە سەرچاوەکان زیاتر بە کەسێکی بێ پرەنسیپ (مبدء) ناوزەندی دەکەن(26)، ڕەنگبێت ئەمانەشی لەبەرئەوە کردبێت تابتوانێت کەسایەتییەکی دیار و خاوەن پێگە بۆ خۆی دروست بکات، ئەوەشی ئەم بۆچوونانە دەسەلمێنێت ئەو ڕووداوانەیە کە لە ژیانیدا ڕوویداوە، بۆ نمونە: هەرگیز ئەم خۆی نەخستۆتە ژێر دەستی والییەکانی ئومەوییەکانەوە و دانیپیادا نەناوە، هەمیشە بەدوای بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستکاردا گەڕاوە درووست ببێت و ئەم خۆی پیادا هەڵبواسێت، لەم سەروبەندەدا کاتێك کە عەلی کوڕی ئەبی تالیب شەهیدکرا پەیوەندی کرد بە حەسەنەوە، بەڵام کە ئەم وازی لە خەلافەت هێنا بۆ موعاویە پەیوەندی کرد بە حسەینی کوڕی عەلی، پاش ئەوەی کە حسەین شەهیدکرا پەیوەندی کرد بە بزووتنەوەکەی عەبدوڵڵای کوڕی زوبێرەوە(27) بەڵام عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر زۆر متمانەی پێ نەبوو، چونکە ئەم زۆر بەهەڵپەتر بوو بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و لە چالاکییەکانی ئەترسا، بۆیە هیچ پلەیەکی وای لە بزووتنەوەکەیدا پێنەبەخشی و موختار وازی لەمیش هێنا و گەڕایەوە بۆ کوفە، لێرە ئەو بارودۆخە تایبەتیەی لە پاش کوژرانی حسەین و شکانی بزووتنەوەی تەوابینەکانەوە کەوتبۆوە بەهەلزانیی و کەوتە بانگەشەکردن بەناوی شیعەکانەوە بۆ سەندنەوەی تۆڵەی حسەین و واخۆی پیشاندا کە ئەم نوێنەری محەمەد کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبە کە بە (محمد بن الحنیفه) ناسرابوو.

هەروەها واخۆی پیشان ئەدا کە ئەم وەزیری (محمد الحنیفه)یە و لەوپێناوەدا شۆڕش هەڵئەگیرسێنێ(28)، بەهەرحاڵ لێپرسراوانی کوفە لێی دڕدۆنگ بوون و ئەوە بوو زیندانیان کرد، بەڵام لە زیندانیشدا زیاتر خۆی نیشاندا و کەوتە بانگەشەکردنی زیاتر بۆ

بیرەکەی، بەڵکو زیاتریش تەنانەت بانگەشەی شێوە پێغەمبەرایەتییەکیشی دەکرد بەوەی کە دەیگوت (جبرئیل) لەلایەن خوداوە سەردانی ئەکات بۆ زیندان(29)، لێرەوە کۆمەڵێك لایەنگری بۆ بزووتنەوەکەی زیاد کرد و پاش ئەمەش عەبدوڵڵای کوڕی عومەر کە مێردی خوشکی بوو توانی شەفاعەتی بۆ بکات و لە زیندان بەرببێت پاش ئەوەی موختار سوێندی خوارد کە جارێکی تر ئەم کارانە نەکاتەوە، بەڵام کاتێك چووەوە بۆ ماڵەکەی ووتی ئەو بەو سوێنەی کە خواردوویەتی پابەند نابێت(30)، بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەکەشی پێویستی بەوە هەبوو کە چەند کەسایەتیەکی گەورە و ناسراو لەگەڵیدا بەشداری بکەن بۆ ئەمە باشترین کەسێك بریتی بوو لە (ئیبراهیم کوڕی مالیك ئەشتەر) کە کەسایەتیەکی دیاربوو و هۆزێکی گەورەشی لە پشتەوە بوو، هەرچەندە لە سەرەتاوە ڕازی نەبوو لەگەڵیدا بەشداربێت، بەڵام لە دواجاردا کاتێك موختار نامەیەکی لەلایەن (محمد الحنیفه)وە بۆ برد لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیبراهیم لە ڕاستی نامەکە دوودڵ بوو، بەڵام ڕازی بوو بەشداری لە بزووتنەوەکەیدا بکات، بەم جۆرەش بووە پشتێکی بەهێز بۆی(31). لە پاش ئەمە بڕیاریدا بزووتنەوەکەی لە مانگی ربیع الاول ی ساڵی 66ك ، تشرینی یەکەمی 658ز لە کوفە ڕابگەیەنێت، بەهۆی یارمەتی ئیبراهیم ئەشتەرەوە توانی دەست بەسەر کۆشکی ئیمارەتدا بگرێت لە کوفە و (عبدالله کوڕی موتیع)ی کە والی کوفە بوو لە لایەن عبدالله کوڕی زوبێرەوە دەربکات، هەروەها زۆرێکیش لە ئەشرافەکانی کوفە لە دەرەنجامی ئەمەوە هەڵاتن بەرەو بەسرە، ئەوانی تریش بەیعەتیان پێدا هەروەها ،توانی نفوزی خۆی بەسەر زۆرینەی عێراق

هەروەها چەند هەرێمێکی تریشی لە دەوڵەت خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە(32)، لەم هەرێمانەدا ناوچە کوردییەکان بەئاشکرا دەرئەکەون کە موختار خستنیە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و والی لێداناون، بۆ نمونە عەبدوڵڵای کوڕی حارسی کردە والی ئەرمینیا و ناردییە ناوچەکانی هەمەدان و ماهین (نهاوەند، دینور) کە گومان لە بە کوردی بوونی ئەم ناوچانەدا نیە، محەمەدی کوڕی عومەیری کوڕی عەتاردی کردە والی ئازەربایجان و (عبدالرحمن کوڕی سعید کوڕی قیس)ی کردە والی موسڵ (سعید کوڕی حوزەیفە یمانی) کردە والی حلوان و ئیبن مالیك بەکراوی کردە والی ماسبدان(33)، موختار کاتێك

ئەم ناوچانەی گرتەدەست ژمارەیەکی زۆر لە مەوالی هاتنە ناو بزووتنەوەکەیی و پشتگیریان لێکرد بەتایبەتیش مەوالی کورد کە زۆرێك لە ناوچەکانی ئەمانی بەدەستەوە بوو، تەنانەت سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لە ناوچە کوردییەکانی وەك جەزیرە و (چیا و ئازەربایجان و ئەسفەهان بەردەوام یارمەتی و کەلوپەلی بۆنێردراوە(34.

موختار زۆر بە سیاسەت بوو لە بەرامبەر مەوالییەکان و خۆی نزیك دەکردەوە لێیان و دانی بە مافەکانیان دەناو یەکسانی پێدەبەخشین لەگەڵ عەرەبەکاندا لە ماف و ئەرکیشدا، بۆیە شتێکی ئاساییە کە پشتگیری لێبکەن، بۆ نمونە چەند کەسێکیانی لێکردن بە لێپرسراو لە بزووتنەوەکەیدا وەك (کیسان ابا عمیرە) کە کردی بە لێپرسراوی پاسەوانەکانی، هەروەها سەرجەم سەروەت و سامانەکەی لای مەوالییەك دانابوو ئەمەش ڕادەی متمانەی موختارمان بە مەوالییەکان بۆ دەردەخات(35)، سەرباری ئەوەی کە ئەو یاسایەی لابرد کە مەوالی لە خوار عەرەبەوە بێت لە ڕێ ڕۆیشتن و سواربوونی ئەسپدا (هەروەك لە هەندێك کتێبی ئەدەبی مێژووی ئیسلام باسی ئەم بابەتە کراوە کە گومان لە ڕاستێتی ئەم بابەتە دەکرێت)، بەڵکو پێویستی کرد کە مەوالییەکانیش بە هاوشانی عەرەبەکان بە سواری ئەسپ بڕۆن، ئەم کارانەی بووە هۆی ئەوەی کە عەرەبەکان لێی دردۆنگ ببن و گلەیی لێبکەن، بەڵام ڕاڤەی ئەم کارانەی بەوە لێکدەدانەوە و پێی دەگوتن: ((ئێوە کاتێك کە ڕێزم لێدەگرتن و لوتتان بەرز ڕادەگرت و کاتێك دەمکردن بە والی خەراجتان نەئەدا، بۆیە مەوالییەکان زۆر لە ئێوە بۆم باشتر و بەوەفاترن هەرچیم ویستبێت بۆیان کردوم))(36)، بۆیە عەرەبەکان لێی کەوتنە گومانەوە و بەرەبەرە لێی دەتەکینەوە، بەڵکو ...(عەرەبی هۆزەکانی (کندە و ئەزد و بجیلە و نەخع) کەوتنە دژایەتیکردنی(37

لە پاش ئەمانە لە بەردەم موختاردا چەند مەترسییەکی گەورە هەبوو بۆ دەسەڵاتەکەی، لەوانە مەترسی ئەو هۆزە عەرەبانەی کە بەرەو بەسرە هەڵاتبوون، هەروەها مەترسی هێزی عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر و مەترسی ئومەوییەکانیش لەلایەکی ترەوە، کە سوپای ئومەوییەکان بە سەرکردایەتی عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد، پاش ئەوەی تەوابینەکانی شکاندبوو لە (عین الورد) بەرەو موسڵ کەوتبووە ڕێ تا بەرەنگاری والییەکەی موختار

ببێتەوە لە موسڵ و لە دژیان بجەنگێت، ئەوە بوو والی موسڵ لە دەرەنجامی ئەمەوە هەڵات و نامەی بۆ موختار نارد تا یارمەتی بدات(38)، موختاریش هێزێکی گەورەی بە سەرکردایەتی ئیبراهیم ئەشتەر کە زۆربەی لە مەوالییەکان پێکهاتبوون بۆ ناردن، ئەم دوو سوپایە لەسەر ڕووباری (خازر) لە 10ی محەرم، 67ك – 6،ئاب 686 دا بەیەك گەیشتن لە دەرەنجامدا سوپاکەی موختار توانی سەرکەوتێکی گەورە بەدەستبهێنێت و تیایدا عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد بکوژرێت، ئەو کەسایەتییەی کە ڕۆڵێکی گەورەی لە شەهیدکردنی ئیمامی حسەیندا بینی بوو، هەروەها کۆمەڵە سەرکردەیەکی دیاری تری وەك (حصین کوڕی نمیر السکونی و شرحبیل ذی الکلاع)ی ئومەوییەکانیش لەم جەنگەدا کوژران(39).

لەدوای ئەمەوە ئیبراهیم بەتەواوەتی دەستیگرت بەسەر ناوچە کوردییەکانی هەرێمی جەزیرەدا و لە هەریەکەیان والی خۆی دانا و پاش ئەوەی چووە ناو موسڵەوە عەبدولڕەحمانی برای نارد بۆئەوەی ببێت بە لێپرسراوی نەصیبین و سەفاحی کوڕی دانا بە لێپرسراوی (سنجار)(40) و عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمی دانا بەسەر (میافارقین)(41)ەوە و پێی ڕاگەیاند کە شوێن پاشماوەی ئومەوییەکان بکەوێت لە ناوچە شاخاوییەکان و ناوچەکانی میافارقین لەناو کوردەکان نیشتەجێ بوون، هەروەها حاتەمی کوڕی لوقمانی باهلی دانا بەسەر (رها)(42) و سلێمانی کوڕی ڕەبیعەشی دانا بەسەر (ئامەد)(43)ەوە، بەم جۆرە موختار توانی بۆماوەی زیاتر لە هەژدە مانگ دەستبگرێت بەسەر شا دەماری لایەنی ئابووری جەزیرە و خەڵکەکەیدا(44)، بەڵام ئەم سەرکەوتنانەی موختار زۆری نەخایاند، بەڵکو عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر کە لە ناوچەکانی حیجاز بانگەشەی خەلیفایەتی ئەکرد و بەشێکی عێراقیشی لەبەردەستدا بوو لێی کەوتە مەترسییەوە و بە موصعەبی کوڕی زوبێری برای، کە والی بەسرەبوو ڕاسپارد بۆ بەرەنگار بوونەوەی موختار هەنگاوی پێویست بنێت، و لەلایەکی تریشەوە عەرەبە ڕاکردووەکانی کوفە لە دەستی موختار کە لە بەسرەبوون بەردەوام هانی موصعەبیان ئەدا تا لە دژی موختار شەڕ بکات، ئەمە سەرباری ئەوەی محەمەدی کوڕی حەنیفە کە موختار بەناویەوە شۆڕشی ئەکرد و خەڵکی کۆئەکردەوە بەرائەتی خۆی لێ ڕاگەیاند و

پاش ئەمانەش دەستە ڕاستی موختار، کە ئیبراهیم ئەشتەر بوو لێی هەڵگەڕایەوە و وازی لە موختار هێنا و بەیعەتی کرد بە موصعەبی کوڕی زوبیر، بۆیە ئەوەی لە دەوری مایەوە تەنها چەند عەرەبێکی کەم و ئەوی تریشی مەوالییەکان بوون و ئەمانەش (تاڕادەیەکی باش موختاریان لاواز کرد(45.

لە دوای ئەمەوە موصعەب هێزێکی گەورەی نارده سەر موختار، هێزی موختاریش دوو کەسایەتی دیار سەرکردایەتیان ئەکرد ئەوانیش (أحمر کوڕی شمیشر) کە فەرماندەی گشتی بوو و (کیسان ابو عمیرە) کە سەرکردایەتی مەوالییەکانی ئەکرد لە سوپای موختاردا، پاش هەڵایسانی شەڕێکی گەورە لە نێوانیاندا سوپاکەی موختار تووشی شکستێکی زۆر بوو، بەجۆرێکی وا تەنها چەند کەسێکی کەمیان لێ دەرچوو ئەوانی تر بەسەرکردەکانیشیانەوە کوژران، کاتێ ئەم هەواڵە گەیشتە موختار و پاشماوەی شوێنکەوتووانی هیچ چارێکیان نەما، هێندە نەبێت تا لە قەڵایەکدا خۆیان حەشار بدەن لە کوفە، بەم جۆرە بۆ ماوەی چوار مانگ گەمارۆ دران لەکۆتاییدا موختار بەخۆیی و نۆزدە کەسەوە هاتە دەرەوە و پاش شەڕێکی قورس لە 14،رەمزانی 67ك دا کوژرا. بەم جۆرە کۆتایی بە خۆی و بزووتنەوەکەی هات و دەسەڵاتی عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر بۆ سەرجەم ناوچەکانی عێراق و هەرێمی چیا گەڕایەوە(46)، هەرچی ناوچە کوردییەکانی هەرێمی جەزیرە و ئازەربایجانە عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر (مهلب کوڕی ئەبی صفرە)ی بۆنارد و کردیە والی بەسەریەوە، بەم جۆرەش ناوچە کوردیەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر(47)، ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوە بەرهەڵستکارەی دەوڵەتی ئومەوی بەدەستی ئومەوییەکان کۆتایی پێنەهێنراوە و کۆتاییەکەی بەدەستی بەرهەڵستکارێکی تری دەوڵەتی ئومەوییەکان بووە ئەویش عەبدوڵڵای کوڕی زوبێرە ئەمەش بەهێزیی و بەتوانایی ئەم بزووتنەوەیەمان بۆ دەردەخات...

## (سێیەم: کورد و بزووتنەوەکەی زەیدی کوڕی عەلی (121ك،739ز):

زەیدی کوڕی عەلی کوڕی حسینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب، لە گەورەکانی ئال و بەیت بوو خاوەن کەسایەتی و پلەپایە و زانا و دیندار بووە، لە مەدینە لە ناوچەی حیجاز نیشتەجێ بووە(48)، ئەم کەسایەتییە هەموو کات وەرگرتنی خەلافەت بە مافی خۆیی و بنەماڵەکەی ئەزانی و داکۆکی لێ ئەکرد و هەمووك ات ئەو کارەساتانەی لە پێش چاوبوو کە بەدەستی ئومەوییەکان بەسەر باپیریی و بنەماڵەکەی هاتبوو(49)، ڕەنگە ئەمەش بە هۆکاری ژێرینە و نهێنی شۆڕشەکەی دابنرێت، کە لە بیری ئەوەدا بێت وەك بەرهەڵستکارێکی سیاسی دیار بزووتنەوەیەك دروست بکات و دژی دەوڵەتی ئومەوی هەستێت، بەڵام هۆکاری ڕاستەوخۆی شۆڕشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی والی عێراق خالیدی قەسری لائەبرێت، لەمکاتەدا لە لایەن یوسفی کوڕی عومەر، کە دەبێتە والی لەجێی خالید تاوانبار ئەکرێت بەوەی پارە و سامان لە لایەن خالیدەوە لای زەیدی کوڕی عەلی دانراوە، ئەمە دەگەیەنێتە خەلیفە هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك (105 – 125 ك، 723-242ز) خەلیفەش دەنێرێت بەشوێن زەید و پاش ئەوەی هیچ ڕێزێکی لێ ناگرێت و تاوانباری دەکات کە بانگەشەی خەلافەتی کردووە و قسەی پێ ئەڵێت کە ئەو کوڕی جاریەیە و چۆن داوای خەلافەت ئەکات، هەروەها داوای لێدەکات بچێت بۆ کوفە و لەوێ لە زینداندا ڕوو بە ڕووی خالیدی بکەنەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر زەید دەبێت و سوکایەتی کردن دەبێ بۆی، بۆیە ڕووئەکاتە کوفە و پاش ئەوەی لەوێ سوێند ئەخوات کە لای ئەو نیە و و بەرائەتی دەرئەکەوێت، ئازادی دەکەن و ڕێگەی ئەدەن تا بەرەو مەدینە بکەوێتە ڕێ، ئەمەش بە فەرمانی خەلیفە ئەبێت(50)، بەڵام خەڵکی کوفە لەمکاتەدا شوێنی ئەکەون و داوای لێئەکەن بگەڕێتەوە و بەڵێنی دەدەنێ کە سەری بخەن و لەپێناویدا بجەنگن هەرچەندە ئەو متمانەی زۆر پێیان نابێت، هەروەك پێیان ئەڵێت: کە ئەوان هەموو کات لە بەڵێنەکانیاندا ڕاستگۆ نەبوون لەگەڵ بنەماڵەکەی ئەمدا، چونکە پێشتر نە لەگەڵ باوکی و نە لەگەڵ باپیریدا بەڵێنەکانیان نەبردبووە سەر و پشتگیرییان لێ نەکردبوو.

بە هەرحاڵ  هەرچۆن بێت شوێنیان کەوت و گەڕایەوە بۆ کوفە و(51)، لەوێ نزیکەی دە مانگ مایەوە و لەم ماوەیەدا بەنهێنی کەوتە بانگەوازی خەڵکی بۆ شۆڕشەکەی و خەڵکی لە دەوری خۆی کۆئەکردەوە بە جۆرێکی وا هەوڵی ئەدا لە هەموو ناوچەکانی دەوڵەتی خەلافەتدا لایەنگری هەبێت و نامەی بۆ ئەناردن، بۆ ئەمەش خەڵکانێکی زۆر وەڵامی بانگەوازەکەیان دایەوە لە نێوانیاندا خەڵکانی جەزیرە و موسڵ بوون، بەدوور نازانرێت خەڵکانێکی زۆری کوردیش لەم ناوچانە پەیوەندییان پێوەکردبێت و شوێنی کەوتبن(52)، پاش ئەمە خەڵکی کوفە بەیعەتیان پێدا کە ژمارەیان گەیشتە نزیکەی پانزە هەزار کەس(53) ئەمە جگە لە شوێنکەوتووانی لە هەرێمەکانی تری وەك مەدائین و بەسرە و واست و موسڵ و خوراسان و ڕەی و جرجان و جەزیرە و شارەزوور(54)، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لە هەرێمی شارەزووردا شوێنکەوتەیەکی زۆری هەبووە و خەڵکی لە ناوچەی شارەزوور پەیوەندییان پێوەکردووە و باوەڕیان بە بیروڕاکانی هێناوە و واش پێدەچێت کە زەیدی کوڕی عەلی خۆی سەردانی ئەم ناوچەیەی کردبێت و خەڵکی لەسەر دەستیدا بەیعەتیان پێدابێت(55)، ابن مهلهل کە لە سەدەی چوارەمی کۆچی ژیاوە و سەردانی شارەزووری کردووە لە باسی شاری (بیرر یان پیر(56))دا کە یەکێکە لە شارەکانی ناوچەی شارەزوور دەڵێت ((خەڵکەکەی شیعەی صاڵحیەی زەیدین(57)))، کەواتە دەتوانین بڵێین: بیروباوەڕەکانی زەید لەم سەردەمەدا گەیشتۆتە ناوچە کوردییەکان و کاریگەری لەسەر ناوچە کوردییەکان هەبووە، هەرچۆنبێت پاش ئەوەی ئومەوییەکان هەستیان بە مەترسی زەیدی کوڕی عەلی و بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکەی کرد کەوتنە دژایەتیکردنی و لە ساڵی 121ك ،740ز پاش ئەوەی والی عێراق سوپایەکی گەورەی لە شامەوە هێنا کە نزیکەی دوانزە هەزار کەس ئەبوو بەرەنگاری یەزید بووەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە هەوڵی ئەدا دووبەرەکی بخاتە نێوان هێزەکانی زیدەوە و لەمەدا سەرکەوتوو بوو ئەوە بوو زۆرێك لە لایەنگرانی زید وازیان لێهێنا، لە دەرەنجامدا و پاش چەند شەڕێکی سەخت لەگەڵ پاشماوەی هێزەکەی زەیددا توانیان کە زەید بکوژن و هەروەها سەری ببڕن و لاشەکەی هەڵبواسن و پاشان (بیسوتێنن و فرێی بدەنە ئاوی فوراتەوە(58.

بەتێرامانمان لەم دەقە مێژووییە ئەتوانین بگەینە ئەو ڕاستییەی کە زەیدی کوڕی عەلی چ کێشەیەکی گەورەی بۆ ئەم دەوڵەتە نابێتەوە و چەندە مەترسی بۆیان هەبووبێت تا بەو جۆرە پاش کوژرانیشی نواندن بەلاشەکەی بکەن، بەهەرحاڵ لە پاش کوژرانی زەید کۆتایی بە بزووتنەوەکەی نەهات، بەڵکو چەند کەسێك لە شوێن کەوتووانی توانیان هەڵبێن لەوانە (یحیی)ی کوڕی کە لە خوراسان درێژەی بە بزووتنەوەکەی بدەن، بەڵام ئەمیش لە ساڵی 125ك،742زدا بەدەستی والی خوراسان (نصر کوڕی سیار) کوژرا و کۆتایی بەبزووتنەوەکەیان هات(59)...

## شۆڕشی ئارارات)وەک ئیحسان نوری پاشا دەیگێڕێتەوە

شۆڕشی ئاگری داغ یاخود شۆڕشی ئارارات، یەکێکە لە شۆڕشە مەزن و بایەخدارەکانی نەتەوەی کورد کە ماوەی (۱۹۲۷-1930) چوار ساڵ بەردەوام بوو، هەر لە کاتی بەرپاکردنی شۆڕشەکەوە سوپای کورد، واتە هێزی چەکهەڵگر و ڕێکخراوی بەڕێوەبردنی کاروباری دانیشتووانیش لە شێوەی دەوڵەتێکی سەرەتایی دا، ڕێکخرا و ئاڵای کوردستانیش بەسەر لوتکەی چیا بڵند و گەردن کەشەکانی کوردستانەوە بەدەم شنەبای ئازادییەوە دەشەکایەوە. ئەندامانی هێزی چەکهەڵگریش بەپێی پلەکانیان نیشانەی تایبەتیان هەبوو، کە پلەی ئەفسەرەکان و سەربازەکانی لە یەک جیا دەکردەوە. واتە تا ڕادەیەک ڕێکخستنێکی سوپایی خاوەن دیسپلینیان پێکهێنابوو. ئەم شۆڕشە هەرچەندە خاوەنی ڕێکخستنێکی ڕێکوپێک بوو هاوکات بنچینەی دەوڵەتێکی بۆ کورد دارشتبوو، هەرگیز چاوەڕوانی کەوتنی لێنەدەکرا، بەڵام لە بەدبەختیی کورد داگیرکەرانی کوردستان هەرچەندە لە دەروونەوە دوژمنێکی سەرسەختی یەکترن، بەڵام کاتی پەرەسەندنی هێزی کورد و گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، دەبنە برای گیانی بەگیانیی یەکتر و لەسەر یەکدی دەکەنەوە و بە نوێترین چەکی سەردەمەکەیانەوە لە هەموو لایەکەوە پەلاماری بزووتنەوەکەی دەدەن و لەناویدەبەن.

دەوڵەتە زلهێزەکانیش لە فێڵ و تەڵەکە دژی کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی و یارمەتیدانی دوژمنەکانی کورد بە چەک و دراو و پسپۆڕی سەربازیی هەرگیز درێغییان نەکردووە و تا کار گەیشتە ئەوەی بە چەکی کیمیایی دروستکراوی وڵاتانی زلهێز شار و دێهاتی کورد وێران کرا. ئەگەر بە وردی بڕوانینە مێژووی شۆڕشەکانی کورد لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە ؛ دەبینین کە کورد بەتەنها لەگەڵ تورک، فارس و عەرەب دا نەجەنگیوە، بۆ نموونە بەشداریکردنی فڕۆکەکانی بریتانیا لە وێرانکردنی شاری سلێمانی و دێهاتەکانی بارزان دا ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە. لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێشدا لە باشووری کوردستان بە چەکی بەرەی ئیشتراکی و ناپاڵمی هیندی و فڕۆکەکانی بەرەی ئاشتیخواز شار و گوندی کوردستان وێران دەکران و ژن و منداڵی بێتاوانیان دەکرد بە قەرەبرووت. پسپۆڕانی سەربازیی وڵاتانی عەرەبییش دەستەچیلەی خۆیان دەخستە سەر

*.ئەو ئاگرە دژ بە مرۆڤایەتییەی کە خاک و خەڵکی کوردستانی پێدەسووتێنرا

سەرەتای یەکەم مانگی بەهار بوو. هێشتا زستانی ئارارات کۆتایی نەهاتبوو. شەوێک هێزەکانی حکومەتی تورکیە لەگەڵ ژمارەیەک لە خێڵی کەکسۆیی دەوروبەری دێکەی شێخ عەبدولقادریان گەمارۆدا، دێی شێخ لە کۆتایی بەشەکانی خۆرئاوای ئارارات دا، لە ناوچەیەکی تەختایی دا هەڵکەوتبوو، بەشی باکوور و خۆرئاوایشی بە چیایە بەردینەکان کە وەکو دیوارێک سەریان لە ئاسمان دەسوو. سەرکەوتن بەسەریاندا گەلێک ناهەموار بوو، هاوسنوور بوو. دوژمن ئەم شوێنە سەختانەی داگیر کردبوو. بەیانی زۆر زوو لە کاتێکدا کە شێخ لە ماڵەوە دەردەچوو درایە بەر دەستڕێژ. دانیشتووان بە سەرسامییەوە لە خەو ڕاپەڕین گولـلەی تفەنگ و شەستیر وەکو تاوە تەرزە بەسەر دێدا دادەباری، ئیتر ماوەی وتووێژ و پرس و ڕا نەبوو. چاوەڕوانی کردنی یارمەتیش دەبووە هۆی زیانێکی زۆر..... قەمەر شەمکی و چەرخە و ئوسی و فەتوو شێخ تاهیر و ڕەسووڵی کوڕی شێخ و کوڕە ئامۆزاکانیشی. عەلوی ئەزدی و چەند نەفەرێکی دیکەش لە شێخەکان بە جلوبەرگی شەوانەیانەوە بەبێ ئەوەی کە ماوەی خۆگۆڕینیان هەبێت. بە دەستێکیان چەکەکانیان و بە دەستەکەی دیکەشیان فیشەکدانەکانیان هەڵگرتبوو لە ماڵەکانی خۆیان هاتنە دەرەوە. ئارارات لە ماوەی ئەم شەش مانگەی دواییدا دووهەم جار بوو کە بێباکی و

ئازايەتیی کوڕەکانی خۆی بە ڕوخساری دوژمنانی کورد دا بداتەوە و تۆڵەی سەرلێشێواندنی سەردەمە ڕابردووەکانی بستێنێتەوە.

قارەمانەکان وەکو بزنە کێوی لە بەردێکەوە بازیان دا بۆ بەردێکی دیکە. لە ماوەیەکی کەمدا خۆیان گەیاندە یەکەم هێڵی دوژمنی سەرەڕۆ. دوژمن چاوەڕوانی ئەمەی نەدەکرد، خۆیان ونکرد. ئەو ئەفسەر و سەربازانەی کە لە لای دژە هێرشەکەوە بوون گیانیان بە یەزدان سپارد. تێکشکان و تەواوی هێڵەکانی جەنگی گرتەوە. تاکو یارمەتی کوردەکان لە پشتەوە گەیشت بەشێک لە تورکەکان بەرەو مۆڵگاکانیان ڕاونرابوون و بەشێکی دیکەشیان پەرتەوازە بوو بوون. چەند کەسێکیشیان لە ترسی گیان، خۆیان هاویشتبووە ناو ئەو هۆڕ و زۆنگاوە کە لە نێوان هێڵی هەردوو لا دا بوو، لە ئەنجامدا هیچ شوێنەوارێکیان لێ نەدۆزرایەوە. چونکە شێخ تاهیر لەگەڵ ژمارەیەک لە شۆڕشگێڕەکان دا بە شێوەیەک پەلاماریان دابوون کە ڕێگەی پاشەکشێی سەربازەکانیان گرتبوو. لە کاتی هەڵاتن دا ژمارەیەکیان فیشەکدانەکانیان فڕێدابووە ناو هۆڕ و زۆنگاوەکان تەنها چەند فیشەکدانێکیان بۆ کوردەکان دۆزرایەوە.

کوردەکان (٢٠) سەربازیان بە دیل گرتبوو، ژمارەیەکیش چەک و فیشەکیان دەست کەوت. لە ناو ئەم چەکانە دا چەند شەستیرێکی سووکیان تێدا بوو. کاتژمێرێک دوای ئەوە فەرماندەی لەشکری شۆڕشگێڕەکان و برو حسکی لەگەڵ شێخ عەبدولقادر لەبەر دەرگایماڵی شێخ دا دانیشتبوون. گوێیان لە بەسەرهاتی جەنگەکە دەگرت جەنازەی ئەفسەرێکی تورکیان لەگەڵ جەنازەی کوردێکدا هێنان، ئەم کوردە کوژراوە هەمان تەمەر کەسکۆیی بوو کە ماوەیەک لەوەو پێش وتبووی (تورکی کوڕی تورکم).

لە بەردەم جەنازەکان دا برو حسکی بە دەربڕینی ئاخ و کەسەرەوە وتی خواش تاقەتی جارانی نەماوە، خائینەکان زووتر بە سزای خۆیان دەگەیەنێت. بڕیار درا ئەم دوو برا تورک و کوردە پێکەوە لە گۆڕێکدا بشارنەوە، تاکو هیچ کاتێک لە یەک جیا نەبنەوە، تەمر کەسکۆیی، لەباتی ئەوەی بە پاداشتی گیان بەختکردنی شانازی بۆ منداڵەکانی خۆی بەدەست بهێنێت کەچی ناوی شەرمەزاریی بە یادگار بۆ جێهێشتن.

ئاراراتییەکان دەیانویست مافی داگیرکراوی کورد بەدەست بێننەوە، تەمر کەسکۆیی کورد بوو. مەسەلەی پێشێلکردنی مافی خۆی و خێڵەکەی و منداڵەکانیشی لەئارادا بوو. دیاربوو

که وره بەرز و بێباک بوو که هاتبوو بۆ جەنگ، بەڵام نەزانی و بەد سروشتی چاوی
.زیرەکی و وریاییان وا بەستبوو کە یارمەتی دوژمنانی بەرگریکەرانی مافی خۆی ئەدا
دیلە تورکەکان نێردران بۆ ناوەندی سەرکردایەتی. لە دوای شەوێک پشوودان لەگەڵ چەند کەسێکدا نێردران بۆ سەر سنووری ئێران. لە نزیک پۆستێکی سەر سنوور لە
.خاکی ئێران بەرەڵا کران
لە کاتی بەرێکردنیان لە کوردئاوا. یەکێک لە سەربازە دیلەکان گۆرەوییەکانی گەلێک کۆن و دارزاو بوو، هوریک کە ناوی پیرەژنێکی کورد بوو، گۆرەوییەکانی پێی خۆی داکەندن و دای بە سەبازە تورکەکە، تاکو لە ڕێگە سەرمای نەبێت. ئەمە نموونەیەک بوو لە نەفس بەرزیی و ڕۆح گەورەیی و سروشتی پاکیی کورد. سەمبولێکی بەرجەستەی
.رەفتاری کورد بوو بەرامبەر بە دیلەکان
ساڵی (١٩٣٠) گەیشت ئەم ساڵ پێنجەمین ساڵی ئارارات بوو. درێژەدان بەم بارودۆخە لە ئاراراتدا بۆ تورکەکان هەرس نەدەکرا. نەتەوەی کورد هۆشیار بووبووەوە، میراتی باب و باپیرانی خۆی دەویست. گوێی بە لێبووردنی دواخستن و بەخشینی خەڵات و پەیمانەکانی دیکە نەدەدا. ئاراراتییەکان دەیانوت: (لێبووردن بۆ تاوانباران شایستەیە، بەڵام ئێمە تاوانبار نین، ئێمە مافی داگیرکراوی مرۆیی خۆمان دەوێت نەک لێبووردن،
.(بەڵکو ئێمە دەستەڵاتی بەخشینمان هەیە
حکومەتی تورکیە تەنها بە هێزی سەربازیی خۆی، بەو شێوەیە کە چەندین جار تاقیکردبووە، توانای باشکردنی کێشەکەی نەبوو، پێویستی بە کۆمەکی دەرەکی بوو. شوێنی جوگرافیایی ئارارات بە شێوەیەک بوو، کە لە نێوان سنوورەکانی ئێران و ڕووسیە و تورکیەدا هەڵکەوتبوو. هەنگاوە ڕامیارییەکانی حکومەتی تورک توندتر بوو بە ڕاگەیاندنی هاشو هوشی دوور لە ڕاستیی خۆی، دەوڵەتی شوورەویی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو. لە ئەنقەرەش لە نێوان وەزیری دەرەوەی تورکیە و باڵوێزخانەی دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێراندا بۆ بەستنی پەیماننامەیەکی دۆستانە کە بە زیانی ئاراراتییەکان تەواو دەبوو، دەرگای گفتوگۆکردن کرابووەوە. لەم ڕووەوە لە تارانیش دا لە لایەنی تورکەکانەوە هەنگاو لە دژی ئاراراتییەکان نرا بوو، ئاراراتییەکان بە وردبینی و گرنگییەکی تایبەتی بە دوای گفتوگۆکانی نێوان ئێران و تورکیەدا دەگەڕان. هەرچەندە

دەوڵەتی ئێران دەیزانی و نیازی ئەوەی نەبوو، کە لە دژی ئاراراتییەکان هەنگاو بنێت. کە وەکو بە تەشوێیەک ڕەگ و ڕیشەی خۆی ببڕێتەوە وابوو، بەڵام لە چالاکییەکانی دەستە نەناسراوەکان کە بە سوودی تورک کاریان دەکرد بێ ئاگا نەبوون.

ڕۆژنامەی (ئاگری) کە بڵاوکەرەوەی ڕاوبۆچوونی ڕێکخراوە ئاراراتییەکان بوو لە سەروتارێکی خۆیدا، لەژێر ناونیشانی (بەیەک کەڤر دوو تەیر واتا (بە بەردێک دوو چۆلەکە) ڕوونی کردبووەوە کە دەوڵەتی تورکیە دەیەوێت لە نێوانی کورد و ئێران دا، لە یەک نەگەیشتنێک بێنێتە کایەوە و دەوڵەتی ئێران لە دژی شۆڕشگێڕەکانی کورد هانبدات و ئاژاوەی کوردەکانیش بخاتە ناو ئێرانەوە، هەم خۆی لە جەنگی کورد تا ڕادەیەک ئاسوودە دەکات هەم کورد و فارس واتا ئەم دوو برا هاونەژادە بەدەستی یەکتر بە کوشت بدات، هەردوو لا بێهێز و لاواز بکات تاکو داگیرکردنی ئازربایجانی بۆ ئاسانتر بێت. خۆشبەختانە کاربەدەستانی ئارارات هۆشیار بوون. هیچ بیانوویەکیان نەدا بە دەست پیاوەکانی تورکەوە تاکو نیازە گڵاوەکەیانی پێبهێننەدی.

فڕۆکەکانی تورکیە هەموو ڕۆژێک بەیانی زوو دیارییەکیان پێشکەش بە ئاوایی کوردئاوا دەکرد. هێشتا خێڵەکان بەرەو کوێستان نەڕۆشتبوون، فەرماندەی کورد لەگەڵ شێخ عەبدولقادر و سەد سوارێک بۆ سەردانی بەرەکانی باکووری ئارارات ڕۆیشتن، گەیشتنە ناو دەشتی ئیغدیر ئەمە یەکەم جار بوو کە ئاڵای کوردستانی ئازاد بە دەستی سوارە بێباکەکانی کوردەوە لەم دەشتەدا دەشەکایەوە و لە سەر ڕێگەی ڕۆشتنیان ژمارەیەک دێهاتی تورک زمان، کە لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بووبوون سەریان پێدانەوێنرا، ئاراراتییەکان دەوارەکانیان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی چیاکەدا هەڵدابوون. هێشتا سێ ڕۆژ تێنەپەڕیبوو هەمووشیان نەیان گوێزابووەوە کە دەنگی گوللـە لە بەشی خۆرئاوای ئارارات دا لە سەر ڕێگەیەک دا. کە بەشی باشوور و باکووری ئاراراتی بەیەکەوە دەبەستەوە، دەبیترا. بە دوای ئەوەشدا چەند فڕۆکەیەکی تورک دەواری ئاراراتییەکانی بە توندی بۆردمان کرد. لە دوایی دا زانرا کە تورکەکان بە فەوجێکی پیادە و بە دوو تۆپی چیاییەوە لە قباق تەپەکە (چیایەکە لە بەشی دامێنی خۆرئاوای ئارارات دا) چادریان هەڵدابوو. ئەم چیایە وەکو قەڵایەک بوو، تەنها ڕێگایەکی باریکی هەبوو. بە دەستڕێژی پیادەکان هیچ زیانێک نەکەوتەوە، بەڵام بە بۆردمانی دەوارەکان خێزانی فەرماندەی کورد

بریندار و بەرخ لەوەڕێنێکیش بە ناوی محەمەد کوژرا. ئەمە سەرەتای هێرشی گەورەی تورکەکان بوو بۆ چیای ئارارات.

ئەفسەری تورک زوهدی گویڤەن ئاوای نووسیوە: (هەموو هێزەکانمان لە دژی ئەم چیا بڵندانە ڕێکخست و لە کاتێکدا گەیشتینە ئەوێ ڕوانیمان تەنها کوردێکی لێنەماوە).

فڕۆکەکانی تورک بە پێچەوانەی ساڵەکانی ڕابردوو هەموو ڕۆژێک لە ئاسمانی ئارارات د، دەردەکەوتن. بۆمبا و گوللـەکانیان بەسەر ژن و منداڵی بێتاوان دا دەباراند، بەڵام چونکە لە ترسی گوللـەی شۆڕشگێڕەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزەوە دەفڕین. لەلایەکی دیکەشەوە ئامۆژگاریی پێویست، بە دانیشتووان ڕاگەیەنرابوو، زیانی گیانی هیچ ڕووی نەدەدا. زیانی ئاراراتییەکان تەنها بریتی بوو لە زیانی ئاژەڵ، حکومەتی تورکە چالاکیی ڕامیاریی و سەربازیی پێکەوە لە دژی ئاراراتییەکان دەست پێکردن. فەرماندەکانی خۆی گەیاندنە نزیکی ئارارات. درێژەی بە کۆکردنەوەی هێزەکانی خۆی دا، لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەتی شوورەویش ژمارەیەکی زۆر سەربازی لە بەرامبەر سنووری ئێران و ئارارات دا کۆکردبووەوە. حکومەتی ئێران ناوچەی ماکۆ (پشت ئارارات) ی پڕ کردبوو لە سەرباز. ئاراراتییەکان هەرچەندە لە ئێرانەوە چاوەڕوانی جموجووڵی دوژمنانە نەبوون، بەڵام لە ئەنجامی وتووێژی ڕامیاریی و سەربازیی نێوان ئێران و تورکیە نیگەران بوون، ئەمساڵە لە بەردەم دەستێوەردانەکانی حکومەتەکانی ئێران و شوورەوی و تورکیە. بۆ ئاراراتییەکان گەلێک ترسناک بوو.

لەبەر ئەمە فەرماندەی کورد بڕیاریدا. ناوەندێکی بەرگریی وەک ئارارات لە گەلی زیلان و چیای سیپان (سێبەر پان کە تورکەکان بە هەڵە پێیان دەوت سبحان) دروست بکات لە هەمان کاتیش دا جموجووڵەکان فراوانتر نیشانبدات و نەخشەی سوپای تورک تێکوپێک بدات. خێڵی دلێری حەیدەران بۆ قەرەبووی تاوانەکانی ڕابردوویان خۆیان داوای ئەم هێرشەیان کرد، ماوەیەک لەوەو پێش هۆبەی ناوچەیی خۆیبوونەوە لە فەرماندەی کورد مۆڵەتی دەست بەکارکردنیان داواکردبوو. گەلی زیلان دووهەمین ناوچە بوو. کە لە جەگی جیهانیی ساڵی (١٩١٤) وەکو ئارارات ڕێگای هێزەکانی ڕووسیەی قەیسەریی نەدا و تاکو کۆتایی جەنگ خاکەکەی لە هەموو زیادەڕەوییەک پاراست، لەبەر ئەمە خۆیان تاقیکردبووەوە و لێهاتوویی و شایستەیی خۆیان سەلماند.

لەگەڵ بوونی ئەم پێشینەیەشدا فەرماندەی کورد مافی ئەوەی هەبوو دەستپێشخەریی بۆ ئەم کارە درێژ بکات بە تایبەتی ئەوەی کە دانیشتووانی ناوچەکە داوای ئەم هێرشبردنانەیان کردبوو. فەرمانێک کە سەبارەت بە بە ڕێکخستنی ئەم هێرشە دەرچوو سەرەڕای پاککردنەوەی گەلی زیلان لە هێزەکانی تورک ئازادکردنی شارەکانی بارگیری ئەرجیش – ئەرنیس و تەنانەت عادل جەوادیس بە پێویست دەزانرا. ئەم ئەرکانە بە یارمەتیی ژمارەیەک جەلالی لە ئەستۆی خێڵی حەیدەراندا بوو.

لەم کاتەدا هێزەکانی ئارارات هەم ئەوەشیان پێ سپێردرا بوو. کە پۆستە بە هێزکراوەکانی تورکیە کە دەوروپشتیان گرتبوو لەناوبەرن و شارۆچکەی باشکەندیان لە باکوور و چیای تندروک لە باشوور بگرن و شارەکانی ئیغدیر و بایەزید بخەنە ژێر مەترسییەوە.

قەمەر شەمکی پێی سپێردرابوو کە لەگەڵ ژمارەیەک لە خێڵی شەمکان شاری قەلب بگرێت و فاغزمانیش بخاتە ژێر مەترسییەوە و ڕێگای سار و قامیش بەرەو ئارارات بگرێت. لە فەرمانی هێرشەکەدا کاتی هێرش بردنەکەی هەموو ناوچەکان دیاری کرابوو. ئەم فەرمانە چەند وێنەیەکی زۆری لەبەر گیرابووەوە و ئامادە کرابوو و بە سەرۆکە پەیوەندیدارەکان ڕاگەیانرا بوو.

ئەفسەری تورک زوهدی گویڤەن وێنەیەکی لەم بەیانەی دەست کەوتبوو، لەبارەیەوە ئاوای نووسیوە:

حکومەتی تورکیە فەرمانی هێرشی بۆ ئاگری دەرکرد و چەند یەکەیەکی سەربازیی) بەرەو بایەزید دەچوونە پێش. ژەنەڕاڵ ساڵح لە ئامۆرتاک تەواوی ئەفسەرەکانی بۆ ڕاگەیاندنی فەرمانی لەناوبردنی شۆڕشگێڕەکانی ئاگری کۆکردەوە. لەشکرکێشیی گەورەی تورکەکان دەستی پێکرد. هێزەکانی تورکیە قەباق تەپە کە لە خۆرئاوای ئاگریدا بوو داگیرکرد. فەرماندەی شۆڕشگێڕەکانی کورد ئیحسان نوری بە نۆرەی خۆی بەو خێڵانەی کە لە دەرەوەی ناوچەی ئاگریدا بوون پرۆگرامی ڕاپەڕاندنی چەند ئەرکێکی دوور و درێژی بۆ ڕەوانە کردبوون و ئەو خێڵانەشی وەکو بەشێکی هێزەکانی خۆی لێکردبوو. لە هێرشە گەورەکەدا وێنەیەک لەم پرۆگرامە واتە بەیاننامەیەیان دەست کەوتبوو. کە لە گیرفانی کوردێکی کوژراو دا دۆزیبوویانەوە. ئیحسان نوری وێنەیەکی بەیانەکەی بۆ کۆلۆنێل نەسرەت ئیبراهیمی سەرۆکی خێڵی ئادامان ڕەوانە کردبوو. لە

لای ڕاستی نامەکە ناوی خۆیبوون لە ژێریا دەستەواژەی (جەمعیەتی نەتەوەیی کورد) نووسرا بوو، لەلای چەپی بەیانەکەشەوە ناوچەی چالاکیی سەرانسەری ئاگری باسکرابوو و لە ژێر ئەوەشەوە مێژووی (١٨ ی حوزەیرانی ١٩٣٠) نووسرابوو.
ئەم پرۆگرامە یا بڵێین بەرنامەیە لە حەوت خاڵ کە بە زمانی کوردی نووسرابوون پێکهاتبوون. بریتی بوون لە:
١- لە (١١) ی حوزەیران تورکەکان پەلاماری ئاگرییان دا. قەباقتەپەیان داگیرکرد و هێزەکانی تورکیە لەوێدا جێگیربوون. شەش فرۆکەی دوژمن لەم هێرشەدا بەشدارییان کرد و لە (١١ تا ١٨) ی حوزەیران هێزی ئاسمانیی تورکیە ئاسمانی ئاگرییان دەبەزاند و بۆمبابارانیان کرد. هێزەکانی ئێمە سێ فڕۆکەی دوژمنیان خستە خوارەوە.یەکێکیان لە فڕگەی بایەزید کەوتە خوارەوە، فرۆکەوانەکەشی پێکرا و کوژرا.
٢- هێزە پیادەکانی ئاگری لە دژی هێزەکانی دوژمن بەرەو ئیغدیر و بایەزید هێرشیان دەستپێکرد. فەرمان بە لەشکری ناوەندی دراوە کە بڕۆنە چیای تندروک لەوێشەوە پەلاماری هێڵی هاتنی یارمەتیی تورکەکان بدەن، هەروەها پایەگاکانی کەرەسە جەنگییەکانیان داگیربکەن. بەچالاکیی پارتیزانیی هێزەکانی لای سووریەوەمان هاتبوونەوە ناوچەکانی خەرپوت و دەرسیم و هاتنە پێشەوەی هێزەکانی تورکیان ڕاوەستاند.
٣- بەشی یەکەمی هێزەکانی خۆیبوون، بە یارمەتی یەزدان پەلاماری تورکەکانیان دا.
ا- تەمەر ئاغا فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ئاسایشی ئاگری بە هێزەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە دەستی بە چالاکی کرد؛ لە (٣) ی حوزەیران پەلاماری بنکەی حکومەتی لە شاری قلب دا، لە دوای داگیرکردنی شارەکە، خێڵەکانی شمکان پەیوەندییان بە هێزە شۆڕشگێرەکانەوە کرد و پێکەوە گەیشتنە نزیکی پیرناوۆت.
ب- شەوی (٤) حوزەیران وەلی بەگ، یارمەتیدەریسەرهەنگی تۆپخانە بە هاتنی و زیلان بەهێزبوون و چەند کۆمەڵێکی دیکەش (Gazagan – خێڵەکانی (گازاگان پەیوەندییان پێوەکردن. ناوبراو لە پەلامارێکی گەورە و گرنگ دا، شاری بایەزیدی ڕزگارکرد و لە هەمان ڕۆژدا هێزەکانی ئاگری پەلاماری ئەو هێزەی دوژمنان دا کە لە ئاگریدا جێگیر بووبوون.

٤- فەرماندەکانی ئەم دەستانە کە لە ئاوایی درێک کۆبووبوونەوە. لە (٤) ی حوزەیران بە هێزەکانیان یەکەیەکی سوپای تورکیان چەککرد و فەرمانگەی حکومەتیان داگیرکرد. چالاکییەکانی دوایی بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجام دران:

ا- بەشی ئەرجیش بە پشتیوانی گەلی زیلان و لەدوای داگیرکردنی بنکەی حکومەتی تورک بەرەو عادل جەواز ڕۆیشتن ڕزگاریان کرد. لەلای ئەخلاتەوە. تاکو توان و چیای نەمرود سوارەکانی کورد لە هاتوچۆ و گەشتا بوون.

ب- لە دوای ناردنی چەند یەکەیەکی پێویست بۆ بەشی ئەرجیش، ڕابەرەکانی گەلی زیلان تیپێکی ژاندارم و کارمەندانی تورکیان لە ناوچەکەدا گرت. لە خۆرئاواشەوە بەرزاییەکانی ئاڵاداغ و مەلەزگریان داگیرکرد.

یەکەکانی سوارەی کورد توانییان ڕێگاکانی پەیوەندی و هاتوچۆی قەراکۆسە بۆ مەلەزگر و قەراکۆسە بۆ ئەرجیش و مەلەزگر بۆ پاتنوس بخەنە ژێر دەستەڵاتی خۆیانەوە.

پ- خێڵەکانی حەیدەران، دانیشتووانی پاتنوس خێڵەکانی دیکەی کە پەیوەندییان بە ئێمەوە کردبوو شاری پاتنوسیان ڕزگار کرد و سوارە کوردەکان هاتوچۆی پەیوەندیی دوژمنیان لە باکوور و خۆرهەڵاتی چیای سیپان کە کەوتبووە ئارنیسیش کەوتە ژێر دەستەڵاتی کوردەکانەوە. ئەو ڕێگایانەی کە (وان)یان بە ئەرجیس و ئارانیسیان بە سەرایەوە دەبەستەوە داخست.

ت- هێزەکانی ناوەندی لەلایەن عەشایەری میلان و جەلالی و هەروەها ئەو خێڵانەی کە لە ئاغاباوە هاتبوون، بەهێز بوو بوون. شاری بچووکی بایەزید-یان ڕزگارکرد. دەستەیەکی (٤٠٠) کەسیی بۆ بەهێزکردنی هێزەکانی ئامادەکردن بۆ چیای تندروک ڕەوانەکران تاکو لە گوێزانەوەی کەلوپەلە بەجێماوەکاندا یارمەتییان بدەن. شارەکانی وان، سەرای، ئاگرین و هەروەها ئەو ڕێگایانەی کە لە وان-ەوە بۆ تەریب و لە هەکارییەوە بۆ سەرای دەڕۆیشت خستنە ژێر هەڕەشەی خۆیانەوە.

ج- هێزەکانی ئەرجیش و ئارنیسیش لە چالاکییەکانی هێزەکانی ناوەندیدا بەشداربوون.

چ- لە ڕۆژی هەینی (١٤) ی حوزەیران یارمەتیدەری سەرهەنگ نەسرەت ئیبراهیم ئاغا سەرۆکە خێڵی ئادامان، دانیشتنێکی کتوپڕی بە ئامادەبوونی عەلی بەگ میرزا و ڕەسوڵ زەلی و هەموو سەرۆکەکانی دیکەی خێڵەکانی قوتان و حسە سووری پێکهێنا هێرشیان بۆ

شاری دیادین برد، بەتەواوی دەستیان بەسەر ڕێگای نێوان قەراکۆسە و بایەزید دا گرت و ئیبراهیم ئاغا و حەمید بەگ تێکۆشان کە ڕێگای هاتوچۆی دوژمن لە گەلی تاهر بگرن.

ح- لەدوای گرتنی ئەم شوێنانە کە لە سەرەوە باسمکردن، هێزەکانی ئەرجیش و پاتنوس و گەلی زیلان، بەشی زۆری هێزەکانی خۆیان لە ژووورووی ئەو شوێنەی کە دووتاق و مەلەزگر بەیەکەوە دەبەستەوە، جێگیر کرد. دەستەی هێنان و بردنی کەرەسەی پێویست لە نێوان ئارنیس و نورشات جێگیربوون.

٥- (بنکەی سەرەکیی فەرماندەیی کوردەکان لە ئاگریدا بوو بەڵام بەهۆی گەلێک هۆوە نەدەبووا دوژمن بەوردی شوێنەکەی پێبزانێت).

زوهدی ویڤەن لە دوای ئاماژە بە بەرنامەی کاری خۆیبوون ئاوای نووسیوە:

ئیحسان نوری هەڵاتووی سوپا و خایەن، فەرماندەیی گشتیی چالاکییە سەربازییەکانی لە) ئەستۆدایە و هەروەها ڕێکخراوێکی لە شێوەی حکومەت دامەزراندووە. لە کۆتایی ئاخرین لاپەڕەی بەرنامەی کارەکاندا لە ژێر ناونیشانی (فەرماندەی گشتیی خۆیبوون) واژۆی ئەوی پێوە بوو. لە بارەی هەڵوێست و ئەرکەکانی ئیحسان نوری وا دەردەکەوت کە ناوبراو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد خەباتی دەکرد. سەرەڕای بەرنامەی ئەم کارانە. (بەرنامەی کاری گشتی) یشی بڵاوکردبووەوە کە بۆ لێپرسراوانی پەیرەوی خۆی دەدوا. لەم بەرنامەی کارانەدا هێڵە گشتییەکانی ڕاپەڕین بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری کرابوون.

١- هەر کۆمەڵێک دەبێت سەرۆکێک و لێپرسراوێکی هەبێت.

٢- لە هەر ناوچەیەکدا دەبێت ناوەندێکی بەڕێوەبردن بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە مەدەنییەکان و هەروەها بۆ دابینکردنی کەرەستەی پێویستی جەنگاوەران دابمەزرێت.

٣- تەواوی ئەو چەکە قورس و سووکانە، هەروەها تەقەمەنی و کەلوپەل و هۆکانی گوێزانەوە و ئەو خواربارەی لە شارەکان و ناوەندەکانی حکومەتەوە دەستدەکەوێت بگوێزرێتەوە بۆ حکومەتی ناوەندیی کورد، فەرمانێک دەرچوو کە لە گرتنی دراو و کەلوپەلی تایبەتی خەڵکی غەیرە سەرباز خۆتان بپارێزن.

٤- ئەفسەرانی سوپای تورک و هەروەها ئەو لێپرسراوانەی حکومەت کە مەیلی هاوکارییان بە شۆڕشەوە هەیە دەتوانین قبووڵ بکەین بەڵام دەبێت لە ژێر چاودێریدابن. بنکە و هێڵی تەلەفۆن و تەلەگراف دەبێت لە ژێر نۆژەنکردنەوەدابن بۆ ئەمەش دەبێت سوود لەو پسپۆڕانە وەربگیرێت کە شایستەی پشت پێبەستنن. دەست حەقیشیان پێبدرێت. هێڵەکانی پەیوەندیی و ڕێگاکانی نێوان ئاگری و دوژمن دەبێت لەناوببرێن. فڕۆکە و فڕگەکان دەبێت هەمیشە لەژێر کۆنترۆڵدابن لێ نزیکبوونەوەیان قەدەغەیە).

زوهدی گویڤەن بەشێکی دەقە ئەسڵییەکەی لاداوە، بەڵام لەوانەیە لە زەحمەتییەکانی وەرگێڕانی دەقە کوردییەکە بۆ دەقێکی تورکی سەرچاوەی گرتبێت. لە بەرامبەر ئەمە ڕەفتاری دۆستانەی کوردەکانی بەرامبەر بە زیندانییە تورکەکان، نەنووسیوە.

له باسی پێشوماندا باسمان له ئیمارەتی بەدرخانی کرد ڕەحمەتی خوای لێبێت، لەدوای له ناوچونی ئیمارەتەکەی ناردنی بۆ قوبرس لەو نێوەندەدا چەند پێکادانێك لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا دروست بوو له سەر دەستی چەند میرێك، بەناوبانگترینیان میریەزدان شێر .. بوو، بەڵام ئەویش شۆڕشەکەی زوو دامرکاوە

ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی که پاشا گەردانیەك له ناوچەکاندا دروست ببێت چونکە عوسمانیەکان توانی حوکمڕانی ناوچەکانیان نەبوو بۆیە دایە دەست میرە بچوکەکان تاکو ئەوان قەڵەم ڕەوەکانیان بەڕێوە بەرن ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی که باج و سەرانەیەکی زۆر له جوتیاران وەربگرن ناچار زۆری جوتیاران وازیان له زەوی و زاری خۆیان هێناو چون جێگای تریان ئاوەدان کردوە، تا به ئاسودەی بۆخۆیان بژین ئەو هۆکارە وای کرد که خەڵکی پشت له میرەکان بکەن سەردەمی میرەیاتی ڕووەو ئاوابوون بوو، هۆکارێکی تری ئەوەی که میرەکانی له ناوچەکەدا زیاتر ناشرین کرد ئەوە پەلاماری گوندە ئەرمەنیەکنیان داو زۆر بەی جێگاکانیان تاڵان کرد ئافرەتاکانیان وەك نۆکەر بەکار .دەهێناو یاخۆد بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان

ئەم هۆکارانە بووە هۆی ئەوەی که خەڵەکان زیاتر ڕوولە شێخەکان بکەن خۆیان له ..سایەی داد پەروەری دینداریدا بحسێنەوە

ئەگەر لێرەدا سەرنج بەدەین هەر کات میرێك زیاتر ڕوو له خوا دینداری بوایە ئەوا خەڵکی زوو ڕویان تێ دەکردن و پێگەو نوفوسی به هێز دەبوو، لەدوای ئەوەی که میرەکان پیاوانی دیندارو جوامێریان تێدا نەما ئەوانیش خەڵکی زوور ڕووی لێوەرگێران ڕویان کردە خەڵکە دیندارەکە که ئەو سەردەمە بەشێخانی تەریقەت ناسرا بوون و .دادپەروەر لای ئەوان دەست دەکەوت چونکە پابەند بوون به ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە

سەرچاوەی دروست بوونی شێخایەتی

له سەردەمی غوریەکان له هیندستان له نزیکەی (520)ک لەو سەردەمەوە ئەم تریقەتانە دامەزرا که موریدان و خەڵکیان له خانەقاکاندا بۆ کۆدەکردەوە که هاوشێوەی ئەم دەگرێتەوە بۆ ئاینی بوزیەکان و سیغەکان له هیندستان، بەڵام لەشێوەی سوفیگەری ئیسلامیدا لەسەر چەند بیرو باوەڕیکی شێویندراو وە چەندەها جار پیاوانی بەناوباگی

سوفی کە ویستویانە چاکسازی تیدا بکەن ئەگەر کردبێتیشیان بەڵام خەڵکی هەر پەنای بردۆتەوە بۆ خورافات وەك ئاماژەم بۆکرد ئەم تەریقەتانە لە هیندستانەوە سەرچاوەیان گرتەوە لە سەدەمی پاشای ئەو دەوڵەتە ئیسلامیە کە هاشم فەرمانڕەوای بوو بە هۆکاری ئەوەی زۆرێك لە ئاین و فەلسەفەو سیحر لەو ناوچەنەدا باو بوو، بووە هۆکاری ئەوەی کە زۆر جار بۆ بەدەست هێنانی پارەو سەروەت سامان ئەمانە دەکاران بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە یان بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی کۆکردنەوەی موریدان دەیانوت گوایە کە ئەم !کارانە کاراماتە

وە لەدوای هاتنی سوپای خوێن ڕێژی تەتارو مەغوڵ بۆ دوەڵەتی خواریزمی و دەوڵەتی غەزنەوە پاشان ئیسماعیلەی و ئەیوبیەکان و عەباسیەکان کە لەم ناوچەنەدا بڵاو بونەوە لەدوای تێکشکانیان لە ناوچەی (عین جالوت)دا بە تەواتی لەوێدا تێکشکان و گەڕانەوە دواوە چەند هێزکی غوریەکان بۆیارمەتی موسڵمانان کە پەڕینەوە بۆ وولاتی کرمان،هەندێك لە بوزی هیندۆسەکان لەگەڵدا بوو کە شمشێریان بەکار هێنابوو لە لەشەی خۆیان سیغ و شێش و ئەو جۆرە شتانەیان بەکار هێنا بوو کە بڵاو بونەوە بەناو خاکی موسڵمانانەدا وایان زانی ئەمە کاراماتی شێخەکانیان وە بە ناوی تەریقەتی قادریەوە ئەمە بڵاو بوویەوە کە گوایە سەر بە شێخ عبەلقادری گەیلانی ئەمە ڕێگاو شوێنی ئەوە بۆمان ماوەتەوە، لای هەموان ئاشکرایە کە شێخ عەبدولقادری گەیلانی خەڵکی .سریلانکایەئێستایە کە ئەو دەمە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی غوریەکاندا بووە

بۆ ئەوەی باسەکامان زۆر درێژە نەکێشێت ئەمە سەرچاوی تەرقەتی قادریە کە بەوناوە بڵاو کراوتەوە وە هەموو تەریقەتەکانی تر لەمەوە سەرچاوەیان گرتوە کە دوای باسیان دەکەین وە هەر بۆ زانیاری زیاتر چەند تەریقەتێکی هاوشێوەی تەریقەتی قادری لە دەوەڵەتی شیعەکاندا هەبوو وەك تەریقەتی سەیفەدینی ئەردەبیلی کە خۆی بە ڕەچەڵەك کورد بوو ئەم تەریقەتەی ناساند بە دەوڵەتی سەفەوی کە بەتەریقەتی ئەو دەوڵەتە بناسرێت لە سەدەی دوانزەو سیانزە دا، کە قزڵباشەکان کردیانە تەریقەتی خۆیان پاشان لە .دیار بەکر لە سەدەی حەڤدەدا ووردەوردە تەریقەتی نەقشبەندی نوفوسی زیاد کرد

وە هیچ دەوڵەتێك خۆشیان لەم تەریقەتاندا نەدەهات چونکە سەر بە دامەزراوەکانی دەوڵەت نەبوو هەندێک بیروباوەڕی سەیرو سەمەریان هەبوو وە قزڵباشیەکان هەندێکی

تریان بڕوایان بە تەریقەتی بەکتاشیە بوو کە تەریقەتێکی زۆر توند ڕەوی سوفی گەرانە بوو، پەیوەندیان بە نەقشبەندیەکانەوە هەبوو وە ئەم تریقەتە لە سەر سنورەکانی دوەڵەتی سەفەوی عوسمانی بڵاو بووە وە ئەم تریقەتە لە حاجی بەکتاشیەوە هاتەوە کەناوی خۆی خستوتە ناو تەریقەتەکە کە حاجی بەکتاشی خۆی سەر بە نەقشیەکان بوو بەڵام دوای بوو بەشیعە و قزڵباشیەکان زۆر خۆشیان دەویست وە پاشان لە ناوچەی کوردەکان تەریقەتێکی تر بڵاو بووەوە کە ناوی خەڵوەتیە ئەم تەریقەتە تەنانەت لەماڵی میرە کوردەکانیشدا زۆر دەست ڕوشتو بوو تەنانەت لە باڵەخانەی سوڵتەنەکانیشدا هەر کاری پێ دەکرا، بەهەمان شێوە لە دەوڵەتی عوسمانیدا تەریقەتی نەقشبەندی ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەبوو کە لەسەدەی پانزەهەمدا سەرچاوەی گرتوە وە تائێستایش هەر ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە تورکیادا.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا لە کوردستاندا تەنها یەك تەریقەت زاڵبوو بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا ئەویش تەریقەتی قادری بوو وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد دەگرێتەوە بۆ بنیاتنەرەکەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی عارفی کە (470)ك لەدایك بووە.

تا ساڵی (1800)ز تەنها دوو بنەماڵەی شێخی قادری هەبوون لە کوردستاندا یەکەمیان شێخانی بەرزنجە لە سلێمانی و شێخان وساداتی نەهری لە ناوچەکانی هەکاری کە خۆیان بە نەوەی شێخ عەبدولقادر دەزانن وە تەنها بنەماڵەکانی ئەمان دەیانتوانی شێخایەتی بۆ خۆیان قۆرخ بکەن، وەك دەسەڵات بۆخۆیان بەکار دەهێنا ئەو تەریقەتە وە بە ئارزوو وویستی خۆیان بیروباوەڕی ئیسلامیان بڵاو دەکردوە.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم دا ئەم تەریقەتە بەرو ئاوا بوون ڕۆی بە سەرهەڵدانی تەریقەتێکی نوێ لە ناوچەکەدا لە سەر دەستی شێخی بەناوبانگ شێخ خالید کە ناسرابوو بە مەولانا یان بە مەولانا خالید نەقشبەندی کە هەڵسوڕێنەری ئەم بزوتنە نوێ یە بوو شێخ خالید خۆی لە هۆزی جاف بوو لە ساڵی (1770)ز لە شارەزوور لە دایك بووە وە لە پێش چونی بۆ شام چوتە ماڵی خوا و لە ساڵی (1805)ز وە لەخزمەتی هەردووماڵی شێخانی نەقشی قادریدا دەرسی خوێندوە.

لەساڵی (1810)ز چوتە هیندستان بە خزمەتی شێخی نەقشی گەیشتوە زیارەتی کردوە وە ئەزمونێکی نوێ و مەنهەجی سیاسی لەسەر دەستی شیخی نەقشبەندی لە هەندستان

وەرگرتوە، کە گەڕایەوە بۆ کوردستان بە بانگەوازەکەی هەموو شێخانی قادری سەرسام کرد و هەمویانی وروژاند لە سەرەتاوە زۆر دژایەتیان کرد وە بانگەوازەکەی ئەم بۆ ئەو سەردەم زۆر سەرسوڕهێنەر بوو وە هەندێک کاری کرد کە بریتیبوو لەوە کە قسە کردن لە گەڵ مردواندا ڕابطی دڵ و هەندێك کاری تر کە جێگای باسی ئێمە نیە ئێستا وە بەوهۆی ئەم ئیدیعایەنەوە توانی زاڵ بێت بەسەر شێخانی قادری بەرزنجەدا، بەڵام پێشتر لە ڕێگایی بابانیەکانەوە هەڕەشەی لێ کرا لە مەولانا خالید ناچار بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ.

بەڵام ئەوندە خەڵکی خۆشی دەویست کەسێك زۆر قسە خۆش زانابوو لە زانستەکانی ئیسلامدا،ناچار محمود پاشای بابان بانگی کردوە دوای لێکرد بگرێتەوە بۆسلێمانی،چونکە ئەم تریقەتە زۆر پشتگیری ئەهلی سونی بوو لە ناوچەکەدا بە تەواتی خۆی لە شیعە جیا دەکردوە بۆیە دوور نیە کە دەوڵەتی عوسمانی هەستابێت بەم کارەو محمود پاشای بابانی هان دابێت،لەبەر ئەوەی ناوچەکانی سلێمانی بەور شیعەگەرای دەچون وەعوسمانیەکان دەیان ویست بابانیەکان لە کارانە دووربخەنەوە وە شێخ مەولانا خالید لە سلێمانی جێگیر بوو وە هەموو ئیمکانیەتێکی کەوتە بەردەست توانی لەماوەدا هەندێك موریدو شێخ لەوناوچانە دروست بکات، لە کۆچێکی کوتو پڕدا کە هۆکاری نەزانراوە سلێمانی بەجێهشت و ئیتر نەگەڕایەوە ئەم شارە تاکو مرد هەر لە دیمەشق بوو.

وە دەسەڵاتی شێخی مەولانا لە سوریادا بەربڵاو بوو توانی هەموو سوریا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی زۆرێك لە ناوچەکانی تری وەك ئوردن لوبنانیش هەر لەدەستی ئەم دا بوون تاساڵی (1827)ز هەر لە دیمەشق کۆچی دوای کرد.

تەریقەتی نەقشبەندی کە لەسەر دەستی مەولانا بڵاو بووەوە وەك ئاگرێکە کە پوش بوستێنێت ئەوندە بە خێرای بڵاوبووەوە بە هۆکاری ئەوەی کە هەموو کەس دەیتوانی ببێتە شێخ وە ئەم خەلیفەکانی خۆی دەگایاندە پلەی شێخایەتی،وە خودی مامۆستاکەی کە شێخ عوبێدوڵای نەهری بوو هاتە سەر تەریقەتەکەی وازی لە تەریقەتی قادری هێناو تەریقەتی نەقشی کرایە تەریقەتی شێخانی هەکاری.

لەدوای ئەوەی کە عوسمانیەکان زۆر گرنگیان دا بە مەولانا خالید توانی سێ کوچکەی دەسەڵاتی سیاسی دروست بکات لە ناوچەکدا دژی ئیرانی شیعەی ئەو سەردەمە کە

دەسەڵاتی سیاسیان بکەوێتە دەست کە ئەو گەشتەی شێخ لەساڵی (1820)وەك مورشیدێك لە لایان عوسمانیەکانەوە ناسراو بابانیەکان پشتگیریان کرد سێ دەسەڵاتەکەی دایمەزراند یەکەم لە ناوچەی هەورامان بنەماڵەی سەراجەدین بوو پاشان لە بەرزان بنەماڵەی شێخ عبدوسەلامی بەرزانی لە بارزان و لە هەکاری بنەماڵەی شێخ عوبێدوڵای نەهری لەدوای کۆچی خۆی ئەمانە دەسەڵاتی کورد میرنیشنەکان دەگرن بەدەستەوە ئەمە هۆکارێك بوو بۆ لە ناوچونی سەردەمی ئەمیراتی یاخود میرەکانی کورد سەردەمی شێخەکان دەست . پێدەکات کە دەسەڵاتی سیاسی دەکەوێتە دەستیان

پێش شۆڕشەکەی شێخ عوبێدوڵای نەهری

جۆش و خرۆشی ئاینی ڕۆژبەڕۆژ لەبرەودابوو بەهۆکاری ئەوتەریقەتانەی کە ڕوی کردبووە ناوچەکە وە شەڕی ڕوسیا بەرانبەر بەعووسمانی و شەری هۆزەکانی نەستوریەکان و ئەرمەنیاکان و شیعەکان بەگشتی وای کرد کە پلەو پایەی شێخەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرو بەرزی بڕوات متمانە بۆ خۆیان پەیدا بکەن شێخ تەهای باوکی شێخ عوبێدوڵای نەهری ترسی ئەوەی نیشاندا لەساڵی (1843)ز کە هەڕەشەی مەسیحی ئەرمەنیاکان و نەستوریەکان لە ئارادایە وە پاشان لە ساڵی (1848)ز دا نەستوریەکان و یەزیدەیەکان لەگەڵ ئەرمەنیەکان بوونە هاوپەیمان لەگەڵ یەکتری بۆلێدانی شێخەکان و شیعەکانی ئیران پشتوانی ئەمانایین دەکرد دژی موسڵمانانی ناوچەکە ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کە عوسمانیەکان شێخەکانی تەریقەت وەك دەسەڵاتێکی سیاسی بناسێنن و وە بەرگری لە مەزهەبی سونی بکەن لە ناوچەکەدا شێخ تەهای نەهری لەناوچەکەدا ئەمەی بە هەل زانی بۆ ئەوەی بە تەواوەتی دسەڵاتی سیاسی خۆی بسەپێنێت بە سەر ناوچەکانی ژێر فەرمانڕەوای خۆیدا و سەرۆك هۆزەکانیش گوێڕایەڵی بکەن و فەرمانی دابوو کە بە هەموو شێوەیەك دژایەتی ئەو هاوپەیمانیە بکەن کە دژیان دروست کراوە، بۆیە لە سەر هەموو مینبەرێک مزگەتەکان ئەم دوعایە دەکرا (خودایە جوو،دیان وئاگر پەرستان و ..(مەجوس شیعەکانی ئیران یەزیدیەکان لە ناو ببە

بەڵام لە دوای کەوتنی ئیمارەتی بەدرخان شێخ تەهای نەهری خۆی حەشاردا لەلای سەرۆك هۆزێکی سەربەخۆی کورد لە ساڵی(1847)ز کە ناوی موسای بەگی

شەمدینانی بوو کە وا دەردەکەوێت ئەم پیاوە خۆی بە موریدی شێخ تەها نەهری دەزانی بۆیە هەر شێخ تەها فەرمانڕەوای ئەو ناوچەی دەکرد تا ساڵی(1860)ز عەبولقادری کوڕی شێخ تەها فەرمانڕەوای ناوچەکەی گرتە دەست جێگای باوکی گرتەوە وە شێخەکانی نەهری فەرمان ڕەوای ناوچەکانی شەمدینایان دەکرد تا دەگاتەوە بۆتان و پاشان ئەردەڵان ئەوندە قەڵامڕەویان فراوان بووبوو.

## (شێخ عوبێدوڵای نەهری شۆڕشەکەی لە (1880-1883

شۆڕشەکەی شێخ عوبێدوڵای کوڕی شێخ تەهای نەهری نەقشبەندی یەکێکە لە شۆڕشەکانی کوردایەتی لەسەر بنەمای ئاینی پیرۆزی ئیسلام سۆفی گەرایی،هاوشێوەی شۆڕشەکانی میر محمەدی سۆران و بەدرخان و یەزدان شێر و بوو شۆڕشی شێخ عوبێدوڵای نەهری لە ئەنجامی ئەو کارە گەندەڵانەی عوسمانی و سەفەویەکان بوو کە هاتە بەرهەم کاردانەوەی ئەوان بوو کە ئەم شۆڕشە بەرهەم هات، کە عوسمانیەکان دەیانویست فەرمانڕەوای تەواوەتی کوردستان بکەن،بەڵام شێخ هەستا بە کۆکردنەوەی موریدان و شێخانی تەریقەتی ناوچەکە لە دەوری خۆی بۆ کەوتنەوە جهیاد لە دژی داگیرکەران و ڕوسیاو بڵاو کردنەوەی بیری شیعە لە ناوچەکاندا وە سۆفیەکی زۆری کورد لە دەوری کۆبونەوە،ئەم شۆڕشە هاو کات بوو لەگەڵ شۆڕشەکانی تری دنیایی ئیسلامی کە ئەوروپیەکان هێرشیان کردە سەرووڵاتانی موسڵمان کە چەند شۆڕشێکی تر بەرپا بوو لەمسەرو سەری جیهانی ئیسلامی وەك شورشی شێخ عەبدولقادری جەزائیری لە مەغریب و شۆڕشەکەی جیهادیەکەی ئیمام شامل لە قەفقاس و شیشان، وە شۆڕشی شێخ عوسمان دانفیدۆ لە نیجیریا.

هەرچەندە ئەم شۆڕش سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا وەك زۆربەی شۆڕشەکانی تری سۆفی گەری لەناوچەکاندا، لەگەڵ ئەویشدا خەڵکێکی زۆر کورد هاوپشتی ئەم جهیادە بوون، بەهۆکاری ئەوەی کە لەگەڵ ستراتیژی ئەروپەیەکاندا نە دەهاتەوە و بەرژەوەندیەکانی عوسمانی و قاجەری دەخستە مەترسیەوە، لەپاشاندا هۆکاری ناوەکی وای کرد کە ئەم شۆڕشە دابمرکێتەوە.

هۆكاره ناوەكیەكان ئەوەبوو كە كوردستان بوو بە چەند پارچەیەك لەوانە بابانیەكان وسۆرانیەكان و بەدینیەكان و لە باشوری كوردستانی عێراق هەریەكە ئیمارەتكیان دامەزراند بوو، پاشان ئیمارەتی ئەردەڵان و برادۆست لە ڕۆژهەڵات لە ووڵاتی ئێرانی ئێستا، وە هەندێک لە ئیمارەتەكانی باكور وەك بۆتان بدلیس و چەند ئیمارەتێكی تری بچوك لەو ناوچەنەدا كە توركیای ئێستا دەكات.

پاشان دەوڵەتی عوسمانی بە چەند شكستێكدا تێپەڕیبوو لە سەدەی هەژدەهەمدا كەدەیوسیت چاكسازی بكات لەو ناوچەندا لە سەربنەمایی ئەوروپی..

وەك ئیبو خلدون دەڵێت:هەمیشه هێزی دۆراو شكسته چاو له هێزی سەركەت و دەكات بۆیه عوسمانیەكان دەیانویست چاو لە ئەوروپا بكەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی عوسمانی توركی نەتەوەیی، هەر لە سەدەمی فەرمانڕەوای سۆڵتان سەلیمی دووەم و سوڵتان محمودی دووەم كە ئالیاتی دەوڵەت لە سەربنەمایی نەتەوەی دابمەزرێنن لە ساڵی (1808-1839)ز لەسەر بنچینەی دەوڵەتی ڕۆژئاوایی، ئالێرەوە بۆ یەكەم جار لەو ناوچەدا بیری نەتەوەی عوسمانیەكان دامەزراو تا بووە هۆكاری دروست بوونی ئیتحادی تورەقی لە ساڵی .. (1908-1918)ز كە بەتەوەتی خۆی دارشت بوو بەنەتەوەی تورانیەكان.

نمونەی ئەم دەوڵەتە نەتەوەیەنەی كە دامەزرا وەك ئەلبنیا ئیمارەتەكانی ئەنادۆڵ كە سیستەمێكی خۆیان هەبوو وە لە هەمان كاتدا وەك عێراق كە مەمالیك فەرمانڕەوای دەكرد و لە موسڵ كە بە ئیمارەتی جلیلیە ناسراو بوو هەموو سەر بەخۆی خۆیان هەبوو وە بە هەمان شێوە لە سوریاو میسرو بۆتان بەدینان كە هەموو ئەمانە سەر بەو بوو وەك لە باسی ئیمارەتی بەدرخاندا ئاماژەمان بۆ كردوە.

پاشان عوسمانیەكان ویستیان لە ئەنجامی ئەوەی كە میرەكان لە ناوچەكاندا لاواز بوو بوون دەیانویست ناوچەكان بخنەوە ژێر ركێفی خۆیان بە سەركردایەتی ڕەشید پاشای شركەسی كە سەدری گەورەی عوسمانی پێشوو بوو لەگەڵ والی كوردستان كە بە محمەد ئەنیجە قیدار ناسرا بوو.

هەرچەندە میرەكان لەناو چوو بوون ناوبانگیان نەمابوو لێرەوە شێخانی تەریقەتی قادری نەقشبەندی دەستێكی باڵایان هەبوو لە هەموو ناوچەكاندا و هەر لەو سەردەمەدا لە

شەمدینان شورشێک سەری هەڵدا لەسەر دەستی شێخ عوبێدوڵای نەهری لە پارێزگایی هەکاری دژی ئەو بنچینە عەلمانیەتی کە دەیانویست بیهنە ناوچەکەو و لە دەرچونی عوسمانی و ئێران لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام وە شێخ عوبێدوڵا بە هەموو شێوەیەك بەرهەڵستی سیاسەتی ئێران و عوسمانیەکانی دەکرد ئالێرەوە بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە ئەو سەربەخۆیە مل کەچ ناکات بو دەسەڵاتی عوسمانی و ئێران..

وە ئەم شۆڕشەی سۆفیانە بەردوام بوو جیهادیان کرد تا سەردەمی مەلا سەلیمی خیزانی لەساڵی (1913)ز شێخ عەبدوسلامی بەرزانی لە ساڵی(1914)ز و شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی (1925)ز و شێخی محمودی حەفید لە کوردستانی باشور لە ساڵی (1932-1918)ز.

لێرەوە بە ئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت کە هەموو شۆڕشەکان لە پێناوی چەسپاندنی شەرعەتی خوای گەورە بووە لە ناوچەکەدا وە ئیسلام خۆی بکەنە مەنهج دەستور بۆ دەولەت دەسەلات تا مەزلومیەت لەسەر موسڵمانانی کورد هەڵبگیرێت.

رووداوەکانی ڕاپەڕین

ئەملیس کلاتین) کە خۆی جێگری قونسوڵی بەریتانی بوو لە وان یەکێکە کە چاودێر) بووە بەسەر شۆرشی شێخ و دەڵێت: لەدوای گەڕانەوەی شێخ لە بەرەکانی جەنگی ڕووسیا لەساڵی(1877-1878)ز وە شێخ چەکێکی زۆری وەر گرتبوو لە عوسمانیەکان بۆشەڕی ڕوسیا لە دوای گەڕانەوەیان شکستیان لەو جەنگە هەموو چەکەکانی پاراست لە لای خۆی هێشتیەوە نەیگەڕاندەوە بۆ عوسمانیەکان وە خۆی خاوەنی (5000)موجاهیدی سۆفی بوو وە ئەم موریدانەی خۆی بەکار هێنا بۆ ئەودەسەڵاتە گەندەڵەی عوسمانی تا لە کوردستان وە دەریان بنێت،شێخ بەتەواوتی ناوچەکانی هەکاری لە دەستی عوسمانیەکان پاك کردوە لە تەموزی ساڵی (1879)ز ،بەڵام ئەوە بووە هۆکاری ئەوەی کە زۆرێك لە خێزانەکانی هەرکی لەو ناوچەنەدا بە دیل بگرن و بەو پەڕی ناشرینی وەحشی گەڕانە مەمەڵەیان لەگەڵ بکەن ئەم هۆکارێکی ڕاپەڕین بوو لە ناوچەکانی بن دەستی عوسمانی دا ، بۆیە شێخ ناردی بە شوێن هەندێك لە هۆزەکانی ناوچەکە بۆ ئەوەی ئاگادریان

بکاتەوە کە عوسمانی توانی بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان نەماوە،مەبەستی شێخ ئەوە بوو کە خۆی ئیدارەی ناوچەکان بەڕێوە بەریت،بۆیە سوپایەکی ئامادەکرد ناردنی بۆ ناوچەکانی ئامێدی و پارێزگای دهۆك بۆ ئەوەی کوردستانی باشور ڕزگار بکات،بەڵام عبدوڵای بریفکانی هەوڵی نارد بۆ عوسمانیەکان بۆ موسڵ کە بەیارمەتی بڕۆن تاکو هێزەکەی شێخ عوبێدڵای نەهری ناوچەی ئامێدی نەگرن، شێخ سەرکردایەتی سوپاکەی دابوە دەست کوڕەکەی کەناوی شێخ عەبدولقادر بوو وە (900) کەسی لەگەڵ دابوو، بەڵام نەیتوانی ئامانجەکانی بپێکیت بۆیە هێزەکەی کشاندەوە دواوە،لەو دەمەدا متصرفی باشقەڵا کردیە سەر ناوچە سنوریەکان بۆ کۆکردنەوەی باج و سەرانە شێخ ئەمری کرد کە بیگرن وە دوای دیل بە دیلی پێبکەن لەگەڵ گیراوە هەرکیەکاندا.

عوسمانیەکان نەیاندەویست شێخ لەهەمان کاتدالاواز بکەن، بە هێزی خۆیان بۆیە سیاسەتێکی کلاسیکیان گرتە بەر دایان بەشەڕ لەگەڵ هێزەکانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان وەك (حیدەرانلو )(جیهان گیر)پاشا هەندێك لە هۆزە کانی تر ئەو ناوچەیە کە کەوتنە شەڕ لەگەڵ هێزەکانی شێخ عوبێدوڵای نەهری،شەڕو پێکادان ڕوویدا لەوناوچەنەدا تا ڕادەیەکی باش شێخ توانی سەرکەوتن بە دەست بێنێت، ئەمە بوە هۆکاری ئەوەی کە عوسمانیەکان دانوستان لەگەڵ شێخ بکەن و شێخیش دەیزانی عوسمانیەکان هیشتا هێزیان هەیە بۆیە ڕێك کەوتن لەساڵی(1880)زلەسەرئەوەی عوسمانیەکان (20000)بیاستر کە پارەی ئەو سەردەمەی عوسمانی بوو بیدەن بە شێخ بە خۆی وموریدانی لە ناوچەی هەکاری وە بڕوات سەردانی سوڵتان بکات لە ئەستەنبوڵ بۆ ئەوەی وەلائی خۆی بۆ تازە بکاتەوە.

لەدوای ئەوەی کە شێخ لەگەڵ عوسمانیەکاندا دانوستانی کرد ویستی سود لە کات وەربگرێت ڕووی کردە ناوچەکانی ئێران بۆ ڕزگار کردنی کوردستانی ڕۆژهەڵات وە هێزو توانەیەکی باشی ئامادە کرد بۆ ئەم جەنگە وە سەرنجی هەموو عەشەیارەکانی کورد سەرۆك هۆزەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو پێش ئەوەی دەست بکات بە هێرش بۆ سەر ئێران هەموو هۆزەکانی لە دەوری خۆی کۆکردوە ئامادەی کردن بۆ جهیاد موسڵمانانی کورد لەودەمەدا ئامادەی هەموو ڕووبەڕوو بۆنەوەیەك بونەوە وە لە ڕێگای قنسوڵێکی ئەرمەنی کە ناوی (میسیۆ کریمان)بوو ڕاپۆرتی ئەدا بە شێخ لە بارەی هێزەکانی ئێرانەوە

وه دوای خۆی وهك شاهیدێك باسەکەیش دەگێڕێتەوه،هەر لەو ساڵەدا زیاد له (150-100) کەسایەتی کوردی ناودارانی ناوچەکەی له عوسمانی ئێرانی له هاکاری کۆکردوه کۆنگرەیەکیان بەست کۆنگرەکەیان ناو نا به (پەیوەندی سەرۆکەکانی کورد) له سەردەمەدا کوڕکی بەدرخان به ناوی بەحری زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر ئەو کۆنگریەوه دەوری باشی دی تێیدا وسەرۆکەکان بریتی بوون له شێخ و میرەکانی ناوچەکان.

هەر له کۆنگرەدا شێخ ووتارێکی مێژوو بۆدان ووتی:

ئەوەتەی عوسمانیەکان هاتوونەته سەر دەسەڵات پێش(550) ساڵ له مەوبەر به ڕێگایەکی ناشەرعی نزیکەی (400)ساڵ لایانداوه له ئاینی پاکی ئیسلام وه ئەم ئیمپراتۆره خۆشی لاواز کردوه ئەوه دەسەڵاتەنەی لاواز کردوه که له ژێر سایەی دان، وه بەرەو داڕمانی تەواوەتی دەڕوات گۆمانی تێدا نیه که هەر دەبێت ئەم دەسەڵاته بروخێت،چونکه له ئیسلام دوورکەوتونەتەوه.

جا خۆشەویستانم:

بانگی ئیسلامەتی جیهاد و بانگەوازی باوباپیرانتان ئەدەمەوه به گوێ دا با بەرنگاری ستەم زوڵمی تورکی دوور له دین بوستینەوه که دوورن له ئیسلام پابەند نین پێوەی، بەرگری بکەن له مافەکانی خۆتان مەصلەحەتی کورد له بەر چاو بگرن ئاگاتان له بیرو باوەڕی خۆتان بێت وه بەرگری بکەن له خاکو وولاتان چون باپیرانتان بەرگریان کردوه.

پاشان به تەنها دەسەڵاتی عوسمانی نیه که ستەمان لێ دەکات ئەوتا براکانتان له ئێران دەناڵێنن بەدەست ڕەوشی خراپی ئابوری سیاسی که ئەمیش هیچ پەیوەندێکی نیه به ئیسلام وه ئێران له ژێر سێبەری ئیسلام دەرچوه، وه دەبینن که ئێران سەرقاڵە به شەر کردن لەگەڵ تورکومانەکانی ژێر ڕکێفیی خۆی،وه به هەزاران سەربازی ناردوه بۆ ئەو جەنگە،ئەگەر بێت و ئێمه جەنگیان لەگەڵ بکەین ئێستا ئێران توانی کۆکردنەوەی ئەو سوپایەی نیه دژمان ئێستا،وه سەرکەوتنمان نزیکه ئەگەر ڕوبەڕووی ئێران ببینەوه پاشان خەڵکانێکی تر دەورمان ئەدەن لەدوای ڕوودکەینەوه دەسەڵاتی عوسمانی ئەوانیش له ناو دەبین.

هەموو ڕازی بوون بە ووتەکانی شێخی نەهری و لە هەمان کاتدا چەکێکی زۆری لەبەر دەستدا بوو کە لە عوسمانیەکانی وەرگرتبوو لە سەردەمی جەنگی لەگەڵ رووسیادا شێخ فەرمانی دا کە چەکی زیاتر بکرن و خۆیان پڕ چەك کرد وە چەکێکی زۆریان کڕی لە شاری وان کە ئێرانیەکان وایان زانی عوسمانیەکان خۆیان چەکیان داوە بە شێخ عوبێدوڵڵەی نەهری.

جەنگ دەستی پێکرد شێخ توانی زۆر بەی ناوچەکان بخاتە ژێر قەڵەم ڕەوی خۆی وە دەست کەوتی لە چەك و پارەو سەروەت سامان زیاتر بوو وە دیلێکی زۆری گرتبوو،پاشان کەوتە ناردنی پەیام بۆ قونصولەکان ئەوروپا وە پەیوەندی باشی بەست لەگەڵ نەستوریەکان و ئەرمەنەکاندا،شێخ دەیزانی کە ئەورپیەکان ئەمەریکیەکان راستەخۆ پشتگیری نەسرەکان دەکەن،وە شێخ هەنگاوەکانی وەك هەنگاوی سەرکردە سەبازیەکان بوو لە کاتی شەر کردندا پاشان کە ڕوویان کردە شاری وورمیە ئێرانیەکان نامەیەکیان نوسی بۆ ئیقباڵ دەولە کە شێخ لە ڕێگای شێخ عبدولقادری کوڕیەوە دەوێت هەموو کوردستان ئازاد بکات وە دەربێنێت لە فەرمانڕەوای عوسمانی ئێرانی.

پاشان سوپای کوردی لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیان خستە سەر وورمیە سەر شارەکانی تر کە دەیانویست ئازادی بکەن.

لە مانگی ئۆکتۆبەر هێزەکان شێخ عوبێدوالله لە سێ قوڵەوە خۆیان کرد بە ئێراندا

هێزی یەکەم کە هێزی سەرەکی بوو بەسەرکردایەتی شێخ عەبدلقادر بە بیست هەزار کەسەوە کە گەمارۆی دەریاچەی وورمیەیان داو پاشان سابڵاغ(مهاباد)تیان دا.

هێزی دووەم کە لەپشتی ئەم هێزەوە بوون بۆ یارمەتی دانی لە کاتی شکست یاخود بۆ پێداویستی پێگەیاندنی کە زیاد لە هەزار سەربازی شێخ عوبێدووالله بوون بەسەرکردایەتی شێخ سدیق کە برای شێخ عوبێدووڵله بوو.

هێزی سێیەم کە بریتی بوون لە پێنج هەزار سەرباز بە سەرکردایەتی خەلیفە محمد سەعید کە ڕاستەو خۆ بەرە شاری وورمیە ڕۆشت.

وە شێخ خۆشی بە ناو خاکی کوردستان لە ئێراندا دەگەڕاو لە ماوەی کەم دا توانی ئیدارەی ئێران لە کوردستاندا کۆتایی بێهێنێت ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکی دەهاتنە ناو سوپای

شێخ کە ئەودەمە خۆشی حەوت هەزار کەسی لەگەڵدا بوو، ئەم ئازاد کردنە هەموو ماوەی چەند هەفتەیەکی خایاند.

## هەڵەیەکی مێژووی زۆر گەورە

لەماوەی ئەو شۆڕشەدا زۆریکی لە سەرۆك هۆز عەشیەرەکانی ئەو ناوچەیە پەیوەندیان کرد بە شێخ وە وە بە هۆکاری ئەوەی شیخ دەسەڵاتی تەوای پەیدا کرد بوو ئەو سەرۆك هۆزانە هەلەکەیان قۆستەوە زۆرێك لە ناوچەکانی ئازەریان تاڵان کرد و خەڵکە شیعەکایان کوشت سەروەت سامانیان بە هەدر بردن پاشان هەرچی سەروەت سامانی نەستوریەکان بوو بردیان بۆ خۆیان تاڵان بڕۆیەکی زۆریان کرد زۆربەی دێکانی نزیك وورمیەیان تاڵان کرد بێ ئەوەی کە شێخ عوبێدوڵڵە ئاگادر بێت بێگۆمان ئەو دیهاتانە کەوتبوە دەست کوردەکان ، پاشان لە میاندواو(میاندواب) کە گەمارۆی ئەو شارە درا بە سەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر دوایان کرد لە خەڵکی شاری میاندواو کە خۆیان بدەن بەدەستەوە چەند کەسێکی نارد شێخ عەبدولقادر بۆ ئەوەی کە دانوستانیا لەگەڵ بکەن کە چی دەسەڵات داری ئەو شارە ئەو پایام بەرانەی هەموو کوشت و گاڵتەی سوکایەتی کرد بەلاشەکانیان ئەمیش بوە هۆکاری تورەی سوپاکەی شێخ عەبدولقادر کە چونە شارەکە کوشتارێکی زۆریان کرد کە تێپەڕی لە سێسەد کەس لە ژن منداڵ، ئەم کارە لە داب ونەریتی کوردەواری ئیسلامەتی جوامێری دوور بوو بێ گۆمان هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو.

ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کە سومعەی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبێدوڵڵەی ناشرین بکرێت وە بڵاو کراو کە ئەمە شەڕی هۆزەکانە لەناو خۆیاندا شەڕی شیعە و سونیە وە شەڕی نێوان ئەزەری کورد فارسە،ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کە زۆرێك لە فارس ئازەری وشیعەکان خۆیان بەخش کرد دژی شەڕی کورد.

لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەر دووهەفتە گەمارۆی شاری وورمیە درا بەڵام خەریبوو ڕێك بکەون لەگەڵ شێخ عوبێدوڵڵەدا، بەڵام کە کارەساتەکەی میاندواویان بیست پەشیمان بوونەوە بوە هۆکاری ئەوەی کە زیاتر خۆیان قایم بکەن مەتەرێزو سەنگەریان قایم تر کرد، بەڵام شێخ بەڵێنی پێدان کە کاری وا ڕوونەداتەوە ئەگەر شارەکە بی شەڕ تەسلیم

بکەن ماوەی دوو ڕۆژی بۆ دانان وە نامەی نوسی بۆ ئیقباڵ دولە و زانا سونی شیعەکان کە کاری وا ڕوونادات وویستی قەناعەتیان پێبکات بەڵام بێ سود بوو.وە هەروەها شێخ دوای کرد لە قونصوڵ کە ناوی ولیم آبوت و کە ئینگلیز بوو لەگەڵ کوجران کە ئیقبال دولە ڕازی بکەن..

ئەوانیش داوایان کرد لە شێخ کەماوەکایان بۆ دوردرێژ بکاتەوە بۆ ماوەی ڕۆژێکی تر بەڵکو ڕازی بکەن(ئیقباڵ دەولە) دەیزانی کە هێزی ئێرانی بە ڕێگاوەیە بۆ یارمەتی دانی بۆیە دوای (24) کات ژمێری تر کرد بۆ ئەوەی سود لە کات وەر بگرێت وە لەوماوەیەدا هێزێکی زۆری ئێرانی لە ڕۆژ ئاوای ئازربایجانەوە بە سەرۆکایەتی تیمور پاشا هاتن بۆ یارمەتی ئیقباڵ دەولە بۆ ئەوەی گەمارۆکەی سەر وورمیە لابەرێت وە توانی ئەو گەمارۆیە بشکێنێت.

وە سوپایەکی تر گەورەی ئێرانی بە سەرۆکایەتی (حشمەت دەولە) کە سوپاسالاری شای ئێران بوو هاتە ناوچەکە کە بیست هەزار سوپای لەگەڵ دابوو لەگەڵ بیست تۆپی گەورە پاشان دوانزە هاوان وە بە یارمەتی هەندێك لە ئەفسەرەکانی نەمساوی کە سەرپەرشتی جەنگەکەیان دەکرد وە شەڕێکی خوێناوی لە نێوان کوردو ئێراندا ڕوویدا و عوسمانیەکان ڕێگایی سنوریان لە شێخ داخست کە نەتوانێت لە هەکاریەوە یارمەتی پێبگات ئەمە وای کرد کە سوپای شێخ بشکێتوە ، وەسوپاکەی پارێزگاری لەو دەسکەوت تاڵانیانە بکەن کە دەستیان کەوتبوو بۆیە زۆر بەی هەڵهاتن، ئەم هەڵهاتنە کاریگەری لەسەر سوپاکەی شێخ دانا ناچار شێخ فەرمانی دا کە سوپاکەی باڵاوە پێ بکات گیانی سەربازەکانی بپارێزێت.

لە (12)نۆڤەمبری ساڵی (1880)شێخ عوبێدوڵلە لەگەڵ چەند کەسێکدا گەڕیەوە بۆ ناوچیا لە نەهری لەناوچەکانی هەکاری و ئەم ڕاپەڕینە وەك بەفر توایەوە لە خێرایەکی سەرسوڕماندا کۆتایی پێهات.

لە دوای گەڕانەوەی شێخ بۆ مەڵبەندو زیدی خۆی لە هەکاری دەسەڵاتی ئێرانی داوای کرد لە قونسوڵی خۆی لە ئەستەنبوڵ لە دەسەڵاتی عوسمانی کە شێخ بگرێت یان دووری بخاتەوە ئەگەر ئەو کارە نەکات ئەوە دوای قورەبووی جەنگەکە لە عوسمانیەکان دەکاتەوە چونکە لە خاکی عوسمانیەوە هاتۆتە ناو خاکی ئێران وە هەروەها شای ئێران دوای دەست گیری سەدان کەسی سەرکردەی کوردی دەکرد لە عوسمانی لەوانە بەتایبەت

هەمزە ئاغامەنگوری کە سەرکردەیەکی سوپای شێخ بوو وە ئەو دەمە عوسمانی سی هەزار کوردی هەڵاهەتوو لە بن دەستی ئێران ڕایان کردبوە لای عوسمانی لەباریکی زۆر دژواردا دەژیان.

لە هاوینی ساڵی(1881) بە زۆری دەوڵەتی ڕووسی و دەوڵەتی بەریتانیا و ئێران کە جەختیان کرد کە شێخ دەست گیر بکریت یان لە ناوچەکەی خۆی دور بخریتەوە بۆ ئەستەنبۆڵ،ناچار شێخ ڕوویکردە ئەستەنبوڵ وەك (إقامه الجبری) کە لە وێ نیشتەجێ بێت و دەست بەسەر بێت،بەڵام لە ڕۆشتنیدا هەموو بەرپرسەکانی عوسمانی پێشوازی قارەمەنەیان لێکرد نەك وەك ئەسیر بەڵکو وەك شێر سەیریان دەکرد وە سوڵطانی عوسمانی خۆی پێشوازی لێکرد لە پلەوپایەیان بەرز کردوە ماقامی شەرفیان پێبەخشی لە قەصری سوڵتان ،بەڵام شێخ خەونی بوو کە کوردستان ڕزگار بکات بۆیە دوای ساڵێك واتا(1882) لەمانگی ئاب دا هەڵهات و گەڕایەوە بۆ نەهری.

ئەم گەڕانەوەی شێخ وای کرد لە دەوڵەتی ئێرانی هەردوو وولاتی ڕووسی بەریتانی کە زیاتر ترسیان لێبنشیت بەدەستی عوسمانیەکانیان زانی بۆیە زیاتر عوسمانیەکانیان تاوان بار دەکرد لەو کارە ئەوانیش بۆ ڕاگرتنی ڕوشەکە بریاریان دا کە شێخ دوور بخنەوە بۆ مەککە بە ڕەسمی ئەم بریارە لە لایەن عوسمانیە وە دەرچوو.

شێخ کە گەڕایەوە لە هەمووولایەکەوە موریدو سۆفیەکانی دەهات بۆلای لە دەوری کۆبونەوە چاوەڕوانی شێخیان دەکرد بۆ ئەوەی بزانن پرۆژەکەی چیە تا ئامادەی خۆیان بۆ دەربڕن چونکە هەموو پرۆژەکانی شێخ بۆ ڕزگار کردنی کورد بوو لە ستەم زۆری دەسەڵات داران عوسمانی ئێران، لە هەمان کاتدا نەیاندەتوانی شێخ بگرن بە هۆکاری ئەوەی خەڵکێکی زۆری لەدەور بوو وە خۆی زانایەکی ئاینی بوو پێگەیەکی جەماوەری بە هێزی هەبوو.

لە کۆتایی نۆڤەمبری ساڵی (1882) چەند هێزێکی سەربازی لەدەوری ناوچەی هەکاری کۆبونەوە وگەمارۆی ئەوناوچەیان دا لە هەموو لاکانیەوە ناچار بوو بەوەی کە شێخ خۆی بدات بەدەستەوە وە نێردراوی سوڵاتانی عوسمانی هات بۆلای پێ ووت کە دەبێت بچیت بۆ مککە ئەویش دوای کرد کە بچێتە موسڵ ئەوندە دور نەخرێتەوە،بەڵام ڕازی نەبوون چونکە موسڵ زۆر لە ناوچەکانی هەکاری دەچوو بە هیچ شێوەیەك قوبوڵ نەکرا،

دەیانزانی ئەگەر لەوبمێنێتەوە ڕاپەڕینێکی تر ساز دەکاتەوە چونکە ناوچەکانی موسڵ
.زۆر خۆشەویستیان هەبوو بۆ شێخ عوبێدوڵڵە
وە شێخ عەبدولقادر لە کاتی ڕاگواستنی باوکی خێزانەکیان بە گشتی ویستی لەدەسی عوسمانیەکان ئازادیان بکات لەگەڵ شێخ محمد سادق بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبوون وەشێخساڵێك لە حیجاز مایەوە پاشان چاوەکانی لە یەك ناو بە غەم وناسۆرەوە سەری
.نایەوە لە مککەلەساڵی (1883) کۆچی دوای کرد

## هەڵوێستی روسیا لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا

ڕووداوەکانی دوای ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان خەمساردی و بێدەنگی دۆستانی کوردی پیشاندا، لەبەرامبەر گوشارەکان بۆ سەر باشووری کوردستان، بۆیە هەندێ کەس هاتنەسەر ئەو بڕوایەی کورد واز لە دۆستایەتی و پشتیوانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بێنێ و ڕوو لە ڕووسیا بکات، لەوانەیە ئەو هەڵەیەی حکومەتی هەرێمیش کردی هەر لەو ڕوانگەیەوە هاتبێ، کە دووەم ڕۆژی دوای ڕیفراندۆم گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیای (ڕووس نەفت)ی ڕووسیا ببەستێت، کە پێیان وایە ڕووسیا دۆستێکی ڕاستەقینەتری کوردە و پێویستە کورد ڕووی پەیوەندی و دۆستایەتی بەرەو ڕووسیا وەرگێڕێ، بۆیە لەسەر بنەمای ئەو وتەیەی کە (ئاینده لەسەر ڕابردوو بنیات دەنرێت)، پێویستە ئاوڕێك لەپەیوەندی ڕابردووی ڕووسیا لەگەڵ کورد بدەینەوە و چاوێکی خێرا بەقۆناغەکانی پەیوەندی ڕووسیا لەگەڵ کورد بگێڕین.

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان بەوەداوە، ڕووسەکان لەدێر زەمانەوە بەبایەخەوە لە نەتەوەی کوردیان ڕوانیوە و هەمیشە کوردیان بەجەنگاوەری ئازا و قارەمان زانیوە و هەوڵیان داوە بۆ فراوان کردنی سنووری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان بۆ گەیشتن بە ئاوەگەرمەکان لە کورد نزیك ببنەوە، بۆیە ڕووسیای قەیسەری لە جەنگ و ململانێکاندا لەگەڵ ئیمپراتۆریەکانی فارس و عوسمانیدا هەوڵی داوە کورد بەلای خۆیدا ڕاکێشێت. یان لانی کەم لە جەنگدا بێلایەنیان بکات، بەرامبەر بەوە هەندێ بەڵێنیان پێ بدات، بەڵام دواتر لە بەڵێنەکانی پاشگەزبۆتەوە و هیواو ئاواتەکانی کوردی کردووە بە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆی.

بەفیتی دەوڵەتە بێگانەکان

کورد هەمیشە هەوڵیداوە پەیوەندی باشی لەگەڵ روسیا هەبێت، بەپێچەوانەوە ڕووسیا زیاتر کاریگەری خراپی لەسەر پێوەندی نێوان کورد و ڕووس، و کورد و ئەرمەن هەبووە، سەرەتای سەدەی نۆزدە ڕووسەکان مامەڵەیان لەگەڵ کوردەکانی یێریڤان باش نەبووە و باجی زۆریان لێ سەندوون، بەڵام باجی لەئەرمەنەکان وەرنەدەگرت و لەهەموو شوێنێك فەرمانداری ئەرمەنەکانی بەسەر موسوڵمانەکانەوە دانابوو، سەرەڕای هەوڵی

زۆری کورد بۆ پەیوەندی کورد لەگەڵ ئەرمەنەکان، بەڵام بەفیتی دەوڵەتە بێگانەکان بەتایبەت ڕووسیا زۆرجار ئەرمەنەکان دەستیان لەتاڵان و سوتاندنی دێهات و بردنی مەڕوماڵاتی ناوچە کوردییەکان هەبووە، هەتا ساڵی (1853) کورد لەدژی دەزگاکانی یاسایی ناوچەی ئەرمەن نارەزاییان دەربڕیوە، بەڵام ڕووس زیاتر گرنگیان بە ئەرمەن داوە، لەساڵی (1854) ئەو کوردانەی کۆچیان دەکرد بۆ ڕووسیا مەرجیان بۆ دانا بوون، کەسانی ئەرمەنیان دەکردە فەرماندەیان، بەڵام کوردەکان ڕازی نەبوون، بەڵکو یان ڕووسی یان دەبێ کورد بێت، کەواتە ڕووسەکان هۆکارێکی تێکچووونی پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن بوون، ساڵی (1855) ڕووسەکان ئاگاداری ئەو نارەزاییانەش بوون لەلایەن کوردەوە لەئەرمەن دەکرا، بەڵام چارەسەریان نەدەکرد.

بایەخدانی ڕووسیا بەئەرمەنەکان جگەلە ئاینێکی هاوبەش نەبێت، هیچ شتێکی دیکە کۆی نەدەکردنەوە، سەرەڕای ئەوەی بەراورد بەکورد هیچ سوودێکی بۆیان نەبووە، سەرکردەی سەربازی ڕووس (پ.ی. ئەڤریانۆڤ) دەڵێت:» لەکاتی پێکدادانی شەڕی ئێمە و عوسمانیەکاندا پۆلیسە ئەرمەنەکان هیچ قازانجێکیان بۆ ئێمە نەبووە، ئەوانە هەمیشە لەکاتی هێرش کردنەکاندا هەڵدەهاتن، وەك دواتر دەرکەوت ئەوانە دوای شەڕەکان تەنیا بۆ کوشتن و سەربڕینی موسوڵمانەکانی شارەکان ئامادە بوون.«

هەندێکیان بەشداریان کرد

لەکاتی جەنگی ڕووسیا- عوسمانی لە ساڵی (1877-1878) سەرۆکە کوردەکان سەرەتا خۆیان بوارد لە بەشداری ئەو شەڕە، بەڵام لە دواتر بەهۆی گوشاری دەوڵەتی عوسمانی و بانگەشەی غەزا و بەشداری موسڵمانان بەناوی دینەوە لەو شەرەدا هەندێکیان بەشداریان کرد بەتایبەتی سەرۆکە کوردە دیارەکەی ئەو کات شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، بەڵام بەماوەیەکی کەم دوای بەشداری کردنیان هێزەکانی (شێخ عوبەیدوڵڵا) بێزاری خۆیان لەبارودۆخە دەربڕی و بەرەکانی شەڕیان بەجێ دەهێشت، بێ گومان ململانێ و جەنگی ڕووسی – عوسمانی بۆ کورد زیانی زۆر بوو ژیانی لێ تێکدان، کاتێك کورد خراپەکاری و زوڵم و ستەمی عوسمانیەکانیان بۆ دەرکەوت وردە وردە بەخۆیان و چەکەکانیانەوە بەرەکانی جەنگیان بەجێ هێشت. ڕووسەکان ویستیان قارس داگیر بکەن، کوردەکان هاوکاری ڕووسەکانیان دەکرد لە (6)ی تشرینی دووەمی (1877) قارس

گیرا، پاش ئەوەی رووسەکان قارس و باریەزیدیان گرت، هەستیان بەبێزاری کورد کرد بەرامبەر بەعوسمانیەکان، وەك (ئیڤانۆڤ)ی کونسۆڵی روسیا لەئەرزرۆم لەپاش داگیرکردنی قارس دەنووسێت: « بڕوام وایە کوردستان بیر لە ڕاست بوونەوە دەکاتەوە و بگرە خۆی بۆ ئامادە دەکات.» کوردی ناوچەی دەرسیم دوای سەرکەوتنی ڕووسیا لەبەرەی قەفقاسدا ڕاپەڕینیان بەرپاکرد.

شێخ عوبەیدوڵلا هەر لەسەرەتاوە پەیوەندی لەگەڵ روسیای تزاری پێ باشتر بوو لە دەوڵەتە ئەوروپاییەکانی تر، ڕەنگە هۆی ئەمە ئەوە بووبێ روسیا هاوسنوور و هەمیشە کێشەی شەڕ و سنووری لەگەڵ تورکیا هەبوو، لەلایەکی تریش دەوڵەتەکانی تر بەتایبەت بەریتانیا لەکوردستانەوە دوور بوو، هەمیشە هەڵوێستی بەرامبەر بەکورد باش نەبوو. شێخ عوبەیدوڵلا لە ساڵی (1879) نوێنەری خۆی بۆ کونسۆڵگەی رووس لەئەرزروم نارد بۆ ئەوەی بزانێ هەڵوێستی رووس چی دەبێ ئەگەر شێخ شۆڕش بکا، نوێنەرەکە بۆ کونسۆڵی ڕوون کردەوە، شێخ یارمەتی و کۆمەکی ڕووسەکانی لەهی هەر لایەنێکی تر پێ باشترە. کاتێك شێخ عوبەیدوڵلا ئامادەکاری دەکرد بۆ ڕاپەڕینەکەی، روسیا بەوردی چاوێری دەکرد، کاربەدەستانی رووس هەوڵیان دەدا پشتیوانی ڕاپەڕینەکەی شێخ نەکرێت، لەنامەیەکی نهێنیدا کە بۆ سەرۆکی قەزای ئیچمیازدین نێردرابوو، ئامۆژگاری و ئاگادار کردنەوەی تێدا بوو» بەبۆنەی بزوتنەوەی کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانیەوە، گومانی تێدا نیە لەتەك ناوەرۆکی سیاسی ناوەرۆکێکی ئاینیشی هەیە، داوا لە جەنابی پایەبەرزتان دەکەین کوردەکانی قەزاکە لەچاو ون مەکەن و بەهیچ جۆرێك ڕێگا مەدەن بەشداری ئەو ڕاپەڕینە بکەن، نەبەپارە و نەبەهیچ شێوەیەك یارمەتیان نەدەن» بەڵام شێخ لەناو کوردەکان ناو و پایەیەکی بەرزی هەبوو، خەڵکی بەخۆشیەوە پێشوازی بیرو ئامانجی ڕاپەڕینەکەیان دەکرد.

پاش ئەوەی رووس کونسۆڵگەی لەشاری وان کردەوە، شێخ نوێنەری خۆی سەید محەمەد سەعید بۆ لای (کامساراکان) نارد، نوێنەرەکە بۆ کونسۆڵی ڕوون کردەوە، کورد دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگی هەبێ ئەگەر شەڕ لەنێوان روسیا و عوسمانی هەڵبگیرسێ. چونکە هەموو ناوچە گرنگەکان لەبەردەستی کوردایە. بەڵام (کامساراکان) بەخەمساردییەوە گووتی: باشێخ داواکانی بخاتە بەردەمی دەوڵەتی عوسمانی. چونکە لەوکاتەدا رووس و

عوسمانی پەیوەندی باشیان هەبوو. پێدەچێ (کامساراکان) دژی هاوکاری کورد بووبێ
.زیاتر لەگەڵ هاوکاری مەسیحیەکاندا بووە

هیچ کاتێك نەمانتوانی

لەکاتیکدا داواکاری و پشتیوانی کوردلەسەر حیسابی ڕووسیا نەبووە و تەنیا داوای هاوکاری بووە لە ڕووسیا لەبەرامبەر دا کوردیش هاوکاری ڕووسیا بکات، (ئەڤریانۆڤ) لەکتێبەکەیدا دەڵێت: « هەمیشە کوردەکان پێشنیاری ئەوەیان کردووە هاوکاریمان بکەن، بەڵام ئێمە(رووس) هیچ کاتێك نەمانتوانی لەگەڵ کوردەکان پێکەوە بچین بەگژ تورکدا و «نەمانتوانی لەهیچ کاتێکدا نرخی ئەو داخوازیانەی کورد هەڵسەنگێنین

شێخ عوبەیدوڵڵا پلانی دانا تا هێشتا ناڕازیەکان لەخۆی کۆبکاتەوە و لە خاکەلێوەدا دەست بەجەنگ بکاتەوە. (ژانویەی 1881). بەڵام لەبەرامبەر ئەم تەقەللایانەی شێخ عوبەیدوڵڵا و فەرماندەکانی کورد، تەقەللای گەورەتر و سامناکتری گەلەکۆمەکێی دەوڵەتان لە دژی بەرنامەکانی کورد هەبوون، لەسەرووی هەموویانەوە ئێران، هەر لەسەرەتای شۆڕشەکە و بگرە پێش هەڵایسانی شۆڕشەکە، دەرباری قاجاری و خودی (ناسرەدین شا)، بەپەلە و هەڵپە لەگەڵ: ڕووسیا، ئینگلستان، و عوسمانی بەگەرمی کەوتبووە تەقەللای کاری دیپلۆماسی و ڕاوێژ و نامە و نوێنەر ناردن و گۆڕینەوە، بۆ لای یەکتری و ڕێگا گرتن لە تەنینەوەی ڕاپەڕینەکە، لەم پێناوەشدا ئێران تکا و داخوازی لە ئینگلستان بۆ ئەوە بوو، داوا لە ڕووسیا بکەن، هێز و لەشکری خۆی، بۆ سەر سنووری ئازەربایجانی خواروو بنێرێ، و گوشار بخەنەسەر دەوڵەتی عوسمانی، تا بەهەموو شێوەیەك ڕێگا لەهەوڵی شێخ .عوبەیدوڵڵا و ڕابەرانی تری کورد بگرێ

دوای شگستی ڕاپەڕینەکە و گەڕانەوەی پاشماوەی هێزەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ناو وڵاتی عوسمانی بوو بەهۆی کێشەیەکی دوور و درێژ لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و قاجاریدا، حکومەتی ئێران داوایان لەحکومەتی عوسمانی کرد بوو، شێخ عوبەیدوڵڵایان بداتە دەست بۆ ئەوەی سزای بدەن. لەوەدا روسیا و بەریتانیا لایەنگیری ئێران بوون، بەجووتە بەتوندی داوایان لە کاربەدەستانی عوسمانی کرد بوو سزای شێخ عوبەیدوڵڵا .بدات

تا ناچاری بکات

دوای سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکە و شکانی شێخ عوبەیدوڵڵا، لەجیاتی هاوکاری کردنی شێخ بۆ بەردەوامی ڕاپەڕینەکەی، رووس و ئینگلیز گوشاریان خستەسەر دەوڵەتی عوسمانی، پشنیاز بکات بۆ شێخ سەردانی ئەستەمبوڵ بکات، تا ناچاری بکات لەوێ بمێنێتەوە. بۆ ئەوەی بۆ مەرامەکانی خۆی بەکاری بێنێ.

لەساڵی1881 دوای وتوێژ و کۆششێکی زۆر دەوڵەتانی روسیا و بەریتانیا شێخ عەبەیدوڵڵایان گەیاندە ئەو بڕوایەی پێویستە لەڕێگای وتوێژەوە چارەسەرێك بۆ مەسەلەی کورد بدۆزێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە شێخ سەردانی ئەستەمبوڵ بکات، دەوڵەتی بەریتانیا هەستا بەنێوانگیری لەنێوان شێخ عوبەیدوڵڵا و ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بۆ ڕازی کردنی شێخ سەردانی ئەستەمبوڵ بکات هەڵوێستێکی ناحەزانەی لەگەڵ کورد دا نواند و لەپایزی (1882) بزوتنەوەکەی تێکشکاند شێخ لە ئەنجامی زۆر لێ کردن و سەرکردنە سەری ناچار بوو بچێت بۆ لای سوڵتان و لەوێ یەکسەر دەسبەسەر کرا.

پاش دەستبەسەری و ڕاکردنی شێخ لە ئەستەمبوڵ و گەڕانەوەی بۆ کوردستان، شێخ عوبەیدوڵڵا نوێنەری خۆی عەلی قاسم ئۆغلی نارد بۆلای (کامساراکان) جێگری کونسوڵی روس لە ورمێ، داوای لێ کرد پشتگیری شێخ بکەن و هیچ داوای مەعنەوی و دارایشی لەرووس نیە، بەڵام ڕای رووسەکان وابوو پێویستە شێخ داوای لێ بکرێ گوێڕایەڵی حکومەتی عوسمانی بێ قەید و شەرت بێ. ئەمەش وای لە شێخ کرد هیچ ئومێدێکی بەرووس نەبێ.

حکومەتی روسیای تزاری و بەریتانیا دەمارگیریەکی مەسیحیگەری توندیان بەرامبەر بەچارەنوسی ئەرمەنیەکانی تورکیا و بەتایبەتی ئەوانەی لە کوردستانی تورکیا دەژیان نیشان دەدا. مەبەستیشیان هەر ئەوەبوو پاراستنی مافی ئەرمەنیەکان بەناوی مەسیحیگەریەوە بکەنە بیانوو بۆ ئەوەی لەباری سیاسیەوە تین بۆ سوڵتان بێنن. ئەوەندی پەیوەندی بەکوردیشەوە هەبوو ئەم دوو دەوڵەتە مەسیحی کوردیان هەر بە مرۆڤ نەدەزانی.

دەوڵەتە ئەوروپیەکان گوشاریان دەخستەر سەردەوڵەتی عوسمانی بەناوی چاکسازی بۆ ئەرمەنەکانی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمە بووە هۆی تورە بوونی عوسمانی لەساڵی (1880) عوسمانیەکان بەهەموو شێوەیەك هەوڵیان دەدا کورد بەگژ ئەرمەندا بکەن،

وەکو ئامرازێك دژی چاکسازی بەکاری بهێنێت. بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵا ڕێگای نەدا ئەو ویستەی عوسمانیەکان بێتەدی. سەرەڕای هەوڵەکانی کورد بۆ پەرۆشی پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ ئاسوورییەکان، بەڵام حوکمدارانی لەخۆبایی ئاسووری هەمیشە مەیل و ئارەزووی دەسەڵات بوون بەسەر کورددا، لەسەرەتاوە تا کۆتایی لەگەڵ کورد خەریك بوون، هەمیشە زیانیان پێ گەیاندووە و خۆشیان زیانیان کردووە.

ئەویش وەڵامێکی دایەوە

بۆ زیاتر پتەو کردنی ڕاپەڕینەکە شێخ ڕووی کردە (مارشەمعون) و داوای لێ کرد لابداتەلای ڕاپەڕینەکەی کورد. بەڵام ئەویش وەڵامێکی دایەوە هیوای ڕێك کەوتنی تێدا نەبوو. لە کۆتایی مایسی ئەو ساڵەدا (کامساراکان)ی یاریدەدەری کونسوڵی روسیا لەگەڵ (مارشەمعون) یەکیان دی، (مارشەمعون) بەئاشکرا ئەو ڕاستیەی بۆ درکاند و گوتی:

« شێخ هەوڵیدا بەلای خۆیدا ڕای بکێشێت، بەڵام ئەم ڕازی نەبوو بەشداری بزووتنەوەکەی شێخ بکات، چونکە ڕای وابوو دەوڵەتە ئەوروپاییەکان ئەمڕۆ بێ یان سبەی باری سەرشانی گاورەکانی دەوڵەتی عوسمانی سووك دەکەن».

یەکێك لەو هۆکارانەی بووە هۆی شکستی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا، روسیا و ئینگلتەرە و تورکیا هەڵوێستی دژ بە ڕاپەڕینەکەی کوردیان گرتەبەر. روسیا خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بوو لەئیران، ئینگلتەراش لەوکاتەدا کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر دەسەڵاتدارانی ئەستەمبوڵ. پاش دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا ڕاپەڕینەکەی کورد کەوتە کزی و هێمن بووەوە، ئەستەمبوڵ گەلێك لەو سەرۆکە کوردانەی کڕی ڕۆژی خۆی پشتگیری ڕاپەڕینەکەی عوبەیدوڵلایان کرد بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕاپەڕینی کوردەکان (1880) بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا بایەخێکی گرنگی هەبوو، ئەگەرچی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ بەرەو پێش بردنی کێشەی کورد. لەڕاستیدا ئەم ڕاپەڕینە لە هەموو ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانی پێشووی کورد بەتواناتر بوو لەهەردوو لایەنی سیاسی و ڕێکخستنەوە. دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەبووە مایەی ئارامی لە کوردستاندا، هەرچەندە ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەیتوانی ئامانجە گەورەکەی بەدامەزراندنی قەوارەیەکی یەکگرتوو بۆ کورد

بەدیبێنێ، بەڵام توانی جۆرێك یەكێتی كوردستانی ژێر سایەی تورك و فارس نیشان بدات و یەكخستنی نەتەوەی كورد بەگوێی داگیركەرانی كوردستاندا بچرپێنێ.

هەموو ئەم ڕووداوانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەكەنەوە، ئەگەرچی كورد هەمیشە بەباوەڕی پتەوەوە هەوڵی داوە پەیوەندی باشی لەگەڵ دەوڵەتی ڕووسیا هەبێت، بەڵام ڕووسیا هەمیشە پشتی لەكورد كردووە، خۆ ئەگەر لەبەر بەرژەوەندی خۆشی هاوكارییەكی كەمی كوردی كردبێت، لەناوەڕاستی ڕووداوەكاندا بەجێی هێشتوون و پشتی تێكردوون، لەبەرئەوە كورد پێویستە وانە لەڕابردوو وەربگرێ و ئەگەر بەڕێوەبردنی بارودۆخی سیاسیش داوای پەیوەندی و پشتیوانی لەڕووسیا بكات، بەڵام هەرگیز نابێت ئەوەندە بچێتە پێشەوە كشانەوە و پشت تێكردنی ڕووسیا ببێتە هۆی كارەسات و سەربڕینی خواستەكانی كورد.

## تایبەتمەندیەکانی ژیانی خێڵایەتی کورد

بەلای توێژەرەوە تایبەتمەندیەکانی ژیانی خێڵایەتی کورد لە سێ خاڵی بنچینەییدا کۆدەکرێتەوە: سەرۆکایەتیوجەنگکردنو بەرپرسیاریەتی خێڵەکە.

یەکەم/ سەرۆکایەتی: دەتوانین لێکۆڵینەوە لەسەر سەرۆکایەتی خێڵی کوردی بکەین لە دوو ڕووەوە، یەکەم پێویستیەکانی سەرۆکایەتی، دووەم بەرپرسیاریەتی سەرۆکایەتی.

پێویستیەکانی سەرۆکایەتی: سەرۆکایەتی خێڵ خۆی لە ڕێکخستن و ئاراستەکردنی چالاکیە هەمەجۆرەکانی خێڵدا دەبینێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پۆستی سەرۆکایەتی خێڵ نەرێتیکی بۆماوەییە لە باوکەوە بۆ کوڕ، بەڵام چەند پێویستیەکی هەیە، لەگرنگترینیان سەرۆك توانای شەڕکردنی هەبێتو دەوڵەمەندو کەسایەتی بەهێز بێت.

توانای شەڕکردن پێویستیەکی زۆر گرنگە ئەگەر مەرجی بنچینەیی نەبێت بۆ سەرۆکایەتی خێڵی کوردی، چونکە شەڕکردن یەکێکە لە ڕووە گرنگەکانی خێڵ، ئەوەمان زانی کە خێڵی کوردی لە چەند تیرەو بنەچەیەك پێکهاتووە، هەندێکیان بەهۆی شوێنی نیشتەجێ بوونو سەرۆکایەتیەکی دیاریکراوەو پەیوەستن، گرنگی توانای شەڕکردنو بەرەنگاربونەوەی سەرۆکمان بۆ دەرکەوت، لە ڕاستیدا تیرەو بنەچەی هەر خێڵێك ئەگەر تواناو لێوەشاوەی شەڕکردنی نەبێت ناتوانێت هەژموونی هەبێت بەسەر تیرەو بنەچەکانی تری هۆزەکەداو درێژە بە سەرۆکایەتیەکەی بداتو بەرگری لە هۆزەکەی بکات لەبەرامبەر ئەو پەلامارانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە.

پێکهاتەکانی توانای شەڕکردنی سەرۆکی خێڵ کەسەکانی دەوروبەریەتی، لەبەر ئەوە کەسە نزیکەکانی سەرۆك جێگەی گرنگی ئەندامەکانی هۆزەکەو کەسانی ترن، کەسە نزیکەکانی سەرۆك ئیشوکاری شەڕو کێشەکان ڕادەپەڕێننو نەیارەکانی سەرۆك چاوترسێن دەکەن، سەرۆك کەسەکانی دەروبەریو بنەماڵەکانیان پەسەند دەکاتو لەهەموو تیرەو بنەچەکان هەڵیاندەبژێرێت، کە پەیوەندی خزمایەتی پێکیانەوە دەبەستێتەوە،

کۆچەری و ئاژەڵداری سیفەتێکی هاوبەشی هەموویانە، حەزیان لە کارو پیشە نیەو بەپێی سروشتی خۆیان حەزیان لە ژیانی کۆچەریو شەڕکردنە.

دەوڵەمەندی سیفەتێکی زۆر پێویستی سەرۆکایەتی خێڵە، ئەمەیش پەیوەستە بە ژمارەی دەستوپێوەندەکانی توانای میوانداری. باسی ژمارەی پیاوەکانی سەرۆکمان کرد، دەتوانین بڵێین بایەخو توانای میوانداری هیچی کەمتر نیە لە ژمارەی دەستوپێوەندەکان، توانای میوانداری سەرۆك و دیوەخانەکەی دەبێت پەسەندکراوی هەموان بێت، هەتا دیوەخانەکە فراوان بێتو ژمارەی میوانەکانی سەرۆك زۆرتربن ناوبانگو پێگەی سەرۆك زیاتر بەرز دەبێتەوە.

دیوەخانی سەرۆك یەکێکە لە ڕەمزکانی خێڵ، لەو دیوەخانەدا سەرۆکی تیرەکانی خێڵ بەڵێنی پشتگیری بە سەرۆکی هۆز دەدەن، لە نێوان چوار دیواری ئەو دیوەخانەدا تاکەکانی خێڵ هەست بە دڵنیاییو ئارامی دەکەن. بەهێزترین بەڵگە لەسەر سیفەتی میوانداری سەرۆکی خێڵ ئەوەیە سەرۆکی تیرەکان بەشێکی زۆری داهاتی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ دیوەخانی سەرۆك، هەتا هەندێکیان باربو لە بازرگانو کاسبکارەکان دەکەن بۆ ئەو دیوەخانی سەرۆك.

ئەوەی دەبێت لە توانای کەسێتی سەرۆکدا هەبێت زۆرن، بەڵام لە گرنگترینیان ئازایەتیو دینداریو زیرەکیە، ئازایەتی سیفەتێکی پێویستی سەرۆکە، چونکە سیستمی خێڵەکی هەموو کات خێڵ تووشی شەڕی بەردەوام دەکات، لە هەمان کاتدا سەرۆك بەرپرسە لە سەرکردایەتی شەڕکردن. بابەتی ئاینداری لای کورد زۆر گرنگە، ئەگەر سەرۆك لە بنەماڵەیەکی ناسراوبێتو کەسێکی خواناس بێت پێگەی زۆر بەهێزتر دەبێت، هەر ئەوەیشە زۆربەی سەرۆك خێڵەکان لە کوردستان نازناوی (شێخ)و(مەلا)یان هەیە، هەروەها زیرەکیو ئاقڵی هاوکاری سەرۆك دەکات بۆ فراوان کردنی پێگەی خۆی لەناو هۆزەو تیرەکانی ترو کاربەدەستانی دەوڵەتدا.

تایبەتمەندیەکانی سەرۆکایەتی: سەرۆکایەتی خێڵی کوردی سێ خەسڵەت بۆ سەرۆك دەستەبەر دەکات: دەسەڵاتی ڕەها، سەرۆکایەتی چاسەری کێشەکانی خێڵ، دەسەڵاتی بەسەر زەویوزاری خێڵدا هەیە.

دەسەڵاتی ڕەها یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی سەرۆکایەتی خێڵی کورد، هەرچەند سەرۆک ڕاوێژ بە سەرۆکی تیرەکانو پیاوە بە تەمەنەکانی خێڵ دەکات. ڕۆژهەڵاتناس (نیکتین) دەڵێت: هەرکاتێك سەرۆکی خێڵ دەسەڵاتە ڕەهاکانی خۆی سەپاند بۆ کەس نیە لە تاکەکانی خێڵ گفتوگۆی لەگەڵدا بکات لە هەر بابەتێکدا بێت، هەروەها (ملیجن) بەم شێوەیە باسی (دەسەڵاتی سەرۆکی خێڵی کوردی کردووە: سەرۆك خێڵی کورد دیکاتۆرێکی ڕەهایە، سنورێك بۆ دەسەڵاتەکانی نیە، بۆی هەیە دەست بەسەر موڵکوماڵی هەر تاکێکی خێڵدا بگرێت، دەتوانێت فەرمانی کوشتنی دەربکات هەرکاتێك پێویستی (کرد.

بڕیارەکانی سەرۆك لە ئیشوکاری هۆزدا بڕیاری کۆتایینو کەس بۆی نیە پێشێلیان بکات یان هەڵیانوەشێنێتەوە، هەرکەسێك دژایەتی سەرۆك بکاتو پێچەوانەی فەرمانەکانی بێت لە تۆڵەو توڕەیی سەرۆك ڕزگاری نابێت، شاکر فەتاح لەبارەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی خێڵەوە دەڵێت: سەرۆکی هۆز هەوڵ دەدات کێشەکانی نێوان تاکەکانی خێڵ و هۆز بەپێی بنەما عەشایەریەکان یان ئاینیەکان چارەسەر بکات، بەڵام بۆ ئەو بابەتانەی بەرژەوەندی خۆی یان کەرامەتی بریندار دەکات ناگەڕێتەوە بۆ قانونە عەشایەریو ئاینیەکان، تەنها .بژاردەی تۆڵەکردنەوەیە

زۆرجار تۆڵە کردنەوەی سەرۆك هەموو سنورەکانی توندوتیژی تێدەپەڕێنێت، ئەگەر هێزێك لەسەرو هێزی ئەوەوە نەیوەستێنێت، سەرۆك خاوەن دەسەڵاتی بێ سنورە لە هۆزەکەیدا، شێوەی لە هیچ دەسەڵاتێکی پاشایەتی ڕەهاشدا نیە. هەرکەسێك گوێ بە فەرمانەکانی نەدات لە تاکەکانی هۆز ئەوە ڕووبەڕووی سزای قورس دەبێتەوە بە لێدان و دوورخستنەوە هەتا دەگاتە کوشتن. ئەوە ڕەفتاری هەموو سەرۆك خێڵەکانی زێباریو .هەرکیو سورچیە، کە دانیشتوی هەردوو پارێزگای موسڵو هەولێرن

سەرۆکایەتی دادوەری خێڵ (کۆبوونەوەی صولح) بەدەستی سەرۆکی هۆزە ، پارێزەری هۆزە لەهەموو پەلامارێکی ناوخۆییو دەرکی. لە ڕاستیدا تاکی خێڵ دادوەری (صولح)ی سەرۆکی خێڵی بەلاوە باشترە لە دادگای حکومەت، لەبەر دو هۆ: یەکەم/ لەبەرئەوەی باوەڕی وایە سەرۆك خاوەنی ڕاستەقینە(مرجع)ی ئەوە. دووەم/ سکاڵاکەی لای داگای .حکومەت ئەنجامێکی خێرای نیەو پێویستی بەهاتوچۆو تێچوون هەیە

دادگا خێڵەکیەکان زۆربەی کات لە دیوەخانی سەرۆکدا ئەنجام دەدرێتو سەرۆك تیرەکانو هەندێ کەسی تری هۆزەکە ئامادەی دەبن. سەرۆك خێڵ دەست ناخاتە کێشەی نێوان دوو لایەن ئەگەر داوای لێ نەکەن، بەشداری کردنی جۆرێکە لە ڕێکخستنەوەیان، سەرۆك هەوڵ دەدات قەرەبوو بۆ لایەنی زەرەرمەند وەربگرێت لە پارەو ئاژەڵ، هەروەها ژن (خوێنبایی) لەکێشەی مەترسیدارەکاندا. لە کێشەی کوشتندا سەرۆکی خێڵ بڕیاری دوورخستنەوەی تاوانبار دەدات بۆ دەرەوەی سنوری هۆزو دەست بەسەراگرتنی ماڵو سامانی. سەرۆك بڕیاری زیندانی کردنو کوشتنی دەدات هەندێ جار، بەشێوەیەکی گشتی سەرۆکی خێڵ بەشداری کوشتن ناکات، بەڵکو لایەنی کوژراوەکە هەوڵی کوشتنی بکوژەکە یان کەسوکاری دەدەن. لەم کێشانەدا بابەتەکە بە داخراوی دەمێنێتەوە، دوژمنایەتی زۆرجار کاتێکی درێژ دەخایەنێت، سەرۆك هەوڵی چارەسەری دەداتو کێشەکە یەکلایی دەکاتەوە، لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کێشەی کوشتن ڕووبەڕووی دادگای حکومەت دەکرێتەوە.

دەسەڵاتی سەرۆك بەسەر زەوی سنوری هۆزدا بەربڵاوەو هەموو هۆزە کوردیەکان دەگرێتەوە، لەناو هۆزی پشدەردا ئاغاکانی میراودەلی (سەرۆك خێڵن) چینی موڵکدارن، هەروەها بەگەکانی سەرۆکی عەشیرەتی جافی کۆچەری، ئەو بەگانە لەکاتی ئێستادا خاوەنی زەوی هۆزی جافن. ئەوە بارودۆخی هەموو هۆزە کوردەکانی پارچەکانی کوردستانە، هەروەکو (تایلور) ئاماژەی بە هاوشێوەی ئەمە کردووە لەناو هۆزە کوردەکانی کوردستانی باکور.

دەکرێت ئەم دیارەدا وەك سروشتی پێکهاتەی هۆزی کوردی شرۆڤەی بۆ بکرێت، تیرەی دەسەڵاتدار پێگەی خۆی بەهێز دەکات بەهۆی لاوازی تیرەکانی ترەوەو ملکەچ کردنیانو دەستگرتن بەسەر زەویەکانیاندا، لەبەر ئەوە سەرۆك خێڵی کوردی تایبەتمەندی دەربەگی هەیە، پێگەی هاوشێوەی پێگەی (بارۆناتەکانی) سەدەکانی ناوەڕاستە، پشت بەستنی دەوڵەتی عوسمانی بەسەرۆك خێڵەکان بۆ کۆکردنەوەی باجی زەویە کشتوکاڵیەکان هۆیەکی گرنگ بووە سەرۆکی خێڵ پشکی خۆی لە زەوی هۆزەکەیدا بچەسپێنێ بەپێی تێپەڕبوونی کات.

دووەم: شەڕو جەنگکردن: شەڕکردن یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ژیانی خێڵەکی کورد. شەڕی نێوان خێڵە کوردیەکان بەردەوام بووە لە ڕۆژگاری دەوڵەتی عوسمانیدا، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا حکومەت دەچێتە نێو کێشەو بەریەککەوتنەکانی نێوان خێڵەکان، لەڕاستیدا هۆیەکانی ئەو شەڕوکێشانە دەگەڕێتەوە بۆ هۆی سیاسیو جوگرافی نەك حەزی کورد بۆ پەلامارو تاڵانی هەروەکو هەندێ گەڕیدەی بیانی باسیان کردووە. هۆی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ شکستی دەوڵەتی عوسمانی لە چەسپاندنی دەسەڵاتی کارگێڕی بەسەر هۆزە کوردەکاندا. لە ڕاستیدا دەوڵەتی عوسمانی نەدەچووە ناو کاروباری ناوخۆی هۆزەکان ئەگەر باجیان بدایە، بەهۆی سەختی ناوچە کوردیەکانەوەو نەبوونی هۆیەکانی هاتوچۆوە کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە زۆر زەحمەت بوو. پاڵنەری هۆی جوگرافی لە بەردەوامی شەڕی نێوان هۆزەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەختی سروشتی زەوی کوردستان. سەختی ناوچە کوردیەکان پاڵنەرە لە ململانێی بەردەوامی هۆزە کوردەکان بۆ دەست بەسەراگرتنی زەوی کشتوکاڵی بەپیتو لەوەڕگای بژوێن. لەبەر ئەوە فاکتەری بەریەککەوتنی هۆزە جیاوازەکان بەردەوامە. ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە کەمی سەرچاوەی ئاو لە دێهاتی کوردیەکاندا هەندێ لە دانیشتوانەکەی ناچار دەکات کۆچ بکەن جێگەی تر هەتا فشاری سەر سەرچاوە ئاویەکان کەم بکەنەوە، زۆرجار ئەم گروپە کۆچەرانە کە پەیوەندی خزمایەتی پێکەوەیان دەبەستێ دەبنە گروپی شەڕکەرو پەلاماری گوندە بێدەسەڵاتەکان دەدەنو زەویەکانیان داگیر دەکەن.

دەڵێت: کەناگیری دانیشتوانی گوندی کوردی لە(Burton) :ڕۆژهەڵاتناس (بورتۆن کۆمەڵە گوندێکی پرشوبڵاودا بەهۆی سەختیەوەیەو هاوکاری لە نێوانیاندا کارێکی زەحمەتە، ئەمەیش وایکردووە هەر بنەماڵەیەکی گەورە خاوەنی گوندێکی سەربەخۆ بێتو پشت بەخۆی دەبەستێ لە بەرهەمهێنانی پێویستیەکانیدا، هەروەها ڕووبەڕووی هەر بێگانەیەك دەبێتەوە خۆی لەکاری هەڵقورتێنێ، چونکە ئەوە هەرەشە دەزانێ بۆ سەر ئارامیو دڵنیایی ئابوری خۆی.

هەندێ هۆی تری مامناوەندی هەن بۆ ڕودانی شەڕی خێڵەکان وەك تۆڵەکردنەوەی تاکەکەسی، بەڵام ئەمانە زۆر دەگمەننو لەسنورێکی بچووکدایە.

سەرۆکی خێڵ سەرکردایەتی شەڕە گرنگەکان دەکات، ئاغا بچوکەکان دەستە شەڕکەرەکان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی لەژێر فەرمانی سەرۆکدابن، لەشەڕە بەرفراوانەکاندا هەموو ئەو ئەندامانەی هۆز توانایان هەیە بەشداری دەکەن، ئەو چەکدارانەی تەمەنیان لە نێوان پازدە بۆ شەستساڵیدایە، ئەندامەکانی تری هۆزەکە هاوکاری شەڕکەرەکان دەکەن، بەڵام شەڕە بچوکەکان تەنها ئەوانە بەشداری تێدا دەکەن شارەزای شەڕن.

شەڕو داگیرکاری خێڵە کوردیەکان پابەندن بە دابونەریتی تایبەتی لەڕووی بەهێزیانەوە باسی دەکات لەبارەی نەریتی شەڕی(Wigram=وەك قانون وان، هەروەکو (ویگرام نێوان خێڵە کوردیەکانەوە، ڕێگە دەدات بە تاڵانکردنی ئاژەڵو چەكو کەلوپەلی ناوماڵ، بەڵام سوتاندنی ماڵو وێرانکردنی کشتوکاڵو تێکدانی جۆگەی ئاوەکانی حەرامکردووە، هەروەها پەلاماردانی ژنو پیاوانی بەتەمەنی حەرامکردووەو پێویستیان بە پاسەوانی نیە پشتگیری دەکات، هەروەها (=sykesلەکاتی هێرشدا. ئەم قسانە (مارك سایکس داگیرکاریە خێڵەکیەکان موڵكوماڵە جێگیرەکان وێران ناکەن، پابەند نابێت بە هیچ قانونێکەوە ئەگەر دەسەڵاتی حکومەت بەشداری بکات، بەڵکو هەوڵ دەدات بە کەمترین زیان ڕزگاری بێت.

چەند جەنگێکی خێڵەکانی بینیوە (Hay کورد جەنگاوەری ئازاو خۆڕاگرن، (کاپتن های لەوبارەیەوە دەڵێت: جەنگاوەری سەرنەکەوتوون، بەڵام (مارك سایکس) ئاگاداری چەند جەنگێکی خێڵەکان بووە، دەڵێت: تورەیی‌و ئازایەتیان زۆر بێوێنەیە.

سێیەم: بەرپرسیارێتی خێڵایەتی: پەیوەستی گشتی لە نێوان تیرەکانی هۆزدا شوێنی نیشتەجێبوون‌و ملکەچیانە بۆ سەرۆکایەتیەکی ناوەندی، هەروەها ئەو پەیوەندیەی تیرەکانی هۆزێك پێکەوە دەبەستێ تەنها بەشداری شەڕکردنە، هیچ پەیوەندیەکی تری وەك کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابوری لەنێوان تیرە جیاوازەکاندا نیە، بەڵام تاکەکانی تیرە بەزۆر پەیوەندی هەمەجۆر پێکەوەیان دەبەستێت وەك بەرپرسیاری هاوبەش‌و هاوکاری ئابوری‌و بەشداری لە بۆنە جیاوازەکاندا.

بەرپرسیاریەتی هاوبەش وەك هاوبەشی لە شەڕدا لەگەڵ هەر تیرەیەکی هۆزەکەدا کە ڕووبەڕووی دوژمنایەتی بێتەوە، ئەم بەرپرسیاریەتیە لە کێشە تاکە کەسیەکاندا

دەرناکەێت، ڕوداوی کوشتن کە ڕوبەڕووی تاکێکی تیرەکە دەبێتەوە هەموو تاکەکانی تیرە ڕاناکێشێ بۆ شەڕی لایەنەکەی تر، بەڵکو خزمە نزیکەکانی کوژراوەکە ئەرکی تۆڵەکردنەوە لە ئەستۆ دەگرن، ئەگەر کەسە کوژراوەکە یەکێك بێت لە سەرۆکەکان، ئەوە تۆڵەکردنەوە ئەرکی هۆزەکە نیە بەڵکو بەپرسیارتیەکی بنەماڵەییە.

بەڵام هاوکاری ئابوری موڵکایەتی هاوبەشە لە زەویو لەوەڕگاو سەرچاوەکانی ئاو، هەتا هابەشی لە زەوی کشتوکاڵ لە هەندێ حاڵەتدا، ئەم هاوکاریە زیاتر لەناو هۆزە کۆچەرەکاندا دەردەکەوێت، هەر تیرەیەك ڕووبەرێکی دیاریکراوی زەوی هەیە بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی لەوەڕگا بۆ ئاژەڵەکانی. یان بەهاوبەشی کرینی لەوەڕگایەك بۆ ئاژەڵەکانیان.

لەبارودۆخی هۆزە نیشتەجێکاندا تاکەکانی هۆز پابەندن بە خاوەندارێتی سەرچاوەی ئاوەوە، کوێخای گوند بەرپرسە لە جێبەجێکردنی ئەو قانونە کۆمەڵایەتیە، بەشێوەیەك هیچ کەسێك هەوڵ نادات دەستبگرێت بەسەر ئاوی ئاودێریدا لە هەقی خۆی زیاتر، خاوەندارێتی زەوی کشتوکاڵی دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی دەسەڵاتدار لە هۆزەکەدا، سەرۆك پشکی هەیە لە زەوی کشتوکاڵی تاکەکانی هۆزدا، هەر جوتیارێکی هۆز مافی خاوەندارێتی پارچەیەك زەوی هەیە، دابەشکردنی زەوی لە نێوان جوتیارەکاندا هەموو ساڵێك یان چەند ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێت، پێویست ناکات سەرۆکخۆی ئەو کارە بکات، بەڵکو دەستەیەك لە چەند ڕیش سپیەك بەو کارە هەڵدەسنو زەویەکان دابەش دەکەن بەسەر جوتیارانی گوندەکەدا هەرکەسە بەپێی تواناو هەقی خۆی.

بەڵام لەوەڕگای گوند ئەو موڵکی هەموانە، هاوکاری ئابوری ئەوەیە هەندێ جار کە پیاوانی تیرەیەك لەوەڕگایەك بە هاوبەشی دەکڕن بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان.

بەشداری لە بۆنەکاندا بریتیە لە جەژنەکانو شایی و پرسە، لە ڕۆژانی جەژندا ئەندامانی تیرەیەك یان خەڵکی گوندەکە سەردانی یەکتری دەکەن، هەروەها ئەرکی ئەندامانی تیرەیە بەشداری شایی بکەنو دیاری پێشکەشی زاوا بکەن، بەڵام گەورەترینو گرنگترین بۆنەکان ڕێوڕەسمی مردنە، گوێنەدانو ئامادە نەبوون لە ڕێوڕەسمی مردنو بەشداری نەکردن لە پرسەدا زۆر قورسە لەسەر دڵی تاکی هۆزو لێخۆشبوونی نیە، بەتایبەتی ئەگەر کەسی مردوو یەکێك بێت لە سەرۆك خێڵەکان، لەبەر ئەوە پرسەی تاکەکانی خێڵ

کاتێکی زۆرتر دەخایەنێ لە کەسانی ناخێڵەکی، بەلانی کەمەوە لە هەفتەیەك کەمتر نیە لەهەموو بارێکدا، بەڵام لەکاتی مردنی سەرۆك خێڵدا یان یەکێك لە سەرۆك تیرەکان ئەوە پرسەکەی زیاتر لە مانگێك دەخایەنێت، لەکاتی پرسەکەدا تاکەکانی خێڵ دەڕۆن بۆ پرسەو هاوکاری وەك شەرکرو چاو برنجو ئاژەڵ لەگەڵ خۆیاندا دەبەن.

## بزووتنەوەی حەقە لە هەرێمی کوردستان

بە درێژایی مێژوو لە هەرێمی کوردستاندا گەلێك بزووتنەوەی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەریانهەڵداوە، کە هەریەکەیان پەیوەندیداربووە بە هەلومەرج و بارودۆخی ئەو سەردەمەی، کە تێیدا سەریهەڵداوە و دروستبووە، بەڵام تێکڕای ئەو بزووتنەوانە، کە یەکێکیان بزووتنەوەی (حەقە)یە، زۆر بەکەمی لەسەریان نووسراوە و توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی تایبەتی و سەربەخۆیان لەسەر ئەنجامدراوە.

لە ڕاستیدا ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەسەر ئەم بزووتنەوەیە، کە بە هۆی گۆڕانی بارودۆخ و گۆرانکارییەکان، وێڕای داخراوی بزووتنەوەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و بوونی تەمومژ و گومان و قسە و باسی هەمەجۆر لەسەریان لەلایەك و کەمی کتێب و سەرچاوەی زانستی و زانیاری ورد و تەواو و باوەڕپێکراو لەسەر بزووتنەوەکە، وای کردووە ئەنجامدانی توێژینەوەکە کارێکی قورس و پڕ زەحمەت بێت.

بەشی یەکەم: چەمکی سۆفیگەری (تەسەوف) و سەرهەڵدانی لە هەرێمی کوردستان

باسی یەکەم: چەمك و پێناسەی سۆفیگەری (تەسەوف)

سەبارەت بە سەرەتای دەرکەوتنی سۆفیگەری و ڕەگ و ریشەی و پەیوەندی بە بیروباوەڕە ئایینییەکانەوە و بوونی پێناسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە و یەکگرتوو بۆ چەمکی تەسەوف (سۆفیزم)، نووسەر و لێکۆڵەر و مێژوونووسان یەك ڕا و بۆچوون نین، هەریەکەیان لە دید و تێڕوانینی تایبەتی خۆیەوە ڕەگ و ڕیشەی چەمکی سۆفیگەری لە مێژوودا و لە کۆمەڵگە جیاوازەکانی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێناوە و پێناسەی تایبەتی بۆ ئەم چەمکە قووڵ و فراوانە کردووە.

د. ئیبراهیم شوانی پێی وایە: سۆفیزم وەك دیاردەیەکی ڕووحانی کۆمەڵایەتی، کاریگەری بەرچاوی هەبووە و هەیە بەسەر ڕەوتی ژیانی ئایینی و ڕووحانی و کۆمەڵایەتییەوە لە

کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بە ئامانجی بونیادنانی پەیوەندییەکی ڕۆحانی و پەرستشی (نێوان مرۆڤ و خودا و لەبەرایی مێژووەوە هەبووە (1.

بە ڕای نووسەر (محەمەد عەبدولهادی ئەبو زەیدە)، سۆفیگەری لە بنەڕەتدا لە گیانی ئایینی ئیسلام دوورە و لەپێش هاتنی ئایینی ئیسلام دا لەناو ئایینی جولەکە و مەسیحی دا هەبووە، پاشان لە ڕێگەی فارسەکانەوە لە کاتێکدا ئیسلام لەناو خاکی ئێران بڵاوبوویەوە و سوپای ئیسلام چووە خاکی ئەو وڵاتەوە، لە ڕێگەی هندستانەوە بە ڕێگەی ئێران دا (گەیشتۆتە دوورگەی عەرەبی و ناو ڕیزی موسوڵمانان(2.

هەروەها مێژوونووسی ناوداری ئێرانی (د. حشمە الله طبیعی) پێی وایە، پەیدابوونی سۆفیزم دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵی (سۆفیستاییەکان)ی سەردەمی یۆنانییەکان، هەندێکی تریش بۆ بنەماکانی ئایینەکانی زەردەشتی و مانی ئەگێڕنەوە. هەروەك گرووپێکی تریش پێیان وایە ئەم ڕێبازە پەیوەندی بە ئایینی (بودا) و عیرفانیی هندۆسەکانەوە هەیە و (بەشێکە لە خوداناسی، لە زۆربەی ئایینەکانی پێش ئیسلامدا هەبووە(3.

هەروەك تەسەوف کارێکی تایبەتی و تاکەکەسی مرۆڤە بۆ پاککردنەوەی دڵ و دەروون لە گوناھ و تاوانەکان و بواری عیرفانی و پەرستش و خواناسی، بۆیە ناکرێت تەسەوف و عیرفان کە بەشێکە لە پاککردنەوەی دڵ و دەروون (تزکیە النفس) لە ئایینی ئیسلام دا و ناوەرۆکی پەیامەکەی و مانا ڕاستەقینەکەی جیابکەینەوە، هەروەك ڕای توێژەریش وایە و لەگەڵ ڕای ژمارەیەك ڕۆژهەڵاتناسی بیانی دا یەك دەگرێتەوە لەوانە: (نیکلسۆنە ماسینۆن و مارتن ڤان برۆنەسن) کە پێیان وایە: سۆفیگەری دیاردەیەکی ئیسلامییە و دەرەنجامی ڕەوتی گەشەکردنی سرووشتی ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی خواناسییە و لەسەدەی یەکەمی (کۆچیدا لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا سەریهەڵداوە (4.

لە ڕاستیدا بابەتی تەسەوف (سۆفیزم) لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا و لەناو جیهانی ئیسلامیشدا، یەکێکە لەو بابەت و مەسەلانەی، کە بە درێژای مێژووی ئیسلامی، جێی گرنگی و بایەخ و مشتومڕ و هەستیاری (حەساس) بووە لە نێوان زانایان و شەرعناسان و فەیلەسوف و نووسەران دا، جێگەی تێڕامان و قسە لەسەر کردنی زیاترە و بیر و بۆچوونی جیاوازە و لەرابردووشدا ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە.

چەمکی تەسەوف (سۆفیزم) لەڕوانگەی زمان و زاراوەسازییەوە

سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشەی سۆفیگەری (سۆفیزم) وەکو هەر چەمکێکی تر، زۆر بیروڕای جیاواز هەیە، لەوانە د. جەعفەر عەلی دەڵێت: "بناغەی وشە و زاراوەی سۆفییەت (تەسەوف) لە وشەی (سوف) خوری یەوە هاتووە، چونکە سۆفییەکان پێیان وایە جلوبەرگی خوری جلوبەرگی پێغەمبەرانە (درودی خوایان لێ بێت) و دروشم و هێمای وەلی و پیاوچاکان بووە و هەمیشە لەبەریان کردووە "(5).

ڕایەکی تر هەیە، کە وشەی (التصوف) لە (صفاء)ەوە هاتووە و بەڵگەشیان ئەم فەرموودە پیرۆزەی پێغەمبەرە (درودی خوای لێ بێت)، کە دەفەرموێت : " ذهب صفو الدنيا ويبقي الكدر".

بۆ چوونێکی تریش هەیە، کە وشەکە یۆنانییە و لە بنەڕەتدا لە وشەی (سۆفیا)وە هاتووە، کە بە مانای زانین دێت(6)، بەڵام (شێخ عبدالكريم القشيري) لەکتێبەکەیدا ڕای وایە: بناغەی وشەکە دەگەڕێتەوە سەر ناوی (صفە)ی مزگەوتی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت(7)، هەروەك دەشبێت زاراوەی تەسەوف لە وشەی (صف)ی ڕیزی جەماعەتی نوێژی بەکۆمەڵەوە وەرگیرابێت، ئەوانەی بەتایبەت لە ڕیزی یەکەمی خواپەرستی و نوێژدا لەپێشەوەن(8)

هەروەك هەندێك دەڵێن وشەی (تەسەوف) لە چوار پیت پێکهاتووە و هەر پیتێکی واتایەکی سەربەخۆ و تایبەتی هەیە، بەشێوەیەك پیتی (ت) واتای تەوبە و گەڕانەوە بۆ لای خوا، پیتی (س) بە واتای پاککردنەوە (سەفا)ی ڕۆح و دڵ و دەروون، پیتی (و) بە واتای (ویلایەت) پشتگیری و گەردنکەچی، پیتی (ف) واتای (فەنابوون بۆ خوا) و لەپێناوی (خودا و عەشقی خودایی، کە بەرزترین پلەی سۆفییەتە(9).

باسی دووەم: ڕێباز (تەریقەت)ی نەقشبەندی، سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی لە هەرێمی کوردستان

دوابەدوای دەرکەوتنی سۆفیزم وەك بیروباوەڕێکی ئایینی بەهێز، چەندین ڕێبازی تەسەوف سەریانهەڵدا، کە یەکێك لە ڕێبازە دیار و بەرچاوانە ڕێبازی نەقشبەندی بوو، ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە لانکە و کانگای سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئەم

ڕێبازە دادەنرێت، لەگەڵ باسکردنی ڕێبازی نەقشبەندی دا ناوی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) دەهێنرێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەم تەریقەتە لەسەر دەستی (شێخ بەهائەددینی نەقشبەندی) دامەزراوە، بەڵام دواتر لەلایەن (شێخ عەبدولخالقی گۆجەوانی)یەوە یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکانی بۆ دادەنرێت.

پاش ئەوەی (شێخ مەولانا خالدی نەقشبەندی) لەساڵی (1808ز) لە تەمەنی سی ساڵیدا ڕوودەکاتە هندستان و لەشاری (دەلهی) چەندین ساڵ لەبەردەستی (شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی)دا دەخوێنێت، تەمەسووکی پێوە دەکات و ئیرشادی تەریقەتەکەی لێ وەردەگرێت، لەساڵی (1811ز) دەگەڕێتەوە بۆ عێراق بە مەبەستی ئیرشاد و ڕێنموونیکردنی موسوڵمانان و لەنێوان سلێمانی و بەغدادا جێگۆڕکێ دەکات(10).

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبەکەیدا دەنووسێت: (هەرچەندە لە زەمانی کۆندا تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا لە پێش هاتنەوەی (مەولانا خالدی نەقشبەندی) لە هندستان نیشانەی هەبووە، بەڵام لەو سەردەمانەدا وەك تەریقەتێکی ناسراو نەبووە و لەناو خەڵکیدا ناوبانگی نەبووە(11). دەتوانین تەریقەتەکانی سۆفیگەری لەناو نەتەوەی کورددا بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەم بەشانە دابەش و پۆلێن بکەین(12):

یەکەم: تەریقەتەکانی کوردی شیعە، کە نیعمەت ئیلاهی و خاکسالاری دەگرێتەوە.

دووەم: تەریقەتەکانی کوردی سوننە، کە (قادری و نەقشبەندی) دەگرێتەوە.

بێگومان، کە خاکی کوردستان پارچەیەکی زیندووی جیهانی ئیسلامی بووە، هەر لە کۆنەوە خەڵکەکەی باوەڕیان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هێناوە و موسوڵمان بوون، ئەمەش زەمینەیەکی باش و گونجاوبوو بۆ سەرهەڵدانی چەندین جۆری جیاوازی وەکو تەریقەتی (قادری و نەقشبەندی) لەسەر دەستی شێخ و ڕێبەرە ئایینیەکانی ناوچەکە، وەکو سەرهەڵدانی ڕێبازی (قادری) لەسەر دەستی (شێخ مارفی نۆدێ)، ڕێبازی (نەقشبەندی) لەسەر دەستی (شێخ مەولانا خالیدی نەقشبەندی).

مەولانا خالیدی نەقشبەندی بەهۆی فیراسەتی ئیمانداری و ئارامگرتن و هەڵکەوتووی خۆیەوە، دواتر پشوودرێژی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێبازەکەی لە چەقی (تەریقەتی قادری)دا، کە شاری سلێمانی بوو، توانی هەردوو شێخی قادری (شێخ عەبدوڵڵا) و (شێخ ئەحمەدی

سەردار)، کەسەر بە لقی ناوچەی (سەرگەڵوو)ی بنەماڵەی شێخانەی بەرزنجە بووە، (بخاتە ژێر هەژموون و رکێفی تەریقەتە نوێیەکەیەوە و پەیوەندی پێوە بکەن(13.

پێویستە بزانین، کە ساڵانی (1811-1820ز) بە پڕ بەرهەمترین ڕۆژانی ڕێبازی نەقشبەندی لەکوردستاندا دەژمێردرێن، ئەم ڕێبازە نوێیە پشتیوانییەکی جەماوەری بەرفراوانی لێ کرا. سەرباری ئەوەی، کە بەردەوام ڕووبەڕووی دوژمنایەتی قادرییەکان (و ناو بەناو دوژمنایەتی میرانی بابان لەسلێمانی دەبۆوە(14.

بەڕای (میهرداد ئیزەدی) هەڵمەتی بانگەشەی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) بۆ ڕێبازەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1779ز)، هەروەکو لە کتێبەکەیدا نووسیوێتی: "مەولانا ساڵی 1779زایینی هەڵمەتێکی بۆ پەیداکردنی لایەنگر لە ڕێگەی دیاریکردنی ژمارەیەکی زۆر (نوێنەران (خەلیفە) لە کوردستان و ئەو دیوی کوردستاندا دەستپێکرد"(15.

لە بارەی ژمارەی خەلیفەکانی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)ەوە، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی (یادی مەردان)دا، ژمارەی خەلیفە کوردەکانی (مەولاناخالیدی بە (34) خەلیفە و خەلیفە بێگانەکانیشی بە (33) خەلیفە داناوە(16.

هەروەها سەبارەت بە ژمارەی مورید و لایەنگرانی، (مستەر ڕیچ) لە کتێبەکەیدا، ژمارەی موریدەکانی مەولانای لە ساڵی (1820ز)دا-کە هاوکاتی ساڵی سەردانەکەی (بووە بۆ کوردستان- بە (12000) مورید دادەنێت(17.

مامۆستا عەباس عەزاویش لە بابەتێکیدا، موریدانی تەریقەتی نەقشبەندی لە عێراقدا (لەسەردەمی حوکمڕانی کۆماریدا بە (20000) کەس دادەنێت(18.

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێت: "لەناو خەڵکیدا واباوە، کە (شێخ مارفی نۆدێ) بووە بە ناحەز و دژی مەولانا خالید، ئەمەش وایکردووە مەولانا لە سلێمانی دەرچێت و . (بەرەو بەغداد کۆچ بکات"(19

تەنانەت شێخ مارف دووجار کاك ئەحمەدی شێخی کوڕی و عەبدوڕەحمان تاڵەبانی خەلیفەی خۆی بۆ کوشتنی دەنێرێت، بەڵام کاری کوشتنەکەیان بۆ جێبەجێ ناکرێت و دەگەڕێنەوە(20)، بۆیە مەولانا خالیدی نەقشبەندی ناچار دەبێت هەڵبێت، کە ئەم ڕووداوەش هاوکات بووە لەگەڵ گەشتە بەناوبانگەکەی (مستەر ڕیچ) بۆ کوردستان لە نێوان ساڵانی (1820-1823ز)، ناوبراو لە یاداشتەکانیدا بەم جۆرە ڕووداوەکەی

تۆمارکردووە و نووسیوێتی: "ئەم بەیانییە شێخ خالیدی بەناوبانگ هەڵهات. لەگەڵ ئەوەشدا، کە هەڵهاتنەکەی نهێنی و بەپەلەبوو، بەڵام توانی هەر چوار ژنەکەی لەگەڵ خۆیدا بەرێت. هێشتا نەزانراوە بەرەوکوێ ڕۆیشتوە؟ چەند ڕۆژێك لەمەوبەر کوردەکان لە پلەیەکی بەرزتر لە عەبدولقادر- مەبەستی شێخ عەبدولقادری گەیلانی یە- دایان دەنا . پاشا – مەبەستی میرانی بابانە لە سلێمانی – عادەتی وابوو لەبەردەمیدا ڕادەوەستا و قلیانی بۆ تێدەکرد، کەچی ئەمڕۆ پێی دەڵێن: کافر و داستانی زۆر لەبارەی فیز و کافری و زەندیقییەوە دەگێڕنەوە؟! لەبارەی هۆی هەڵهاتنیەوە قسەی جۆرا و جۆر دەکرێت. هەندێك دەڵێن: دەستی کردبووە ئاژاوەنانەوە لەنێوان پاشا و براکانیدا، کە ویستبوویان لای پاشا لەگەڵیدا ڕووبەڕوو ببنەوە، هەندێکی تریش دەڵێن: دەستی کردبوو بە دانانی بناغەی مەزهەبێکی نوێ و دەیویست خۆی بکات بە گەورەی دنیایی وڵاتەکە. گومانی تێدا نییە، کە زۆر شتی لەبارەوە وتراوە و شتی زۆر لەمانە زۆرتری دراوەتە پاڵ. مەلا و سەیدەکان لە سەرووی هەمووشیانەوە شێخ مارف – مەبەستی شێخ مارفی نۆدێیە -، هەموو ڕقیان لە شێخ خالیدە و ئەویش کاتێك کە دەسەڵاتی هەبوو، هەموو ئەمانەی بەزاندبوو"(21).

باسی سێیەم: خەسڵەت و بنەماکانی ڕێبازی نەقشبەندی

ڕێبازی نەقشبەندی وەکو ڕێبازێکی ئایینی ئیسلام، کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی و گرنگی هەیە، کە لە یانزدە بنەمادا دەتوانین ئاماژەیان پێ بکەین.

لە ڕاستیدا دامەزرێنەری ڕێبازەکەوە، کە خواجە (عەبدولخالق گۆجەوانی)یە هەشت بنەمای بۆ دانراوە، هەروەکو نووسەری کتێبی (مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی) سەید تاهیری هاشمی ئاماژەی پێداوە، بەڵام دواتر، کە (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) گەشەی بەم ڕێبازە ئایینیە داوە و سێ بنەمای تری بۆ زیاد کردووە.

(هەشت بنەماکانیش بریتیین لە(22):

1-هۆشی هەنووکەیی: واتا نابێت بێئاگایی و غافڵبوون زەفەر بەکار و کردەوە و تەنانەت هەستەکانیشی بەرێت.

2-سەربەرزکردنەوە: بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە ڕوانینی حەرام، پێویستە پەیڕەوکاری نەقشبەندی سەیری بەردەمی خۆی بکات و سەیری ئەملا و ئەو لای خۆی نەکات تا بیری بەلای شتی ترەوە بچێت.

3-گەشت لە نیشتمان: واتا پێویست نییە پەیڕەوکاری ئەم ڕێبازە گەشت بکات بۆ وڵاتی غەریبی لەپێناوی مەرامەکانیدا، بەڵکو پێویستە لە کردار و ئاکاری ناپەسەندەوە بۆ ڕەوشت پەسەندەوە گەشت بکات و لەماڵی خۆی دابنیشێت و خۆی تووشی غەمی دوورە وڵاتی نەکات.

4-تەنیایی لەناو کۆڕدا: واتا پێویستە بە ڕووخسار و ڕواڵەت لەناو کۆمەڵ و مەجلیسدا بێت، بەڵام بە ناوەرۆك و دڵ لەگەڵ خوادا بێت.

5-یادکردن (زیکر): بریتییە لە یاد (زیکر)کردنی خوای گەورە بە زارەکی یان بە دڵ.

6-گەڕانەوە: ئەو کەسەی، کە یادی خوا دەکات، پێویستە بەردەوام ئەوەی لەدڵیدا بێت، کە خودایە من لەو یادکردنە تەنها مەبەستم ڕەزامەندی تۆیە و بەردەوام بگەڕێتەوە بۆ لای خودا و تەنها مەبەستی زاتی ئەو بێت.

7-پارێزگاری: مەبەست پارێزگاریکردنە لەو یاد (زیکر)ە، بەوەی کە لە ساتێکدا چەند جار ئەو ویردە دووبارە بکاتەوە بۆ ئەوەی بیر و هۆشی بەلای شتی تردا نەڕوات، پارێزگاری لەو ئاراستەیە بکات کە گرتوویەتیەبەر.

8-بیرهێنانەوە: پێویستە پەیڕەوکاری نەقشبەندی (سۆفیزم) بەردەوام وشە و ویردەکان لەڕووی هۆشداری و بە ئاگاییەوە بڵێت و لە هەموو کاتێکدا بزانێت کە ئەو لە بارەگای خوای گەورەدایە.

ئەمانە ئەو بنەمایانە بوون، کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کە لەلایەن (خواجە عەبدولخالق گۆجەوانی)یەوە دامەزرێنەری ڕێبازی نەقشبەندی (سۆفیزم) لەجیهاندا بۆ ڕێبازەکەی دایناوە، کە بنەمای تۆکمە و گرنگ و ڕاست و درووستی ڕێبازەکەین، وەکو خەسڵەت و سیما و بنەمای ئەو ڕێبازە دەناسرێت، هەڵگری ڕێبازەکەی (سۆفی) پێ دەناسرێتەوە و هەموویان هەڵقوڵاوی شەریعەتی ئیسلامن.

سەبارەت بەو بنەمایانەی، کە لە دوای ناوبراو، (شێخ مەولانا خالیدی نەقشبەندی) بۆ ڕێبازەکەی وەکو بنەما زیادکردووە، بریتیین لە(23):

1- وەستانی کاتی: مەبەست لەوەیە کە پەیڕەوکاری نەقشبەندی لەگەڵ خوای خۆیدا چەند کاتێك گفتووگۆ بکات و بزانێت لە دۆخی بێئاگایی یان ئاگایی دایە.

2- وەستانی ژمارەیی: واتا یادکەرەوە پێویستە لەکاتی یادکردنەوە (زیکر)دا ڕەچاوی ژمارەی زیکر و یادکردنەوەکانی بکات لە هەر هەناسەیەکیدا لە سێ یان پێنج یان حەوت تاوەکو بیست و یەك جار بەردەوام بێت.

3- وەستان لە دڵدا: واتا لەکاتی یادکردنەوە (زیکر)دا دڵت لای خودا بێت و دڵ بەردەوام هوشیار و بە ئاگا و ئامادەی یادی خوا بێت، بەبێ سەرقاڵبوونی زیاد لەپێویست بەدنیاوە.

بەشی دووەم: بزووتنەوەی حەقە لە هەرێمی کوردستان

باسی یەکەم: چەمك و پێناسەی حەقە

وشەی (الحق) یەکێکە لەناو و سیفەتەکانی خوای پەروەردگار، لە زمانی کوردیشدا هەق (حەق) هەروەکو لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بەواتای (ڕەوا، کرێ، بەش، ڕاست و دروست، کۆڵین و دانەوە) هاتووە (24).

لە قورئانی پیرۆزدا (194) جار ئەم وشەیە هاتووە، کە بەواتای جیا جیا هاتوون، لەوانە (خوای گەورە، موسوڵمانان، ڕێبازی ئیسلام، قورئان، ڕاستی و ماف و ... هتد (25).

بەڵگەی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت:

1- (ذلك بأن الله هو الحق)(26). (الحق) لێرەدا مەبەست (الله) جل جلاله.

2- (ألم يأن للذين آمنوا أن تخشع قلوبهم لذكر الله وما نزل من الحق)(27). (الحق) مەبەست (القرآن)ة.

3- (ذلك بأن الذين كفروا اتبعوا الباطل وإن الذين آمنوا اتبعوا الحق من ربهم)(28). (الحق) لێرەدا مەبەست لێی ڕێبازی ئیسلام و موسوڵمانانە.

4- (فلما أنجاهم إذا هم يبغون في الأرض بغير الحق)(29). (الحق) لێرەدا بەواتای (ماف و ڕاستی و دروستییە).

5- (لە دعوة الحق)(30). لێرەدا (الحق) بەواتای بانگەواز بۆ ڕێبازی ئیسلام دێت.

سەبارەت بە پەیوەندی ڕێبازی حەقە بە ئیسلامەوە لەوەوە هاتووە، کە شوێنکەوتووانی ئەم ڕێبازە بۆ هەر شتێك وشەی (حەق)یان بەکارهێناوە (واتە: کارەکە ڕاست و ڕەوانە)، پێیان وابووە کە ڕێبازەکەیان لە ئایینی ئیسلام وەرگیراوە، کە ڕێبازێکی حەق و ڕاستە(31)، بەڵام (د. حوسێن خەلیقی) پێی وایە: (حەقە لە سەرەتادا زۆرتر ئەم زاراوەیە لای ئەوانەوە دەرکەوتووە و بەکارهاتووە، کە لە حاڵەتی زیکری نهێنی و خۆتەرخانکردن بۆ بەندایەتی خوا، لە خەیاڵێکی قووڵ دا بوون. ئەمانە، کەوتوونەتە حاڵەتێکی بێهۆشی و بێئاگایی لەخۆیان و لەدەوروبەریان)(32).

لە بەرامبەردا (محەمەدی مەلا کەریم) دەنووسێت: (من وای بۆ دەچم ناونانی کۆمەڵەکە بە (هەقە)، لە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەوە بووبێت، ناونانەکەشی پەیوەندییەکی بە پاشماوەی (ئەهلی هەق)ەوە هەبێت، کە ئێستا لە گەلێ لای کوردستانی ئێراق و ئێراندا هەن. لە هەموو ئەمەش زۆرتر، وشەی (هەقە) تێکڕا بەسەر زمانی پێشەوایانی تەسەوفەوە بووە)(33).

هەروەها مستەفا عەسکەریش پێی وایە، کە وشەی (هەقە) لە زۆری بەکارهێنانی وشەکەوە لەلایەن (هەقەکان)ەوە هاتووە، کە دەڵێت: "هەر قسەیەکی ڕاستیان بیستبێ و هەر کردەوەیەکی بەجێیان دیبێ، وتوویانە (هەقە)، ئیتر وردە وردە ناوی (هەقە)یان بەبەردا براوە"(34).

دیارە ڕێبازی حەقە بەشێکە لە ڕێبازی نەقشبەندی، کە ئەوانیش پەیڕەوی (تەسەوف) دەکەن، چەمکی (هەق) لە بیروباوەڕی تەسەوفدا پانتایەکی بەرفراوانی هەیە، ئەگەر لای خەڵکی ئاسایی هەق چەند مانایەکی هەبێت، ئەوا لای سۆفی، هەموو هەقیقەتەکان لەئەنجامدا دەچنەوە سەریەك هەقیقەت، کە ئەویش بەمانای خوای پەروەردگار دێت(35).

پێناسەی بزووتنەوەی حەقە:

سەبارەت بە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ بزووتنەوەی حەقە تەنیا پێناسەیەکمان نییە، بەڵکو راو بۆچوونی جیاواز و پێناسەی هەمەجۆر بۆ ئەم کۆمەڵەیە کراوە لەلایەن نووسەر و مێژوونووس و توێژەرانەوە، کە لێرەدا هەندێکیان بەم شێوەی لای خوارەوە دەخەینەڕوو:

مستەفا عەسکەری پێناسەی بزووتنەوەی حەقە دەکات و دەڵێت: "وەچەیەکی ڕێبازی سۆفییە، کە ئەگەڕێتەوە سەر تەریقەتی نەقشبەندی، کە بەهۆی مەولانا خالیدی نەقشبەندییەوە لە کوردستاندا بڵاوبۆوە" (36).

هاوڕێ مەحمودیش بەم جۆرە پێناسەی دەکات و دەڵێت: "بزووتنەوەی حەقە یەکێکە لە وەچەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و بزووتنەوە ئایینی و نیشتمانییەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم لە کوردستان و خاوەنی تێڕوانینی تایبەت بەخۆیانن و تا ئێستاش لە فۆرمێکی جیاواز لە ڕابردوویاندا شوێنەوار و تەکیە و خانەقایان لە کوردستاندا ماوە "(37)، بەڵام مامۆستا شاکر فەتاح ڕایەکی تری هەیە و دەڵێت: "حەقەکان ڕێڕەوی نەقشبەندیان گۆڕی و خستیانە شێوەی ڕێڕەوی حەقە، کە تڵپەی ڕێ ڕەوی نەقشبەندی یە. ئەگەر هیچی نەڵێین ئەوە دەڵێین، کە بووەتە هۆی بێ کار و فرمانی و گێژ و وێژی و نەزانی. لەبەرئەوە پێویستە بەهەموو هێزێکمانەوە کۆشش و خەبات بکەین ئەمانەی بوون بە حەقە بیانخەینەوە سەر ئایینە پاکەکەی ئیسلام.."(38).

باسی دووەم: ڕێبازی حەقە، بنچینە و پەیدابوونی، زنجیرەی تەریقەت و سنووری نیشتەجێبوونی جوگرافیان

دوای دەرکەوتنی ناووبانگی (شێخ مەولانا خالیدی نەقشبەندی) و هەژموونی تەریقەتی نەقشبەندی لەکوردستاندا، بنچینەی سۆفیگەرییانەی هەقە بەوەرگرتنی تەریقەتەکە لەلایەن (شێخ ئەحمەدی سەردار)ی سەرگەڵوویەوە لە (مەولانا خالد) دەستپێکرد، هەرچەندە جێی باسە لەسەرەتادا (شێخ ئەحمەدی سەردار) خەلیفەی تەریقەتی قادری بووە و موریدی (شێخ مارفی نۆدێ) بووە لە شاری سلێمانی، کە ڕێبەری تەریقەتی قادری لە کوردستاندا کردووە (39).

دوای ئەوەی (مەولانا خالید) تەریقەتی دا بە (شێخ ئەحمەدی سەردار)، لێرەوە بنچینە و ئەسڵی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوچەی سورداشی نزیك بە شاری سلێمانی دەستپێدەکات (لە دەوروبەری ساڵانی (1811-1815ز).

پاش ئەویش شێخ قادری کوڕی ناسراو بە (شێخ قادرە سوور) تەریقەتی خەڵکی داداوە، ئەمیش شێخ موحەممەدی ئیلەڵلای کردووە بەجێگری خۆی. لەدوای ئەویش حاجی شێخ

1- وەستانی کاتی: مەبەست لەوەیە کە پەیرەوکاری نەقشبەندی لەگەڵ خوای خۆیدا چەند کاتێك گفتووگۆ بکات و بزانێت لە دۆخی بێئاگایی یان ئاگایی دایە.

2- وەستانی ژمارەیی: واتا یادکەرەوە پێویستە لەکاتی یادکردنەوە (زیکر)دا ڕەچاوی ژمارەی زیکر و یادکردنەوەکانی بکات لە هەر هەناسەیەکیدا لە سێ یان پێنج یان حەوت تاوەکو بیست و یەك جار بەردەوام بێت.

3- وەستان لە دڵدا: واتا لەکاتی یادکردنەوە (زیکر)دا دڵت لای خودا بێت و دڵ بەردەوام هوشیار و بە ئاگا و ئامادەی یادی خوا بێت، بەبێ سەرقاڵبوونی زیاد لەپێویست بەدنیاوە.

بەشی دووەم: بزووتنەوەی حەقە لە هەرێمی کوردستان

باسی یەکەم: چەمك و پێناسەی حەقە

وشەی (الحق) یەکێکە لەناو و سیفەتەکانی خوای پەروەردگار، لە زمانی کوردیشدا هەق (حەق) هەروەکو لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بەواتای (ڕەوا، کرێ، بەش، ڕاست و درووست، کۆڵین و دانەوە) هاتووە (24).

لە قورئانی پیرۆزدا (194) جار ئەم وشەیە هاتووە، کە بەواتای جیا جیا هاتوون، لەوانە (خوای گەورە، موسوڵمانان، ڕێبازی ئیسلام، قورئان، ڕاستی و ماف و ... هتد (25).

بەڵگەی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت:

1- ذلك بأن الله هو الحق)(26) .(الحق) لێرەدا مەبەست (الله) جل جلاله).

2- ألم يأن للذين آمنوا أن تخشع قلوبهم لذكر الله وما نزل من الحق)(27) .(الحق)) مەبەست (القرآن)ة.

3- ذلك بأن الذين كفروا اتبعوا الباطل وإن الذين آمنوا اتبعوا الحق من ربهم)(28)) (الحق) لێرەدا مەبەست لێی ڕێبازی ئیسلام و موسوڵمانانە..

4- فلما أنجاهم إذا هم يبغون في الأرض بغير الحق)(29) . (الحق) لێرەدا بەواتای ((ماف و ڕاستی و دروستییە)).

5- لە دعوة الحق)(30). لێرەدا (الحق) بەواتای بانگەواز بۆ ڕێبازی ئیسلام دێت.

7-شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە.

سنووری جوگرافی بزووتنەوەی حەقە

سەبارەت بە دەستنیشانکردنی سنوورێکی جوگرافی جێگیر بۆ شوێنکەوتووانی بزووتنەوەی حەقە، بەهۆی هەلومەرجی سیاسی و گۆڕانکاری دانیشتوان (دیمۆگرافی) و سیاسەتی ڕاگواستن و کارەساتی نالەباری ئەنفالی ساڵی (1988ز)ی ڕژێمی بەعس دژ بەسەرجەم خەڵکی کوردستان، لە نێویاندا حەقەکان. پاشان دروستکردنی بەنداوی دوکان، بەم هۆیەوە گواستنەوەی دانیشتوانەکەی و ژێرئاوکەوتنی ژمارەیەك گوندی حەقەنشینی ناوچەکە و ڕاگواستنیان بۆ ناوچەکانی تری کوردستان وەکو بەکرەجۆ، چوار -قوڕنە، ژاراوە، سەنگەسەر، بازیان.

ناتوانرێت کارێکی وا قورس بە ئاسانی ئەنجامبدرێت، بەڵام بەگشتی دەکرێت ناوچەکانی سنووری بازنەی حەقەنشین بەم شێوەیە دیاری بکرێت: هەروەك لە ئیسایکلۆپیدیای گشتیدا هاتووە: "تەنها لە ناوچەی سووورداشی نزیك شاری سلێمانی و چەند گوندێکی کەرکوکدا بڵاوبوونەتەوە"(43)، بەڵام لەڕاستیدا سنوورەکە زۆر لەوە فراوانترە لەوانە: جگە لە چەقی هەردوو پارێزگای کەرکوك و هەولێر، لە شارۆچکەی تۆپزاوا، بنە سڵاوە، قەزای (کۆیە و دێهاتەکانی و ناحیەی تەق تەقیش هەن (44 .

هەروەها لە ناوچەکانی تۆربە، گەڵنێری، سارتکە، کەلکەسماق، شوان، شێخ بزێنی، قەڵاسێوکە، ئاغجەلەر، سورداش، خەلەکان، خەرابە، قازی بەگیان، کلێسە، ساتوقەڵا، بازیان، خوڕخوڕە، یاخیان، کوێرەکانی، شارستێن، بنگرد، قەڵادزە، سەنگەسەر، ڕانیە، (بەستەسێن، بەکرەجۆ، ژاراوە، مەلاهۆمەر، خۆشناو، چوارقوڕنە و... هتد هەن (45.

هەروەها هەقەکان لە ناوچەکانی (دۆڵی جافایەتی، ناوچەی ئاغجەلەر، عەسکەر، مەرگە، (دەشتی کۆیە، گەرمیان و کەرکوك هەن)(46 .

هەروەها مامۆستا شاکر فەتاح لە یاداشتەکانیدا بەناوونیشانی (ئاوێنەی ژینم)، کاتێك لەساڵی (1942ز)دا قائیمقامی قەزای ڕانیە و لە ساڵی (1946ز)دا قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ بووە، لەبارەی حەقەکانی ناوچەکەوە دەنووسێت: (حەقەکان بەهەموو لایەکی کوردستانی ئێراقدا بە تایبەتی بەناو بەشی (سۆران)دا بڵاوبوونەتەوە و لە ناوچەی ڕانیەدا

دوو سێ گوندێکیان هەبووە، کە ئاغاکانی پشدەر چاویان بڕیبووە داگیرکردنی ئەو (گوندانە)(47.

هەروەها لە کۆمەڵە ڕۆژنامەی چەمچەماڵیشدا کە لە ساڵی (1946ز) کە قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ بووە دەریکردووە لە ژمارە (7)دا دەنووسێت: (حەقەکانی چەمچەماڵ (لە نزیکەی (35) گونددا دانیشتوون(48.

بەشی سێیەم: بزووتنەوەی حەقە، گەشەکردنی، لقەکانی، بنەماکانی و جیهانبینی بیری حەقە

(باسی یەکەم: لقەکانی بزووتنەوەی حەقە (مامەڕەزای و حەمەسووری

هەروەکو لە باسی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد، زنجیرەی ڕێبازی تەسەوف لە (شێخ مەولانا خالیدی نەقشبەندی)یەوە دەستپێدەکات، یەکەمین کەس کە تەریقەتی لە کوردستان لێی وەرگرتووە و بۆتە خەلیفەی، (شێخ ئەحمەدی سەردار) بووە لە ناوچەی سەرگەڵووی شارباژێڕ، زنجیرەی ئەم تەریقەتە بەردەوام بووە تا دەگاتە (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە)، کە ڕێڕەوی بزووتنەوەی حەقە لەم شێخەوە دەستپێدەکات، ناوبراو لە تەمەنی (29-30) ساڵاندا پێشەوایەتی تەریقەتی نەقشبەندی بە بەرگێکی نوێوە بەناوی (حەقە) . (وەرگرتووە(49

هەر لەم بارەیەوە نووسەری بیانی و ڕۆژهەڵاتناسی بە ڕەگەز دانیمارکی (مارتن ڤان برۆنسەن) دانەری کتێبی (ئاغا و شێخ و دەوڵەت)، سەبارەت بە (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) و ڕێبازەکەی نووسویەتی: (شێخ عەبدولکەریمی سەرگەڵوو هەرچەندە بە نەقشی (نەقشبەندی) دادەنرێت، وەلێ هێندە لە تەریقەتەکەی دوورکەوتۆتەوە، کە دەتوانرێت (بەڕێچکەیەکی نوێ ناوببرێت)(50.

دیارە بەڕای توێژەر هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە سەردەمی ئەم شێخەدا شوێنکەوتووانی ڕێبازی نەقشبەندی لە ناوچەی سەرگەڵو و دەوروبەری وەکو سۆفی و موریدەکانی (حەقە) ناوبراون نەك بە سۆفی! ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، (کە سۆفی و موریدەکانی شێخ بەردەوام وشەی هەقەیان دووبارە دەکردەوە(51.

سەرەتای دەرکەوتنی حەقە وەکو بزووتنەوەیەکی ئایینی –کۆمەڵایەتی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە (1892-1942ز)، دەتوانین ساڵی (1920ز)، کە ساڵی دەرکەوتنی (شێخ عەبدولکەریم)ە وەك دوا شێخی تەریقەتی نەقشبەندی وەك (سەرەتای مێژووی دامەزراندنی حەقە دیاری بکەین(52.

کاتێك مورید و مەنسوبەکانی شێخ لەبەری کۆیە و ناوچەی میرزا ڕۆستەم و کەلکەسماق زیادیان کرد، داوایان لە شێخ کرد تەکیەیەکیان بۆ بکاتەوە، بۆیە شێخیش بەداواکەیان ڕازی بوو لە ساڵی (1922ز)دا بڕیاریدا لە گوندی (کەلکەسماق) تەکیەیەکی نوێ بکاتەوە و چەند زەوی و موڵك و ئاوێکی بۆ کڕی و خستیە خزمەتی تەکیەکەوە، (مامەڕەزا)ی برای کردە خەلیفەی ئەو تەکیەیە و بەهاوکاری خەڵکی گوندەکە مزگەوتێکیان درووستکرد لەو گوندە، بەم شێوەیە خانەقای (کەلکەسماق) وەك بنکەیەکی تری گرنگی ئاییینی و جەماوەری بزووتنەوەکە، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لە کۆکردنەوەی مورید و هەوادارانی لە دەوری ڕێبازی (حەقە)، تا ئێستاش جەماوەری هەقە سەردانی ئەم خانەقایە دەکەن، ئێستا کوڕەزاکەی واتە: شێخ هاورێ کاکەحەمەی کوڕی مامە ڕەزا (سەرپەرشتی دەکات(53.

ڕێبازی حەقە، کە سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی یە لە سەردەمی (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە)دا بووژانەوە و گەشەکردنی زۆر و بێ وێنەی بەخۆوە بینی و کۆمەڵێك مورید و هەواداری لە ناوچەکانی (سورداش و میرزا ڕۆستەم و کۆیە و شوان و ئاغجەلەر و کەرکوك و سلێمانی و تەنانەت پشدەر و ناوچەی مەرگەی لەدەوری خۆی کۆکردبۆوە و (ئەو ناوچانەی داگیرکردبوو)(54.

بزووتنەوەی هەقە تا ئەهات زیاتر پەرەی ئەسەند، بەهۆی هەڵوێستی شۆڕشگێری و کوردانەیانەوە، بە تایبەتی دوای ڕووداوی ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوولی ساڵی (1930ز)ی بەردەرکی سەرای سلێمانی و کوژران و دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەرانی شاری سلێمانی لەلایەن هێزەکانی سوپای ئینگلیزەوە، بەردەوام ئەو هێزانە چاودێری وردی هەر کۆڕ و کۆبوونەوەی گروپێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیان دەکرد، بە تایبەتی حەقەکان، کە گرووپێکی ئایینی-کۆمەڵایەتی ڕێکخراوبوون و بگرە ناوە ناوە خۆیان لە سیاسەتیش وەردەدا و پشتگیری (شێخ مەحمودی مەلیك) و

جکومەتەکەیان دەکرد و دژی ئینگلیز بوون، خودی (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە)ی ڕێبەریان پەیوەندی دۆستانە و بەهێزی لەگەڵ (شێخ مەحمودی مەلیك)دا هەبوو، بۆیە ئینگلیز لە هەلێك ئەگەڕا بۆ دەستگیرکردنی ڕێبەرەکەیان و سەرکووتکردنی گرووپەکەیان، ئەوەبوو دەسەڵاتدارانی ئیگلیز بە پاساو و بیانووی ئەوەی ئەمانە دەستی دوژمنیان لەپشتە و بیری سۆسیالیستی لە ناوچەکە بڵاودەکەنەوە، لە ساڵی (1934ز) (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە)ی ڕێبەریان و چەند کەسێکی دیکەیان لێ دەستگیرکردن و بە دەستبەسەری ڕەوانەی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ناسراو و کەسایەتییەکانی حەقە لە شاری کەرکوك دایاننان، چەند کەسێکیشیان بۆ حەویجە لێ دوورخستنەوە. هەر کە موریدەکانی شێخ بەمە ئەزانن زۆریان لە حاڵەتی ئاسایی دەرئەچن و جلوبەرگی خۆیان لەبەر دائەماڵن و ئەیسووتێنن و گونیە لەبەرئەکەن و ڕووئەکەنە کەرکوك و بە دروشم و هوتاف کێشان لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوك داوای دەستبەجێ ئازادکردنی شێخەکەیان و هاوڕێکانی دەکەن. دواتر میری ناچاربوو پاش ماوەیەك هەموویان ئازاد بکات و ئەوانیش گەڕانەوە شوێن و حاڵی خۆیان(55).

هەروەك ئەو گۆڕانکاریانەی، کە لە کۆتایی شێخایەتی (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە)دا لە ڕێبازی نەقشبەندیدا ڕوویدا، ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانی بیروڕای جیاواز ڕاستەوخۆ لە دوایی کۆچی شێخی ناوبراو لە ساڵی (1942ز)، ئەو جیاوازی و گۆڕانکاریانە زەقتر دەرکەوتن، لق و باڵی جیاوازی لێ دەرکەوت لە شێوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و کۆمەڵایەتی یەکسانی خواز لەبەرگ و فۆرمێکی کاڵی ئاییندا(56).

هەرچەندە (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) لەدوای خۆی و لە کاتی سەرەمەگ و نەخۆشیدا مۆڵەتی شێخایەتی و ئیرشادی تەریقەتەکەی بەکەس نەداوە و کەسی لەجێگەی خۆی دانەناوە، بەڵکو لە کاتی نەخۆشی و پێش کۆچکردنیدا وتوویەتی: "کەس ئیزن نییە و کەس مەئزون نییە بۆ پێدانی تەریقەت و شێخایەتی"(57)، بەڵام پاش کۆچی دوایی شێخ، مامەڕەزای برای لە ماوەی دوو ساڵدا توانی کۆمەڵی هەقەکان لەڕووی ڕووخسار و ناوەرۆکەوە بەشێوەیەکی نوێتر ڕێکبخات، چوارچێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراویان بۆ دابنێت، بەڵام ئەو ناکۆکی و ناتەباییەی، کە لە نێوان (مامەڕەزا)ی ڕێبەری لقی ناسراو بە (مامەڕەزاییەکان) و (حەمەسووری کڵاوقووت)ی ڕێبەر لقی ناسراو بە

(حەمەسوورییەکان)دا ڕوویدا، بووە هۆی ناڕەزایی و جێی قسە و باس و دژایەتی (خەڵکی(58.

هەر بەهۆی ئەم ناکۆکیەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە حەقەکان دوای (حەمەسوور)ی ڕێبەریان کەوتن و گوندی (شەدەڵە)یان جێهێشت، ڕوویان کردە گوندی (کڵاوقوت) لە ناوچەی (شوان)ی گەرمیان و تێیدا نیشتەجێبوون و دەستیان کرد بە جووتیاری و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری. هەندێکی تری (حەقەکان) لە دێهاتی (قومەرغان و قەرانگۆی) مانەوە لە ناوچەی (سووورداش)ی نزیك بەشاری سلێمانی، دواتر ڕوویان کردە ناوچەی (یاروەلی) لە گەرمیان و لەوێ نیشتەجێبوون و پەیوەندیان بە لقی (حەمەسوورییەکان)ەوە (کرد(59.

ڕێڕەوێکی تر،کە لە دوای کۆچی (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) دەرکەوت، ئەویش ڕێڕەوی (حەمە ئاغاییەکان) بوو، کە (حەمە ئاغای پشدەر) دیارترینیان بوو، کە گوندی (شەدەڵە)یان بە یەکجاری بەجێهێشت و بەرەو ناوچەی خۆیان، کە گوندی (کانی توو)ە لەبەری (مەرگە) گەڕانەوە، لە پاش مردنی (حەمەئاغا) ئەم ڕێڕەوە کۆتایی هات و (نەما(60.

لقێکی دیکەی (حەقە)، کە هەر لە دوای کۆچی شێخی ناوبراوی ڕێبەریان دەرکەوت، لقەکەی حەقەی (شێخ عەبدوڵڵای شێخ مستەفای عەسکەر) بوو لە گوندی (عەسکەر)ی ناوچەی (ئاغجەلەر) –کە باوکی شەهیدی سەرکردە عەلی عەسکەری دەکات- ئەم لقە زیاتر لقێکی دەرەبەگی بوو، لە هەمان کاتدا داوای گەڕانەوەی (حەقە)ی دەکرد بۆ سەر (ڕێبازی ڕەسەن و ڕاستەقینەی (نەقشبەندی)(61.

باسی دووەم: بنەماکانی بزووتنەوەی حەقە و جیهانبینی بیری حەقە

دوای دەرکەوتنی ڕێبازی (حەقە) وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیستی جەماوەری، ئەم بزووتنەوەیە بە مەبەستی تۆکمەکردنی ڕیزەکانی، لەلایەن ڕێبەر و شێخەکانییەوە بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی گرنگی بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە و چاکسازیکردن لەژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی (حەقەکان)دا دانا، بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردەواری و داخوازی قۆناغ و ئەو سەردەمەی کە

بزووتنەوەکەی پێدا تێپەڕیوە، گۆڕانکاری و بەرنامەڕێژی کردووە، بەتایبەتی هەردوو بەرنامەی (مامەڕەزا و حەمەسووری کلاوقووت) وەکو ڕێبەری هەردوو لقە سەرەکییەکەی بزووتنەوەی حەقە (مامەڕەزاییەکان و حەمەسوورییەکان) لە دوای مردنی (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە)ی شێخی تەریقەتیان.

لێرەدا بەکورتی لەچەند خاڵێکدا بنەماکانی بەرنامەی بزووتنەوەی (حەقە) دەخەینەڕوو، (کە لەلایەن هەردوو ناوبراوەوە داڕێژراون(62):

1-هەقپەروەری:

یەکەم بنەمای کۆکەرەوەی ئەندامانی کۆمەڵە هەقەیە. لەسەر هەریەك لە ئەندامانی کۆمەڵی هەقە پێویست بووە، کە لایەنی هەق بگرن و لە ناهەقی و ستەم دوور بکەونەوە، با ئەم لایەنگری و دوورکەوتنەوەیەش لە بەرژەوەندیشیاندا نەبێت، چونکە ڕێبازی حەقە خوا بەیەکەمین هەق دادەنێت و دەبێت هەموو حەقیقەتەکانی تری وەکو (دادوەری، ڕاستگۆیی، هاوبەشی، یەکسانی و برایەتی و ... هتد) ملکەچی ئەم حەقیقەتە گەورەیەبن و لە سایەیدا ناهەقی نەکرێت.

ڕێبازی هەقە، هەقیقەت بەتەنیشت هەریەك لە (شەریعەت، تەریقەت و مەعریفەت)ەوە بە پایەیەکی گرنگی خواناسی دەزانێت، پێویستە ئەندامانی حەقە باوەڕیان پێی هەبێت و پەیڕەوی لێ بکەن.

2-برایەتی (خوشك و برایی):

مەبەست لەم بنەمایە، تەبایی و پێکەوەییە. هەموو ئەندامانی کۆمەڵی هەقە خۆیان بەخوشك و برای یەکتر داناوە، پێیان وابووە مافی یەکسان لە نێوانیاندا هەیە. خۆشەویستییەکی خوشك و برایانە، هەموویانی پێکەوە بەستووە و خۆیان بەیەك خێزانی گەورە داناوە و زۆرجار پێکەوە دانیشتوون و نانیان خواردووە. تەنانەت هەندێکجار لەیەك حەوشە و خانوودا وەکو کۆمەڵگەیەکی بچووك پێکەوە ژیاون وەکو حەمەسوورییەکانی گوندی کلاوقووتی ناوچەی شوانی گەرمیان.

3-نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی:

کۆمەڵی حەقە هەوڵیداوە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی مەلا، شێخ، ئاغا، دەرەبەگ، جووتیار، مسکێن و ... هتدەوە. جیاوازی چینایەتی نەهێڵێت و هەوڵ بۆ سڕینەوەی مۆرکی دەرەبەگی لەو سەردەمەدا بدات، کە باڵی بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا کێشابوو، بۆیە بە بەراورد لەگەڵ ئەو سەردەمەدا و لەچاو کۆمەڵی کوردەواری بەگشتی، باری کۆمەڵی حەقە باشتربووە. لەمڕووەوە زۆربەیان لە ئاستی ژیاندا بووە و چینی سەرووتریان نەبووە، هەندێك لە ئاغا و شێخ و دەرەبەگەکان کەبوون بە حەقە و بەئەندامێتی کۆمەڵی حەقە ڕازی بوون، وازیان لە موڵك و سەروەت و سامانیان هێناوە.

4-دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و پێدانی ئابوونە:

لە سنووری کۆمەڵی حەقەنشیندا، هەوڵ بۆ دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی دراوە بۆ ئەندامانی کۆمەڵەکە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئابوونەی مانگانەوە، کە لە ڕێگەی برا دڵسۆزەکانی (حەقە)وە، کە پێیان وتراوە (برا سەیارەکان)ەوە لە ناوچەکانی حەقەنشیندا بەشێوەی مانگانە لە ئەندام و موریدانی حەقە کۆکراوەتەوە بۆ کاروباری تەکیە و خانەقاکانی حەقە و پێداویستی ئەو شوێنانە و ئەندامانی کۆمەڵەکەیان پێ دابین کردووە.

بەشێوەیەك هەر کەسێك بەپێی توانا و ویستی خۆی، پارە یان بەشێك لە بەرهەم و بەرووبومی کێڵگەکەی پێشکەشیان کردووە، ئەگەر کەسێك کارەسات و ڕووداوێکی بەسەربهاتایە، لەو پارە و پیتاك و ئابوونە کۆکراوەیە هاوکاری کراوە تا کارەساتەکەی پێوە دیارنەبێت.

5-پرس و ڕاوێژکردن:

لە کاتی پێویستی و ڕوودانی هەر ڕووداو و پێشهاتێك، برا و خوشکانی کۆمەڵی حەقە بەبێ جیاوازی و پێکەوە کۆبوونەتەوە و پرس و ڕاوێژیان کردووە، تا سەرەنجام گەیشتوونەتە ئەنجامێکی دیاریکراو بۆ ڕێگەچارەی کێشە و بابەتەکە، دواتر وەکو بڕیارێك کاریان پێ کردووە و پێوەی پەیوەست بوون. زۆرجار پیاوانی ڕیش سپی و بەتەمەن (پیاوماقوڵ)ی حەقە ئەم ڕۆڵەیان پێ دراوە و پرس و ڕایان زیاتر پێ کراوە و بانگهێشتی پرس و کۆبوونەوەکان کراون.

6-نهێنیپارێزی:

کۆمەڵی حەقە، کۆمەڵێکی داخراوبوون لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە و زۆر تێکەڵاوی کەسانی تریان نەکردووە، نەیانهێشتووە کەسانی دەرەوەی خۆیان تێکەڵاویان بکەن و زانیاریان لەسەر کۆبکەنەوە.

هەروەها ئەندامانی کۆمەڵەکە (حەقەکان) زۆر نهێنیپارێز بوون و کار و بەرنامەی خۆیان بۆ هیچ کەس و لایەن و حکومەت و دەسەڵاتێك نەدرکاندووە، تەنانەت ئەگەر دەستگیر و دەستبەسەریش کرابێتن.

7-سەربەستی ئافرەت:

جگە لە و کرانەوە و جۆرە سەربەستیەیەی، کە لەم ڕێبازەوە چووبووە هز و مێشکی هەر تاکێکی بزووتنەوە یان کۆمەڵی حەقەوە، ئافرەت لەنێو ڕیزی حەقەکاندا ڕێزێکی تایبەتی لێ گیراوە و پێگە و پایەیەکی بەرز و تابەتی بۆ دانراوە، لە سەرجەم مەراسیم و کۆڕ و کۆبوونەوە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری کردووە، بەڵکو بە ئەوپەڕی سەربەستییەوە و بەشێوەیەکی ئازادانە هاوسەری خۆی هەڵبژاردووە، لەبەشوودانیدا شیربای وەرنەگیراوە. بێگومان ئەمە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ژیانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردەواری هەنگاوێکی گەورە و بوێرانەبووە. لەلایەکی ترەوە پیاوانی حەقە زۆر بەکەمی فرەژنیان کردووە بە بەراورد لەگەڵ دەوروبەریاندا، ژنیان ڕەدوو نەکەوتوون و پیاویشیان کەسیان ڕەدووی خۆیان نەخستووە و کەمترین گرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتیان هەبووە.

لەو سۆنگەیەوە باوەڕیان بە سەربەستی و ئازادی ژن هەبووە، ئەمە وای کردووە، کە خانەقای (شەدەڵە) لە ناوچەی (سەرگەڵوو)ی سووورداش ببێتە لانکەی پاراستن و بەرگریکردن لە چەندین ژن و داڵدەدانیان، هاوکات چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان.

8-هزری ناتوندوتیژی (ڕۆشنبیری ئاشتی):

هەرچەندە هزری ناتوندوتیژی دەگەڕێتەوە بۆ (غاندی) ڕێبەری هندۆسەکان، بەڵام حەقەکانیش وەکو کلتوورێك باوەڕیان بە هزری ناتوندوتیژی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە هەبووە و پەیڕەویان کردووە. بەشێوەیەك لە مێژووی ئەم کۆمەڵ و بزووتنەوەیەدا کوشتن و شەڕکردن زۆر بەکەمی تۆمارکراوە، چەند حاڵەتێکی کەم، کە داکۆکیکردن لە مافی گشتی و یارمەتیدانی شۆڕشی کوردی لێ دەربچێت، حەقەکان بەشێوەی ئاشتیانە ژیاون و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنایان بۆ چەك هەڵگرتن نەبردووە، بەڵکو بەشێوازی دانوستان و گفتووگۆی ئاشتیانە کێشەکانیان چارەسەر کردووە.

9-کاروباری ڕێکخستن:

حەقەکان لەو گوندانەی کە تێیدا نیشتەجێبوون، تەکیەی تایبەت بە خۆیان دادەمەزراند و کاروباری خۆیان تێدا ڕێکدەخست و لە ئاستی بارەگایەکی ڕێکخستندا بوو. لەسەر ئاستی گوند ئەو کەسەی سەرپەرشتی تەکیەی دەکرد پێی دەوترا (سەرتەکیە)، کە سەرپەشتی کۆکردنەوەی ئابوونەی ڕێکخستنی حەقەکانی گوندەکە و بەڕێوەبردنی تەکیەکەی دەکرد، ڕۆڵی (بەرپرس و کادێر)ی یەکەمی حەقەی لەو گوندە دەبینی، بە زاراوەی ئەمڕۆ ئەم سەرتەکیەیە ئەڵقەی ڕێکخستنی نێوان خانەقا و حەقەکانی گوندەکە بووە، ژمارەی تەکیەکانی حەقە لە شار و گوندەکاندا دەگەیشتە (62) تەکیە، لەوانە تەکیەی سلێمانی، کەرکوك، ئاغجەلەر/ عەسکەر، سەرمۆرد، سورداش، کلاوقووت، کەلکەسماق، قۆمەرغان، سێدەر، شەدەڵە، هەنجیرە/ بنگرد، بوگد/ کۆیە، قزلو/ تەقتەق و ... هتد.

10-جگەرە نەکێشان و چا نەخواردنەوە، کە لەلایەن (حەمەسوورییەکان)ەوە باو بووە و پەیڕەویان کردووە.

11-وەچە و منداڵ نەخستنەوە، کە دیسان (حەمەسوورییەکان)ی گوندی (کلاوقووت)ی ناوچەی (شوان)ی چەمچەماڵەوە پەیڕەویان کردووە. بەبیانووی ئەوەی منداڵ و وەچە فیتنە و بەڵا و کێشەیە، گوایە ئەم بنەمایەیان لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگرتووە؟! هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (إنما اموالكم وأولادكم فتنه..) هەرچەندە ئایەتە پیرۆزەکە باسی ماڵ و منداڵ پێکەوە دەکات، ماڵیشی پێش منداڵ خستووە(63).

دەرەنجام:

1- بزووتنەوەی (حەقە) بزووتنەوەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتییە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە هەرێمی کوردستان سەریهەڵداوە.

2- ڕێبازی (حەقە) لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە سەر ڕێبازی (تەسەوف) و بەشێکە لە ڕێبازی (تەریقەت)ی نەقشبەندییەکان، کە (شێخ مەولانا خالیدی نەقشبەندی) لە کوردستان دایمەزراندووە.

3- ڕێبازی حەقە خاوەنی جیهانبینی و بنەمای تایبەت بەخۆیەتی، باوەڕی بە حەقپەروەری و یەکسانی و سەربەستی ئافرەت و هزری ناتوندوتیژی هەیە.

4- ڕێبازی (حەقە) لە ساڵی (1920ز) لە کوردستان دەستپێدەکات، (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) بە شێخ و ڕێبەری تەریقەتەکەیان دادەنرێت.

5- لە دوای مردنی (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) لە ساڵی (1942ز) ململانێ و ناکۆکی دەکەوێتە ڕیزەکانی بزووتنەوەی حەقەوە، دەبن بە چوار لقەوە، لقەکانی ((مامەڕەزاییەکان، حەمەسوورییەکان، حەمەئاغاییەکان و شێخ عەبدوڵڵای عەسکەر)).

6- دیاردەی جگەرەنەکێشان و چا نەخواردنەوە، وەچە و مناڵ نەخستنەوە وەکو نەریتێکی کۆمەڵایەتی لەناو لقی (حەمەسوورییەکان)دا باوبووە، مناڵ و وەچەیان بە مایەی فیتنە و بەڵا و ئاشووب بۆ سەر ژیانیان و ڕێبازەکەیان زانیوە.

## چۆن کوردستانی باشوور بە عیراقەوە لکێنرا؟

عێراق وەکو دەوڵەت بەم قەوارەیەی ئێستایەوە، سەد ساڵی تەمەنی تێنەپەڕاندووە. ئەگەرچی ناوی (عێراق) زۆر کۆنە، بەڵام سەد ساڵ لەمەوبەر و بە درێژایی مێژوو، دەوڵەتێك نەبووە ناوی عێراق بووبێت. پێش ئیسلام و لە کاتی سەرهەڵدانی ئیسلامدا، نەك قەوارەیەك نەبووە ناوی عێراق بووبێت، بەڵکو شتێك نەبووە ناوی (نیشتمانی عەرەب)یش بووبێت. کە ئیسلام سەری هەڵدا، جگە لە بەشێکی جزیرەی عەرەب، ئیتر ئەم وڵاتانەی کە ئێستا بە نیشتمانی عەرەب ناسراون موڵکی چەند ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی ئەو کاتەی دنیا بوون. بێزەنتیەکان هەموو وڵاتی شام و میسر و مەغریبیان لەژێردەستدا بوو، ساسانییەکانیش کە بەشێکی زۆریان کورد بوون، ئەو زەوییانەی باشور و ناوەڕاستی ئێستای عێراق و خاکی یەمەن و هەموو کەنداویان لەژێردەستدا بوو، تەنانەت تا ئەو دەمەش کە عەرەبەکان نەببوون بە موسڵمان، نیمچە دورگەی عەرەب بۆ خۆی دەوڵەتێکی یەکگرتوی عەرەبەکانی پێك نەدەهێنا. دوای مردنی پێغەمبەری ئیسلام و لە سەردەمی دەسەڵاتی خەلیفە راشدییەکانەوە فتوحانی عەرەبە موسڵمانەکان بەرەو شام و سەرزەمینەکانی ئێستای عێراق دەستی پێکرد. لە سەردەمی خەلیفە عومەردا سوپای ئیسلام گەیشتە کوردستان، سەرەتا موسڵیان گرت و لەوێشەوە بەرەو باکور و خۆرهەڵات تا شارەزوور پێشڕەوییان کرد.

سەرزەمینەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراقی ئێستا بە بەراورد لەگەڵ نیمچە دورگەی عەرەبدا، یەکێك بوو لەو سەرزەمینە بەپیتانەی کە پاش فتوحات بە لێشاو عەرەبە کۆچەرەکانی نیمچە دورگەی عەرەب و موسڵمانە شەڕکەرەکان تێیدا نیشتەجێ بوون و دواتر جێیان نەهێشت(١).

بەڵام لەبەرئەوەی جگە لە عەرەب پێشتر ئەقوامی تری غەیرە عەرەبیش نیشتەجێی ئەو سەرزەمینانە بوون، بۆیە مێژونوسانی عەرەب خۆیشیان زاراوەی (عێراقی عەرەبی) و زاراوەی (عێراقی عەجەمی)یان بۆ ناوچە جیاجیاکانی ئەو سەرزەمینانە بەکارهێناوە. تەنانەت ئەو دەمەش (عێراقی عەرەبی) یا (عێراقی عەجەمی) هێما نەبووە بۆ قەوارەیەکی سەربەخۆ و دیاریکراو یا دەوڵەتێکی خاوەن سنور، بەڵکو تەنیا وەکو زاراوەیەکی جوگرافیایی کە سنوری باکوری لە شاری تکریت سەری نەکردووە، بەکارهاتووە.

ئەم مەوقیعەی ئێستای عێراق وایکرد، دوای نەمانی دەسەڵاتی خەلیفە راشدییەکان و پوکانەوەی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان، عەباسیەکان بەغدا بکەنە مەڵبەندی دەسەڵاتەکەیان، بەڵام عەباسییەکانیش عێراقیان نەکردە دەوڵەتێکی خاوەن سنور، بەڵکو عێراقی ئێستا بەشێکی بچوکی ئەو دەوڵەتە پانۆپۆڕە بوو کە لە سەرووی ئەفەریقاوە تا هندستان دەکشا.

کە مەغۆلەکان بە سەرکردایەتی هۆلاکۆ لە ساڵی ١٢٥٨دا بەغدای پێتەختی عەباسییەکانیان گرت، بەشی هەرە زۆری سەرزەمینەکانی عێراقی ئێستایان کردە ولایەتێك لە ولایەتەکانی ئیمپراتوریەتی ئێلخانی، بەڵام لە ساڵی ١٣٣٧دا و پاش ململانێی ناوخۆی ئێلخانیەکان، بەغدا و عێراقی ئێستا و نیمچە دورگەی عەرەب و ئازەربایجان کەوتنە ژێردەستی جەلائیرییە بە بنەچە مەغۆلییەکان. سەرۆکی جەلائیرییەکان شێخ حەسەن کوڕی حسێن کوڕی ئامتوغانی جەلائیری جیابوونەوەی خۆی لە ئێلخانییەکان راگەیاند، لە ساڵی ١٣٨٣دا بەغدا کەوتە ژێر دەستی تەیمورلەنگ و تا ساڵی ١٥٠٨ کە شائیسماعیلی سەفەوی بەغدای لە دەستی مەغۆلەکان سەندەوە، عێراقی ئێستا هەر لەژێر دەستی مەغۆلەکاندا بوو(٢).

لە سەدەی شازدە بە دواوە، سەرزەمینەکانی عێراقی ئێستا بووە مەیدانی ململانێی توندی نێوان هەر دوو ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە تا دەمەدەمی جەنگی جیهانی یەکەم بەشی هەرە زۆری گەلی عەرەب و بەشی هەرە زۆری گەلی کوردی لەژێر دەسەڵاتدا بوو، کوردستانی بەسەر چەند ولایەتێکدا دابەش کردبوو؛ لەوانە ولایەتی شارەزوور کە پاشان خرایە سەر ولایەتی موسڵ، هەروەکو گەلی عەرەبیشی بەسەر ولایەتەکانی سوریا و بەغدا و بەسرە و حیجاز و بەیروت و میسری خدێوی و هی تردا دابەش کردبوو. بۆیە ئەو کاتە و تا دوای جەنگی جیهانی یەکەمیش، عێراقی ئێستا نەك هەر گوزارە نەبووە لە قەوارەیەکی سەربەخۆی خاوەن پێناس، بەڵکو سەرزەمینەکانی ئێستای عێراق وەکو باقی رەعیەتەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی تەخشانوپەخشانی چەند ولایەتێك کرابوون و تەنانەت ناوی عێراقیش لە ئارادا نەبووە و بەشێکی ئەم خاکەی ئێستای عێراق هەر بەناوی میسۆپۆتامیا (یا وڵاتی نێوان دوو روبار، ناسرا بوو(٣).

بۆیە عێراق وەکو دەوڵەت، یا سنورێکی جوگرافیایی دەستنیشانکراو و قەوارەیەکی یەکگرتوو، پێش بیستەکانی سەدەی پێشوو نەبووە و دەرنەکەوتوە.

دووەم: عێراق وەکو دەوڵەت

لە میانەی جەنگی جیهانی یەکەمدا و پاش ئەوەی عوسمانییەکان پاڵیان دایە پاڵ ئەڵمانیا، تا دەهات قەوارەکەیان بەرەو داوەشین دەچوو. دەوڵەتە ئیمپریالیستە گەورەکان؛ بەریتانیا و فەڕەنسا و روسیای تزاری لەسەر دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی کابرا نەخۆشەکە چەند رێکەوتنێکی نهێنیان بەستبوو. سەرەتا لە نیسانی ساڵی ١٩١٦دا پەیمانێکی نهێنی بەناوی پەیمانی سۆزانۆف/بالیولۆچ لە نێوان روسیای تزاری و فەڕەنسادا بەسترا، پاشانیش لە ئایاری هەمان ساڵدا پەیمانێکی تر لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنسا و بەئاگاداری روسیا، بەناوی پەیمانی سایکس/پیکۆ بەسترا، کە بەپێی پەیمانی دووایيان بەشی هەریەك لەو دەوڵەتانە لە میراتییەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەستنیشان کرا(٤).

جەنگی جیهانی یەکەم بە تێکشکانی دەوڵەتانی میحوەر کۆتایی هات و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەبەریەك هەڵوەشا. بەپێی ڕێکەوتنی ئاگربەست دەوڵەتانی هاوپەیمان بۆیان هەبوو هەر ناوچەیەك کە مەترسی دەخاتە سەر بەرژەوەندییەکانیان، داگیری بکەن. هەر لەسەر ئەو بنچینەیە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و لەپێش هەمووشیانەوە بەریتانیا و فەرەنسا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەشینەوەی میراتییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دەستکراوە بوون. بەریتانیا بەپێی ڕێکەوتنە نهێنیەکەی خۆی لەگەڵ فەرەنسادا ولایەتەکانی بەغدا و بەسرەی بەردەکەوت و پاشانیش بەپێی ڕێکەوتنە بەناوبانگەکەی لوید جۆرج و کیلمانسۆ، بەریتانیا ژیرانە لە گەمەیەکی دیبلۆماسیدا ولایەتی موسڵیشی خستە ناو سنوری (ماندانەکەی خۆیەوە(٥.

جەنگی جیهانی یەکەم تەواو ببوو، بەڵام هێشتا کوردستانی باشور کە ولایەتی موسڵ بەشی هەرەزۆری خاکەکەی دەگرتەوە، لە دەرەوەی چوارچێوەی داگیرکردنی سوپای بەریتانیادا بوو. ئەمە لەکاتێکدا هەر لەسەرەتای جەنگدا و لە ٥/١١/١٩١٤دا سوپای بەریتانی شاری بەسرەی گرتبوو، پاش ساڵێك و لە ٣/٦/١٩١٥دا عەمارە و لە ٢٥ی تەمموزی هەمان ساڵدا ناسریەشی گرت. دواجار لە ١١/٣/١٩١٧دا بەغدای گرت و (لەشکری عوسمانی تا شاری موسڵ پاشەکشەی کرد(٦.

بە تەواوبوونی جەنگ هێزە سوپاییەکانی ئیستعماری بەریتانی گەیشتبوونە سنورەکانی کوردستانی باشور و ناوچەی شرگاتی نزیك موسڵ. بەریتانیا بۆ ئەوەی بتوانێت بەرەنگاری پاشماوەکانی سوپای عوسمانی ببێتەوە و بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەی ستراتیژی کوردستانی باشوردا بپارێزێت و مسۆگەر بکات، سەرەتا ناچار بوو دان بە حاکمییەتی شێخ مەحموددا بنێت کە پێشتر عوسمانییەکان بە حاکمی سلێمانییان دانا بوو.

بەریتانیا لە سۆنگەی بەرژەوەندییە ستراتیژی و ئابوورییەکانیەوە دەمێك بوو تەماحی گرتنی ولایەتی موسڵی هەبوو. کاتێکیش کە عوسمانییەکان لە ساڵی ١٩١٩دا بە یەکجاری ولایەتەکەیان چۆڵ کرد، بەریتانیا بێ سێ و دوو داگیری کرد.

بەپێی پەیمانی سان ریمۆ و پاش ئەوەی کە جەنگ پروزەی لە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بڕیبوو، ئەو دەوڵەتانە بەمەبەستی سوك کردن و ئاسانکردنی داگیرکردن و بەپاشکۆکردنی ناوچەکانی ژێر دەستیان و خەفەکردنی هەستی ناسیونالیستی عەرەبی، بڕیاریاندا چەند دەوڵەتێکی عەرەبی وەکو عێراق و سوریا و ئوردون و لوبنان و سعودیە و.. هتد، دابمەزرێنن. پێشتر بەریتانیا بەپێی ڕێکەوتننامەی مەکماهۆن/حسێن، پەیمانی بە عەرەبەکان دابوو دەوڵەتێکی عەرەبی دابمەزرێنن کە سوریای سروشتی و عێراقی عەرەبی (بێ کوردستانی باشور) و حیجاز، بە سەرکردایەتی حسێنی شەریفی مەکە بگرێتەوە و نەخشەی دەوڵەتە چاوەڕوانکراوەکەش کوردستانی باشوری نەدەگرتەوە(٧). لە هەمان کاتدا بەریتانیا بە ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە ١٠/٨/١٩٢٠دا و لە چوارچێوەی پەیمانی سیڤەردا، مافەکانی کورد و ئەرمەنیان سەلماند و پەیمانی ئەوەیان دا کە ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا کوردەکان نیازی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی (سەربەخۆیان هەبێت، دەبێت تورکیا بێ قەیدوشەرت بەو داوایە قایل بێت(٨.

هەڵگیرسانی ڕاپەرینی بیست لە ناوچە جیاجیاکانی ئێستای عێراقدا دژی بەریتانیا و ئەو زیانانەی لە ئەنجامی ئەو شۆڕشەدا بەر بەریتانیا کەوتن و ئەو ئەرکە دژوارانەی کە پاش تەواوبوونی جەنگ ڕووبەڕووی سەرجەم دەوڵەتە ئیمپریالیستە ماندووەکان و لە پێش هەمووشیانەوە بەریتانیا ببۆوە، هەموو ئەوانە وایانکرد لە چۆنێتی ئیستعمارکردنی عێراق و کوردستانی باشوردا، بەریتانیا چاو بە نەخشەکانی خۆیدا بگێڕێتەوە و پەلە لە پێکێهنانی .قەوارەیەکی سیاسی بۆ ولایەتە جیاجیاکانی سەر خاکی عێراقی ئێستا بکاتەوە

دوای ئەو ڕاپەرینە، بەریتانیا ڕاستەوخۆ بڕیاری لەکارخستنی حاکمی پادشایەتی بەریتانی ئارنۆڵد ویڵسن و دانانی پێرسی کۆکسی لە شوێنی ئەو، دا. پاشان لە ١٧/٦/١٩٢٠دا حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی لە بەیاننامەیەکیدا بڕیاری دامەزرانی حکومەتێکی عەرەبی دەرکرد بەناوی حکومەتی عێراقەوە و داوا لە پێرسی کۆکس کرا ئەرکی .جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە لە ئەستۆ بگرێت

بەشێوەیەکی رەسمیش لە ٢١/٧/١٩٢١دا بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی قاهیرە، فەیسەڵ بە یەکەمین شای عێراق دانرا(٩).

سێیەم: داگیرکردن و لکاندنی زۆرەملێیانەی کوردستانی باشور بە عێراقەوە

لەمەڕ داگیرکردنی کوردستانی باشور، بەریتانیا شێوازێکی دیاریکراوی نەبوو. تا ئەو دەمەش کە دەوڵەتی عێراق دامەزرا، کوردستانی باشور هەر لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە تازەپێکهێنراوەدا مایەوە.

لە مایسی ساڵی ١٩٢١دا و لەژێر چاودێری چەرچڵی وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیادا، کۆنگرەی قاهیرە بەسترا. دەربارەی عێراق چوار باسی سەرەکی کرانە تەوەر، ئەوانیش:

1. کەمکردنەوەی خەرجی بەریتانیای گەورە لە عێراق.

2. باسی ئەو کەسانەی خۆیان بۆ تەختی پاشایەتی عێراق پاڵاوتبوو.

3. مەسەلەی کورد.

4. لەشکری داهاتوی عێراق(١٠).

سەبارەت بەکوردستانی باشور، کۆنگرە دوو ئەلتەرناتیڤی خستەڕو، کە بریتی بوون لە:

1. ناوچە کوردییەکان بەشێك بن لەعێراق.

2. ١١(هان بدرێن بۆ سەربەخۆیی).

بەڵام تای تەرازو بەلای یەکەمیاندا لار بوو.

کورد ئەگەرچی کەم تا زۆر لە پیلانی ئیمپریالیستیانەی بەریتانیا بێخەبەر بوو، بەڵام ڕازی نەبوو مل بدات بۆ باری ژێردەستەیی ئینگلیز و داگیرکردنی وڵاتەکەی. ئەنجامی ریفراندۆمەکەی کوردستانی باشور بۆ هەڵبژاردنی مەلیك فەیسەڵ، خۆی لە خۆیدا ڕەتکردنەوەی بێ چەندوچۆنی سیاسەتەکانی بەریتانیا بوو لە کوردستاندا. لەو ریفراندۆمەدا بەشی هەرە زۆری لیوای کەرکوك کە ئەو دەمە بەشێکی گەورەی لیوای هەولێریشی لەسەر بوو، دژی مەلیك فەیسەڵ دەنگیان دا. لیوای موسڵیش ئەوەیان کردە مەرجی قایلبوون کە مافی کەمایەتییەکان بۆ دامەزراندنی ئەو ئیدارەیەی کە دەبوا لە ناوچەکانی ولایەتی موسڵدا پێك بهێنرێت، مسۆگەر بکرێت. ئەمە لەکاتێکدا لیوای سلێمانی هەر لە بنەڕەتەوە بەشداری دەنگدانیان نەکرد(١2).

بەرگریکردنی کورد دژ بە ئینگلیز تا دەهات لە پەرەسەندندا بوو. بەریتانیا توانای ئەوەی نەما بوو بە هێزی گەورە پەلاماری کورد بدات، بۆیە لە تاکتیکێکی ژیرانەدا و بۆ کپکردنی دەنگی ناڕەزایەتی کورد و خوڵقانی کەشوهەوایەکی هێمن بۆ مەیسەربوونی پیلانەکانی لە کوردستانی باشوردا، لە ساڵی ١٩٢٢دا بڕیاری هێنانەوەی شێخ مەحمودی لە هندستانەوە بۆ کوردستان دا. شێخ مەحمود کە لە ساڵی ١٩١٨ بۆ ماوەی ١٥٥ رۆژ حوکمدارێتی بەشێکی کوردستانی باشوری دەکرد، پاش هێرشی سوپایی بەریتانی بۆ گرتنی شاری سلێمانی و بەرگریکردنی کورد لەو شارە، لە شەڕی دەربەندی بازیاندا بە برینداری دەستبەسەرکرا و بۆ هندستان نەفی کرا.

دامەزراندنەوەی دووەمینجاری حکومەتی کوردستان لە ٣٠/٩/١٩٢٢دا، بە پلەی یەکەم بۆ بەرقەرابوونی هێمنی و ئاسایش و نەهێشتنی دەسەڵاتی تورکەکان بوو لە کوردستانی باشوردا، بۆ ئەوەی گەر بڕیاری ریفراندۆمێکی گشتی سەبارەت بە چارەنوسی ولایەتی

موسڵ درا، بەریتانیا دەنگی کورد بە لای خۆیدا مسۆگەر بکات. بۆیە بۆ پشتگیری کردن و جێگیربوونی حکومەتی کوردستان، هەردوو حکومەتی عێراقی و بەریتانی لە بەیاننامەیەکدا بەشێوەیەکی ڕەسمی دانیان بە حکومەتەکەی شێخ مەحمودا، نا(13).

بەڵام ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێت ئەوەیە کە ئیدارەی ئیستعماری بەریتانی هەر لەسەرەتاوە و بەتایبەتیش لەسەر دەستی ئارنۆڵد ویڵسن، کاری بۆ پێکەوەنانی ئیدارەیەکی عەرەبی کردووە لە عێراقدا کە جگە لە هەردوو ولایەتی بەسرە و بەغدا، ولایەتی موسڵیش بگرێتەوە و راستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیا خۆیدا بێت، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو گفت و بەڵێنانەی کە بەپێی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس و پەیماننامەی سیڤەر سەبارەت بە مافەکانی کورد، قسەی لێ کرابوو.

«ئەدمۆندس، کە ئەفسەری پێوەندی بوو لەو کۆمیتەیەدا کە کۆمەڵەی گەلان بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی موسڵ لە ساڵی ١٩٢٥دا پێکیان هێنابوو، دەڵێت: هیچ کامێکمان گومان داینەگرتین کە ئێمە ئێستا لە شەڕی مان و نەمان داین بەنسبەت عێراقەوە، چونکە بە دڵنیاییەوە، لەبەر هەندێ هۆی ئابووری و ستراتیژی، بەسرە و بەغدا ناتوانن بێ موسڵ (ئەڵبەتە مەبەستی ولایەتی موسڵە)، دەوڵەتێکی ماقوڵ پێك بێنن.(١٤)»

لەو سۆنگەیەی کە نەدەکرا بەریتانیا واز لە بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتیژییەکانی خۆی لەو بەشە گرنگەی عێراقی ئێستا، واتە کوردستانی باشور بهێنێت، بۆیە سەرەڕای هەموو ئەو سیاسەتە فریودەرانەیەی بەرامبەر کوردستان و گەلەکەی نواندی، لە ساڵی ١٩٢٣دا سیاسەتەکانی خۆی ئاشکراتر کرد و بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی لەگەڵ تورکیای کەمالیستدا لە میانەی پەیماننامەی لۆزاندا ئەنجامی دا، بەرامبەر بە ڕازی بوونی تورکیا بۆ سپاردنی کێشەی موسڵ بە کۆمەڵەی گەلان، بەریتانیاش هەموو بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەری تایبەت بە کورد و کوردستانی ڕەت کردەوە و ئینکاری لێکردن.

ئیتر ئەو کاتەش کە ئیستعماری بەریتانی رازی بوونی تورکیای کەمالیستی سەبارەت بە سپاردنی کێشەی موسڵی بە کۆمەڵەی گەلان و رەوینەوەی مەترسی تورکیاشی لەسەر بەرژەوەندییەکانی لە عێراق و کوردستاندا بەشێوەیەکی عەمەلی مسۆگەر کرد و لە هەمان کاتیشدا بەکرێگیراوی و گوێرایەڵی مەلیك فەیسەڵ و حکومەتە عەرەبییەکەی بەغداو ئامادەبوونیان بۆ پاسەوانیکردنی بەرژەوەندییە نەوتی و ستراتیژییەکانی بەریتانیا مسۆگەر کرد و گومانیشی لەوەدا نەما کە کوردستانی باشوری (سەربەخۆ) بەکەڵکی پاسەوانی و پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە نایەت، ئەمە جگە لەوەی کە بوونی کوردستانی سەربەخۆ کەمالیستەکان و ئێرانی سەردەمی رەزاخانی سەر بە بەریتانیای لە وڵاتی فارسدا نیگەران دەکرد و ناسیونالیستە دەمارگیرەکانی عەرەبی بێزار دەکرد، پاش ئەوەش کە بەریتانیا دڵنیا بوو لەوەی کە «دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی» کرێگرتەیی بەریتانیا ناکات و پاش ئەو ساتوسەودا نێودەوڵەتییەی سەبارەت بە رەتکردنەوەی پەیمانی سیڤەر و گۆرینی بە پەیمانی لۆزان کرا، ئیتر ئەو دەمە بۆ دواجار بەریتانیا پشتی کردە سەلماندنی مافەکانی گەلی کورد(15).

دوابەدوای پەیمانی لۆزان و رامکردنی کەمالیستەکان، لە ساڵی ١٩٢٤دا هەردوو حکومەتی بەریتانیا و عێراق لە دانپێدانانەکەیان بۆ حکومەتی کوردستان پاشگەزبوونەوە و بۆ روخان و لەبەینبردنی هێزی سوپای بەریتانیا هەڵیکوتایە سەر کوردستان و بە هێزی چەك و سەرەنێزەی سوپای بەریتانی و بە زۆرەملی و دوور لە خواستی خەڵکی کورد لە کوردستاندا، کوردستانی باشور هێدی هێدی لکێنرا بە عێراقی دەوڵەتە عەرەبیە داتاشراو و دەستنێژەکەی ئینگلیزەوە و هەر بە پیلانی بەریتانیا لە رۆژی ١٦/١٢/١٩٢٥دا کۆمەڵەی گەلان بە رەسمی ولایەتی موسڵ کە بەشی هەرەگەورەی کوردستانی باشوری دەگرتەوە(16)، بە عێراقەوە لکاند و لەو رۆژگارەشەوە دەوڵەتی ئێستای عێراق بەم قەوارەیەی ئێستایەوە پەیدا بوو.

لێرەوە دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

خاکەکەیان داگیر و دابەش کرد، جاری دووەمیش مافیان دایە داگیرکەران گەلی کورد لە ناو خۆیاندا بتوێننەوە، خۆ ئەگەر نەکرا قڕی بکەن. دەوڵەتانی تازە پێکهاتوی تورکیا، عێراق، ئێران و سوریا هەر لەسەرەتاوە وەکو دەوڵەتانی نەتەوەی سەردەست هاتونەتە کایەوە و بە هیچ شێوەیەك خواستەکانی گەلی کوردیان لە سەربەخۆیی و ژیانی ئاسایی وەکو گەلانی ناوچەکە و جیهان بۆ فەراهەم نەکردووە.

## جینۆساید و جینۆسایدی کورد لە عێراقدا

چەمکی جینۆساید و پەرەسەندنی:

وشەی جینۆساید، کە بە مانای پاکتاوی ڕەگەزی دێت، لە بنەڕەتدا لە دوو وشە پێکهاتووە: وشەیەکی گریکی (Genos)، وشەیەکی و کە واتای ڕەگەز یاخود بنەچە دەگەیەنێت لاتینی (Cide)، (1 کە واتای کوشتن یاخود فەوتاندن دەگەیەنێت).

ئەم وشەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1933دا لە کۆنفرانسی مەدریددا لەلایەن دادوەر و لێکۆڵەرێکی جولەکەی بە ڕەگەز پۆلۆنی ڕافایل لیمکن (Raphael Lemkein)(2) ، کە دواتر بوو بە ڕاوێژکار لە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بەکارهێنراوە، ناوبراو تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بە دەستی نازییەکان قڕکران. لیمکن لە ساڵی 1944دا جارێکی تر ئەم چەمکەی لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی(یاسای میحوەری لە داگیرکردنی ئەوروپادا) بەکاری هێنایەوە، تا ئەوکاتە ئەم وشەیە لە هیچ فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیایەکدا نەبووە(3).

هەروەها ئەم چەمکە لە تاوانبارکردنی تاوانبارانی جەنگی نازیدا لە نۆرمبێرگ لە ساڵی 1944دا بەکارهێنرا، دواتر لیمکن بوو بە نوسەری سەرەکی ڕێکەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانی ساڵی 1948ی تایبەت بە قەدەغەکردن و سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید.

ئەنجومەنی ئاسایشی گشتی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەرامبەر کارەساتەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، لەو ڕێکەوتننامەیەدا، کە لە 11ی سێپتەمبەری 1946دا بڵاویکردووەتەوە ڕایگەیاندووە: جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا تاوانە، بەپێچەوانەی پشتگیریی و پێداگرییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەروەها لەلایەن جیهانی شارستانییەوە ڕیسواکراوە"(4).

له مادەی دووەمی پەیماننامەی (قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی)، کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە 29/12/1948دا پەسەندی کردووە، هاتووە:" بەمەبەست لەناوبردنی گشت یاخود بەشێکی دانیشتوانە بەهۆی جیاکاری ڕەگەزی، نەتەوایەتی، ئاینی یاخود ئیتنیکی"(5). لێرەدا دەردەکەوێت دەبێ مەبەستی قڕکردنی سەرجەمی یاخود بەشێکی کۆمەڵە مرۆڤێك هەبێت بۆئەوەی بتوانرێت جینۆساید لە تاوانەکانی دیکە جیابکرێتەوە(6). دواجاریش پەیماننامەکە لە 12ی کانوونی (یەکەم فاشی 1951دا چووە بواری جێبەجێکردنەوە(7..

جۆری ئەو تاوانانەش وەك لە بەندی دووەمی پەیماننامەکەی ساڵ1948دا دیاریکراون ئەمانەن:

1-کوشتنی ئەندامانی گرووپێك.

2-زیانگەیاندنی لە ڕادەبەدەری جەستەیی و ڕۆحی بە ئەندامانی گرووپێك.

3-بە ئەنقەست و بەشێوەیەکی پلان بۆ دانراو گرووپەکە ناچار و سنووردار بکرێت، تا دووچاری وێرانی فیزیکی گشتی یاخود لاوەکی بکرێت.

4-ئەو هەنگاوانە بسەپێنرێت، کە مەبەست لێی ڕێگە گرتنە لە لەدایکبوون لە گرووپەکەدا.

5-بە زۆر منداڵی گرووپێك بۆ گرووپێکی تر ڕابگوێزرێت(8).

خاڵە سەرەکییەکانی پێناسەی جینۆساید بێجگە لە لایەنی لەناوبردن، بەشێوە گشتییەکەی بریتییە لە: پێش وەخت نەخشە بۆکێشان و بەنهێنی جێبەجێکردنی، ئەوەی، کە تەواوی

گرووپێك یاخود بەشێکی گرووپەکە لە شێوازێکی جیاوازدا بە هۆشیاری و بەمەبەستەوە دەستنیشان بکەی بۆ لەناوبردن(9).

وڵاتە بەشداربووەکانی پەیماننامە ساڵی 1948 ئەو مەرجانەیان خستووەتە سەر خۆیان و پابەندبوون بەوەی، کە سزا بخەنە سەر نەك هەر تاوانی ڕاستەوخۆی جینۆساید، بەڵکو وەك لە بەندی (3)ی پەیماننامەکەدا هاتووە:

1-جینۆساید.

2-پیلانگێران بەمەبەستی جینۆساید.

3-هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بەمەبەستی جینۆساید.

4-هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

5-بەشداریکردن لە جینۆسایددا.

کەواتە تاوانی جینۆساید، هەرئەوە نییە ڕاستەوخۆ جینۆساید ئەنجامبدرێت، بەڵکو هەریەك لەو کارانەی بەندی (3)ی پەیماننامەکە ئەنجامبدرێت ئەوا ئەنجامدەر بەرپرسیارە لە بەرامبەر تاوانی جینۆساید(10). وەنەبێ جینۆساید هەر بە تەنها لەناوبردنی فیزیکی و ڕەگەزی و ئاینی بگرێتەوە، بەڵکو زۆر جۆر و شێوازی ئاڵۆزی دیکەی هەیە.

## جۆرەکانی جینۆساید

1-جینۆسایدی فیزیکی (phicical Genocide):

ئەم شێوازە لە جینۆساید سادەترین و ئاشکراترین جۆرەکانی جینۆسایدە(11)، شێوازەکانی لەناوبردنیش زۆر و جۆراوجۆرن وەك: لەسێدارەدان، گوشبارانکردن، بەکۆمەڵ کوشتن، هێرشی سەربازی و بەکارهێنانی چەکی قڕکردن وەك فۆسفۆڕ و کیمیایی...هتد(12). هەندێ جاریش سیاسەتی خاکی سوتاو پەیڕەو دەکرێت. دیارترین جۆری ئەم شێوازە قڕکردنەش لە کوردستاندا کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیە، کە ئەنجامەکەی بە کوژرانی نزیکەی (5)هەزار و برینداربوون و ئاوارەبوونی دەیان هەزار لە خەڵکی کۆتایی هات، ئەمە جگە لە سوتاندن و وێرانکردنی خاکەکەی، بەشێوەیەك هەتا ئێستاش کاریگەری ئەو چەکانە هەرماوە و بەوهۆیەشەوە چەندین نەخۆشی جۆراوجۆر لەنێو خەڵکی ئەو شارەدا بڵاوبووەتەوە(13).

2-جینۆسایدی بایۆلۆژی(Biological Genocide):

ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە تەگەرە دەخەنە بەردەم ڕێگای گەشەکردن و زیادبوونی نەتەوەیەك یاخود کۆمەڵە خەڵکێك لە ڕێگەی نەزۆککردن و لەباربردنی کۆرپەلە یاخود خەساندنی پیاوان، یاخود لە ڕێگای دابڕینی پیاوان لە ژنان، دورخستنەوەی ئەندامانی خێزان لە یەکتری بۆ ماوەیەکی زۆر، کە ئامانج لێی فەوتاندنی وەچەی داهاتووی ئەو نەتەوە یاخود کۆمەڵەیە(14). ئەم جۆرە جینۆسایدە لە ئەنفالی بارزانیەکان و شاڵاوەکانی ئەنفالدا پەیڕەوکراوە بەتایبەتی دابڕینی پیاوان لە ژنان و دابڕینی کچان لە دایکان و باوکان، دواتریش منداڵان لە دایکان(15).

هەندێك جار ئەم جۆرە قڕکردنە بەشێوەی ڕێگریکردن لە کۆمەڵێك مرۆڤ لە پێشکەوتن و زیادبوون لەژێر بیانووی جۆراوجۆردا ئەنجامدەدرێت، وەك ئەوەی ئەڵمانەکان لە دژی جولەکە و قەرەچەکان پێی هەستان لەپێناو پاراستنی توخمی ئاری، هەروەها سربەکان لە هەرزەوگۆڤینیا و هەرێمی کۆسۆڤۆ ئەم جۆرە قڕکردنانەیان لە ڕێگای دەستدرێژی

سێکسی بۆ سەر ئافرەتانیان و بە زۆر سکپڕکردنیان لەپێناو هێنانەکایەی نەوەیەکی نوێی (سڕبی16).

سێیەم/ جینۆسایدی کولتووری ـ نەتەوەیی:

مەبەست لەم جۆرە جینۆسایدە قەدەغەکردنی زمان و ڕۆشنبیریی و شێواندنی مێژووە لە ڕێگەی لەناوبردنی تایبەتمەندی نەتەوایەتی و نەهێشتنی یەکێتی هاوبەشی نێوان خەڵك. هەروەها وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان وەك ڕووخاندنی پەیکەر و ئەشکەوت و مۆزە و گەرەك و گەرماو و بازاڕ و مزگەوت و کڵێسا و هەموو شوێنەوارێك، کە پاشماوەی (کۆن یاخود نوێ بێت و بەرهەمی جۆری ژیانی ئەو خەڵکە بێت17).

لە عێراقدا بەشێوازێکی بەرفراوان ئەم جۆرە جینۆسایدە پەیرەو دەکرا، لەوانە: سەپاندنی زمانی عەرەبی، گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن، گۆڕینی ناوی شار و گوند و ناوچەکانی کوردستان...هتد. دەتوانین بڵێین قڕکردنی کولتووری، لەیەکچوواندنی (Asimilation) زۆرەملێی نەتەوە یاخود مرۆڤە لەناو نەتەوەی دەسەڵاتدار بە قەدەغەکردنی زمان و ئەدەبیات و شێواندنی مێژووی نەتەوەکە. هەروەها دەشکرێ بە ڕێگای دوورخستنەوەی ڕۆڵەکانی گرووپێك بۆ ناو گرووپێکی دیکەی جیاواز لە رووی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی و شتی دیکە لەناویاندا بتوێنەوە و بەوهۆیەشەوە پێشینە و (ڕەسەنایەتی خۆیان ون بکەن18).

چوارەم/ جینۆسایدی ئابووری (Economical Genocide):

ئەمە دەکرێت پێی بوترێت وێرانکاری ئابووری، واتە وێرانکردنی سامان و سرووشت و بەروبوومی ناوچەکان، تاڵانکردن و فەرهوودکردنی ماڵ و سامانی خەڵکی. هەروەها گەمارۆی ئابووری بەمەبەستی برسیکردنی خەڵك. ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی فەوتاندنێکی لەسەرخۆی مرۆڤ، جگەلەوەی ڕێژەی مردن بەهۆی نەبوونی خۆراکی

پێویست و داو و دەرمان و زیادبوونی نەخۆشییەوە زیاد دەکات، دەبێتەهۆی کۆچپێکردنێکی بەردەوامیش، کە ئەنجامەکەی چۆڵکردنی جێگەی دێرین و ڕەسەنی خەڵکەکەیە. ئەویش زۆرجار دەبێتە هۆی پەرتەوازەکردن و لەدەستدانی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و فەوتاندنی کولتووری نەتەوەیی. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و گازی ژەهراوی سەرباری ئەوەی قڕەخاتە مرۆڤ و هەموو زیندەوەرێك، دەبێتە هۆی مردنێکی ئابووری سەراپاگیری. وێرانکردنی ناوچەکان و وێرانکردنی ئابووری، پێکەوە واتە(Ecocide تاوانێکی دیکەیان لێ بە ئەنجام دێ، ئەویش تاوانی (ئیکۆساید - وێرانکردنی ئیکۆلۆژیا، کە ئەنجامەکەی بە جینۆسایدێکی گشتی دەشکێتەوە، ئەویش بە وێرانکردن و لەوتاندنی ژینگە ناسراوە. ئەم تاوانە خۆی تاوانێکی نێودەوڵەتی سەربەخۆیە و لە یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا زۆر گرنگی پێدراوە.

پەیماننامەیساڵی 1977 تایبەتکراوە بە قەدەغەکردنی ئامرازی جەنگ و ئەو ئامرازانەی، کە زیان بە سرووشت دەگەیەنن، کە تاوانی تێکدانی ژینگە بە تاوانێکی نێونەتەوەیی دیاری دەکات. دیارە لەوتاندنی ژینگەش دەبێتە هۆی فەوتاندنێکی لەسەرخۆی واتە فەوتاندنی ژیان، (Biocide مرۆڤ، چونکە شێواندنی ژینگە دەبێتە هۆی (بیۆساید - ئەمەش کاردەکاتە سەر نەك هەر بوونی مرۆڤ و ژیانی لەو ناوچانەدا، بەڵکو بوونی (هەموو گیاندارێك و چۆنیەتی شێوەی ئاسایی سرووشتیش(19.

جینۆسایدی کورد وەك کردەیەکی ئۆرگانیزەکراو

جینۆساید شێوەیەکی پێشکەوتووی تیرۆریزمی دەوڵەتە، بەکارهێنانێکی هەماهەنگی هێزە بەهۆی بژاردەگەلێکەوە لەنێو کۆمەڵگایەکدا بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر گرووپە بە ئامانجکراوەکەدا بچەسپێنن یاخود پەرەپێبدەن لەنێو هەمان دەوڵەتدا، کە هەروەك هەڕەشە وێنا دەکرێت. ئەو وڵاتانەی، کە مێژوویەکی درێژیان لە سەرکوتکاری ناوخۆیدا هەیە،

هەر ئەوانەن، کە مەیلی پیشاندانی نمونەی جینۆسایدیان لە سەردەمی هاوچەرخدا 20)هەیە).

بیرۆکراسیەتیش بۆخۆی ڕۆڵێکی گرنگ لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی جینۆسایددا دەبینێت، جینۆساید پێویستی بە کۆمەڵێك دامودەزگای چالاك هەیە بۆ ئۆرگانیزەکردنی، چونکە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی سەردەمیانەی گرووپە سەربازی و مەدەنییە جیاجیاکان و .گواستنەوە و ڕێگاوبانەکان گرنگییەکی گەورەی هەیە لەو پرۆسەیەدا

ڕەنگە لە کۆندا شەڕ و هێرشە جینۆسایدییەکان پێویستی زۆر بە ئۆرگانیزە و ڕێکخستنی سیستماتێك نەبووبێت، بەڵکو زۆرجار خۆبەخۆیی(التقائیه) ڕۆڵی گەورەی بینیوە و ڕق و کینەی ڕەگەزیی و ئاییی داینەمۆی شەڕ و کوشتارە خوێناوییەکان و پرۆسەکانی قڕکردنی دوژمن بووبێت، بەڵام جینۆسایدی مۆدێرن لەگەڵ هەرچی زیاتر پێشکەوتن و ئاڵۆزبوونی تەکنەلۆژیادا، پێویستی زیاتری بە مەهارەی لۆجیکی و ئۆرگانیزەکراو 21)دەبێت).

لە ڕوانگەی پێناسەی جینۆساید و شێوازەکانی ئەو کردەیەوە دەردەکەوێت، ئەوەی حیزبی بەعس لە عێراقدا هەر لە هاتنە سەر حوکمیەوە پێوەی خەریکبوو لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ کورد، کردەیەکی جینۆسایدییە. بەتایبەتی لە دوای هاتنە سەر حوکمی سەدام حسەینەوە، ئیدی ستراتیژی بەعس و ڕەهەندەکانی ئەو پلانە جینۆسایدیانە تاڕادەیەك دیار و 22)ئاشکرابوون).

درندانەترین شاڵاوەکانی بەعس، کە دەچێتە خانەی جینۆساید و قڕکردنی بە بەرنامەوە، پەلامارەکانی ئەنفال و کیمیاباران بوون، چونکە ئەمانە هەر بە تەنها پرۆسەیەك نەبوون بۆ پەکخستن و چاوترساندنی هێزی پێشمەرگە و لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی باشووری کوردستان، بەڵکو ئەم شاڵاوانە لە بنەڕتدا بۆ بەیەکجاری قڕکردنی کورد و لە بنهێنانی بوو، هەربۆیە لە تەواوی پرۆسەکاندا دەست لە خەڵکی سڤیلی بێ چەك و

تەنانەت ژن و منداڵ و بەساڵاچوونیش نەدەپارێزران، لەو شاڵاوانەدا دەیان هەزار (مرۆڤی کورد بوونە قوربانی(23.

ڕوونتر بڵێین شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران، هاوشێوە و بگرە ترسناکتربوون لەو شاڵاوانەی، کە کرانە سەر ئەرمەن و جولەکەکان، ئەگەر بەپێی سەردەم و قۆناغەکانیان تەماشا بکرێن(24). بەگشتی کۆمەڵکوژییەکان دوا هەنگاون لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا و کاتێك ڕوودەدەن، کە سەرکوتکار لە سایەی شکستێکی سەربازیدا دەناڵێنێت. بۆ نمونە جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە کاتی شکستی تورکەکان لە بولگاریا لە ساڵی 1912دا ڕوویدا، هەروەها کوشتنی جولەکەکان (هۆلۆکۆست) لە پاش شکستی نازییەکان لە ستالینگراد لە ساڵی 1943 پەرەی سەند، زۆربەی جولەکەکان پاش ئەو ڕووداوە (کوژران، کە ئەڵمانەکان بە فیعلی جەنگەکەیان دۆڕاند(25.

شاڵاوەکانی دەستگیرکردن و لەناوبردنی بارزانیەکان و ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە هەمان شێوە لە دوای شکستی سوپای عێراق بوو لە بەرامبەر هێزەکانی ئێران و پێشمەرگەدا، لەڕاستیدا هەڵەبجە و ئەنفال دوو تراژیدیای دیوی یەك سیاسەتی جینۆسایدە و یەك کێشەی نەتەوەیی هاوبەشە و(26) بۆردومانە کیمیاییەکانی ڕژێمیش (ئاشکراترین دیمەنی جینۆسایدی گەلی کورد بوون(27.

## سەدام، هیتلەری تێپەڕاند

سەدام و هیتلەر هەردووکیان خاوەن ئایدۆلۆجیای فاشیستی بوون، ئامانجیان لەناوبردنی ئەو گرووپانە بوو، کە ڕقیان لێیان بوو، یاخود بە بڕوای ئەوان هەڕشە بوون بۆ سەر دەسەڵاتەکانیان(28). هیتلەر و سەدام لەوەدا هەرچیەکیان دەکرد دەبوو بنوسرێتەوە و هەردووکیشیان دڵنیابوون، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەگەڵ سەرکردەکانیان هیچیان بەرامبەر

ناکرێت، وەك یەك وابوون.  هەربۆیە چ نازییەکان و چ بەعسییەکان هەموو بەڵگەنامە بیستراو و بینراو و نوسراو و نهێنی و تۆمارە دەنگییەکانیان دەپاراست و لە ئەرشیفدا هەڵیان دەگرتن، ئەگەر ئەوەش بزانین، کە دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ دامودەزگا هەواڵگری و سەربازییەکانی عێراقدا هەبووە. ڕژێمی عێراق هێندە متمانەی بەخۆی هەبوو، کە سەرکردەکانیان هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە، کە ڕۆژێك بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتەکانیان دەکەوێتە دەست قوربانیانی دەستیان(29).

ڕژێمی بەعس لە عێراق لە بەرنامەیدا پەیرەوی هەمان پرەنسیپی پروپاگەندە و فیکری ڕێکخراوەیی نازییەکانی دەکردەوە، لە بەرنامەی بەنازیکردنی گشت نەتەوەکانی ئەڵمان بەوەش، کە بەعس هەموو عێراق بکاتە بەعسی. خودی میشێل عەفلەقی دامەزرێنەری بەعسی کاریگەر بوو بە ئایدۆلۆژیا و ئەدەبیاتی نازییەت(30).

ڕەنگە چوواندنی دەقاودەقی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا لەگەڵ ڕژێمەکانی نازی لە ئەڵمانیا و فاشی لە ئیتاڵیا کارێکی زەحمەت بێت، بەتایبەتی سەبارەت بە جیاوازی کات و شوێنی هەردوو کۆمەڵ و وڵات لە ڕووی گۆڕان و گەشەکردنی ئابووریی، کۆمەڵایەتی، سیاسیی و فەرهەنگییەوە. جا ئەگەر دواکەوتن و بەجێمانی زەمینەی ماددی (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی) عێراق، کە بیروباوەڕی بەعسی تیادا ترەکیوە ڕەچاوبکرێت و بەراورد بکرێت بەو ڕەوشە پێشکەوتووە (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگ)یەی ئەڵمانیا، کە نازییەتی تیادا لەدایکبووە، بە ئاسانی گەورەیی قەبارەی ئەو مەینەتیە بەرچاودەکەوێت، کە گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی لەژێر سایەی بەعسدا چەشتوویەتی(31).

بەهۆی بەردەوامی حکومەتی عێراق و گوێ نەگرتنی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، سەدام حسێن هیتلەریشی تێپەڕاند لەوەدا، کە لە کاتی جەنگەکاندا چەکی کیمیایی بەکارنەهێنابوو، لەکاتێکدا سەدام زۆر بە ئاسانی و بە بەرفراوانی بەکاری دەهێنا(32). هیتلەریش بە

کامپەکانی مردن دەستی پێنەکرد، بەڵکو لە ئەنجامی چەند کردارێك، کە لە دژی جولەکەکان ئەنجامیدا بێ ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کاردانەوەی هەبێ هێدی هێدی کردەوەی سامناکتری ئەنجامدەدا تا گەیشتە ئاستی قەڵاچۆکردن(33).

**رۆژنامەی پێشکەوتن : یەکەم رۆژنامەی کوردی لە کوردستاندا**

پێش 97 ساڵ لە سلێمانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستان دەرچووە

لە قۆناغی شەڕ و ئاشتیدا، چەندەها ئەفسەر و کارمەندی ئینگلیز هاتونەتە کوردستان، لەنێوان ئەوانەدا، میجەرسۆن وەک کوردیزان و کوردناس و سیاسەتمەدار و رۆژنامەنووسێک لە هەموویان زیاتر ناسراوە. ماوەیەک بەناوی خوازراو خۆ بەکورد و موسڵمان لە کوردستان ژیاوە. ماوەیەک لە بەغدا رۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)بە کوردی دەرکردوە. لە کوردستانیش یەکەم کەس بووە کە یەکەم رۆژنامەی کوردی لە کوردستان دەربکا. ماوەیەکیش بەتایبەتی لە ساڵی 1919وە هەتا هاتنەوەی شێخ مەحمود حاکمی سلێمانی بووە.

ئەم کورتە نووسینە کە لە سێ بەش پێکدێ، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی چەند لایەنێک لە ژیان و هەڵوێستی میجەرسۆن.

لە بەشی یەکەمدا باس لە میجەرسۆن و زمانی کوردی کراوە. لەو بەشەدا باس لەوە کراوە کە سۆن لەپێناوی بەرژەوەندی وڵاتەکەیدا کوردیەکی وا فێربووە کە بە دەگمەن گومانی پێ ببردرێ کە کورد نەبێ. لە بەشی دووەم باس لە هەڵوێستی سۆن لە حوکمداری شێخ مەحمود و هەندێ مەسەلەی دی پەیوەست بە کوردەوە کراوە. لە بەشی سێیەم باس لە ڕەوشی رۆژنامەگەری کوردی لەدوای میجەرسۆن کراوە.

میجەرسۆن و زمانی کوردی:

میجەرسۆن لەساڵی 1898 بە پلەی شەرەف زانکۆی کامبریج تەواو دەکا. زۆر ئارەزووی زمانی رۆژهەڵاتیەکانی هەبووە. دام و دەزگای دەوڵەتی بەریتانی بۆ ئەوەی

سود لەکەسانی وەک سۆن ببینێت، لە ساڵی 1902 سۆن دەنێرێتە ئێران، لەوێ هەر بە ساڵێک فێری زمانی فارسی دەبێ.(1) بۆ ئەوەی زیاتر لەئێران و کوردستان جێی خۆی بکاتەوە، لە ساڵی 1905 بەساختە موسڵمانبوونی خۆی ڕادەگەیەنێ.

لە بەشەکوردستانی بندەستی ئێراندا خۆی فێری زمانی کوردی دەکا. بەحوکمی ئەوەی فارسی و کوردی دەزانێ، بۆیە دەتوانێ بە ئاسانی خۆی بگەیەنێتە دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجە. لە کوردستان ناوی دەگۆڕێ و ناوی خۆی دەکا بە میرزا غولام حوسێنی شیرازی. ناوەکە تەواو فارسیە. بەم ناوە لە هەڵەبجە دەبێتە دۆستی عوسمان پاشای جاف و عادیلە خانم. زۆر هاموشۆی خەڵکی کردووە، چۆتە هەموو دیوەخان و مزگەوت و بازاڕێک بەجۆرێ دەڵێ "میستەر سۆن سەری بچوایە نوێژ و ڕۆژی نەدەچوو".(2)

مێجەرسۆن لەو گەشتەیدا کە خۆی ناوی ناوە گەشتێکی شاراوە بەرەو میسۆپۆتامیا و کوردستان، زانیارییەکی زۆری لەبارەی زمان و داب و نەرێت و ڕەوشت و ئاکاری کوردەوە کۆکردۆتەوە.

لە دوو هەڵوێستدا، عوسمان پاشای جاف گومان لە کوردێتی سۆن دەکا. یەکەم عوسمان پاشا فەرەنسی دەزانی و کتێبی فەرەنسی دەخوێندەوە، جارێکیان سۆن پرسیاری لێ دەکا دەڵێ جەنابتان کتێبی فەرەنسی دەخوێننەوە؟ ئێوە فەرەنسی زانن؟ یەکسەر عوسمان پاشا لێی دەپرسێ تۆ چۆن دەزانی ئەم کتێبە فەرەنسیە؟ سۆن لە وەڵامدا دەڵێ من پێشتر لای پیاوێکی فەرەنسی ئیشم دەکرد، لەوێ هەندێ فەرەنسی فێربوومە. بەڵام ئەم وەڵامە نەیتوانی تەواو گومانی عوسمان پاشا لەسەر سۆن لاببا.

یەکسەر گومانەکەی عوسمان پاشا دەبێ بە یەقین، بۆیە لەلای خۆی دەری دەکات و، "(3) پاش ماوەیەک بەدزی بەرێگەی پردێ- کەرکوک بەرەو بەغدا دەچێت و، لەوێشەوە دووەم جارێک لەنێوان سۆن و عوسمان پاشا گەنگەشە لە سەر شتێON.دەگەڕێتەوە دەبێ، سۆن لەبریتی بڵێ "نا" دەڵێ "نۆ

لە سەردەمی جەنگی جیهانی دا 1914-1918 جارێکی تر مێجەرسۆن لەعێراق بەدەرکەوتەوە، کە ئینگلیز لە 11/3/1917 بەغدای داگیرکرد، ڕۆژنامەیەکی بەناوی (العرب) لە 4/7/1917 دەرکرد. لەپاش ئەوەی هێزی داگیرکاری ئینگلیز لەخوارووی

کوردستان نزیک بوەوە ئەو لە بەغدا لە 1/1/1918 رۆژنامەیەکی بەناوی (تێگەیشتنی راستی) بڵاوکردەوە. لەژێر ناوی رۆژنامەکەدا نووسراوە: "رۆژنامەیەکی سیاسی و ئیجتیماعی و خادیمی یەکبون و سەربەستی کوردانە".(4) زۆربەی توێژەرەوانی کورد لەو باوەڕەدان کە ئەو رۆژنامەیە مێجەرسۆن و شوکری فەزڵی دەریان کردووە. هەر بۆ زیاتر دڵنیابوون لە سەر ڕۆڵی سۆن لەو رۆژنامەیەدا ئەوا ئیدمۆنز لە وەڵامی نامەیەک بۆ تۆفیق وەهبی دەنووسێ: "تێگەیشتنی راستی ئۆرگانی پروپاگندەی سیاسی بەریتانی بوو، میستەر سۆن سەرپەرشتی دەکرد".

لە 1/1/1918 هەتا 27/1/1919 شەست و حەوت ژمارە لەو رۆژنامەیە دەرچووە. سۆن ئەزموونێکی باشی لە تێگەیشتنی راستی وەرگرت، پاش ئەوەی راپەڕینەکەی شێخ مەحمود لەمانگی حوزەیرانی 1919 هەرەسی هێنا، سۆن بووە حاکمی راستەوخۆی سلێمانی و لە نیسانی 1920 هەتا تەمووزی 1922 سەد و هەژدە ژمارەی لە رۆژنامەی (پێشکەوتن) دەرکرد، لەو ماوەیەدا رۆڵی بەرچاوی سۆن لەبواری گرنگیدان بەزمانی کوردی دەردەکەوێ.

1- چاپخانەیەکی بە پیتی عەرەبی هێنا بۆ سلێمانی و رۆژنامەی پێشکەوتنی پێ دەردەکرد لەپاشان هەر بەو چاپخانەیە رۆژنامەکانی دی سلێمانی وەک بانگی کوردستان و رۆژی کوردستان و بانگی هەق و ئومێدی ئیستقلال و ژیانەوە... دەرچوون.

2- زمانی کوردی کردە زمانی فەرمی لە سلێمانی هەتا فەرمانێکی دەرکرد کە دەبێت ناوی شار بە (سلێمانی) بنوسرێ نەک (سلیمانیە).

3- لەپێناو پاککردنەوەی زمانی کوردی لە پەیڤی عەرەبی و تورکی و فارسی ئەو لە (پێشکەوتن کێبڕکێیەکی راگەیاند بۆ یەکەم و دووەم و سێیەم خەڵاتی دانا.(5

لەبواری نووسینیش، ئەوا سۆن لە قۆناعی پێش و پاش جەنگ ئەم نووسینانەی لەبارەی زمانی کوردیەوە بڵاوکردۆتەوە:

1. Kurdish Grammar (Grammar of Kurdmanji of Kurdish language) London 1913.

2. Elemenemtray Kurmanji Grammar (Sulaimania district) 1919
3. A Siuthern Kurdish Fork song in kermanshani dialect، journal of Royal Asiatic soliety 1909 jan. pp 35-51.
4. Notes on a Kurdish dialect، Sulaimania.(6)

گەواهی هەندێ لە توێژەرانی کورد لەبارەی کوردیزانی سۆن:

1- موحەممەد زەکی مێژوونووسی کورد لە (خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) دەنووسێ: "بەقەد کوردێک کوردی ئەزانی و لە عالمێکی کورد زیاتر شارەزای زمانی کوردی بوو".

2- د. کەمال مەزهەری مێژوونووسیش لە (تێگەیشتنی ڕاستی) دا دەنووسێ: "کوردی زانینی سۆن گەیشتبووە رادەیەک قورئانی پیرۆزی بە باشی وەردەگێرایە سەر زمانی کوردی".(7)

هەر لەو بارەیەوە جارێکیان سۆن بە بەردەمی چایخانەیەکی سلێمانیدا تێدەپەڕێ و دەبینێ زۆرکەس بە قومارەوە خەریکن، یەکسەر وتارێ بەناوی خۆیەوە لە (پێشکەوتن) بڵاودەکاتەوە و تێیدا دەڵێ:

"دەڵێم ئەم یاری یانە لەسەر پارە یان چایی بێ یاخود لەسەر هەرچی شتێکی تر بێ قومارە، فەرقێکیان لەنێواندا نی یە، لە قورئانی پیرۆزدا بێژراوە: (یسرلونک عن الخمر والمیسر قل فیهما اپم کبیر ومنافع للناس وڕپمهما ڕکبر من نفعهما) یەعنی (لەتۆ دەپرسن لە مەی و قومار بڵی لەو دوانەدا زیانی گەورە و قازانج هەیە، بەڵام زیانیان زۆرترە لە قازانجیان)، دیسان قورئان دەفەرموێت: (إنما یرید الشیگان ڕن یوقغ بینکم العداوە والبغچاو فی الخمر والمیسر ویدعکم عن ژکر الله وعن الێلوات) یەعنی (جگە لەمە نی یە کە شەیتان دەیەوێ لەناوتانا دوژمنی و رق بخاتەوەو بەمەی و قومار تێوە بهێڵێتەوە لە زکری خوا و لەنوێژ)".(8)

ئەمە وەنەبێ سۆن مەبەستی بوبێ لاوی کورد لەزیانی قومار و مەی ئاگادار بکاتەوە، بەڵکو ئەو وەک دەوڵەتەکەی دووفاقیەتی بەکار دەهێنا، ئەگەرنا ئەو لەلایەک باسی زیانی

قومار و مەی دەكا، لەلایەكی تر هەر لەناو سلێمانی لە بیستەكان بەڕەسمی (تیاترۆخانە)ی كردۆتەوە. شێخ لەتیف لە یاداشتەكانی دا دەنووسێ: "سۆن زۆر رەوشت نزم بوو، بەهەر لایەكدا بڕۆیشتایە سێ ئافرەتی ڕەوشت نزمی لەگەڵ خۆیدا دەبرد و جوانترین جلوبەركی لەبەر دەكردن، تیاترۆخانەیەكی گشتی كردەوە بۆ ئەوەی رەوشتی (خەڵكی پێ بێنێتە خوارێ".(9

واچاكە ئێستاش ئاگاداری ئەو هەڵمەتی بەدڕەوشت كردنەی كوردستان بین كە بەرنامەی دوژمنانە.

ئەحمەد خواجەی مێژوونووس لە (چیم دی) دا دەنووسێ: "پیاوێكی سیاسی، زیرەك، -3 لە فارسی و كوردی زمان زان، ئارەزووی بەرزكردنەوەی زمانی كوردی ئەكرد، چەند نووسراوێكی دەست نووسی زۆر بەنرخی خۆی بەكوردی بەجێ هێشت لەزمانی كوردی (بەزۆر شێوە و لە هەورامی و فارسی زۆر شارەزابوو".(10

عەلی باپیر ئاغا، وەك خۆی دەڵێ بە كاتب لای میجەرسۆن لە سلێمانی دامەزراوە. -4 رۆژێكیان مێجەرسۆن بە عەلی كەمال دەڵێ: دەزانی من كوردی و فارسی لەتۆ باشتر دەزانم؟ عەلی كەمال دەڵێ: "سۆن پێی وتم: من پارچە شیعرێكی فارسیت دەدەمێ بۆم بكە بە كوردی. گەر بە هەڵە وەرت نەگێرایە سەر زمانی كوردی ئەوە من ئەم قاپووتە نایابەی خۆمت لەگەڵ بیست ڕوپیە پێشكەش دەكەم، خۆ ئەگەر نەتتوانی كارەكە ئەنجام بدەیت یان هەڵەت تیاكرد، دەبێ تۆ گەواهی بۆ من بدەیت كە لەو بوارەدا لەتۆ زاناترم".

عەلی كەمال رۆشنبیرێكی دیاری سەردەمی خۆی بوو، كوردی و فارسی زۆر بەباشی دەزانی، بۆیە بێ سڵەمینەوە بە بەریكانێ یە رازی دەبێ و شیعرەكە بۆ رۆژی پاشتر بۆ كوردی وەردەگێرێ و دەیداتە سۆن، سۆن لە وەڵامدا دەڵێ عەلی ئەفەندی دۆڕاندت، عەلی كەمالیش سەرسام دەبێ چونكە ئەو هەموو بەهرەو توانای خۆی بەكارهێناوە بۆ ئەوەی بەریكانێیەكە بباتەوە. سۆن دەڵێ: "من دەستخۆشیت لێ دەكەم شیعرەكەت زۆر بەجوانی وەرگێراوەتە سەر شێوەی كوردی، بەڵام لەكۆتاییدا نووسیوتە: (ساحێبی)، ئەم هەڵبەستە (سەعدی شیرازی)یە. ئەم زاراوەیە (ساحێب) كوردی نییە عەرەبییە، دەبوایە

تۆ لەباتی ئەوە بنووسیایە (خاوەن) یان (خاوەنی)، ئەمە کوردییەکی رەسەنی شێوەی "سلێمانییە".

کە ئەمانەم بیست هەر بەپێوە وشک بووم، دوای تاوێک سەرسامی دەستم لە گەردنی خۆم (داو وتم ئەشهەدو تۆ کوردی لەمن باشتر دەزانی و تۆ براوە و من دۆڕام".(11

قۆناغی دوای مێجەرسۆن و رۆژنامەگەری کوردی

لەپاش هەڵاتنی مێجەرسۆنی حاکمی موتڵەقی سلێمانی، هەرچەندە هەندێ نووسەرو فەرمانبەری رۆژنامەی (پێشکەوتن) لەگەڵ مێجەرسۆن چوون بۆ کەرکوک، هەروەها مێجەرسۆن پیلێکی چاپخانەکەی دەرهێنا، بەڵام ئەو چاپخانەیە رۆڵێکی زۆر گرنگی بینیوە لە رەوتی رۆژنامەگەری کوردیدا بەجۆرێ حکومەتی کوردی سێ رۆژنامەی زمانحاڵی خۆی بەو چاپخانەیە چاپکردوەو بابەتەکانی ئەو رۆژنامانە بەشێک لەمێژووی سیاسی و کەلتووری ئێمە دەنوێنن.

لە سلێمانی رێکخراوێکی سیاسی هەبوو ناوی (جەمعیەتی کوردستان) بوو، مستەفا پاشا یامولکی لە تەموزی 1922 سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە بوو. هەرکە مێجەرسۆن لە ئەیلولی 1922 سلێمانی بەجێهێشت و شێخ مەحمود حکومەتێکی کوردی دامەزراند، مستەفاپاشا یامولکی ئیمتیازی رۆژنامەیەکی بەناوی (بانگی کوردستان) وەک زمانحاڵی کۆمەڵەکەی وەرگرت و خۆیشی بووە بەڕێوەبەری بەرپرس و سەرنووسەر.

یەکەم ژمارەی رۆژنامەی بانگی کوردستان لە 2/8/1922 هەتا 3/11/1922 سێزدە ژمارەی لێدەرچووە، ماوەیەک لەجیاتی ئەم رۆژنامەیە، شێخ نوری شێخ سالحی شاعیر، رۆژنامەی (رۆژی کوردستان)ی وەک زمانحاڵی حکومەتی دووەمی کوردستان دەرکردووە. یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیە لە 15/11/1922 دەرچووە، دواژمارەش (ژمارە 15) لە 3/3/1923 درچووە.

لەپاشان (رۆژی کوردستان) چیتر دەرنەچوو، بەڵام موستەفا پاشای یاموڵکی ژمارەی (14)ی بانگی کوردستانی دەرکردووە. هەر مستەفا پاشا سێ ژمارەی تری (بانگی کوردستان) ی لە بەغدا دەرکردووە.

لەپاش ئەوەی حکومەتی دووەمی شێخ مەحمود لەسلێمانی دەڕوخێ، شێخ ناچار دەبێ بچێتە شاخ، لەوێ رۆژنامەی (بانگی هەق) وەک یەکەم رۆژنامەی شاخ دەردەکات. یەکەم ژمارەی (بانگ هەق) یاخود (بانگی هەق) لە 28/مارتی 1923 دەرچووە، لەبەر ئەوەی ئەم رۆژنامەیە زمانحاڵی ئۆردوی کوردستان بووە، بۆیە ئەو ژمارەیە تەنیا یەک وتار بووەو ئەویش بریتی بووە لە چەند هەواڵێ و ئاگادارییەک بۆ هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان.

گرنگە کورتە ئاماژەیەک بۆ ئەو ژمارەیەی (بانگی هەق) بکەین. ئەو ژمارەیە تژی بووە لە چەندەها ئایەتی قورئانی وەک (انما المؤمنون إخوه) و (ولا تحزن ان الله معنا) و (ومالنێر الا من عند الله). ئەم رۆژنامەیە تەنیا دوو ژمارەی سەربەخۆی لێدەرچووە، دواژمارەی (کە هەندێ بە ژمارە سێی دادەنێن) لە 12/4/1923 دەرچووە. هەرچی ژمارە دووە، چاپ نەکراوەو لەهیچ شوێنێ بڵاو نەکراوەتەوە.

جارێکی تر کە شێخ مەحمود توانی بێتەوە سلێمانی، رۆناکبیرانی ئەوسا وەک رەفیق حیلمی، ئەحمەد خواجە، ئەحمەد ێبری، حسێن کازم سەرقاڵی دەرکردنی رۆژنامەیەکی تر بوون.

رەفیق حیلمی خۆی دەنووسێ: "دوای هاتنەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی (بانگی کوردستان) بەینێکی تر بڵاوکرایەوە. ئینجا لەجێی ئەو رۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال) هاتە بڵاوکردنەوە.". لەو ماوەیەدا تەنیا ژمارە (14)ی بانگی کوردستان بڵاوکراوەتەوە. مستەفا یاموڵکی بەتەنیا لە 8/6/1923 دەریکردووە.

ئومێدی ئیستقلال دوا رۆژنامەی زمان حاڵی حکومەتەکانی شێخ مەحمود بووە. ئەو رۆژنامەیە (25) ژمارەی لێدەرچووە، ژمارەی یەکەمی لە 20/9/1923 بووە، دوا ژمارەشی لە 25/5/1924 بووە.

ئەو پێنج رۆژنامەیە (پێشکەوتن، بانگی کوردستان، رۆژی کوردستان، بانگی هەق، ئومێدی ئیستقلال)، وەرچەرخانێکی گرنگیان لەمێژووی شاری سلێمانیدا بەرپاکرد. لەدوای ئەو رۆژنامانە چەندەها رۆژنامەی تر وەک (ژیانەوە)، (ژیان) و (ژین) لە بیستەکانی سەدەی بیستەم دەرچوونە. هەر ئەو رۆژنامانەش وای لە نوسەرانی سلێمانی کرد کە شارەکەی خۆیان بە پایتەختی رۆناکبیری بزانن.

لەکۆتاییدا، ئەگەر مێجەرسۆن بە چەندەها مەبەست و ئامانجی سیاسی چاپخانەی هێنایە سلێمانی و یەکەم رۆژنامەی کوردی لەو شارە دەرکرد، ئەوە ئەو کارەی ئەو بە بەرژەوەندی ژیانی رۆژنامەڤانیی کوردی تەواو بوو.

بەراوردی ڕۆژنامەی کوردستان دەگەڵ ڕۆژنامەی پێشکەوتن

لە نێوان هەردوو ڕۆژنامەکەدا 22 ساڵ هەیە ، بەڵام جیاوازیەکی بنەڕەتی هەیە. ڕاستە ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژنامەی ئۆپۆزسیۆنی دەوڵەتی عوسمانی بوو ، بەڵام ڕۆژنامەکە ڕۆژنامەیەکی ڕادیکال نەبوو ، بەڵکو ڕۆژنامەیەکی ڕیفۆرمی بوو. نەیدەویست لە دەوڵەتی عوسمانی جیا ببێتەوە هەتا پاش چەند ژمارەیەك میقداد بەدرخان لە ڕۆژنامەکە نەما، گەڕایەوە دەوڵەت ، وەك دکتۆر فەرهاد پیربالیش دەڵێت : عەبدولرەحمان بدرخان ڕۆژنامەکەی گرتەئەستۆ ، خودی عەبدولرەحمان بدرخان خۆی وەك عەبدوڵڵا جەودەت ئەندامی بزووتنەوەی تورکە لاوەکان بوو !

ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژنامەی سەدەی نۆزدەهەم بوو ، لە ڕووی ئەتەکیەتی ڕۆژنامەییەوە ڕۆژنامەیەکی تەواو هونەری نەبوو هەروەها لە ڕووی ڕادیکالیەوە وەك ڕۆژنامەی عوسمانی شەریف پاشا نەبوو.

لێرەدا ڕەوشی دەربەدەری و کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە بەر چاو بگرین ، چونکە دوو فاکتەرە دەوریان هەبوو لە سەر شوناسی ڕۆژنامەکە. هەر ئەو دوو فاکتەرەش دەوریان هەبوو لە سەر بەردەوام نەبوونی ڕۆژنامەکە.

لە کۆتاییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی ، سۆن و شوکری فەزلی لە بەغدا لە ساڵی 1918 ڕۆژنامەیەکیان بەناوی " تێگەیشتنی ڕاستی " لە بەغدا بە کوردی دەرکرد. لە

## دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەر دەوڵەتانی زلهێزدا

د. دلێر ئەحمەد حەمەد: پەیمانی سایکس پیکۆ یاخود ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ لەبەر ئەوەی لەنێوان هەردوو دیبلۆماتی گەورەی بەریتانی و فەرەنسی ئەنجامدراوە، لەنێوان سایکسی بەریتانی و پیکۆی فەرەنسی دواتر لەکۆبوونەوەکاندا سازانۆف دیبلۆماتی گەورەی وەزارەتی دەرەوەی روسیا، ئەویش بەشدار بوو لە ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە کە لەنێوان هاوپەیمانان ئەنجامدران، واتە لەنێوان روسیا و بەریتانیا و فەرەنسا، ئامانجی ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی بوو لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم لەنێو ئەو زلهێزە جیهانییانە کە ئەو سەردەمە باڵادەست بوون لەجەنگی جیهانی یەکەمدا، دیارە ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی نزیك، ناوچەی عیراق و ئوردن وسوریا و فەڵەستین و تاڕادەیەك رۆژهەڵاتی تورکیا و کوردستانی تورکیای ئێستا هەموو ئەوانەی گرتبووە، دەبوایە بەپێ نەخشەوپلانێکی فراوان ئەو ناوچانە دابەش بکرێ و ببێتە نفوزی بەریتانی و روسی و فەرەنسی.

حوسێن عەزیز: پەیمانی سایکس پیکۆ لەئەنجامی رەوشێکی تایبەتی رامیاری و ئابووری دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی وەکو فەرەنسا و بەریتانیا هاتەکایەوە لەو سەردەمەدا ئەوان بیریان لێ کردەوە کۆتایی ساڵەکانی 1914بۆ 1915 شتێك دروست بکەن، بەتایبەتی دەوڵەتی عوسمانی زۆر لاواز بووبوو، دژی بەرەکەی تر وەك هاوپەیمانی ئەڵمانیا بەشداری شەڕی کردبوو، بیریان لەوە کردبووەوە کە ناوچەکە بەشبکەن، سەرەتا تەنها ئەو دوو لایەنە بوون، پاشان لەگەڵ سازانۆف وەزیری دەرەوەی روسیای قەیسەری لەسەر دابەشکردنی ناوچەکە ڕێککەوتن، دواتر ئیتاڵیاش هاتە ناوەوە، بەگوێرەی ئابووری تایبەتی خۆیان ناوچەکەسان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد، لەو سەردەمەدا شتێك نەبوو ناوی دەوڵەتی کوردی بێت تاوەکو باس بکرێت و یان دەوڵەتیان بۆ دروستبکەن، عەرەبیش دەوڵەتی نەبوو، هەموو لەژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، هەندێك بەشی

کوردستان، لەژێر دەسەڵاتی سەفەویدابوون، ئەوان بیریان لەوە نەدەکردەوە شتێك بۆ کورد یان بۆ عەرەب دامەزرێنن، بەڵام وتیان ئەگەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی عەرەبی دروستبوو، یاخود ئێمە نەمانتوانی شەڕی تورکەکان ببەینەوە، ئەوە دەوڵەتێکی عەرەبی ئیسلامیان بۆ دروستدەکەین کە ببن بەهێزێکی گەورە لەناوچەکەدا، ئەگینا بەڵێنیان پێنەدابوون، لەبەر ئەوە کورد خوێ دەوڵەت نەبوو، سەرکردایەتییەکی نەبوو پەیوەندی بەو شوێنانەوە بکات لەکوێ ئەبێت دەوڵەتی بۆ دروست بکەن؟ ئەمە یەك، دووەمین بەندەکانی سایکس پیکۆ هەمووی نهێنی بووە کەس نەیزانیوە چین و چۆنن، هەتاوەکو شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەیەکێتی سۆڤیەت رویداوە ئەو کاتە لینین پاشەکشێی کردووە و وتویەتی ئێمە بەشداری تێدا ناکەین، چونکە ئەمە دژی بەرژەوەندی گەلانە. ئینجا بۆ خەڵك ئاشکرابووە، ئەوە ساڵی 1917 بەڵام ئەوان کاتێ جەنگەکەیان بردەوە بەکردەوە بەندەکانی سایکس پیکۆیان جێبەجێ کرد، لەگەڵ هەندێ ئاڵوگۆڕکردندا بۆ نموونە ئەبوایە موسڵ بەر فەرەنسا بکەوتایە، بەڵام ئینگلیزەکان وەریانگرت بەکورتییەکەی کە باسی کوردستان ئەکرێ لەناو پەیماننامەی سایکس پیکۆدا وەکو دەوڵەت باس ناکرێ، وەکو وڵاتێکی یەکگرتوو باس ناکرێ، وەکو چەند شار و ناوچەیەك باس ئەکرێ، هەندێکیان ئەکەونە ژێر دەستی فەرنسییەکانەوە و هەندێکیان ئەکەونە ژێر دەستی ئینگلیزەوە و هەندێکیان ئەکەوێتە ژێر دەستی روسیای قەیسەرییەوە، ئیتر دەوڵەت لەکوێ دروستبکەن؟ کوردستان لەدوای یەکەم دابەشکردنی شەڕی چاڵدێرانەوە ئەوان بەنهێنی دابەشیانکردووە لەنێوان سێ ئیمبراتۆریەتی گەورەدا، ئیتر چۆن بیر لەوە بکرێتەوە دەوڵەت دروست بکەن؟ دواییش یەکەم دەوڵەتی عەرەبستانی سعودییەیان دروست کرد ئەوە لەبەرژەوەندی خۆیاندا بوو، ئەوە نەبێ لەبەرچاوی عەرەب بێ، چونکە هەر ئەوان بوون هاتن عیراقیان داگیرکرد و فەرەنسییەکان چوون لوبنان و سوریایان داگیرکرد.

ئەگەر بمزانیبایە ویلایەتی موسڵ نەوتی تێدایە تەنازولمان بۆ بەریتانیا نەدەکرد

د. دلێر ئەحمەد حەمەد: ئەم رێکەوتننامەی سایکس پیکۆیە نزیکەی دە بۆ دوانزە خاڵ لەخۆ دەگرێ، دەستنیشانی ئەو خاکانە دەکات کە چۆن لەنێوان روسیاو فەرەنسا و بەریتانیا دابەشکراوە، دەتوانم بڵێم رێککەوتننامەیەکی شوم و رەش بوو بەزیانی میللەتی کورد تەواو بوو، کوردستان بەگشتی دابەشکرابوو، باکووری کوردستان بخرێتە چوارچێوەی

ئەرمینیای گەورە و ئەرمینیاش ببێتە بەشێك لەدەوڵەتی روسیای قەیسەری، واتە ئێمە ئەو وەختە دووجار دەچەوسێنراینەوە بەپێی رێككەوتننامەی سایكس پیكۆ ئەگەر بهاتبایە ئەو پلانە سەری بگرتایە، چونكە ویلایەتی موسڵ كە باشووری كوردستانە بەپێی ئەو رێكەوتننامەیە درابوو بەفەرەنسا، لوبنان و سوریا و ناوچەی ئەسكەندەرۆنە كە ئێستا سەر بەتوركیایە لەگەڵ كوردستانی عیراق كە ئەو وەختە ویلایەتی موسڵی پێدەوترا ئەو وەختە هەموو درابوون بەفەرەنسا، كەواتە ئێمە راستەوخۆ دەكەوتینە ژێر دەستی داگیركەری فەرەنسی گەر ئەو شتە سەری بگرتایە، بەڵام سەركەوتنی بەدەست نەهێنا لەدوای ساڵی 1917 كودەتا یان شۆڕشی ئۆكتۆبەر لەروسیا بەرپابوو، یەكەم وەزیفەیان ئەوە بوو ئەو رێكەوتنە نهێنییانەیان ئاشكرا كرد، لەرۆژنامەكاندا بڵاویانكردەوە كە چۆن میللەتانی رۆژهەڵات و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە بابەتی دابەشكردن لەلایەن داگیركەری بەریتانی و فەرەنسی و روسیای قەیسەری، ویلایەتی موسڵ درابوو بەفەرەنسا، فەرەنسا نەیدەزانی نەوت لەناوچەی ویلایەتی موسڵ دۆزراوەتەوە، دیارە زانیارییان نەبووە وەكو دواتر جۆرج كلیمەنسو سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا لەبیرەوەرییەكانی خۆی نووسیوێتی من ئەگەر بمزانیبایە ویلایەتی موسڵ نەوتی تێدایە تەنازولمان نەدەكرد بۆ بەریتانیا. بەهۆی رێككەوتننامەی سایكس پیكۆوە دوای ساڵی 1917 كە روسیای شۆڤیەتی بەفەرمی پاشەكشێی كرد و بێلایەنی خۆی دەرخست لەرێككەوتننامەی سایكس پیكۆ كە هیچ شتێكی ناوێ و تەماعی لەو خاكانەدا نییە، بارودۆخەكە گۆرانێكی وای بەسەردا هات توركیای عوسمانی شكستی هێنا و كەمال ئەتاتورك كە ئەفسەرێكی سوپا بوو یەك لەجەنەراڵەكانی سوپای عوسمانی بوو، بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی وعەلمانی پەیڕەو دەكرد، هێزێكی گەورەی لەتوركیا كۆكردەوە، هەندێك لەهۆزە كوردییەكانیش هاوكاریان كرد، بەو شێوەیە توانی بووی ئەو خاكەی كە ئێستا لەتوركیا هەیە و پێی دەوترێ توركیا بیپارێزێ، كوردی بەوە ڕازی كرد كە لەدوای سەركەوتنی جەنگی رزگاریخوازی توركیا بەسەرۆكایەتی ئەتاتورك لەدژی یۆنانییەكان و لەدژی هێز و سوپای بێگانە، ئەو وەختە سەربەخۆیی بەكوردەكان دەدات و تەواوی مافەكانی دەسەلمێنێ. كورد بەوە هەڵخەڵەتا، بەشێكی زۆری كورد بەشداری جوڵەی رزگاریخوازی تورك بەسەرۆكایەتی كەمال ئەتاتورك بوون، كاتێكیش توركیا

بەهێز بوو، سەرکەوتنی بەدەست هێنا و ئەستەنبولیان گرتەوە ئیتر بەهیچ شێوەیەك دانیان بەو رێککەوتنەدانەنا، هەر بۆیەش لەساڵی 1917 کە ئینگلیزەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەم زانیارییەکی یەکجار وردیان هەبووە و دووسێ کۆمپانیای پەترۆڵ و نەوت لەویلایەتی موسڵ کاری دەکرد و بەدوای نەوتدا دەگەڕا، لەوانە بریتیش پترول کۆمپەنی، تورکیش پترۆڵ کۆمپەنی، دۆچ بانك، و چەندین دامەزراوەی دیکە کە بەدوای نەوتدا دەگەڕان، بەریتانیا زۆر باش دەیزانی لەویلایەتی موسڵ و لەکەرکوك نەوت هەیە، لەبەر ئەوە بە پەلە و یەك لایەنانە هاتووە بەسوپاوە ناوچەی ویلایەتی موسڵی داگیر کردووە و پێشتریش زۆر بەوردی کاری بۆ ئەوەکردوە، لەگەڵ سەرۆك هۆزە کوردەکان و هەموو و دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ پەیوەندی هەبووە بۆ ئەوەی پشتگیری لەهاتنی ئینگلیز بکەن، بەو شێوەیە دەبینین لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا روسیای قەیسەری تا ناوچەی خانەقین و رەواندوز و ناوچەی پێنجوێن و پشدەر هاتووە و شەڕی کردووە و پاشان پاشەکشێی کردوە، لەدوای شکستی حکومەتی قەیسەری لەبەرانبەر شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ئەو سوپایەی روسیا لەتەواوی بەرەکاندا پاشەکشێی کرد، تەنانەت لەرۆژئاوای روسیاش بەپێی پەیماننامەی بریخ کۆمۆنیستەکان دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، ئەو وەختە خاکێکی یەکجار زۆریان بەئەڵمانیا بەخشی لەبری ئەوە پەیماننامەی ئاشتیان لەگەڵ مۆرکردبوو، چونکە روسیا لەدۆخێکی زۆر سەختدابوو، لەتوانایدا نەبوو بەرنگاری وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوایی بێتەوە بەتایبەتی ئەڵمانیا، چونکە توشی برسێتی و نەهامەتی و کێشە بووبوو. عەرەبەکانیش بەریتانیا بەوە تاوانبار دەکەن کە بەڵیان بە بنەماڵەی هاشمییەکان دابوو دەوڵەتێکی عەرەبی گەورەیان بۆ دروستبکەن، وەك تاجی مەلەکی بنەماڵەی هاشمی، بۆیە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی سایکس پیکۆ ئەوانیش چوونە لای ئینگلیزەکان و پێیان وابوو ئەوە پروپاگەندەی شیوعییەکانە، ئیتر مەلیك فەیسەڵیان هێنا و کردیان بەمەلیکی سوریا و دواتر لەگەڵ فەرەنسییەکان تێکیاندا لەساڵی 1921 ئەوەبوو کردیان بەمەلیکی عیراق، ئیتر بەم شێوەیە عیراق دروستکرا و رێککەوتننامەی سایکس پیکۆش دابەشکردنی کوردستانی لێکەوتەوە.

حوسێن عەزیز: لەکاتی پەیمانی سایکس پیکۆدا ئینگلیزەکان کەسیان بەلای خۆیاندا رانەکێشا دوایی کە عیراقیان داگیرکرد و دوایی کوردستانیشیان داگیرکردووە، بەڵام پێش

ئەوە چەندین گەڕیدەی ئینگلیزی و فەرەنسی هاتوونەتە کوردستان، بۆ نموونە ریچ، یان ئەوانەی بەناوی ئاینی فەلەوە هاتوون گەلێك زانیارییان لەسەر کوردستان کۆکردوەتەوە، دەربارەی کۆمەڵایەتی و تیرە وهۆز و سامان وکشتوکاڵ و جیوپۆلۆتیکیان زانیارییان وەرگرتووە، ئەمانەیان لەسەر کوردستان کۆکردوەتەوەو نووسیویانەتەوە و بردویانەتەوە بۆ ئەوێ و کەڵکیان لێ وەرگرتووە، لەو ڕووەوە توانیویان شارەزاییەکی باشی ناوچەکە ببن، بەڵام نەیانتوانیوە پەیوەندی بەتیرەو هۆزە کوردییەکانەوە بکەن، تەنها دوای ئەوەی ناوچەکەیان داگیرکردووە و دابەشیانکردووە.

سایکس پیکۆش پەیوەندی

بەئێرانەوە نەبوو

د. دلێر ئەحمەد حەمەد: بەپێی ڕێککەوتننامەی ئیستراتیژی سایکس پیکۆ کوردستان لەنێوان فەرەنسا و روسیا دابەشکرابوو، ئەوە پارچەکەی تری ڕۆژهەڵات هەر لەژێر دەستی ئێران بوو، سایکس پیکۆش پەیوەندی بەئێرانەوە نەبوو تا ئەندازەیەکی زۆر دووربوون لەو دابەشکردنە، لەدوای ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ لەکۆنگرەی سان ریمۆ نوێنەرایەتی فەرەنسی و تورکی و بەریتانی هەموو ئەوانە کۆدەبنەوە ڕێگا خۆش دەکەن کۆنگرەیەکی تر ببەسترێ و ئیتر سێ و چوار کۆنگرە لەسویسرا و شوێنەکانی تر دەبەسترێ.

حوسێن عەزیز: یەکەم شت ئەوە بوو کە خۆیان باسی دەکەن، ئەوان لەسەر بەرنامە و فەلسەفەو ئایدۆلۆژیای مارکسیزم ئەرۆیشتن پێیان باش نەبوو لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی سەرمایەداردا بێن دەستبخەنە ناوجەرگی گەلانی ناوچەکە وەکو بانگەشەیان بۆ ئەکرد، دووەمین شت ئەوان تازە شۆڕشیان دروست کردبوو ئەیانویست بەهەموو هێز وتوانای خۆیانەوە قورسایی خۆیان بخەنە سەرچاککردنی باری ناوخۆیی یەکێتی سۆڤیەت، دوژمنێکی زۆریان هەبوو هێشتا دەسەڵاتی پرۆلیتاریا نەچەسپابوو، سێیەم شت ئەوە بوو کۆمەڵی روسیا هەمیشە چاویان بڕیبووە ئەو تەنگە ئاوانەی دەوروبەری وڵاتەکەیان، هەمیشە دەیانویست ئەستەنبوڵ داگیربکەن، لەو سەردەمەشدا لینین نەیدەویست خۆی لەجەنگێکی ئاواوە بئاڵێنێ، هەرچەند لەپەیماننامەکەدا ئەو شوێنانە بۆ روسیا دانرابوو، بەڵام ئەوان پێیان باش نەبوو ئەوە بکەن، وەك دەوڵەتێك کە بانگەشەی مافی مرۆڤ و

مافی چارەنووسی گەلانیان دەکرد. پەیمانی سایکس پیکۆ بەئاشکرا و روونی باسی کورد ناکات، باسی ناوچەکان دەکات، ئەو ناوچانەی کە هەیە بۆن موونە دەڵێ: قونیە، دەڵێ: ماردین، سلێمانی، سەردەشت، ورمێ، .. ئەمانە هەموو هەیە هەتا لەسەر ورمێ ناکۆکییەکی زۆر لەنێوانی روسیا و فەرەسا و ئینگلیزەکاندا هەبووە، چونکە نزیکی ئەوانە نزیکی سنووری روسیایە، لەبەر ئەوە ئەوان وەکو ناوچە لەنێوانی خۆیاندا دابەشیانکردووە، وەك کوردستانی گەورە نەیانوتووە ئەم بەشە بۆ ئەوان دەبێ، بۆ نموونە ئەڵێی لەباشووری کوردستاندا لەژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی بووە، هەموو کوردستان نەکەوتوەتە بندەستی لایەکیانەوە بەڵکو بەگوێرەی ناوچە دابەشکراوە، بەشێکی بەر فەرەنسییەکان کەوتووە، بەشێکی بەر ئینگلیزەکان کەوتووە، لەناو باکووری کوردستان. خاڵێکی گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەی پێبدەین ئەویش سەرەتا گرنگەکانی وێلسۆنە ئەوەی کە لەچواردە خاڵ پێکهاتووە، خاڵێکیان زۆر گرنگە بۆ کورد و ئەرمەنییەکان کە ئەڵێ لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگەوە دوو دەوڵەت دروست دەکرێ یەکێکیان بۆ ئەرمەن و ئەوی تریان بۆ کورد، بەڵام سایکس پیکۆ ئەوەی سڕییەوە، خاڵێکی تر ئەگەر بێینە سەری رێککەوتننامەی سیڤەر کە دوایی بوو بەلۆزان، ئەویش لەبەندەکانی شەست و دوو وسێ و چواردا باسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ئەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتانە پێشتر لەسایکس پیکۆدا رێککەوتبوون بەهیچ شێوەیەك نەیانهێشت ئەوە سەربگرێ، لەوگۆشە نیگایەوە ئەتوانین بڵێین سایکس پیکۆ رێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی نەبوو بەتایبەتی دژی کوردبێ، ئەمە زۆر بەهەڵە لەناو کوردا بڵاوبووەتەوە، سایکس پیکۆ بۆ دابەشکردنی ناوچەکە بوو بەکورد وعەرەب وتورك و فارسەوە، ئەمە لەپێناوی بەرژەوەندی ئابووری دەوڵەتە زلهێزەکانی سەرمایەداریدا بوو، کوردستان بەگشتی جگە لەخۆرهەڵاتی کوردستان کە بەشێکی لەو رێککەوتننامەدایە بەسەر فەرەنسا و بەریتانیا و روسیادا دابەشبووە، روسیا بەشی خۆی هەر برد ئەو بەشەی کە دەکەوێتە بندەستی روسیای ئێستاوە پێیان دەگوت کوردستانی سور، لەشەڕی قرمدا لەگەڵ عوسمانییەکانەوە هەتا ئێستاش هەر لەژێر دەستی ئەواندایە وەکو لاچین کەلەبجار و نەخچەوان و.. ئەمانە ئازەرییەکان ئەڵێن هی ئێمەیە، بەڵام ناوچەی کوردستانە.

لەکۆتایی ساڵی 1915دا لەئاکامی ئەو گۆڕانکارییە سەربازی و سیاسیانەی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویدا جارێکی تر پرسی دابەشکردنی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی هاتە ئاراوە، بەریتانیاو فەرەنسا زۆر لەوە ئەترسان روسیا سنوورەکانی باشووری وڵاتەکەی لەسەر حسابی داگیرکردنی ئەرمینیا و کوردوستان دەست بەسەرا گرتنی تەنگە ئاوییەکان و کۆنترۆڵکردنی ئەستەنبوڵ  فراوان بکات بۆ ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورە بوو لەبەرژەوەندیەکانی ئەو وڵاتانە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شایەنی باسە لەشکری روسی لەچەند بەرەیەکی شەڕەوە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی هەر لەترابزۆنەوە تا ئەگاتە ئازەربایجان و دەریاچەی وان بەشێك لەخاکی دەوڵەتی بندەستی عوسمانی داگیرکردو چەند ناوچەیەکی لەڕۆژهەڵاتی ئەرمینیا و کوردوستان لە لەشکری تورك پاككردەوە لەسەرتادا لە لەندەن لە 23ی تشرینی دووەمی1915 لەنێوان فرانسا جۆرج پیکۆ کونسوڵی گشتی پێشوی فەرەنسا لە بەیرووت و ئارتۆل نیکۆڵ سۆن یاریدەدەری هەمیشەیی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دەستی پێکرد، بەڵام هەر زوو سایکس پسپۆڕی کاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگەی گرتەوە هەردوولا پرۆژەی ڕێکەوتنێکیان ئامادەکرد، دواتر بەشێوەی کۆتایی لە لەندەن لە 9 تا 16 ئایاری 1916دا لەلایەن پێڵ کەمیۆن باڵیۆزی فەرەنسی ئێگریم وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەشێوەی ئاڵوگۆڕی یاداشتی دیپلۆماتیدا مۆرکرا، بەڵام بەم پێیەی پرۆژەی پەیمانەکە لەلایەن هەردوو دپلۆمات سایکس و فرانسا جۆرج پیکۆ ئامادەکرابوو ناونرا پەیمانی سایکس پیکۆ ئەم پەیمانە لەیانزە بەند پێکهاتبوو، ڕەچاوی ئەوەی کردبوو هەردوو دەوڵەتی فەرەنسا و ئینگلیز ڕاستەوخۆ ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەناوچەکانی  عێراق و سوریای ئەمڕۆدا داگیر بکەن، بەناوچەکانی ژێر دەستەڵاتیانەوە بلکێنن بەپێی پەیماننامەکە ئەبوو پێنج ناوچە دروست بکرێت، کە بریتی بوون لەناوچەی شین ، واتە هەرێمەکانی ڕۆژئاوای سوریا و لوبنان لەگەڵ عەنتاب و ئۆرفە و ماردین و دیاربکر و چەند شوێنێکی تر، هەردوو لا ڕێکەوتبوون بەفەرەنسا بدرێت و دەستەڵاتی تەواوی تیایاندا هەبێت، ناوچەی سنوور بریتی بوو لەبەشی خواروی ویلایەتی بەغداد لەگەڵ ویلایەتی بەسرەو هەردوو بەندەری حەیفا و عەکا ئەمەش بۆ ئینگلیز، ناوچەی قاوەیی پێکهاتبوو لەپاشماوەی خاکی فەلەستین کە ئەکەوێتە ژێر چاودێری نێودەوڵەتییەوە بۆ ئەمەش روسیا

لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژئاوایەکاندا پێکدێت ناوچەی ئەی پێك هاتبوو لەبەشی ڕۆژهەڵاتی سوریاو باکووری عێراق ناوچەکانی باشووری کوردوستان کە هەرێمێکی ژێر دەستی فەرەنسا بوون ناوچەی ئەی پێك هاتبوو لەئوردون و ناوەڕاستی عێراق کە ناوچەیەکی ژێر دەستی ئینگلیز دەبێت هەر لەرێکەوتنەکەدا هەردوولا ئامادەن دان بەسەربەخۆیی پاراستنی دەوڵەتە عەرەبیەکە یا یەکتێتیەکی فیدرالی لەهەردە ناوچەی ئەی و بیدا پێك بهێنرێت و ئینگلیز پەیمانی ئەوەیدا ڕێگەبدرێت بەشێك لەئاوی دیجلە و فورات لەناوچەی ئەیەوە ببرێت بۆ ناوچەی بی، لەبەندی شەش و حەوتدا هاتبوو ئینگلیز هێڵێکی شەمەندەفەر لەحەیفاوە بەرەو بەغداد ببات فەرەنسیەکانیش بەهەمان دەستوور لەحەلەبەوە هێڵێك ڕابکێشن بەو مەرجەی ئەوەی بۆ بەغداد ئەبرێت نابێت بەخوار موسڵدا بڕوات لەناوچەی ئەیدا لەسەروو سامەڕاوە بۆ ناوچەی بی.

دابەشکردنی ناوچەکە لەنێوان وڵاتە زلهێزەکان

ئارام عەلی: ئێمە ئەگەربێتو باسی پەیمانی سایکس پیکۆ بکەین یا باسی ئەو پەیماننانە بکەین لەڕووی نێو دەوڵەتیەوە یان لەڕووی هەرێمیەوە لەناوچەکەدا بووە و پەیوەندی بە کوردەوە هەیە ناتوانین نەگەڕێینەوە بۆ ئەو پاشخانە مێژووییە، ئەو ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتیانەیە پەیوەندی بەنەتەوەی کوردەوە هەیە، لەڕاستیدا کوردستان بۆ یەکەم جار لەساڵی 1514 لەشەڕی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و دەوڵەتی عوسمانیدا لەڕووی تیۆرییەوە دابەشکرا، واتە ئەمە زەمینەیەکی مێژووی بوو پارچەکانی کوردستانی بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان دوو هێز و دوو ئاینزای جیاوازدا دابەش کرد، بەڵام لەساڵی 1639 بەپێی پەیمانی زەهاو یان بابڵێین پەیمانی قەسری شیرین لەڕووی کردەییەوە کوردستان لەنێوان ئەم دوو هێزەدا دابەشکرا، واتە ئەمە بۆ یەکەمین جار دابەشکردنی کوردستان بوو لەنێوان دوو هێز و دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئیمبراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی بوو، بەڵام لەڕووی نێو دەوڵەتیەوە لەساڵی 1916 لەدوای ئەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵئەگرسێ لەساڵی 1914 دوای ساڵی 1916 بەهۆی دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانییەوە لەناوچەکەدا و هەروەها بەهۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی کاتێك ئیتر وورده وورده بەرەو کەنارەکانی ڕووخان ئەچوون لێرەدا وڵاتانی زلهێز بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا بەرژەوندییەکانیان لەوەدا

یەکی ئەگرتەوە کە میراتەکەی دەوڵەتی عوسمانی بەشکەن لەنێوان هەردوولادا، ئەوەبوو نوێنەرانی هەردوو وڵات لەسەرەتادا مارك سایکس کە نوێنەری بەریتانیا بوو لەگەڵ جۆرج پیکۆ نوێنەری فەرەنسا بوو بڕیاریاندا بە دابەشکردنی ناوچە کە پێیان دەوت هیلالی خەسیب، هیلالی خەسیب ئەو ناوچانە بوون کە ئەکەوتە بەشەکانی ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە، ئەم دووانە ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی بەپێی ئەو بەڵگەنامە و دیکۆمێنتانە کە بۆ ئەمان بەجێماوە لەنێوان ئەم دەوڵەتانەدا یا لەوەزارەتانەکانیان، وەزارەتە کۆلۆنیالەکانیان ئەو زانیاریانەی بەجێیان هێشتووە ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی زۆربەی ئەو ناوچانەی میراتی دەوڵەتی عوسمانی بوون بۆ دوو نفوزی جیاواز (بەریتانیا و فەرەنسا) دابەشیبکەن دواتر ئەوەبوو روسیا هاتە ناوەوە و مسادەقەیەکی کرد، نوێنەری روسیا سازانۆڤ بوو لەبەر ئەوە ئێمە زۆرجار ئەڵێین ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ ئەکرێ بشڵێین ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ سازانۆڤ، چونکە روسیاش بەشێك بوو لەوە تا ساڵی 1917 کاتێك شۆرشی بەلشەوی لەروسیا سەری هەڵداو شیوعییەکان هاتنە سەرکارو دەستەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتەیان وەرگرت، ئەوەبوو روسیا لەئیتفاقیەکە کشایەوە و بەقسەی خۆیان وتیان لەڕێکەوتننامەیکدا نابین کە دەست بەسەر میللەتانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێ، ئەوەبوو کشانەوە، کەواتە ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ ئەو ڕێکەوتننامەیە بوو لەساڵی 1916 لەنێوان بەریتانیا و فەرەنساو روسیادا بەسترا بۆ دابەشکردنی بەشێکی زۆری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەخشینەوەیان لەژێر نفوسی یەکتریدا، هەروەها بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردوستان بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە کەوتە ژێر هەژموون وژێر کاریگەری ئەم وڵاتە زلهێزانەوە.

سدیق ساڵح: بەریتانیا کەوتە لێکۆڵینەوە لیژنەیەکی دانا لیژنەکە مۆریزدی بۆنسن سەرۆکایەتی ئەکرد لەبەر ئەوە لیژنەکە بەناوی لیژنەی بۆنسن ناسراوە ئەم لیژنەیە کەوتە لێکۆڵینەوە لەسەر دارو بارو وەزعی دەوڵەتی عوسمانی و دیاریکردنی ئەو سیاستە کە پێویستە بەریتانیا لەدوای هەڵئاوسانی جەنگی یەکەمی جیهانی بیگرێتە بەر بەرامبەر بەو دەوڵەتە لەبەر ئەوە ئەم لیژنەیە کۆمەڵێك پێشنیاری خستە بەردەم حکومەتەکەی خۆی، ئەم لیژنەیە لەنوێنەری وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی دەریایی وکۆمەڵێك لە وەزارەتە گرنگەکانی بەریتانیا پێکهاتبوو، مارك سایکس بۆ خۆی وەك دەوڵەتی شارەزا

یەکێك بوو لەئەندامە سەرەکیەکانی ئەو لیژنەیە و دەوری زۆر سەرەکی لەگەڵاڵەکردنی ئەو پێشنیارانەدا بینی کە خرایە بەردەمی حکومەتەکەی. لێرەدا ئەمانە چوار پرسیاریان خستۆتە بەردەمی حکومەتەکەیان یەکەمیان ئیمپراتوریەتی عوسمانی دابەشبکرێت و بەپێی ئەو دابەشکردنە ئەوان دیارییان کردبوو ئەتوانین بڵێین بەشی زۆری کوردستانی ژێر دەوڵەتی عوسمانی ئەبوو بە بەشی بەریتانیا، واتە ئەمان لەگەڵ ئەوەدا بوون دەوڵەتی عوسمانی پێویستە بکرێت بەکۆمەڵێك ناوچەی نفوس و بەشی زۆریشی بەتایبەتی ناوچە کوردییەکان بوون، پێشنیارێکی تریان ئەوەبوو هەرێمەکانی ئەم دەوڵەتانە بدرێنە دەوڵەتانی هاوپەیمانان کە بەشداری جەنگی جیهانی یەکەمیان کردبوو، پێشنیارێکی تریان ئەوەبوو دەوڵەتی عوسمانی وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ملکەچی دەوڵەتی هاوپەیمانان بکرێت و بەپێی سیاسەتی ئەوان بجوڵێتەوە و پێشنیارێکی تریان ئەوەبوو لیژنەکە ئەمەی زیاتر پێ پەسەند بوو ئەوەبوو دەوڵەتی عوسمانی وای لێبکرێت ئەو دەستەڵاتە مەرکەزییەی نەهێڵرێت و دەستەڵاتێکی ئیدارەی حوکمی دەوڵەتی عوسمانی بەئیدارەیەکی نا ناوەندی بکات، واتە بڵێین لامەرکەزی، هەوڵ بدرێت هەر یەکێك لەهەرێمەکان واتە ویلایەتەکان جۆرێك لەسەربەخۆی ئۆتۆنۆمی دیارییکرا دەستەڵاتی خۆیانیان هەبێ، وەختێك ئێمە ئێستا بە بەڵگەنامەکان و ڕاپۆرتەکانی ئینگلیز ئەچینەوە بۆمان دەردەکەوێت ئینگلیز پێشوەخت بەرنامەیەکی ئامادەکراوی نەبووە، جگە لەو ڕێکەوتنانەی لەرێکەوتنەکەی سایکس پیکۆدا هەبووە لەنێوان ئەو سێ زلهێزەی ئەو زەمانە ئینگلیزدوای داگیرکردنی ویلایەتی بەسرە و بەغدا هەر لەدوا دواییەکانی یەکەم جەنگی جیهانیدا بەبێ شەڕ توانی ویلایەتی موسڵ کە کوردستانی باشوورە داگیر بکات، لەبەر ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کوردە کورد خۆیشی یارمەتی دەربوو لەڕاکێشانی ئینگلیز بۆناوچەکە بەئومێدی ئەوەی بتوانێ لەسایەی دەستەڵاتی ئینگلیزدا لەم ناوچەیە قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ بۆ خۆی دروست بکات، چونکە بیرمان نەچێت فەرەنسا و ئینگلیز لەدوا دواییەکانی ساڵی 1918دا ڕاگەیاندێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە بەپێی ئەو ڕاگەیاندنە، ڕایانگەیاند کە ئەم دوو دەوڵەتە جیهانییە هاتونەتە ئەم ناوچەیە بۆ ڕزگارکردنی میللەتانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی تا لەژێر میروبیری دەوڵەتی عوسمانی ڕزگاریان بکەین، لەبەر ئەوە ئەتوانین بڵێین کورد بۆ خۆشی لەم ناوچەیەی

خۆی واته ویلایەتی موسڵ هاوکاری هێزەکانی ئینگلیز بوون و ناوچەکەیان تەسلیم کردن، ئەتوانین بڵێین دوو کەس دەوری زۆر سەرەکیان هەبوو لەجێ بەجێ کردنی ئەو نەخشەیە کە دواتر دەوڵەتی عێراقی لێ دروست بوو، ئەوانیش ویڵسن و سەرپێکیکۆکس بوون هەر دووکیان لەدوو ماوەی جیا جیادا حاکمی سیاسی و عەسکەری ئینگلیز بوون لەبەغدا، ئەمانە ئەتوانین بڵێین دوای هەوڵێکی لێبراوانە قەناعەت بە حوکمەتەکەی خۆیان ئەکەن کە ئینگلیز بەتەمایە بۆ عەرەبی سوونە لەعێراقدا دەوڵەتی: دروست بکات، پێویست نەك هەردوو ویلایەتی بەسرەو بەغدا بگرێتەوە بەڵکە ویلایەتی موسڵیشی بخرێتە سەر، ئەگەر ویلایەتی موسڵی نەخرێتە سەر وەکو جەستەیەکی بێ سەر وایە، چونکە ویلایەتی موسڵ هەم دەوڵەمەندە بە نەوت هەم ئەتوانێت پێویستییەکانی ئەو دەوڵەتە تازەیە لەرووی دانەوێڵەوزۆر بەروبوومی کشتوکاڵی تر دابیین بکات، لەبەر ئەوە ئەوانە توانییان قەناعەت بەدەوڵەتەکەی خۆیان بکەن لیژنەیەك بۆ ئەمە پێکهێنرا لیژنەکە لەسەرەتاوە نوێنەری فەرەنسا جۆرج پیکۆ بوو نوێنەری بەریتانیاش ئارتل لیکنسل بوو کە سکرتێری وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بوو، ئەم لیژنەیە دەستی کرد بەکۆبوونەوە، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ئارتل لیکنسل لەو لیژنەیە کێشرایەوە و مارك سایکس بوو بە نوێنەری بەریتانیا لە لیژنەکەدا، ئەم لیژنەیە دوای کۆبوونەوە و گۆڕینەوەی یاداشتی دیبلۆماسی هاتنە سەرئەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی دابەشکردنەکانی لەپاش برانەوەی جەنگ بەم شێوەیە بێت کە خۆیان دیاریانکردووە.

ئەم بابەتە وەک بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی لەلایەن خاک-ەوە ئامادەکراوە. لەچوارچیوەی هەماهەنگیەکانی کوردستانی نوێو خاکدا بەچەند ئەڵقەیەک لە کوردستانی نوێشدا بڵاودەبێتەوە.

## سەرچاوەکان

١- مامۆستا تاهیر باقر، سەدەکانی بەر لە مێژووی شارستانیەتی میزۆپۆتامیا لە بەرانبەر ڕۆشنایی گەڕانی بەرهەمە مێژووییەکانی کوردستانی ئێراق دا، گۆڤاری توێژینەوەی زانستی کورد، بەرگی یەکەم، برگەی یەکەم، ساڵی ١٩٧٣، بەغدا، لاپەڕە ٥٦٣

٢ – پرۆفیسۆر منیورسکی، کوردەکان، نەوەی مادەکان، وەرگێرانی دۆکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، گۆڤاری ئەنجومەنی توێژینەوەی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، برگەی یەکەم، ساڵی ١٩٧٣، لاپەڕە ٥٦٣

٣ – دۆکتۆر مۆعین، برهان قاطع، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٢٥ – ٢٦

٤- کاتی لەدایك بوون و مردنی بابا طاهر ڕێك دیاری نەکراوە، تەنها وتراوە کە لە ساڵی ٤١٠ هێجری کۆچی دوایی کردووە و هەندێکیش پێیان وایە کە تۆگرێل"، پاشای سەلجوقی لە ساڵی ٢٢٥ی هێجری لە هەمەدان چاوی پێی کەوتووە.

٥ – دۆکتۆر مۆعین، برهان قاطع، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٢٥٨٨

٦ – دۆکتۆر مۆعین، برهان قاطع، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٤٠٠

٧ – قەشەی ئەردەشیر ئازەرگەشسب، وردە ئەڤێستا، چاپی ڕاستی، تاران، لاپەڕە ١٧ و ٤

٨_نۆیل باربەر: فەرمانڕەوایانی قۆچی زێرین/ لە سوڵتان سلێمانی قانوونییەوە تا ئەتاتورک-وە: ڕێبوار کەریم وەلی-هەولێر2001ز.

٩_ڕەشید شێخ عەبدولڕەحمان: مێژووی زاگرۆس-هەولێر2001ز.

١٠_خەسرەو گۆران: کوردستان لە مێژوودا چاخە کۆنەکان(100هەزارساڵ پ.ز-400ی زایین)-وە: ئاسۆکەریم-هەولێر2001ز.

١١_یاسین صابرصالح: ئینسایکلۆپیدیای گشتی -سلێمانی2005ز.

١٢_عەلی کەندی: فەرهەنگی ڕوواوەکانی کوردستان و،وڵاتانی جیهان-هەولێر2005ز.

١٣_برينده سميس: ميسرى فيرعەونەكان-وه: يادگارحەمەغەريب-سلێمانى2007ز.
١٤_فليپ فايدنبرگ: نەفرەتى فيرعەونەكان-وه: عەبدولخاليد سابير-سلێمانى2007ز.
١٥_كامەران مەحمەد حاجى: كوردستان له بازنەى كێشەى ڕۆژهەڵاتيدا1800_1900-هەولێر2007ز.
١٦_سەيد كەمال ئيبراهيمى: كوردستان پێش له ڕووخانى نەينەوا-سلێمانى2008ز.
١٧_ئەرلۆند توينبى: مێژووى مرۆڤايەتى-وه: دڵشاد عەبدوڵلا وەسانى-هەولێر2010ز.
١٨_د.يوسف العش: عەباسييەكان/ مێژووى سەردەمى خەلافەت-وه: رووپاك خدر حەمەد-هەولێر2010ز.
١٩_د.ئەحمەد موختار العبادى: مێژووى ئەييووبى ومەملوكيەكان-وه: نيهادجەلال حبيب الله-هەولێر2010ز.
٢٠_د.فەرهاد پيربال: كرۆنۆلۆجياى كوردستان625پ.ز_1932ز- هەولێر2011ز.
٢١_سۆران حەمە ڕەش: كورد كێيه؟-لەندەن2013ز.
٢٢_عومەر ئيسماعيل مارف: تۆمارەكانى مێژوو-سلێمانى2013ز.
٢٣_د.مەحمەد تەقوش: عوسمانييەكان/ له دامەزراندنى دەوڵەتەوه تا كودەتا به سەر خەلافەتدا-وه: نەريمان خۆشناو و مەستەفا سەيد مينه-هەولێر2014ز.
٢٤_كەلسومه جەميل عبدالواحيد: مێژووى كۆنى ڕۆژهەڵاتى نزيک-هەولێر2015ز.
٢٥_مەحمەد سەهيل طەقوش: مێژووى دەوڵەتى عەباسى-وه: هێمن ئەحمەد-هەولێر2015ز.
٢٦_د.موفيد زەيدى: ئينسايكلۆپيدياى مێژووى ئيسلام/ سەردەمى دەوڵەتى مەماليكەكان-وه: بەختيار عەزيز ئەحمەد-سلێمانى2015ز.
٢٧_گۆڤارى رۆشنبيرى نوێ: نيڤەرتيتى بووكێكى هەوارگەى كوردەوارى-ن: ناديار ، ژ/109 ، ساڵى1986ز.
٢٨_گۆڤارى دەنگى ئافرەت: بابەت ناديار-ن: ناديار ، ژ/16 ، ساڵى1998ز.
٢٩_گۆڤارى ڕامان-بەشى مێژوو: دەوڵەتى ميتانى (1595_1162پ.ز) و كاريگەريى ئايينى كورد له سەر شۆڕشى ئەخناتوون– ن: حەسەن مەحموود حەمەكەريم ، ژ/39 ، (ڕێكەوتى(5_9_1999).

٣٠_سایتی دەنگەکان-کورد لە میسر لە ئەییوبیەکانەوە بۆ مەحمەد عەلی پاشا-ن: هەیسم موزاحیم-وە: تاهیرعوسمان.

بەشی دووەمی سەر چاوەکان
شیعە: ئەم وشەیە لە پاش کوژرانی عەلییەوە بەسەر شوێنکەوتووانیدا دابڕا، لەزمانی عەرەبیدا بە هەموو ئەو کەسانە دەگوترێت شیعە کە شوێن کەسێك بکەون و هەوڵی سەرکەوتنی بدەن، یان هەر کۆمەڵێك لەسەر شتێك کۆببنەوە پێیان دەگوترێت شیعە، ئەم ناوە بەم جۆرە بەسەر هەموو ئەو کەسانەدا دابڕا کە خۆشەویستی بۆ عەلی و ئال و بەیتی هەبێت، بڕوانە: د.أحمد محمد الحوفي: أدب السياسة في العصر الاموي ، ط2، مصر (ب.س) ، ل29.
2- عدنان علي فراجي: حركات المعارضة للخلافة الاموية ( 96 –105 ،723،714م ) ط1 ، بغداد-1990،ل71 ؛ د.محمد طيب نجار: الدواة الاموية في الشرق ( بين عوامل البناء و معاول الفناء ) ،القاهرة –1962م،ل80 ؛ د.محمد عمارة: الخلافة ونشأة الاحزاب الاسلامية ،ط2،بغداد-1984،ل151.
3- الشهرستاني: كتاب الملل والنحل ، ط2 ، القاهرة (ب.س) ، ج1،ل131 ؛ د.صباح محمد برزنجي:أهم الفرق الإسلامية، ط2 –2003 السليمانية ،ل32-33 ؛ د.عبدالله سلوم السامرائي: الغلو والفرق الغالية في الحضارة الاسلامية ، ط1-بغداد –1972م،ل82-83 ؛ د.علي حسني الخربوطلي: 10 ثورات في الاسلام ،ط2 ، بيروت –1978، ل71.
4- هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.
5- التقية: خۆپارێزی مەبەست پێی شاردنەوەی بیروباوەڕە لە بەرامبەرەکەت واتە کاتێك تۆ لە دڵەوە بڕوات بەشتێك هەیە، بەڵام بەکردەوە لەبەر ترس ئەوە ئەنجام نادەیت لە ترسی کوشتنە زۆرجار ، الشهرستانی: سەرچاوەی پێشوو، ل112 ؛ زریان حاجی: بنەما سەرەکیەکانی فیکری خەوارج ، گ(ڕێنیسانس) ،ژ(5) ،2005 ، ل39 ؛ عدنان علی فراجی: هەمان سەرچاوە، ل72.

6- ئەم بۆچوونەش زیاتر بۆچوونی شیعەکان خۆیانە ، بڕوانە: الشيخ محمد حسين آل كاشف الغطاء: أصل الشيعة وأصلها، ل70 لە کتێبی د.مصطفى حلمي: نظام الخلافة في الفكر الاسلامي، ط2 الاسطندرية ،مصر – – 2001م ، ل156وەرگیراوە.

7- د.مصطفى حلمي: سەرچاوەی پێشوو، ل156 ؛ د.عبد الله سلوم السامرائي: سەرچاوەی پێشوو، ل83.

8- د. أحمد أمين: ضحى الاسلام ، ج3،ل209 ؛ د.مصطفى حلمي: سەرچاوەی پێشوو، ل157 ؛ بۆ زیاتر شارەزابوون لەم بارەیەوە بڕوانە: د.محمد عمارە: هەمان سەرچاوە، ل151،152.

9 – لەبارەی ئەم کەسایەتی یەو ژیاننامەی و کارەکانیەوە بڕوانە: الطبري : تاريخ الرسل والملوك ، ج2،ل647 ؛ محمد عبد الرؤوف المناوي: التوقيف على مهمات التعاريف ، ط1، بيروت –ديمشق ،1410ه ، ج1،ل394 ؛ د.حسن إبراهيم حسن : تاريخ الاسلام السياسي والديني والثقافي ، ج1،ل395 –396.

10- السيوطي : تاريخ الخلفاء ، ط1، بغداد-1952م ،ل191-192 ؛ د.علي حسني الخربوطلي: سەرچاوەی پێشوو، ل71،72 ؛ د.محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل81 ؛ د.على إبراهيم حسن، التاريخ الاسلامى العام ، القاهره، ل269.

11- ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ط2 ، بيروت –1995 ، ج3،ل252 ؛ اليعقوبي: تاريخ اليعقوبي، بيروت ،(ب.س) ، ج2،ل242 ؛ ابن قتيبة الدينوري: الامامة والسياسة ،ط2،القاهرة –1959، ج2،ل4 ؛ ابن طقطقي: كتاب الفخري في الاداب السلطانية والدول الاسلامية، ط1 ،مصر-1317ه، ل103-106 ؛ د.محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل81 ؛ د.لبيد ابراهيم احمد وآخرون : الدولة العربية الاسلامية في العصر الاموي ،بغداد ،1992، ل40-41 ؛ د.محمد جمال الدين السرور: الحياة السياسية في الدولة اللعربية الاسلامية خلال القرنين الاول والثاني بعد الهجرة، ط5،ل1134-137 1975 .

12- لەبارەی گرووپ و لقەکانی شیعە و بیروباوەڕیانەوە بڕوانە: الشهرستانی: هەمان سەرچاوە ، ج1، ل131 ؛ فخرالدين الرازي : إعتقاد فرق المسلمين والمشركين ،ط1

،القاهرة –1993، ل33 بەدواوە ؛ د.عبدالله سلوم السامرائي: سەرچاوەی پێشوو، ل82 بەدواوە.

13- فرست مرعي إسماعيل : الكرد مصادر ومعامل تاريخهم في صدر الاسلام ، رسالة ماجستير غير منشورة ، 1997 _خرطوم ،ل174 ؛ زرار صديق توفيق : الكرد في العصر العباسي حتى مجئ البويهيين ، رسالة ماجستير غير منشورة ،1994 – اربيل ، ل86- 87 .

14- هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.

15 دیارە ئێمە لێرەدا ئەوەی کە مەستمانە و دەمانەوێت لێی بدوێین تەنها ئەو بزووتنەوە بەرهەڵستکارە شیعانەیە کە لە ناوچە کوردییەکانی هەرێمی جەزیرە و شارەزووردا ڕۆڵیان هەبووە و بزووتنەوەکەیان ئەنجامداوە و شەڕەکانیان لەوێ کردووە نەك سەرجەم بزوتنەوەکانی شیعە کە چەندین بزووتنەوەی زۆر بوون و بەدرێژایی سەردەمی ئومەوییەکان لە ناوچەکانی دەوڵەتی خەلافەتدا ڕۆڵیان بینیوە.

16- ابن طقطقي: سەرچاوەی پێشوو، ل88 ؛ ابن سعد : طبقات الكبرى ،دارالصادر ،بيروت (ب.س )، ج4، ل292 د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل43 ؛ ثابت إسماعيل الراوي : العراق في العصر الاموي ،بغداد- 1959 ، ل167 ؛ د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل104-105 ؛ د.علي حسني الخربوطلي: العراق في ظل الحكم الاموي ، ل133-136.

17- الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج3، ل417 ؛ ابن الأثير : الكامل في التاريخ ،ط2،بيروت –1995 ، ج4، ل160 ؛ ابن سعد: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل292-293 ؛ محمود شاكر : تاريخ الاسلامي ، ط8، بيروت،2000م ، ج4، ل153-154.

18- اليعقوبى: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل257 ؛ المسعودي : مروج الذهب ، بيروت ، 1968، ج3، ل37 ؛ ثابت اسماعيل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل168-169 ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل44 ؛ د.حسن ابراهيم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل400 ؛ د.علي حسني خربوطلي : 10ثورات في الاسلام، ل107 ،108؛ محمود شاكر: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل154.

19- ابن الاثير : سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل6 ؛ ابن سعد: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل292-293 ؛ ابن الكثير: البداية والنهاية ،مكتبة المعارف ، بيروت، ج8، ل253 ؛ ثابت اسماعيل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل168-169.

20 قرقيسيا: يەكێكە لەشارە كوردييە ديارەكانی هەرێمی جەزيرە ئەكەوێتە لايەنی ڕۆژئاوای فوڕاتەوە و شارێكی ئاوەدان و پڕ سەوزايی و بێستان بووە بڕوانە كي لسترنج : بلدان الخلافة الشرقية ط1،بغداد –1954، ل 136-137.

21 عين الورد: ناوچەيەكی كوردييە و شارێكی بەناوبانگە لە هەرێمی جەزيرەدا ئێستا بە (راس العين ناسراوە) واتە سەرەكانی ئەمەش لەبەرئەوەی ژمارەيەكی يەكجار زۆر كانی تيايە و كانيەكانی سەرچاوەيەكی سەرەكين بۆ ئاوی فورات و هەروەها بۆ كشتوكاڵ و گوڵ و گوڵزار بۆيە بە (عين الورد) ناسراوە بڕوانە شوان عوسمان مستەفا: كوردستان و پڕۆسەی بەئيسلام كردنی كورد ، سلێمانی 2002 ، ل31،32.

22- اليعقوبي: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل257 ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج 3، ل419 ؛ ابن سعد: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل292-293 ؛ ابن الاثير: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل7 ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل44 ؛ ثابت إسماعيل الراوي : العراق في العصر الاموي ،ل168 ؛ د.محمد جمال الدين السرور: سەرچاوەی پێشوو، ل135-140.

23 ابن سعد دەڵێ بيست هەزار كەس بوون بڕوانە: الطبقات الكبرى، ج4، ل292-293.

24- اليعقوبی: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل257 ؛ البغدادي : تاريخ بغداد، دار الكتب العلمية ،بيروت، ج1، ل210 ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج 3، ل419 ؛ ابن سعد: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل292-293 ؛ ابن الاثير: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل7 ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل44 ؛ ثابت إسماعيل الراوي: العراق في العصر الاموي،، ل168 ؛ د.علي حسني خربوطلي : 10ثورات في الاسلام ، ل113-114 ؛ د.علي حسني الخربوطلي : تاريخ العراق في طل الحكم الاموي (السياسي ،الاجتماعي ،الاقتصادي )، مصر ،1959 ،ل133-137 ؛ د.محمد جمال الدين السرور: سەرچاوەی پێشوو، ل135-140.

25- البغدادی: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل210 ؛ ابن سعد: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل293 ؛ الیعقوبی: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل257 ؛ المسعودی: سەرچاوەی پێشوو، ج3، ل37 ؛ ابن الاثیر: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل7 ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج3، ل415 ؛ د.لبید ابراهیم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل44 ؛ ثابت إسماعیل الراوي: العراق في العصر الاموي، ل168 ؛ د.علي حسني خربوطلي : 10ثورات في الاسلام ، ل115 ؛ عدنان علی الفراجی: سەرچاوەی پێشوو، ل71-72 ؛ د.محمد جمال الدین السرور: سەرچاوەی پێشوو، ل140-141.

26- الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج3، ل401 ؛ الدینوری: سەرچاوەی پێشوو، ل264 ؛ الدمشقی: شذرات الذهب في أخبار من الذهب ،دار الکتب العلمیة –بیروت (ب.س) ، ج1، ل74 ؛ ابن الکثیر: سەرچاوەی پێشوو، ج7، ل31 ؛ العسقلاني : الإصابة في تمیز الصحابة ،ط1-بیروت –1992 ، ج6، ل349 ؛ فخر الدین الرازي: سەرچاوەی پێشوو، ل54 ؛ د.لبید ابراهیم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل45 ؛ د. محمد طیب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل107-108 ؛ محمود شاکر: تاریخ الاسلامی ، ج4، ل155؛ د.محمد جمال الدین السرور: سەرچاوەی پێشوو، ل141 ؛ ثابت إسماعیل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل211.

27- الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج3،ل402 ؛ المقدسي : البدء والتاریخ ،القاهرة (ب.س ) ، ج6، ل15: ابن الکثیر: سەرچاوەی پێشوو، ج7، ل37 ؛ د.علی ابراهیم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ل293-294 ؛ د.حسن إبراهیم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج1،ل402 ؛ د.علي حسني الخربوطلي : تاریخ العراق، ل141 ؛ ثابت إسماعیل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل212.

28- الدمشقي: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل77 ؛ الیعقوبی: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل258 ؛ المقدسي: سەرچاوەی پێشوو، ج5، ل131 ؛ د.علي حسني الخربوطلي : تاریخ العراق، ل141 ؛ د.لبید ابراهیم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل45-46 ؛ د.حسن إبراهیم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل402 ؛ ثابت إسماعیل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل214 ؛ د.بدیر متولي حمید : من أدب الحرکات الاسلامیة ،دار المعریفة ،القاهرة (ب.س)، ل104-107.

29 لەبارەی بیروباوەڕەکانی موختار بڕوانە: المقدسی: سەرچاوەی پێشوو، ج5، ل131 ؛ الشهرستانی: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل12 ؛ فخر الدین الرازی: سەرچاوەی پێشوو، ل54 ؛ د.محمد جمال الدین السرور: سەرچاوەی پێشوو، ل148.

30- الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج3، ل404-407 ؛ الیعقوبی: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل258 ؛ الدمشقی: سەرچاوەی پێشوو، ج1،ل74 ؛ ابن الکثیر: هەمان سەرچاوە، ج6، ل237 ؛ د.علی إبراهیم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ل293-294 ؛ محمد طیب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل107-108 ؛ محمود شاکر: تاریخ الاسلامی، ج4، ل155.

31- الطبري: هەمان سەرچاوە، ج2، ل611 ؛ الدینوری: سەرچاوەی پێشوو، ل265 ؛ فخر الدین الرازی: سەرچاوەی پێشوو، ل54 ؛ د.علي حسني الخربوطلي : تاریخ العراق ،ل141 ؛ د.لبید ابراهیم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل45-46.

32- الطبري: هەمان سەرچاوە، ج2، ل611-613 ؛ الدینوری: سەرچاوەی پێشوو، ل265-266 ؛ المسعودی: سەرچاوەی پێشوو، ج3، ل81 ؛ د.محمد جمال الدین السرور: سەرچاوەی پێشوو، ل143 ؛ د.حسن ابراهیم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل403.

33- ابن الاثیر: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل227 ؛ الدینوری: سەرچاوەی پێشوو، ل270 ؛ د.علي حسني الخربوطلي : تاریخ العراق ، ل491 ؛ محمود شاکر: تاریخ الاسلامی ، ج4، ل156.

34- الدینوری: سەرچاوەی پێشوو، ل264 ؛ الیعقوبی: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل260 ؛ ثابت إسماعیل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل 215.

35- الدینوری: سەرچاوەی پێشوو، ل264 ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل237 ؛ د.علي حسني الخربوطلي : 10 ثورات في الاسلام ، ل130 ؛ د.علي حسني الخربوطلي : تاریخ العراق ، ل166 ؛ د.لبید ابراهیم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل49.

36- الدمشقی: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل77 ؛ الیعقوبی: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل258 ؛ المقدسی: سەرچاوەی پێشوو، ج5، ل131 ؛ د.محمد جمال الدین السرور:

سەرچاوەی پێشوو، ل146 ؛ الدینوری: سەرچاوەی پێشوو، ل 264 ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل237.

37- ابن الاثیر: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل227 ؛ الدینوری: سەرچاوەی پێشوو، ل270 ؛ د.علي حسني الخربوطلي : تاریخ العراق ، ل491 ؛ محمود شاكر: تاریخ الاسلامی ، ج4، ل156 ؛ ثابت إسماعیل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل 254.

38- الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج3، ل479 بەدواوە ؛ ابن الكثیر: سەرچاوەی پێشوو، ج8، ل282 ؛ د.لبید ابراهیم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل49.

39- الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج3، ل479 ؛ ابن الكثیر: سەرچاوەی پێشوو، ج8، ل282 ؛ الیعقوبی: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل258 ؛ المقدسی: سەرچاوەی پێشوو، ج6، ل58؛ الدینوری: سەرچاوەی پێشوو، ل26: د. محمد طیب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل108 ؛ محمود شاكر: تاریخ الاسلامی ، ج4، ل157 ؛ د.حسن جاف: الوجیز فی تاریخ ایران، ج1، ل174 ؛ د.علي حسني الخربوطلي : 10 ثورات في الاسلام، ل119.

40 سنجار(شەنگار ): یەكێكە لەشارە كوردییەكانی هەرێمی جەزیرە دەكەوێتە خۆرئاوای شاری موسڵ شارێكی بە پیت و بەرەكەتە و بێستانی زۆرە، ئەم شارە دەكەوێتە نزیك چیایەك كە هەر بەناوی ئەم چیایەوە ناونراوە، لەنێو شارە كوردییەكانی جەزیرە تەنها ئەم دار خورمای هەیە بڕوانە: الأصطخری: المسالك و الممالك، ل 53 ؛ صورة الأرض ، ل199 ؛ شوان عوسمان: سەرچاوەی پێشوو، ل37.

41- میافارقین: یەكێكە لە شارە كوردییە دیارەكانی هەرێمی جەزیرە بە بنكەی دیاربەكر دادەنرێت و دەكەوێتە نێوان جەزیرە و ئەرمینیا، سەرچاوەی ئاو و هەروەها باغ و بێستانیشی زۆرە، دانیشتوانەكەی تێكەڵاون لە مسوڵمان و مەسیحی هەر لە كۆنەوە كوردی تیادا نیشتەجێ بووە بڕوانە: معجم البلدان، ج5، ل 236؛ هەروەها بڕوانە فائزة محمد عزت: الكرد في أقلیم الجزیرة و الشهرزور في صدر الأسلام ، پەراوێزی ژمارە (1)، ل 41.

42- رها(ئورفە): ئەم شارە یەكێكە لە شارە كوردییە بەناوبانگەكانی جەزیرە كە هەر لە كۆنەوە بە ( جەزیرەی كوردان ) ناسراوە، دەكەوێتە باكووری خۆرهەڵاتی ڕووباری

فورات، شارێکی کۆنە و سەرچاوە مێژووییەکان لە سەدەی یەکەمی زاینی بە شارێکی ئاوەدان ناویان هێناوە بڕوانە: شوان عوسمان مستەفا: سەرچاوەی پێشوو، ل25-26 ؛ فائزة محمد عزت: سەرچاوەی پێشوو، ل42.

43-ئامەد(دیاربەکر): شارێکی کوردی دیاری هەرێمی جەزیرەیە، لە کۆنەوە جێنشیگای کوردبووە، بەتایبەتی هۆزەکانی حەمیدی ولاری و هازبەنی، شارەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەوە و ڕووباری دیجلە وەك دەمەداس دەوری داوە ، بڕوانە: الأصطخری: المسالك و الممالك، ل53 ؛ لیسترینج: بلدان الخلافة الشرقیة. ل 140 ؛ صورة الأرض، ل315،28.

44- الدینوری: سەرچاوەی پێشوو، ل265-270 ؛ المسعودي : مروج الذهب ، ج3، ل298 ؛ السعودي : التنبیە والاشراف، بیروت ، 1968، ل286 ؛ ابن خلدون: تاریخ ابن خلدون ، بیروت ، 1979، ج3، ل28-29 ؛ فائزة محمد عزت: سەرچاوەی پێشوو، ل122

45-ابن الکثیر: سەرچاوەی پێشوو، ج8، ل282 ؛ الیعقوبی: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل260 ؛ المقدسی: سەرچاوەی پێشوو، ج6، ل60 ؛ محمود شاکر: تاریخ الاسلامی ، ج4، ل157 ؛ د.لبید ابراهیم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل49 ؛ د.محمد جمال الدین السرور: سەرچاوەی پێشوو، ل143 ؛ د.حسن إبراهیم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل403.

46 -الدمشقی: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل77 ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج3، ل479 ؛ ابن الاثیر: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل282 ؛ الیعقوبی: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل262 ؛ المقدسی: سەرچاوەی پێشوو، ج6، ل62؛ المسعودي : مروج الذهب، ج3، ل3001 ؛ الشهرستانی: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل133: محمود شاکر: تاریخ الاسلامی، ج4، ل157 ؛ د.لبید ابراهیم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل49 ؛ د.حسن إبراهیم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل403 ؛ د.حسن جاف: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل174.

47- ابن الاثیر: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل282 ؛ الیعقوبی: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل260 ؛ ابن خلدون: سەرچاوەی پێشوو، ج3، ل28-29 ؛ المقدسی: سەرچاوەی پێشوو،

ج6، ل60؛ محمود شاكر: تاريخ الاسلامی ، ج4، ل157 ؛ د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل108-109.

48- ابن طقطقي: سەرچاوەی پێشوو، ل118 ؛ ابن الكثير: سەرچاوەی پێشوو، ج9، ل327 ؛ ابن قتيبه: الامامه والسياسه ، ج2، ل125-126 ؛ ثابت إسماعيل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل171 ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل54 ؛ د.حسن إبراهيم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل406.

49- الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل193 ؛ د.حسن إبراهيم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل406 ؛ د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل111.

50- الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل193، 194 ؛ الدمشقی: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل164 ؛ ابن الكثير: سەرچاوەی پێشوو، ج9، ل327 ؛ ابن الاثير: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل443 ؛ ابن الجوزي : المنتظم في تاريخ الملوك والامم ،ط1 ، بيروت، 1992 ، ج7، ل207 ؛ ابن طقطقي: سەرچاوەی پێشوو، ل118 ؛ د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل111 ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل54 ؛ ثابت اسماعيل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل172.

51- اليعقوبی: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل326 ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل194 ؛ الدمشقی: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل164 ؛ ابن الاثير: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل443 ؛ د.حسن إبراهيم حسن: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل406 ؛ د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل111.

52- الكوفی: كتاب الفتوح، ج8، ل110 بەدواوە ؛ ابن طقطقي: سەرچاوەی پێشوو، ل118 ؛ ابن الكثير: سەرچاوەی پێشوو، ج9، ل327 ؛ ناجي حسن: ثورة زيد بن علي ، بغداد-نجف، 1966؛ ل109 ، د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل111.

53 مقدسی ئەڵێت چل هەزار کەس بوون بروانە: البدو والتاريخ ، ج6، ل50.

54- الكوفی: سەرچاوەی پێشوو، ج8، ل110 بەدواوە ؛ ابن طقطقي: سەرچاوەی پێشوو، ل118 ؛ ابن الكثير: سەرچاوەی پێشوو، ج9، ل327 ؛ ناجي حسن: ثورة زيد بن علي، بغداد-نجف، 1966 ؛ ل109 ، د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل111.

55- ابن المهلهل : الرسالة الثانية ،القاهرة، 1959، ل11 ؛ ياقوت الحموى: هەمان سەرچاوە، ج3، ل375 ؛ فائزة محمد عزت: سەرچاوەی پێشوو، ل1236.

56- ابن المهلهل : الرسالة الثانية ،القاهرة، 1959، ل11 ؛ ياقوت الحموى: هەمان سەرچاوە، ج3، ل375 ؛ فائزة محمد عزت: سەرچاوەی پێشوو، ل1236.

57- الرسالة الثانية، ل11.

58- الدينورى: سەرچاوەی پێشوو، ل316 ؛ اليعقوبى: سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل،277-326 ؛ الطبري: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل204-205 ؛ الدمشقى: سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل158 ؛ ابن الاثير: سەرچاوەی پێشوو، ج4، ل443 ؛ القلقشندي : مآثر الاناقة في معالم الخلافة ، ط1 ،الكويت –1985 ،اج1، ل152 ؛ ابن الكثير: سەرچاوەی پێشوو، ج9، ل327 ؛ المقدسى: سەرچاوەی پێشوو، ج6، ل49 ؛ ابن طقطقي: سەرچاوەی پێشوو، ل119 ؛ د. محمد طيب نجار: سەرچاوەی پێشوو، ل112 ؛ د.لبيد ابراهيم وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل55 ؛ ثابت اسماعيل الراوي: سەرچاوەی پێشوو، ل 172.

59- هەمان سەرچاوەکانی پێشوو